خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# دەوڵەت

سمکۆ محەمەد

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 145 )

ناوی کتێب: دەوڵەت
بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: سمکۆ محەمەد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر - زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2016
تیراژ: 500 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2500 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**
**ideafoun@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1804 )ی ساڵی2016ی پێدراوە

# دەوڵەت

سمكۆ محەمەد

2016

# پێڕست


پێشەکی....... 7
پێناسەیەکی کورت....... 11
کورتە مێژوی دەوڵەت ....... 21
تیۆرەکانی دەوڵەت....... 33
دەوڵەت لە ویستی گشتیدا....... 37
تیۆرەکانی بونیادنانی دەوڵەت....... 57
دەوڵەت. ئایدیۆلۆژیا. سیاسەت....... 79
بۆچی بیر لە دەوڵەت دەکرێتەوە....... 93
هاوڵاتی لەدەوڵەتدا....... 105
کێشەی نەتەوەیی لەدەوڵەتی نوێ....... 115
جۆرەکانی دەوڵەت....... 133
سەرکردە لە دەوڵەتی نەتەوەیی....... 145
کەسایەتی دەوڵەت....... 148
دارایی و سامانی دەوڵەت....... 165
دەوڵەتی تاك حزبی....... 177
دەوڵەتی دوو حزبی....... 179
دەوڵەتی نەوت....... 181
دەوڵەتی سەربازی....... 184
ناسراوترین بازرگانەکانی چەکفرۆشی....... 197
سیاسەتی ترس و تۆقاندن....... 199
دەوڵەتی ئاینی، یان دەوڵەتی ئاین....... 201

دەوڵەت لەناو دەوڵەت................................................ 215
کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت................................................ 223
دەوڵەت و ئاڵا................................................ 227
دەوڵەت و زمان................................................ 230
دەوڵەتی کودەتایی................................................ 236
کەسایەتی دەوڵەت................................................ 243
دەوڵەت و سزاکانی................................................ 245
دەوڵەت و ئازادی................................................ 247
پێناسەی دەوڵەت................................................ 254
جۆر و شێوازی پێکهێنانی حکومەت................................................ 262
ئەو جومگانەی پێناسەی دەوڵەتی پێدەکرێت................................................ 264
هۆکارەکانی پشتبەستنی دەوڵەت بەژێرخان................................................ 267
رۆڵی سەرکردە لەبونیادنانی دەوڵەتدا................................................ 270
تیۆرە جیاوازەکانی کەسایەتی سەرکردە................................................ 272
سەرکردە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە................................................ 275
سەرکردە لەمێژوی نوێ................................................ 278
سەرکردەی حزب................................................ 281
سەرکردە و بەڕێوەبردن................................................ 283
ژن و سەرکردە................................................ 287

# پێشەکی

بەدرێژایی مێژو، دەوڵەت، هەم لەروی مەعریفییەوە بۆتە جێگەی بایەخی میتۆدی کۆمەڵناسی سیاسی و لە زانکۆکانی جیهان دەخوێنرێت، هەم لەرووی تیۆری سیاسییەوە بایەخی پێدەدرێت و هەریەك لە تۆماس هۆبز، جان جاك رۆسۆ، هیگڵ، مارکس و هتد بەزانستیانە قسەیان لەسەر کردوە، هەم لەروی جوگرافی و نەتەوەیی و قەوارەییەوە بۆ کۆمەڵگەیەك یان ئاینێك یان نەریتێکی جیاواز، کە لەروی مێژوییەوە لەڕێگەی هێز و سوپاوە بەدەستهاتووە، گفتۆگۆی لەسەر کراوە و ئەنجامێکی بەدەستهێناوە، مافی هەر نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکیشە ئەگەر داوا بکات خاوەن قەوارەیەکی سیاسی لەو شێوەیە بێت، ئەمەش بۆ نەهێشتنی ئەو گرێیەی، کە وەك گرێی سایکۆ سیاسی ماوەتەوە و بەردەوامی وەرگرتووە، بۆیە تائێستاش هەمان کەشوهەوای سیاسی پێوەدیارە، کە بەئاسانی بۆ نەتەوەکان بەدەستنایەت و بۆ هێزە گەورە و خاوەن دەسەڵاتەکانیش ئاسان نییە دەستبەرداری ئەو جوگرافیاییانە بن، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی، کە تائێستا دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە ببن بە دەوڵەت و نوێنەریان هەبێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

دەوڵەتی نەتەوەیی ئەگەرچی پێشتر داواکارییەکی گشتی بوو، لەروی نێودەوڵەتیشەوە رەوایەتی سیاسی وەرگرتبوو، بەڵام زیاتر لەدوای شکستی سۆڤێت و نەمانی دوو جەمسەری و چەمکی ناسیونالیزم بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت لەلایەن نەتەوەوە، بووەتە مەسەلەیەکی لاوەکی و چۆتە دەرەوەی ئامانجی نەتەوەکان، چونکە نەمانی دەوڵەت جگەلەوەی هیچ بەهایەکی

نەماوە، دوای ئەوەی رۆژئاوا، دەوڵەتی فرەیی لە مەزهەب، ئاین، نەتەوە، کولتور و ئەوانی دیکە، کە لەپەنای نەتەوە بێ دەوڵەتەکانن تاکو نەبنە پەراوێز و جارێکی تر نەتەوەی سەردەست و ژێردەست دروستنەبێتەوە، ناو و شوناسی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕا، بۆ نمونە داواکاری دەوڵەتی کوردی گۆڕا بۆ دەوڵەتی کوردستان، چونکە لەپاڵ کورددا سریانی، کلدانی، تورکمان و پاشماوەکانی عەرەب، نەتەوەی ناکوردی لە کوردستاندا دەژین، بۆیە ئەو پێشنیارە قبوڵکرا، کە دەوڵەت بە ناونیشانێکی دیاریکراوی نەتەوەییەوە نەمێنێت، بەڵام شوناسی نەتەوە لەدەستنەدات.

هەرچۆنێکبێت بە پێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، ئێمە لەم تێکستەدا گفتوگۆی هەمو لایەنە میتۆدی و سیاسی و مێژوییەکانی ئەم چەمکەمان کردوە، بەڵام ئامانجەکە خودی ئەو مانا نوێیەیە، کە لەدوای هاتنی چەمکی جیهانگەرایی هاتەئاراوە، بۆیە مانایەکی دیکەی گفتوگۆی نوێ بۆ دەوڵەت، ئەو فەزا ئابورییەیە، کە لەبری ئەوەی وەك جاران دەوڵەتی گەورە کۆمپانیا بەڕێوەببات، ئێستا بە پێچەوانەوە بۆ رزگاربوونی دەوڵەت لە ئەرکە قورسەکانی، هەروەها بۆ گۆڕینی گرێبەستی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت، کە دیاریکردنی ئەرك و ماف بوو لەناو دەستوردا، ئێستا کۆمپانیاکان جێگەی سیاسەتی دەوڵەتیان گرتەوە و خەڵك بەڕێوەدەبەن، یان هەندێکجار لەڕێگەی ئەو سامانەی هەیانە، دەوڵەت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان دروستدەکەن، نمونەش هاتنەئارای بەدەوڵەتبوونی ئەمازیغی، سکۆتلەندا، کوردستان، کەتەلۆنیا، قرمی ئۆکراینا و هتد، هەروەها ئەو دەوڵەتۆچکانەی، کە لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناویان هاتووە، کە لەروی جوگرافیاوە سەر بەدەوڵەتی گەورەی وەکو ئێران، تورکیا، سعودیە، لیبیا، جەزائیر و تەواوی وڵاتانی عەرەبیین.

ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەیە، کورد و ئەو نەتەوانەی وەکو کوردن و هەمیشە ستراتیژی سیاسیان بە ئاڕاستەی دەوڵەتە، کە درەنگ فریای ئەوە کەوتن بچنە ناو هاوکێشەی سیاسی و بڕن بە لۆگۆیەك و لەرێگەی ئەو لۆگۆ سیاسیەوە بناسرێن، ئەم بۆچونەش ئەگەر نیگەتیڤ نەکەوێتەوە، ئەوەیە کە دەوڵەت لەم سەردەمەدا دەسەڵاتە سیاسی و ئابورییەکەی هێندە سنوردار نەکرابا، تا ئەو جێگەیەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەهای جارانی نەمێنێت، چ لەناو کۆڕی نێودەوڵەتی و چ لەئاستی ناوخۆ، چونکە بەگشتی ئەو ویستە گشتییەی جاران بۆ دروستکردنی دەوڵەت هەبوو، لەرێگەی ئامانجێکی سیاسی و سەرکردەکانییەوە، ئێستا ئەو ویستە بەشێوەیەك لەشێوەکان، کە سیاسەت تاڕادەیەك کراوە بووە و بووەتە کردەیەکی ناشیرین، بۆیە لەناوخۆشدا ئەو بەهایەی نەماوە، بەقەد ئەوەی خەڵك ویستە گشتییەکەی بۆ خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاینەکان زیاترە، ئەمە کاریگەری لەسەر بوونی فکری ناسیونالیزمی بەرامبەر بە ئەوانی تر دروستکردوە، مەبەستم نەتەوەیەکی وەکو کورد شاهیدی ئەوەبوون سیاسەت رادەستی بازاڕ و ئابوری کرا، ئیدی نەتەوەخوازی وەکو ئامانجێك، بەهاکەی جارانی نەما. ئێمە لێرەدا تا ئەو جێگەیەی فریای چەمکە سیاسیەکانی پەیوەست بە چەمکی دەوڵەت دەگات، هەمو ئەو لایەنانەمان تاوتوێکردوە چ بە پێی لایەنە فەلسەفییەکە بێت، یان مێژوییەکەی، چ ئەوەی ئەو ستایلە نوێیە پێناسەیەکی نوێی بە چەمکی دەوڵەت داوە، بەهیوای ئەوەی ئەم کتێبە بتوانێت دیالۆگێکی فکری بەرهەمبهێنێت.

**سمکۆ محەمەد**

**2015/4/20**

# پێناسەیەکی کورت

دەوڵەت، لەفەرهەنگی سیاسیدا زاراوە یان چەمکێکە هەم کلاسیکە و بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەوارە و سەرزەمینەی کە هێز و دەسەڵاتە نەریتخواز و دەسەڵاتخوازە کۆمەڵایەتیەی، کە بەر لە قۆناغەکانی مرۆڤایەتی هەبووە، ئەم زاراوەیە هەم دوای لەدایکبوونی فەلسەفە هەبووە، کە دواتر بەشێوە عەقڵانیەکەی نوێکراوەتەوە، هەم وەك دەسەڵاتێکی ئاینی دیاریکراو هەبووە و دواتر بووە بەنەریت و تا ئێستاش دەوڵەت بەناوی ئاینەوە هەیە و بەستایلێکی جیاوازەوە شەرعیەتی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە، بەهەرحاڵ بەبێ قسەکردن لەسەر دەسەڵات پێناسەیەك بۆ دەوڵەت ناکام دەردەچێت، چونکە هیچ دەوڵەتێك بە بێ دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و دیبلۆماسی و سوپا بوونی نییە.

زاراوەی دەوڵەت لەمێژودا، وەکو دامەزراوەی نوێ لەدەرەوەی ویستی خوداکانی کۆن هەبوون، مەبەست ئەو خودایانەی لەسەر زەمین لە لایەن مرۆڤەوە بەناچار دەپەرستران، کە مرۆڤ بوون، چونکە ئەوان واتای دەوڵەتیان بەو قەوارەیە دەدا، کە خوداکان تێیدا دەسەڵات بوون، یان ویستێکی دیکەی مرۆڤ وەکو کردارێکی سروشتی هەبووە، بەو مانایەی کە بە بێ خودا دەوڵەت مانایەکی نابێت و بە بێ دەوڵەتیش خودا پێگەیەکی پیرۆزی نابێت، مەبەست لەوەیە شێوەی گردبوونەوەی کۆمەڵە، خێڵ، بنەماڵە و هۆزەکان نمونەی دامەزراوەی دەوڵەتی سەرەتایی بوون، بەڵام قەوارەکە بەشێوەیەکی بچوکتربوو، ئەمەش هەم وەکو پاراستنی بنەماڵە و هەم وەك پاسەوانیکردنی خەڵك بوون، هاونیشتمانیان لاگیرییان لەو حوکمڕانیە دەکرد، کە دەسەڵاتیان لەچنگدابوو، هەم ئاینخوزای و دروستکردنی کاریزما، یان خودای سەرزەمین بوو. وەك شێوازێکی جیاواز بۆ بەسیستمکردنی کۆمەڵگە بەشێکی دیکەی باسەکەیە،

مەسەلەی چەمکی شەرعیەتیش بۆ دەسەڵات لە دەوڵەتدا، ئەو باوەڕەیە کە هەمو خەڵك قەناعەتی تەواویان هەیە، کە دەسەڵات بەڕێگەیەکی دیاریکراوی یاسایی و دەستوری مومارەسەبکات، کە هەمو خەڵك دەنگیانپێداوە، ئەگەرنا ئەو دەسەڵات و دەوڵەت و حکومەتە، هیچ شەرعیەتێکی نامێنێت، مەگەر زۆرداری و ستەمکاری، هەروەك ئەوەی مێژوی شایەتحاڵ و حیکاتخوانی چیرۆکەکانە.

دوا بەدوای ئەم تێگەیشتنە، کە دەسەڵات دەبێت شەرعیەتی هەبێت لەدەوڵەتدا، ستایلی جۆراوجۆر هاتنە پێشەوە و بوونە بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن ودوای مۆدێرنەش (پۆست مۆدێرن)، کە کۆمپانیا و کەرتی تایبەت لەبری دەزگاکان سەرپەرشتی سیاسەت و سـەروەری دەوڵەت دەکەن و کەڵکییان لەچەمکی دیموکراسی وەرگرتووە، لەهەر چوار ساڵ جارێك حوکمڕانی لەدەستەبژێرێکی سیاسییەوە دەگـۆڕن بۆ دەستەیەکی تر، ناسراوترین کۆمپانیاش لەپشت ئەم ستایلە دەوڵەتی و حوکمڕانییە وەستاوە، هەریەك لە کۆمپانیاکانی (ئیکسۆن مۆبیل، شیل، شیفرۆن، بی بی و تۆتالن). ئەمە سەلمێنەری ئەو راستییەن، بەوپێیەی ئەم کۆمپانیا گەورانە، کە نزیکەی یەك ملیۆن کۆمپانیای دیکە لە تەواوی دنیادا لەپەراوێزی وەبەرهێنانی ئەوانەوە کاردەکەن و برەو بە سیاسەتی وەبەرهێنانی جۆرەکانی دیکەی کاڵا دەدەن، بە گشتی بەهەمو ململانێکانیانەوە بەشێکن لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی دنیادا، لەمبارەیەوە لەباسی دەوڵەت و داراییەکەیدا وردتر گفتزگۆدەکەین و داتای وردتر دەخەینەڕوو.

لەروی تیۆرییەوە، زاراوەی دەوڵەت وەك چەمك واتای جیاوازی هەیە، لەبنەڕەتدا وشەی (state) ئینگلیزی، لەوشەی (stare) لاتینیەوە هاتووەو بەمانا گشتییە کۆنەکەشی، بە واتای بونیاد، یان بونیادنراو دێت، کە لەدۆخێکی دیاریکراودایە. بەدیوێکی دیکەدا وشەی (static) بەئینگلیزی بەواتای بێجوڵە،

یان بەواتای جێگیردێت، واتە بەواتای کۆمەڵە خەڵکێك دێت لەشوێنێك جێگیربوون و قـەوارەی خۆیان دەپارێزن و سیستمێك دادەمەزرێنن بۆ پیادەکردنی شێوەی ژیان و دامەزراندنی ژیانێك بە پێی پەیمانی کۆمەڵایەتی. لەڕوانگەی بیری چەپ و سۆسیالیستیشەوە، وەك ناوەڕۆك بەواتای دەسەڵاتی خۆسەپێن و ستەمکار دێت، کە لەرێگەی دەزگا شەرعییەکان و جومگەکانی وەك سوپا و دەزگاکانی ئاسایشەوە گوتاری دەستەبژێرێکی چاوچنۆك، لەرێگەی دەستور و یاسادا بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت. لە بیری مۆدێرنیتەشدا میکانیزمێکە بەدەست گروپێکی سیاسییەوە لەبەرامبەر ئەوانی تر، کە جۆرێکی دیکەی دوبارەکردنەوەی ململانێیە لەڕوی سیستمی سیاسی، فەرهەنگی، ئابوری و تەکنۆلۆژی و هتد.

بەوپێیەی بۆ هەر چەمك، تێگەیشتنێك، ئەزمونێکی ژیان و بەتایبەت سیاسەت، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ وانەو ئەزمونەکانی سەردەمی یۆنانی کۆن، چونکە خاوەنی فەلسەفەی ژیان و چەمکە سەرەکیەکانن، بەتایبەت ئەو چەمکە سیاسییانەی لەو سەردەمە بەرهەمهاتون و دواتر گەشەیانکردوە بریتین لەدەوڵەت، سیستم، سیاسەت و هتد، بۆیە تائێستاش هەمو دانراوەکان و بەرهەمە فکریەکانی یۆنان وەکو بنچینەیەکی فەلسەفی تەماشادەکرێت و بەبێ گەڕانەوە بۆ یۆنان، کارەکە و تێگەیشتنەکە ناچیزە دەردەچێت، بەڵام هەمو بیرمەند و فەیلەسوفان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەوڵەت لەروی ژیانی سیاسییەوە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، مافێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتییە و دەبێت بەدەستبێت، ئەویش بەپابەندبوون بەوەی کە هیچ بیرکردنەوە و تیۆرێك بۆ دەوڵەت، بە بێ بیرکردنەوەی ئەخلاقی نەبێت، بۆیە دەوڵەت بە بێ ئازادییەکان بۆ مرۆڤ و لایەنی ئەخلاقی، بێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەبەرچاوگرتنی جیاوازی رەگەز، پێست، نەتەوە، ئاین و هتد، جۆرێك لەفەزای نائەخلاقی و نامرۆڤی و ئەنارشستیانە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام بەمۆدی نوێ،

هەروەك ئەوەی کە (بسمارك یان ناپلیۆن) کردی لەرێگەی خەڵکی نائاسایی و نا ئەخلاقی بەپێوەری کۆمەڵایەتییەوە، بنەمای دەوڵەتیان لە هەریەك لە ئەڵمان و فەرەنسا دامەزراند.

هەڵبەت ئەوەی باسمانکرد ئەلتەرناتیڤێکی فەلسەفی هەبوو، کە (هیگڵ) لە واتای ئەخلاقی خودی و کۆمەڵگەدا کۆیکردەوە و لەکتێبی (بنەماکان و فەلسەفەی حەق)، کە ساڵی 1821 باسیدەکات، ئەویش خێزان و رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیە وەك بنچینەی دەوڵەت، هەروەها شێوەیەك لەئەزمونی بەر لەهاتنی دەوڵەت و سیستم کەڵکی لێوەرگیراوە و ئێستاش بوار هەیە کەڵکی لێوەربگیرێت، نمونەکەشی ئەوەیە دەوڵەت لەبەرامبەر ئازادییە، بەپێی تیۆرەکەی هیگڵ سیفەتی دەوڵەت سەربەخۆییە لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

بەرهەحاڵ پێش ئەوەی بچینە سەر دابڕانە فەلسەفییەکەی رۆژئاوا لەدوای رێنسانس، کە سەرەتا لەئەڵمانیاوە دەستیپێکرد و جیاکردنەوەی ستایلی دەوڵەت لە رۆژهەڵات، کە ناسراون بە دەوڵەتی رەسەن، هێشتا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی چەمکەکان و بەتایبەتیش بۆ چەمکی دەوڵەت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ یۆنان و بەتایبەتی ئەفلاتون، کە لە کتێبی کۆماردا گفتوگۆی نێوان تراسیماخۆس و سوکراتی نوسیوەتەوە و دەڵێت « هەر چینێکی فەرمانڕەوا یاساگەلێك دادەڕێژێت لە بەرژەوەندی خۆیدا بن، دیموکراسی یاساگەلی دیموکراسییانە و ستەمکاریش ستەمکارانەیە، هەروەها لە داڕشتنی ئەم یاسایانەدا ئەوەی وەك (هەق) دایدەنێت و پێناسەی دەکەن بۆ چینی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان ئەوەیە، کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە، هەر کەسێك یاساشکێنی بکات لەم یاسایانەدا وەك (تاوانبار) سزا دەدرێت، ئەوە مەبەستی منە، کە دەڵێم (هەق) لەهەمو دەوڵەتێکدا هەمان شتە، واتە بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەوایە و حکومەت بەهێزترین بەشی هەر دەوڵەتێکە، بەمشێوەیە ئەگەر جوان لێیوردبینەوە (هەق) هەمیشە هەمان شتە. بەرژەوەندی چینی بەهێزە». ئەفلاتون.

**کتێبی کۆمار. وەرگێڕانی بۆ کوردی. سۆران عومەر حەمە. ڕێبوار قارەمانی. مەهدی حەسەن چۆمانی. دەزگای وەرگێڕان. ساڵی 2006. ل29**

ئەم گفتوگۆیەی نێوان سوکرات و تراسیماخۆس، لەوێوە هاتووە، کە خەڵك ئەوانەی لەچینی خوارەوەن و دەسەڵاتیان قبوڵکردوە، تەنها داواکارییان هەق بووە بۆ گشت، نەك دەوڵەت تەنها ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بێت و بۆ لادان لەو یاسایانەش، کە داڕێژراون سزا دابنرێت، لەحاڵێکدا ئەوەی کە هەڵە دەکات لەناو دەزگاکانی حکومەت و دەوڵەت، وەختێك دەوڵەت دوچاری جەنگ دەکەن، وەختێك لەناوخۆدا کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دەخوڵقێنن، ئەوە دەستەبژێری سیاسی و دەسەڵاتدارەکانن، نەك خەڵك، چونکە ئەوان زیاتر هەڵەدەکەن، بەڵام گومانی ئەو رستەیەی کە ئەفلاتون لە کۆماردا درکاندویەتی، (دەوڵەت و تاکە کە لەئەنجامی ستەمکاریدا هەردوکیان دەبنەوە کۆیلەی ترس، چونکە ئەو کەسەی سروشتی ستەمکارانەی هەبێت، نەتوانێت ژیانێکی دورەپەرێزانە بۆخۆی دابینبکات) خۆی دەبێتەوە بەو کەسایەتی و کارەکتەرەی بەرهەمیهێناوە.

هەڵبەت لێرەدا ئەفلاتون دەوڵەتی لە تاکەکەسێکدا کۆکردۆتەوە بەوپێیەی، کە سەرۆکایەتی سیستم دەکات و توانایەکی رەهای هەیە، بۆیە دەبێتە کەسی ستەمکار، ستەمکاریش ئەو کەسەیە، کە لەپێناو چێژوەرگرتن لەو دەسەڵاتەی خۆی، هەمو جۆرە ئازادیەك لەدەستدەدات، کە لانیکەم ناتوانێت بچێتە ناو کۆمەڵگە بە ئازادانە و ناتوانێت گەشتبکات، بەرهەحاڵ ئەم لایەنە لە بەشێکی تردا سەبارەت بە جۆرەکانی سەرکردە و دەوڵەت زیاتر باسیدەکەین، چونکە سەرکردە و فەرماندە و سەرکردەی ئاسایی و سەرکردەی کاریزما و هتد، واتای جیاوازیان وەرگرتووە.

لەو باسەی کە دەوڵەت سەرەتا بەچ شێوەیەك و چۆن و بەچ خراپترین نمونەی تاکەکەسانێك دادەمەزرێت، نمونە زۆرن کە پێشتر لە یۆنان هەبووە

دواتر لە لای ئیمپراتۆریەتەکان هەبووە و بەتایبەتی لای تەتەر و مەغۆلەکان، پاشان لای ناپلیۆن و فەرەنسا هەبووە، بەڵام ئەفلاتون بەر لەهەر کەسێك باسی ئەوەی کردوە، کە دەوڵەت لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم خۆشی، بەشی دوەم چێژ و بەشی سێهەم هێزی ئارەزوەکانە، ئەوکات لەو دەسەڵاتە کەڵك و چێژ دەبینێت، کە سوکرات ناوی لێناوە جەربەزەیی و هەمو ویستەکەشی بۆ سامان و شانازیکردنە بەخۆی، بەڵام هێشتا لەبەرامبەر هێزی درکپێکردن ئەو توانایەی نییە ململانێبکات، بەڵام لەهەمو حاڵەتێکدا هێزی بەکارهێنانی ئارەزوەکان نمونەیان زیاترە لەوانی دیکە، بۆیە کە مارکس لە کتێبی (18ی برومەر لوی پۆناپارت)، زۆر باسی ئەو حاڵەتە دەکات، سەرزەنشتی ئەو شێوازە دەکات بۆ بونیادنانی دەوڵەت و نوسیویەتی و باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەرەنسا دەکات، کە ناپلیۆن بە چەقۆ کێش و سەرسەری و پیاوانی سەرشەقام و کەسانێك کە بەهایان بۆ هیچ شتێك دانەدەنا، دەوڵەتی دامەزراند. ئەمە باشترین سەلمێنەرە، کە لەرێگەی کێ و چۆن کەسانێکەوە دروستبوون، بۆیە ناپلیۆن دەسەڵات وەردەگرێت و دەبێت بەکارەکتەری نمونەیی ستەمکار لەمێژوی نوێ، ئیدی لەژێر کاریگەری هەمان عەقڵیەت، دەست بە داگیرکاری دەکات و دەبێت بەمایەی نەهامەتی بۆ خەڵك بەگشتی و ستایلێك بۆ پاش خۆی، کە ئێستا بە فۆڕمێکی نوێ دەوڵەتە زلهێزەکان دەیانەوێت خۆیان نوێ و نمایشبکەنەوە لەبەرامبەر دەوڵەتە بێدەسەڵاتەکان.

لەگەڵ هاتنی سەردەمێکی نوێ، فۆڕمی دەوڵەتیش وەکو سیستم گۆڕا بۆ بارێکی تر، کە تەنها فۆڕمی دەوڵەت و نەخشەی لەئەتڵەسدا دەبینرێت و هیچی تر، ئەوەی ئێستا مۆدێلی دەوڵەتە، زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ رابردو، کە هەمو کایە و دامەزراوەکان لەژێر سایەی سیاسەتی دەوڵەت بوون، کە لە دەستوردا پێناسەکرابوون، بۆ نمونە پێشتر هەمو کۆمپانیاکان، هێزی بەرهەمهێن، پەیوەندی بەرهەمهێنان و پێشکەوتن، تەنانەت پێشکەوتنی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و

هتد، لەژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بوون، بەڵام بەهاتنی ستایلێکی نوێ بۆ حوکمڕانی و وەبەرهێنان لـەدەرەوەی قـەوارەی خاك و دەوڵەت، فۆڕمی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری خۆی جیاکردەوە، بەپێچەوانەوە دەوڵەت هیچ ئەرکێکی لەسەر نەما بۆ هاوڵاتیان جگە لەئەرکی سیاسی، جگەلەوەش دەوڵەت کەوتە ژێر دەستی کۆمپانیاکانەوە، ئیدی کۆمپانیاکان لەبری دەوڵەت ژیانی کارگێڕی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پێشکەوتن، پەروەردە، پێداویستی و کەرەستەی ژیان و هتد بەڕیوەدەبەن، ئەم ستایلە لەدەوڵەت لەدوای سەرهەڵدانی ژیانێکی نوێی سیاسی هات، کە دەوڵەت تەنها ئەو کەسانەن باج وەردەگرن و سیاسەتی وڵات بەڕێوەدەبەن، لەئاستی دەرەوە و لەهەر چوار ساڵ جارێك لەئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، دەوڵەت تەنها دەموچاوەکانیان دەگۆڕێت و کارەکتەر و کەشە سیاسییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەرنا خاك، نەتەوە، زمان، فەرهەنگ، ئابوری و هتد وەکو خۆی دەمێنێتەوە جگە لەگۆڕینی سیستم یان فەزای سیاسی، دەوڵەتیش لەجوگرافیای سیاسەت و فۆڕمە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی دەمێنێتەوە.

لەدوای مێژوی نوێ، کە زیاتر مەبەست لەدوای چاخەکانی پێشی زاینی و سەدەکانی ناوەڕاستە، چونکە دەوڵەت ئەوکات وەك دیاردەیەکی سیاسی هاتەئاراوە، بۆیە پێناسەیەکی دیکەی وەرگرت، ئەوەش بە پاڵپشتی بەکارهێنانی ئاین، هێزی سوپا، نەریت، نەتەوە، قەوارەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و دواجاریش دەوڵەتی دوای کاپیتاڵیزمی هاوچەرخ بوو، کە زلهێزەکان بۆیان دەرکەوت کۆمپانیاکان بەڕێوەیان ببەن لەبارترن، ئەمەش رێگەیەکی دیکەیە بۆ شان خاڵی کردنەوەیەکی دیکە لەروی سیاسی و سیستمی سیاسی دەوڵەت بە گشتی، چونکە دنیای سیاسەت بۆیدەرکەوت، کە نە سۆسیالیزم و نە لیبرالیزم و نە دیموکراسی و نەکاپیتالیزم و هیچ کام لەم چەمکانە پێناسەی جەوهەری سیستمی سیاسی نین، تاکو خەڵك نیگەران بن و چارەش بۆ بەڕێوەبردنی

دەوڵەت و سیاسەتی ئابوری، بە چەمکی سیاسی ناکرێت، هەروەك ئەوەی ئێستا بووەتە گرێیەکی دەرونی سیاسی لەسەراپای دنیا و تەنها بەناوی سەروەرییەوە واتە (السیادە الدولە)، دەوڵەت بوونی هەیە، ئەگەرنا کۆمپانیا زەبەلاحەکان ئاڕاستەی سیاسی و جڵەوی سیاسی نێودەوڵەتییان بەدەستەوەیە، بۆیە هەرچی دەوڵەتی دنیا هەیە کەوتوون بەسەر دوو ئایدیا و دوو بەرەی سیاسی و ئابوری جیاواز، بەمەش سەروەری دەوڵەتیان لەدەستداوە، کە لە بەشێکی دیکەدا باسی لێوەدەکەین.

کەواتە لەدوای سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە، ئەمجارەیان دەوڵەت سیمایەکی دیکەی وەرگرت و وەك باشترین و تۆکمەترین نمونەی نوێی سەرمایەداری دەرکەوت، کە چیتر هیچ ئایدیایەك نەتوانێ بۆ نەهێشتنی قەوارەکە سیاسەت بکات و خەڵك لەدژی هانبدات، مەبەستمە بڵێم وەك قەوارە سیاسیەکە، بوو بەدەرهاویشتەی سیستمێك کە پێشتر فۆڕمی وەهای بەخۆیەوە نەبینیبوو، ئەویش مۆدێرنەبوو، کە لە دوایەمین قۆناغەکەی فۆڕمێکی ناشیرینی دەوڵەتی نەتەوەیی لەژێر ناونیشانی دیموکراسی بەرهەمهێنا، دەوڵەتی نەتەوەییش دیاردەکانی دەمارگیری و بکوژی شارستانیەتەکانی بەرهەمهێنا، ئەوەبوو بەوەستانی جەنگ ئەم فۆڕمە کەمێك ژیانی دەمارگیری بەیاسا و دەستور وەستان، بەڵام دیسان لەبەرگێکی تردا خۆی بەرهەمهێنایەوە و ئەوەی، کە ئێستا بە فۆڕم دەبینرێت، باشترین نمونە مێژویەکەیەتی کە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و بەستایلێکی دیکە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، کە ئابوری و بازرگانی جۆراوجۆرە، تەنانەت بازرگانیکردن بە مرۆڤیشەوە لەرێگەی یاسای بازرگانی نێودەوڵەتییەوە شەرعیەتی وەرگرتووە، لە کاتێکدا ئەمە هەمان ئەو ژیانەیە، کە پێشتر لە قۆناغەکانی مێژوی کۆیلایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا هەبووە، بەڵام بەستایلێکی دیکە، کە مێژو هەندێکجار چیرۆکەکانی دەگێڕێتەوە.

دەوڵەتی نوێی هاوچەرخ لەهەمو ئەو مانایانەدا خۆی رزگارکردوە

بەپاساوی بازاڕی ئازاد، ئیدی وەك پێشتر باسمانکرد، هەرچی کاروباری خەڵکە بوو بەئەرکی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و لەوێوە لەرێگەی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانەوە دەوڵەت بەیاسایەکی تایبەتی سیاسی، بەڵام بەفۆڕمی شارستانی خۆی بەڕێوەدەبات، چونکە چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە نوێنەرایەتی خۆی رادەستی کۆمپانیاکان کردوە و لەسەر توانا و هێزی بەرهەمهێنان دەژی، کە بریتییە لە باج و سوی بانکەکان لە لایەك و لە دەوڵەتە هەژارەکانیش بە هێز و دەستی کاری کرێکار لە لایەکی دیکەوە، بەڵام هێشتا دەوڵەت وەك قەوارە بە مانا کۆنەکەی و بونیادە سیاسییەکەیە هەرماوە لەناو هاوکێشەی سیاسیدا، کە ئەگەر پاشکۆیەتیش بێت، لەکاتێکدا دژە بونیاد لەروی فکری و فەلسەفییەوە سەریهەڵدا لەدوای هاتنەئارای ئەو دیاردە ئابوری و سیاسیانەوە، ئەویش فکری بونیادشکێنی بوو، واتە شکاندنی مۆدێلی رۆژئاوا، کە دەیەوێت لە هەمو دنیادا رەنگبداتەوە، رەتکرایەوە و رەوتێکی دژە ئەو بونیادە هاتەئاراوە، بونیادشکێنی لێرەدا بەواتای چەمکی پۆست مۆدێرنە دێت، کە جەوهەر و فۆڕمی دەوڵەتی گۆڕی لەروی جوگرافی و کولتوری و مەعریفیەوە، کە بەتاڵکردنەوەی سیحری دەوڵەت بوو، مەبەست لەسەرهەڵدانی ئەو رەوتە فکرییە وەك چۆن پێشتر لەسەدەکانی 16 و 17 و 18، رەوتی ناڕەزایەتی فکری، هونەری وەکو دادایزم، سوریالیزم، فکری مارکسی و ئانارشیزم دژ بەسیستمی دەوڵەت، سەریانهەڵدا، کە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتدارێتی کڵێسا و قەشەکاندا بوون و بەپرەنسیپی ئاینی حوکمڕانیان دەکرد، رەنگە سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی ئەنارشیزم لەم هەزارەیەدا، کە گوایە دنیا بەرەو تێکەڵبوونی کولتور و شارستانیەتەکان دەڕوات، مانایەکی نەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە دەوڵەت وەك جاران سیستمی خۆی گۆڕی و بەرپرس نییە لەو نمونە نوێیانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری. لێرەوە ئەنارشیزم جارێکی تر و بەستایلێکی دیکە سەریهەڵداوەتەوە، هەروەك ئەوەی چۆمسکی لەچاوپێکەوتنێکدا بۆ گۆڤاری تایمی بەریتانی دەڵێت» پێشتر زۆر دژی

ئەنارشیزم بووم و پەیوەندیم هەبوو لەگەڵیان بۆ کپکردنەوە و هێمنکردنەوەی ئەو بزوتنەوەیە، بەڵام دوای ئەوەی بۆمدەرکەوت، کە سەرمایەداری وەك سیستم ستایلی خۆی ناگۆڕێت و لەبەرنامەیدا نییە خۆشگوزەرانی بکاتە دیاری بۆ ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ لە ئەفریقیا و ئاسیا و رۆژهەڵات و تەنانەت بەشێك لە ئەروپاش، بۆیە لێرە بەدواوە من پاڵپشتی بزوتنەوەی ئەنارشیزمم بەمەرجێك ئەجندایان تێکدانی هەمو دنیا نەبێت و رەش و سپی تێکبشکێنن پێکەوە» ئەم بۆچونەی (نوام چۆمسکی) لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو سیستمە سیاسیەی دنیا بەڕێوەدەبات، هیچ بەهایەکی بۆ هیچ شتێك نەهێشتۆتەوە و مرۆڤی لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاوە کردوە بە کاڵایەك بۆ هەمو بەرهەمێکی تەکنۆلۆژیا و هیچی تر، ئەلتەرناتیڤیشی نییە جگە لە ئەنارشیزم.

رەوتێکی دیکەی فکری سیاسی هەیە لەئەوروپا، کە خەریکە تیۆریزە دەکرێت بۆ ئەوەی خەڵك دژی ئەو دنیابینیە بوەستنەوە، کە گەرەکییەکی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە لەروی ستایل و مۆدەوە، مەبەستم لە خۆبەرهەمهێنانەوەی کاپیتالیزمی هاوچەرخە، ئەویش فکرێکە کە ئیلهامی لە مارکسیزمەوە وەرگرتوە بەناوی نیو مارکسیزم واتە (مارکسیزمی نوێ)، دژ بەو بونیادە رادەوەستن، کە سیستمی سەرمایەداری نوێ، دەوڵەت لەڕێگەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە نمایش دەکات و ململانێی ئابوریش هەر لەو رێگەیەوە تێکەڵ بە سیاسەت و پیشبڕکێی هەژمونی سیاسی دەکات، هەرچی بەرهەمی مەعریفی و تەکنۆلۆژی هەیە لەخزمەت دەستەبژێرێکی سەرمایەداری بێت و هیچی تر، هەڵبەت ئەو دەستەبژێرەش بە پاڵپشتی دەزگایەکی نهێنییە لەسەراسەری دنیا.

## کورتە مێژوی دەوڵەت

مێژو لێوانلێوە لە نابەرابەری و ململانێ و شەڕ و کوشت و کوشتار لەسەر کەللەسەری مرۆڤ درێـژەی کێشاوە، کە لەبنچینەدا ململانێی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بووە، ئەمەش بەدەستی ئەو کەسانە تۆمارکراوە، کە لەتاو چاوچنۆکی و دەسەڵات گرتنەدەست و حوکمڕانیان هەبووە بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکانیان، کە زۆرجار پەیوەندی بەویستی حاکمێك یان پاشایەك، یان کەسێك بووە لەدژی ئەوی دیکەی دژەکەی، نەك ئەوەی هەمو چیرۆکەکان پەیوەندییان بە کێشە و ململانێی نەتەوە، هۆز، کۆمەڵگەو دەوڵەتە جیاوازەکانەوە بووبێت، رویەکی دیکەی مێژو لەسەر نهێنی دروستبوونی دنیابووە کە مرۆڤ کۆیلەی پەینەبردن بووە بەو نهێنیە کەخودا کراوە بەخاوەنی، یان بەمانایەکی دیکە خودایەکیان بۆ دروستکردوە تاکو خاوەنداری بکات لەخاك و خەڵك و ژیانی کۆمەڵایەتی، کەوابوو کێشەی نەبڕاوەی خوا لەزەینی مرۆڤ و جەوهەری عەقڵ و لوژیك بووە، ئەمەش کێشەیەکی هەم دیار و هەم نادیار بووە، چونکە نەزانینی مرۆڤ بۆ ئەو خوایەی، کە نادۆزرێتەوە و خاوەنی گەردونە و لەسەر وێنەی خۆی مرۆڤی ئەفراندووە، بەپێچەوانەشەوە ئەو خودایەی کە لەسەر زەمینە، دەسەڵاتدارە، بەناڕاستەوخۆ و راستەوخۆ خاوەنی مرۆڤ بووە، مرۆڤ لەوێنەی خۆی خودای بۆ خۆی دروستکردوە، لەهەردو بارەکەدا هیچ جیاوازیەکیان نییە، لەباری فکرییەوە، بۆیە مەسەلەی خوداکانی سەر زەمین و ئەوەش، کە لەخەیاڵدانی مرۆڤ دەرناچێت و مەحاڵە رزگاربوون لەو وەهمە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە کێشەیەکی نەبڕاوە بووە تاکو سەرهەڵدانی ئاینەکان وەکو سیستمێك بۆ دەسەڵاتدارێتی و حوکمڕانی لەلایەن گروپی دەسەڵاتەوە بەسەر خەڵکی عەوام و ترسنۆك و کاسەلێس بەدروستکردنی خودای سەر زەوی، یان بەواتایەکی تر دروستکردنی باوکێك وەکو سەردار، بۆیە لەسەرەتاوە ئامانجی مرۆڤ ئەوەبووە، کە خزمەتی ئەو پەیکەرانە بکات، کە

وەك خودا پەرستونی، تەنانەت لەسەر ئەو پەیکەرە خودایانە شەڕ بەرپابووە و زۆربەی مرۆڤ لەسەر ئەوە پیرۆزکراون و بوون بەقوربانی، یان ئەو خودایانەی کە زیندوبوون و لەبنەچەشدا دەسەڵات و سەرداری دەوڵەت بوون، ئەم ئامانجە میتافیزیکیە لەعەقڵی ناکامڵی مرۆڤ، سەرەتای بیرکردنەوەی خۆ بەڕێوەبردنی مرۆڤ بووە لە لایەن کەسانی تەماحکار و چاوچنۆك بە توانای کۆیلەکان، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەپێی چیرۆکە مێژوییەکان، کە هیرۆدۆت باسیدەکات، سەرەتای بونیادنانی دەوڵەت چارەسەرکردنی پشێوی و ئاژاوەی نێوان هۆزەکان بووە لەپێناو نەهێشتنی داگیرکاری و هێنانەدی دادپەروەری.

« یەکێك لەبەڵگەکان ئەوەیە بۆ سەرچاوەی دەوڵەت وەك بونیادنانێکی سەرەتایی، کە مێژونوس هیرۆدۆت لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتی مادەوە نوسیویەتی، هۆزەکانی ماد زۆرکات لەناو گوندە پەرشوبڵاوەکانیاندا لەهەلومەرجێکی جەنگی و پشێوی و یاخود لە بارودۆخێکی سروشتیدا دەژیان، دیاکۆ سەرەتای دادوەری ناکۆکەکان و سکاڵاکانی ناو هۆز و گوندەکەی خۆی بوو، بەڵام لە گوندەکانی ترەوە بۆ دادوەریکردن دەهاتن بۆلای، بەپێی راپۆرتەکە هیرۆدۆت پیاوێکی ئاگاداربووە و چیتر ئامادەنەبووە دادوەری کێشەو سکاڵاکانی ئەوانی دیکە بێت، چونکە دەستکەوتێکی بۆ ئەو تێدا نییە و کاتیشی بەفیڕۆدەچێت، دەرەنجام ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیران و ململانێکان لەناو هۆز و گوندەکان و پشێوی باڵی بەسەریاندا کێشا، بەناچاری پیاوانی گوندەکە کۆبونەوە تا کەسێك بە پاشا خۆیان هەڵبژێرن و لەرێگەیەوە کۆتایی بەو پشێویانە بهێنرێت بەوپێیەی پێویستی بەدادوەرە لەکێشە و جەنگە ناوخۆیی دەرەکییەکاندا بڕیار بدات، بەڕای هیرۆدۆست سەرچاوەی سەرەکی دەوڵەتی ماد بوو سەبارەت بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت لە کۆچەرنشینە سەرەتاییەکانی ئەمریکاشدا، لێکچوی ئەم باسە لەئارادایە». **حوسێن بەشیریە. زانستی سیاسی.. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئەبوبکر کاروانی. دەزگای بڵاوکردنەوەی حەمدی. ساڵی 2009. ل115.**

پێشتر ئەفلاتون کە سەرەتای بیرکرنەوەیە لەدەوڵەت، جەختی لەسەر دابەشبوونی عەقڵ دەکردەوە، کە کۆکراوەی پاسەوان و جەنگاوەر و کرێکارە، بۆیە لەباسی دەوڵەتدا کە کتێبەکەی ناوناوە (کۆمار) و دواتریش لەرێگەی یاساوە رەوایەتی فەلسەفی پێداوە، چونکە لەسەر بنچینەی ئەو دوو قەوارە جوگرافییە جیاوازەبوو، کە لە سپارتا و ئەسینا هەبوون و بۆ ماوەیەکی درێژیش شەڕو کوشتار لەنێوانیان هەبووە، بۆیە سیستمەکەی وەکو بنچینەیەك بۆ داهاتو دارِشت تاکو لەرێگەی هەڵبژاردنی لیژنەکانی دادوەری و سوپا و دەستورەوە گەشە بکات، بە پێی شیکاری (ماکس ڤیبەر)، کە کۆمەڵناسێکی سیاسی بووە، بۆ سیستمی حوکمڕانی لەدەوڵەتدا پێیوایە، کە «پێشتر دەوڵەت بەچاوی تاقە داوەرێك تەماشای عەقڵ و فەلسەفەی دەکرد، چونکە وەك سەربازێك داوەریکرد، کە مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی دژە جەستەیی بۆخۆی تەرخانکردبوو، بۆیە هەمیشە ویستویەتی ئەم داوەرییە بکاتە دەستور و کۆنترۆڵیبکات» ماکس ڤیبەری ئەڵمانیای (1864-1920)، کە بە بیرمەندی سۆسیۆ سیاسی ناسراوە، یەکەمجار کە زاراوەی کاری کۆمەڵایەتی بۆ تاك بەکارهێنا، بڕوای تەواوی بەهەڵسوڕانی تاك هەبوو لەژیانی کۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەی ئەو ژیانەش بەسەر چالاکییەکانیدا، چونکە هەلومەرجی ژیان، لەسایەی سیستمی چینایەتی، لادان، زەبرو زەنگ، فێڵ و کارە دزێوەکان تادەهات پەرەیدەسەند، لەوە بەهێزتر بوو، کە فەلسەفە بتوانێت بە سانایی ئاڕاستەی فەرهەنگی کۆمەڵگە بگۆڕێت و لەدۆخێکی لەبارتر مەغزاکانی ویستی مرۆڤ توانای زیاتر پەیدابکات، یان چیتر مرۆڤ ئەوەندە بەهۆکاری جیاواز لەسایەی سیستمی سیاسی ژێردەستی مرۆڤ نەبێ، مادام دەوڵەت وەکو سیستمێك خۆی وەکو ئەلتەرناتیڤ نمایشکرد و بوو بەمۆدێل.

پرەنسیپی هێز لەسیستمی دامەزراوەیی دەوڵەتدا، سەرەتای بەکارهێنانی توندوتیژییە، هەر ئەو تێگەیشتنەش بوو، کە هەرسێ چەمکی (دەسەڵات) و

(کۆنترۆڵ) و (ڕێکخستن) کە مەبەست لەڕێکخستنی دامودەزگا و کۆمەڵگەیە لەسایەیدا، لەبنچینەوە واتای دامەزراندنی قەوارەی دەوڵەتە، بۆیە فەلسەفەی دژ بەو ستایلە لە دەوڵەت بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەی، کە دەوڵەت لەڕێگەی هێز و کۆنترۆڵەوە کارەکانی خۆی جێبەجێدەکات، هەر ئەمەشە چیرۆکی وەرگەڕانی قۆناغەکان و مەترسیەکانی، ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەبوو لەسەر زەینی بەشەریەت، هەروەها جۆرێك دڵەڕاوکێی دروستکردبوو، کە بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت و عەدالەت پەنا ببەنە بەر ئیرادە، بەپێچەوانەوە کەرەستەکانی نەزمی دەسەڵاتی ئاین، ڕێگەی خۆشترکردبوون بۆ چەقبەستنی ژیان لەشوێنی خۆیدا، ئەم پرەنسیپە بۆ دەوڵەت شیکردنەوەی بۆ دامەزراوە و قەوارە و شێوەی خوداپەرستی ڕۆژئاوایی لەدوای ڕێنیسانس، هەروەها دوای بیرکردنەوەی هێگڵ بەشێکن لەتیۆرەکانی پرەنسیپی دامەزراوە دەوڵەتییەکان، کە دواتر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشنیار دەکات و بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، بۆیە ئەو نمونەیەی بەخۆیەوە بینی، کە ڕۆژئـاوا تاکو هاتنی ریفۆرمی ئاینی لەسەر دەستی مارتن لۆسەر و دەوڵەتسازی و هتد بەرهەمهێنا.

دەوڵـەت و قـەوارەی دەوڵەتی لەتێڕوانینی ئەفسانەکاندا، بەشێکبوون لەراستی ئەو حاڵەتە تۆمارنەکراوانەی، کە مێژو بەناچاری ناتوانێت بیسەلمێنێت، بۆیە رادەستی ئەفسانەی کردوون، یان وەکو چیرۆکێك لەناو مێژودا جێگەی بۆ کردونەتەوە، بەڵام بۆتە وانەیەك و ئەزمونی لێوەرگیراوە بۆ داهاتو، هەروەك ئەوەی کەڵك لە رابردو وەرگیراوە و دواتر راستەرێ بووە، بەشێکی زۆری ئەو فکرەیەی کە بۆ دەسەڵات و دروستکردنی خودا بۆ دەسەڵاتدارێتی و حکومەتدارێتی، مەسەلەی دەوڵەت بووە کە لە ئەفسانە کۆنەکانەوە وەرگیراوە، یان ئەو واقیعانەی کە وەك ئەفسانە مێژویان تۆمارکردوە و بوون بە راستیەك لەزەینی مرۆڤ.

لێرەوە وێنای دەوڵەت بەشێوەیەکی دیکە دەکەوێتە کەللەسەری مرۆڤ وەك بیرکردنەوە لە قەوارەیەك بۆ کۆمەڵگەیەك، ئیدی ئاین و سیستمەکەی کە

فەزایەکی گەورەی لە مێژودا داگیرکردوە، بووە بە جەوهەری دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتەکە، تاکو ئێستاش ئەو بیرۆکەیە چ لەئاستی دەوڵەتی ئاشکرا و چ لەئاستی دەوڵەتی نائاشکرا بەدەستور، بەردەوامە و کارییێدەکرێت، بەڵام هەموان دەبێت ئەوە بزانین کە دەوڵەت تەنها کۆمەڵە دەزگایەك نییە، کە تەواوی خەڵك بەشداری تێدادەکەن و شوناسەکەی بۆ نەتەوە یان خەڵکێکی ناسراون، بەڵکو بۆ ئەو سیاسیانەیە، کە لەژێر ناونیشانی جیاوازدا ریکلام بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەکەن تاکو لەسەر ویستی خەڵك وەبەرهێنان بکەن.

ئەگەرچی بەشێکی زۆر لەبیرمەندان و مێژونوسان، (هیرۆدۆت) بە باوکی مێژو دەناسێنن، چونکە یەکەمین کەس بووە کە زاروەی (historia)یای وەکو چالاکیەکی فکری بەکارهێناوە، لەوێشەوە پاڵەوانەکان وەکو پیاوی سەرمەشقی گۆڕانکاری سیستم و دەسەڵاتەکان ناویان لە چیرۆکەکاندا هاتووە، ئەمە لە ئەفسانەی (گریك و بەربەرەکان و رۆما) هەیە. بۆیە لەدوای سەرهەڵدانی نوسینەوەی مێژوی هاوچەرخ و رزگاربوون لەئەفسانەی مێژویی، چیدیکە پشت بەو پاڵەوانانە نەبەستراوە کە لەمێژوی کۆندا هەبوون بۆ بەردەوامبوونی ململانێی نێوان خێر و شەڕ، رەش و سپی، دەسەڵات، یاخی، خودا، شەیتان و هتد. وەك گلگامش، هەرقل، سپارتاکۆز و هتد، کراون بە پاڵەوانی وەهمی مێژویی، بەڵام راستییەك هەیە کە دەوڵەت وەکو بەشێك لە سیناریۆی تایبەت و بەشێك لەویستی خەڵك، هێشتا بڕوای بە پاڵەوان و مانەوەی شوناس هەیە لەرێگەی پاڵەوانەکانەوە، یان لانیکەم لەرێگەی شوناسی رەسەنەوە کە دواتر قسەی لەسەر دەکەین.

لەمێژودا جۆرەها شێوازی دەوڵەتمان دەکەوێتە بەرچاو کە پێناسەکراوە و چیرۆکی دامەزراندنەکەی دەگێڕدرێتەوە بۆ نەوەکان و بۆ خوێندن لەرێگەی میتۆدەوە بۆ زانکۆکانی جیهان، دەوڵەتی نەریتگەرایی یەکێك لەشێوازە کۆنەکانی سیستمی دەوڵەتدارییە و تائێستاش هەندێك لەو دەوڵەتانەی بەو

شوناسەوە کاردەکەن شانازی پێوەدەکەن، «ئەم چەمکە واتە نەریتگەرایی، بەشێوەیەکی تایبەتی چەمکی تیۆریسینە تایبەتەکانە، ئەوان مەبەستیان لە شکۆدارکردنی دەوڵەت بوو بەداماڵینی بەرگە مێژوییەکەی، هەر بەو جۆرە دەوڵەت لەلای (بونالْد_ BonaLd) هەڵکەوتەیەکی واقیعی سەرەتایی و ئامرازێکە لەرێگەی ئەوەوە کۆمەڵگەیەك دەتوانێت حوکمڕانی خۆی بکات، تێگەیشتنێکی دیکەی نزیك لە بیروڕا سیاسیەکانی ئەرستۆ وەرگیراوە، دەوڵەت بە گەلەکۆمەیەکی هەرە بەرفراوان و یەکەیەکی باڵای کۆمەڵایەتی دەچوێنێت، هەروەها بە ئاڕاستەی سیستمی تۆتالیتاریانەی کۆمەڵگە، مێژوونوسانی وەك (مایەر) ئەو پێناسەیە پێشنیاز دەکات، کە گردبوونەوەی کۆمەڵایەتی بەدەوڵەت ناودەبات، لەناوەڕۆکیشدا هەستێکی وەهای تێدایە سەبارەت بە یەکێتیەکی تەواو پشتبەستوو بە خۆی، مێژوی چەرخە دێرینەکان، پێوەرەکانی دیاریکردنی دەوڵەت ئیتر مۆرکە گشتگیر و سەربەخۆییەکەی و هێزو توانایەکی زاڵبوون، لەبەردەم ئەو ئاستەنگانەی بەر لەبەکارهێنانی چەمکی دەوڵەتیان گرتووە، بەو مانا بەرفراوانەی کە یاساناسان ناچاربوون بە بەکارهێنانی و پێناسەی دەوڵەت کورتبکەنەوە، بەو مانایەی کە سیستمێکە لەو رێساو یاسایانەی سنوردارن، وەك دیاردەیەکی یاسایی باسیانکردوە، پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە، کە تاڕادەیەکی زۆر فۆرمەلەبوونی دەزگای دەسەڵاتدارێتییان بەدیهێناوە، بۆیە ئەو لێکدانەوەیە هەڵەیە، چونکە هەڵکەوتەی دەوڵەتایەتییان بۆ رواڵەت و فۆرمەکان کورتکردۆتەوە، کە پرسەکان لە ئاست راستەقینەکەی خۆیانی دانانێت، کە بە پلەی یەکەم سیاسییە». **جورج بالاندیە. الانتروبولوجیا السیاسە. ترجمە علی المصری. الموسسە الجامعیە للدراسات و النشر و التوزیع. ل155.**

جۆرج باڵاندیە باس لە گۆڕانی شێوەی سیستمی دەسەڵات و سنورەکانی حوکمڕانی دەکات، کە ئینترۆپۆلۆژیا ئاشکرایدەکات و جیاوازیەکەیان چییە و چۆنە، بۆیە ئینترۆپۆلۆژیا هەڵدەستێت بە زیادکردنی ئەو داتایانەی لەسەر

دەوڵەت و تێگەیشتنەکانێتی لە لای فەیلەسوف و بیرمەندەکان، چونکە لە لای بەشێکیان بەشکۆدارکردنی دەوڵەت لەفۆڕمی دەرەوەیـدا پەنجەمۆری هۆز و بنەماڵەی بەسەرەوە نامێنێت، کە پەنجەمۆرێکی سیاسییە بەرلەوەی کۆمەڵایەتی بێت، ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان پیرۆزڕاگرتنی چەمکەکە و دەسەڵاتەکەیەتی بەخاتری پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، واتە (ژیان)ی گشتی، چونکە ئەگەر ژیان هەموی بە سیاسی بکرێت، یەکەم لەدەستی بنەماڵە و خێڵ نامێنێت و موڵك و سامانەکە بۆ گشت دەبێت و لەچنگی کۆمپانیاکانیش لەئاستێکی تردا رزگار دەکرێت، هەروەها لەروی سیاسییەوە شەرعیەتی ئەو نەریتگەراییە نامێنێت و دەکەوێتە دەستی خەڵك، کە ئێستا رێگە لەو هەوڵانەش گیراوە لەرێگەی کۆمپانیاکانەوە لەدەستی بنەماڵە بمێننەوە، بۆیە لەو وڵاتانەی، کە سیستمەکەی پاشاییە هێشتا هەر لەچنگی بنەماڵەی دەسەڵاتدارە.

بۆ ئەوەی مێژوی دەوڵـەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی گوندنشینی بۆ شارستانی بزانین، دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو مێژوەی کە لەروی فەلسەفەوە لە یۆنانی کۆن و لەناو عەرەبیش لەلای فەیلەسوفانی عەرەب شارەزابین. «(ئیبن خەلدون) یەکێکە لەو بیرمەندە کۆمەڵناسانەی کە مێژوی تێکەڵ بە فەلسەفە کرد، چونکە هەم کاریگەری نزیکە لێمانەوە لەبەرامبەر مێژونوسانی دیکە، هەم ستایلی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ناو مێژوی مرۆیی لەلایەن ئەوەوە، زۆر لە قەشە ئۆگەستین و مۆنتیسکۆ و ماکیاڤیللی جوانتر کارپێکردوە» **حسین هنداوی. التاریخ و الدوله مابین ابن خلدون و هیغل.. دار الساقی. سنه 2001. ل21.**

ئێمە بۆچی لێرەدا بەرلەوەی مێژونوسی کۆن وەربگرین، راستەوخۆ (ئیبن خەلدون) وەردەگرین، چونکە لە یۆنانی و رۆژئاواییەکان زیاتر ئاشنای مێژو، فەلسەفە بووە و وەکو کۆمەڵناسێك، کاریگەریشی هەبووە هەم بۆ رۆژئاوا و هەم بۆ رۆژهەڵات، بۆیە کە دەگوترێت (ئیبن خەلدون) پێش (هیگڵ) کەوتووە بۆ

شیکردنەوەی مێژو، واتای وایە کە خەلدون شتی نوێی دۆزیوەتەوە بۆ ئاشنابوون بەدەوڵەت بەر لە چەندین سەدە، چونکە هیگڵ هونەری مێژو لەهەمو بوارەکاندا بە گەشەی مێژوی گشتییەوە گرێدەدات، لەوانەش ئاین، سیاسەت، فەلسەفە و هونەر لەچوارچێوەی شێوەیەکی سنورداردا لە دەوڵەت تەماشادەکرد، بەڵام جیاوازییەکەی خەلدون لەوێدایە، کە لە قۆناغی هونەرەوە دەیگوازێتەوە بۆ زانست، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە خەلدون گرنگی بە مێژوی راستەقینە و ئەو کارێکتەرانە داوە، کە مێژویان تۆمارکردوە، بۆیە لە (مقدمە)دا، لەیۆنانییەکان باشتر باسی (تراو و تەروادە) دەکات، تەنانەت بەر لە (هیگڵ) باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەرییەکانی کردوە، کە لە گوندنشینەکانەوە دەستپێدەکات، تادەگاتە سەرهەڵدانی شاری بچووك و تەلارسازی نوێ لەو سەردەمەدا، هەروەها قسەکردن لەسەر نهێنی خودا لە مێژودا و دابەشکردنی بۆ دیار و نادیار ( ظاهر و الباطن)

«بە پێی تێگەیشتنی (ئیبن خەلدون) مرۆڤ خۆی مێژو دروستدەکات، ئەوکاتەی کە چالاکی هەمەجۆر تۆماردەکات، دەوڵـەت یەکێك لەچالاکیە گرنگەکانیەتی کە زۆرترین چیرۆکی تێدایە لەململانێ، کێشە، یاسا، بەڕێوەبردنی خەڵك و دۆزینەوەی پێداویستییەکان، شەڕوشۆڕ و بەکارهێنانی چەك و هتد. «ئەو شێوازانەش، کە مێژوی دەوڵەتی بەخۆیەوە گرێداوە، بریتین لە شێوەی تۆمارکردنی گێڕانەوە، کە بە دەوڵەتی سەرکوتکارەوە بەندبووە، شێوەی رەخنەگرتن و تێڕامان لێی کە بەبوونی کێشە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی ئەرستۆکراتیەوە بەندە، شێوەی تیۆری و فەلسەفی، کە گرێدراوی دەوڵەتی نوێی مافەکان و دەوڵەتی نمونەیی پاشایەتی دەستوری بووە، هەروەك هیگڵ پێیوابوو، لەروی میتۆدەوە، ئەم سێ شێوازە یەك لەدوای یەکە وەك پێویست، لەمێژودا بەشێوەیەکە کە ناکرێت چاوپۆشیان لێبکرێت لە لایەك، هەر شێوەیەکیش خۆی بۆخۆی شێوازێکی سەرەکی بووە لە قۆناغێکی تایبەت» **حسين هنداوي. التاريخ و الدوله. مابين ابن خلدون و هيغل. دار الساقى. سنه 2001 ل 42.**

ئاوەدانکردنەوە لەشوێنێکدا بەشێکە لەمێژوی سەرهەڵدانی دەوڵەت، تێپەڕاندنی مێژو لە وەحشیگەرێتییەوە کە تەنها کوشتنی مرۆڤ و گۆشتخواردنی ئاژەڵی کێوی بە بێ کوڵاندن و بە سادەیی لەرێگەی راو و شکارەوە، هەروەها ژنسالاری وەکو دەسەڵاتێك لەقۆناغێکی سەرەتایی لە بەرامبەر رەگەزی نێر و توندڕەوی و قۆناغەکانی دیکەی دوای فەلسەفە و هاتنی عەقڵگەرایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژیان، هەروەها خوداوەندێتی سەر زەمین کە لە میسر و یۆنان و پاشان هاتنی ئاین وەك سیستم و شێوازێکی فکری بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی بۆ دەسەڵاتدارێتی و هتد. لەگەڵ خۆیدا دەیان لایەنی هونەری تەلارسازی و هونەری دیکەی وەك ئەدەب و پیشەسازی سەرەتایی و جوتیاری و بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و هتد بووە، لەکاتێکدا ئەو قۆناغانە لەلای هیگڵ وەك فکرەیەکی رۆمانسی رەسەنایەتی بووە و تایبەت بەگەلی رەسەنی ناسیووە، بەو مانایەی وەك ئەڵمانیا خاوەن گەلێکی رەسەنن، چونکە خاوەنی شارستانیەتێکی پایەبەرز بوون، ئەمەش لەوێوە بووە کە سەرچاوەی هەمو بڕواو هونەرکاری و زمانەکان و زانیاری مرۆیی بوون، ئەمە بەبڕوای ئیبن خەلدون پارادۆکسێکی فکرییە و لە خورافەوە نزیکە، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەکە هەم لەگەڵ ئاینەکانیش جیاوازی هەیە و هەم لەگەڵ عەقڵیش بەهەمانشێوە، ئەوە بە بەراورد بە مەعریفەی پێشکەوتودا، کە لەدوای سەرهەڵدانی عەقلانیەتی نوێ و فەلسەفەی نوێ، کە چارەسەری بۆ هەمو کێشەکانی مرۆڤ دۆزیوەتەوە، بەراوردناکرێت، چونکە چەمکەکانی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا لەخۆڕا نەهاتوون بەبێ سەلماندن بێن بە میتۆدی خوێندنی زانستی.

لای هیگڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت دەرکەوتەیەك لەبەرهەمهێنانی سیستمی خوایەتی لە جیهانی کرداریدا، واتە لە دنیایەکدا پراکتیك کراوە، بەڵام بەستایلێکی نوێ و لە کەسێتی کاریزمی سیاسیدا کۆکراوەتەوە و تائێستاش ئەمە هەیە، کەواتە

خودا له زەینی مرۆڤدا هێزێکی ئامادەیە، کە بە زۆری بۆ سیستماتیککردنی ژیانی گشتی و سەرەتای سروشتییە، کە خۆی لەبنەڕەتدا سیستماتیککردنی خێزانە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، بەڵام لەشوێنێکدا هەست بەبوونی ئەو زەینە ناکرێت، بۆ نمونە هۆزی تەتەرەکان و عەرەب لای هیگڵ نەتەوەی سێبەرن و جێگیر و سروشتی نین، بۆیە بە پرەنسیپێکی روحی حوکمیان بەسەردا دەکات و دەیانخاتە دەرەوەی مێژو، هەر ئەوەی کە عەرەب گەشەناکەن لەناو مێژودا و ئەوەی تریان هەر ناوی نەماوە و تەنها وەکو ناوێك بۆ گێڕانەوە ماوە، ئەوەیە کە نەیانتوانیوە پلەیەك لە قۆناغەکان ببڕن لەناو مێژودا.

وەختێك کە باس لەنەتەوە و کۆمەڵگەی دواکەتو دەکرێت، مەرج نیە تەنیا لەتەکنۆلۆژیا و پیشەسازی دواکەتوو بن، بەڵکو لەرەوتی مێژو دواکەتوون کە ناتوانن بچنە ناو مێژوەوە وەك کۆمەڵگەیەك بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆیی لەروی کۆمەڵایەتی و نەریت و فەرهەنگەوە، ئەو مێژوەی کە دەتوانێت ببێتە نمونە و وانەیەك لەمێژوی گشتی، مەسەلەی روحی لای تەتەرەکان ئەوە بەرهەمدەهێنێت، کە پێشتر لای عەرەب هەبوون، واتە هێرشکردنە سەر ئەوانی دیکە کە تاکو ئیسپانیا و هندستان و ئیتالیا و ئێران، لەژێر ناوی ئاینەوە پەلیکێشا، بۆیە هەریەك لە جەنگیزخان و تەیموری لەنگیش هەمان رەفتاریان دووبارەکردۆتەوە وەکو (گای هار) هێرشیانکردۆتە سەر ئەو وڵاتانەی، کە خۆپارێز بوون، ئەو کاولکاری و تێکدانی شارستانیەتانەی لەسەر دەستی ئەوان هەبووە، بەشێکە لەو هێرشانەی، کە بە فەرمانی جەنگیزخان و تەیموری لەنگ کراوە و تائێستاش شوێنەواری ماوە. هەڵبەت لە پەنای ئەمانەشدا کەسێکی وەکو (ناپلیۆن) هەیە، کە جێگەی لەناو مێژوی نوێدا دەبێتەوە، چونکە دەوڵەتی فەرەنسای بە کەسانی شەقاوە و بێسەروبەر و پیاوکوژ و بێ روحی رۆمانسی پێکهێنا، بۆیە توانی دنیا داگیربکات و بگاتە وڵاتانی عەرەبی و میسر بە تایبەتی داگیر بکات، کە دواتریش لە شەڕی دوەمی

جیهانی دووبـاره کەوتەوە دەستی فەرەنسا، ئەم مۆدێلە لە دروستکردنی دەوڵەت و پێکهێنانی دەزگا جۆراو جۆرەکان، تائێستاش لەلایەن داگیرکەرانی هاوچەرخەوە کارپێدەکرێت، بەتایبەتی لەناو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی سوپا و پۆلیس و هتد.

مەترسی مێژو لەشوێنێکدا دەردەکەوێت، کە هەر دەسەڵاتێك لەرێگەی نوسەرێك یان مێژونوسێکەوە بە ویستی خۆی تۆماریکردوە و راستیەکانی تورهەڵداوە،ئیتر ئەوە ترس بوبێت لەدەسەڵات یان خودی خۆی لایەنگری دەســەڵات بوبێت، تۆمارکردنی چیرۆکەکان لەناو تێکستی ئەفسانەدا و هەندێکجاریش دابەشکردنی بۆ چاکە و خراپە، بەشێکی پەیوەندی بە دەسەڵاتگەرێتی و بوونی دەوڵەتەوە هەبووە، کە ململانێی لەسەر بووە و لەپێناو خوداوەندەکان، کە سەرەنجام مرۆڤ کراوە بە قوربانی ئەو ویستە ناحەزە، بەڵام کە دەبینین مێژو وەك خۆی نابێت بە وانەیەك بۆ مرۆڤ و بەتایبەتیش بۆ کایەی سیاسەت، ئەو مەترسییە دەردەکەوێت، کە کەسانی وەك هیگڵ مێژو بە (کوڕی سەردەمی خۆی دەزانن). چونکە هیگڵ لەتیۆرەکەی خۆیدا سەبارەت بەدەوڵەت، ئەو تێڕوانینەی رەتکردۆتەوە کە سیاسەت و دەستور و فکر، بتوانێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ روحی بە کۆمەڵ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە سەرچاوە و هۆکارەکەی لە بوونی دەستور و بەهاکانە، بەڵام لەراستیدا هیگڵ ئەوە ناشارێتەوە کە بنەچەی دەوڵەت ئاینە، چونکە لای ئەو ئەوە دیالەکتیکێکە لەنێوان ئاین و دەوڵەت، ئەگەرچی دەوڵەت زۆر کەڵك لە ئاین وەردەگرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئاین هیچ کەڵکێك لەدەوڵەت وەرناگرێت. مەگەر ئەو مۆدێلە لە ئاینپەرستیەی لەدوای سیستمی کڵێسا لەمەسیحیەت و لەدوای خەلافەت لە ئیسلامدا سەرچاوەیگرتووە، هەڵبەت هیگڵ ئەم تێڕوانینەی بۆ دەوڵەت و ئاینی کریستیانی بووە، کەچی دەرکەوت هەم کریستیان و هەم ئاینی ئیسلام، کەڵکی زۆریان لە دەوڵەت وەرگرت بۆ مانەوەی خۆیان وەکو

دەسەڵاتی روحی، نمونەش مانەوەی دەوڵەتی فاتیکان و سعودیەیە تاکو ئێستا، کە نزیك بە دوو سەدەیە ئەم تێڕوانینە هەیە، لەولاشەوە نمونەی ئەو دەوڵەتانەیە، کە بە ئاڵاکەیاندا دەردەکەوێت، کە پاشخانی ئاینیان لە دەستوردا جێگیرکردوە، نمونەی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیایە، هێشتا دەوڵەت هەیە لەژێر ناونیشانی ئاین و قایمکردنی گوتاری ئاینی لەدەستوری وڵات جێگیرکردوە، کەچی ناوی ئاین نە لەرێگەی دەستور و نە لە رێگەی فەرهەنگەکەی نەهاتووە و پێوەی دیار نییە، نمونەش مالیزیا و بەشێك لە وڵاتانی ئاسیایە.

# تیۆرەکانی دەوڵەت

دامەزراندنی دەوڵـەت لـەدەرەوەی مامەڵە سیاسیەکەی، کە پێشتر بەرئەنجامی تیۆر بوو، بریتین لە چەند تیۆرەیەك کە سەرەتاکەی بۆ ئەسینا و بەتایبەتیش بۆ ئەفلاتون دەگەڕێتەوە، دواتریش ئەو تیۆرانەی کە لەدوای ئەزمونی دەوڵەتەوە وەکو فکر و فەلسەفە لە رۆژئاواوە سەریانهەڵدا، بریتین لەتیۆری بونیادنان، هەروەها تیۆری ئەخلاقی و تیۆری چینایەتی و تیۆری فرەیی، ئەم تیۆرانە هەریەکەیان پرسیارێکیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە، کە ئەدەبیاتی خۆی هەیە، هەر تیۆریەکەیش بۆ ئەویتر جۆرە پوچەڵکردنەوەیەکی ئەویترە، هەمو تیۆرەکان بریتین لە کۆمەڵە رەگەزێکی سیاسی، کە لەچوارچێوەیەکدا پرەنسیپەکانی دیاریکردوە کە سەرجەمیان بۆ خۆشگوزەرانی و نەمانی ململانێکان و سنورداركردنی قەوارەکان پێناسەیانکردوە، نمونەش تیۆرەکانی (جۆن لۆك، تۆماس هۆبز، جان جاك رۆسۆ، هیگڵ، مارکس و گرامشی) و هتد بوونە.

## تیۆری بونیادنان

ئەم تیۆرە وەکـو سەرەتای فەلسەفەی دەوڵـەت دێتە پێناسەکردن، ئەمە وادەکات کە بنەماکانی حوکمی دەستوری لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی وەربگرێتەوە و بەپێچەوانەی حوکمی پاشایەتی و دەسەڵاتی رەها، هەوەها دەتوانێت بیگوازێتەوە بۆ حوکمی دەسەڵاتی یاسا کە گەل یان لانیکەم خاسیەتێکی سەرەکی دەوڵەتی گشتی بونیاددەنێت، کە گشت بەموڵکی خۆیانی بزانن، «بێگومان بیرۆکەی بونیادگەری دەوڵەت (constitonalism) پەیوەستە بەکرداری (toconstitute)، کە لە وشەی لاتینییەوە داڕێژراوە و واتاکەی (هۆکارە لە راپەڕاندنا بۆ ئەوەی راپەڕێنرێت بونیاد و دابمەزرێنرێت،

هەر شتێك ڕاپەڕێنرێت ئەوە بونیادنراوە وەکو ئەنجامێکیش لـەوەدا ئەو ڕەگەزانەی، کە بونیادنراون دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکەین، کە بونیادە یاخود پێکهاتە، (constitution) کار بۆ بوپێکهاتن و بونیاد دەنێت و دەربڕێتی (constitution) بەواتای دەستور یاخود بونیادی بنەڕەتی بەکاردەهێنرێت» ئەندرۆ ڤنسنت. ت**یۆرەکانی دەوڵەت. وەڕگێڕانی. عەبدوڵڵا فازڵ گەرمیانی. دەزگای وەرگێڕان. ساڵی 2011. ل121.**

## تیۆری ئەخلاقی

تیۆری ئەخلاقی لە دوو هەلومەرجی تایبەتدا هاتۆتەئاراوە و کارییپێکراوە، ئەویش دیسان لە ڕۆژئاوا و بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بووە، تیۆرەکە نمونەیی واتە (میپالیە) ئەمە یەکەمجار لە ئەڵمانیا لەدوای شۆڕشی فەرەنسا کاریگەری خۆی دانا و دواتر هیگڵ ساڵی (1830_1770) لە ئەڵمانیا کردی بە تیۆرێکی فەلسەفی وەکو بەشداریکردن لە بونیادنانی دەوڵەتی نوێ، ئەویش بە بەشداریکردنی کۆمەڵ وەکو هەوڵێك بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، هەروەها وەکو پلەبەندی لەداڕشتن و سەپاندنی یاسا، کە شێوەیەکە لە پەرەسەندنی مرۆیی، چونکە بە بڕوای هیگڵ دەوڵەت ئەندازە و بەهای مرۆییە و لە داهاتویەکی چاوەڕواننەکراودا گەشەدەکات و بوونی کۆمەڵایەتیش لەو بەشداریکردنە جگە لە پیشەسازی، کۆمەڵی مەدەنی دەبێتە هاوکارێکی باشی دەوڵەت، «بەم واتایە دەوڵەتی ئەخلاقی ئەم نمونەیەیە، کە مایکڵ ئەوکشۆت بەڕەوایی ناوی دەبات یاخود هایك (TELEOCRATICASSOSCIATION) بە پەیوەندی تاوانکاری نـاودەبـات، ئەوکشۆت بەم زاراوانـــەی خـوارەوە دیاریکردوە وەکو هەر شتێك لە کۆمەڵە تاکێك پێکهاتووە، کە پەیوەستن بە کۆمەڵە ئامانجێك یاخود بەرژەوەندی گەلێکی هاوبەش و لە میانەی کارکردنیان لەپێناو بەدیهاتنی ئەو بەرژەوەندییانەدا، دان بەیەکتردا دەنێن. هەموان بۆ ئەو

ئامانجە ئامادە و لەسەر پێن، دەوڵەتیش وەکو یەکە و پەیوەستییەکی خاوەن ئامانجە، بەو ئامانج و کەسانە دیاریدەکرێت، کە بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە هەوڵدەدەن» ئەندرۆ ڤنسنت. **تیۆرەکانی دەوڵەت. وەرگێڕانی. عەبدوڵلا فازڵ گەرمیانی. دەزگای وەرگێڕان. ساڵی 2011. ل181**

هەڵبەت ناکۆکی زۆر لەسەر تیۆری ئەخلاقی بۆ دەوڵـەت هەیە، ئەو توێژینەوە زانستیە میتافیزیکیەی هیگڵ، کە پەیوەندی بە مەسەلەی (روح) ەوە هەیە وەکو ویستێکی خودایی تەماشایکردوە، ئەمە لەگەڵ تێڕوانینەکەی دیکەیدا، کە بۆ ئازادی هەیەتی و لە شۆڕشی فەرەنساوە سەرچاوەیگرتووە، زۆر جیاوازە لەروی فکرییەوە، چونکە ئازادی ویستێکی ئیرادەگەریانەیە و دەوڵەتیش بەشێکە لەو قەوارەیەی، کە تاك بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و پاراستنی کولتور و زمان پێویستی پێیەتی، بۆیە لەیەك کاتدا وەکو ناکۆکێك هەردوو وتەکە لەبارەی دەوڵەتەوە هەستپێدەکرێت.

هەڵبەت ئەوەی هیگڵ باسیدەکات بەشێکی زۆری پەیوەندی بە کاریگەری بیری هێردەر و فیختە و کانت و شیلینجەوە هەیە، کە میسالیانە واتە ئایدیالیستیانە تەماشای دیاردە و بوونە فیزیکیەکانیان کردوە، کە دواتر زانست سەلماندی ئەم بیرۆکانە نەك هەر پراکتیك ناکرێن، بەڵکو لۆژیکیش دەرناکەون.

## تیۆری فرەیی و چینایەتی

تیۆری چینایەتی بە پێی تێگەیشتنی بەشێك لەو فەیلەسوفانەی، کە بەقەناعەتی خۆیان واقیعیانە بیریانکردۆتەوە، ئەمجۆرە دەوڵەتە نەك هەر پراکتیك ناکرێت و نابینرێت، بەڵکو تەسکبینانەشە و لە هیچ میتۆدێکدا جێگەی نابێتەوە، چونکە کێشەی جەوهەری کۆمەڵایەتی لەم تیۆرەدا گرێکوێرەی دروستکردوە، چونکە وای نیشاندەدەن، کە ئەگەر باس هاتە سەر چین و ململانێکان بۆ گۆڕینی ژیان، ئیدی ئەوە واتای ئەوەیە، کە ناتوانرێت بەلای

کەمەوە دەوڵەتیش لەچوارچێوە کلاسیکییەکەی خۆی دەربچێت و ئیرادەی مرۆڤ بیگۆڕێت، لە راستیدا مارکس خاوەنی تیۆرەکەیە، باسی لەوەکردوە کە گریمان ئەو جیهانە بەدەستبێت مرۆڤ رزگاری بێت لەجیاوازی چینایەتی، ئەوە واتای وایە توانیویەتی کە دەوڵەتێکی بێ جیاوازی چینایەتی بونیادبنێت، ئەمە ئەگەرچی تەکتیکێکە لەخودی مرۆڤ دەکرێت، بەڵام لەپەنای تاکتیکەکەش رزگاربوونی مرۆڤە لەو چاوچنۆکیانەی، کە بۆ قۆرغکردن و یاسا و رێساداناني هەمو شتێك لەرێگەی جیاوازییە چینایەتییەکانەوە پراکتیك دەکرێت، بۆیە مارکس پێ لەسەر ئەو تیۆرە دادەگرێت، تاکو خۆی لەدو شت بەدوور بگرێت، یەکەم ئەو فەیلەسوف و بیرمەندە ئایدیالیستەکان، دوەم خۆی بەدوور بگرێت لەوانەی کە بەناوی فەلسەفەوە ئەنارشیزم بوون و لەجیاتی کەڵك، زیانیان بە ویستی مرۆڤ دەگەیاند و بیانوویاندەدا بەدەستەوە تاکو دەوڵەت وەکو خۆی بمێنێتەوە مرۆڤ ئیرادەی بەکارنەهێنێت.

# دەوڵەت لە ویستی گشتیدا

(ویستی گشتی)، بە مانایەکی هاوچەرختر (فەزای گشتییە) ئەم چەمکە بۆ قەوارەی سیاسی لەبنەڕەتدا بۆ قازانجە، ئەمە تیۆرەکەی (ژان ژاك رۆسۆ)یە کە بۆ خۆی قازانجی گشتییە، لەراستیدا ویستی گشتی کە ئەویش سودی گشتییە و بچوککردنەوەیەتی لەپێوەری ئەخلاقیدا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی کە پێشتر کاری بۆکراوە و دواتر لە یاسا و دەستوری دەوڵەتدا رەنگیداوەتەوە، رەخساندنی زەمینە بۆ موڵکی کەسی و گشتگیرکردنی سوودەکانی خۆشی ژیان لەسایەی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی و سودگەراییە لەبوارە جیاجیاکاندا، هەروەها پاراستنی فەرهەنگی گشتی و سنوردارکردنی مەسەلەی ئاین و لەبەرچاوگرتنی ئاینی زۆرینە و هتد، بەشێکن لەو کۆمەك و ویستە کۆمەڵایەتیەی، کە دەبێتە بنەما بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی کە دواجار سیاسەت دەیکات بە بەرژەوەندی تایبەتی. قازانجێك هەم بۆ هاوڵاتی کە گرێبەست لەگەڵ حکومەت و دەوڵەت دەکات، تاکو لەرێگەی دەستورەوە کە دیاریکردنی ئەرك و مافە، ئەویش گۆڕینەوەی سودە لەرێگەی کار و خزمەتکردنی دەزگاکانی دەوڵەتەوە، هەڵبەت ئەم گرێبەستە سیاسیەی نێوان دەوڵەت لەڕێگەی دەزگاکانییەوە و هاوڵاتی وەکو هێزی کاری خۆی و فکری بۆ خزمەتکردنی دەزگاکان، ستایلێك بوو کە تاهاتنی پۆست مۆدێرنە بەردەوامبوو، لەناو دەستوریشدا رەنگیدابۆوە، بەڵام ئێستا دەوڵەت بەو پێیەی کە هەمو سیاسەتی کارگێڕی خۆی رادەستی کۆمپانیاکان کرد، ئیدی گرێبەستەکە لەجیاتی ئەوەی لەنێوان دەوڵەت و هاوڵاتی بمێنێتەوە، بووە بەگرێبەست لەنێوان کۆمپانیا و کرێکار یان فەرمانبەر و خاوەن فکرەکان، ئەمەش هەم بۆ گۆڕینی ستایلی حوکمڕانییە و خۆدزینەوەیە لەخزمەتگوزاری بەناوی ئازادی بازرگانیکردن و بازاڕ، هەم بۆ خۆدوورخستنەوەی دەوڵەت

لەمەترسی خۆپیشاندان و گروپە سیاسیەکان، لەهەردو بارەکەشدا گروپە سیاسییە دەستەبژێرەکان دەستی خۆیان وەشاند لە هاوڵاتی و گۆڕینی ویستی گشتی بۆ دەوڵەت لەرێگەی ئەو تەکنیکە سیاسییەوە.

بەپێی قسەی لینین بێت، کە دەڵێت» دەوڵەت بەر لەقۆناغی کۆیلایەتی نەبووە و کۆمەڵگەش بەسەر هەردو چینی کۆیلە و خاوەن کۆیلە دابەشنەبووبوو، وەهیچ دەزگایەکی تایبەتیش نەبوو کە دەزگای دەوڵەتە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی سیستماتیك تاکو خەڵك ملکەچ بێت، بەڵام دوای ئەوەی چەند ساڵێك کۆمەڵگەی مرۆیی دورکەوتەوە لەو حاڵەتە وەحشیگەرییە، بۆیە لەو وەختەدا هیچ دیاردەیەکی سەلمێنەری دەوڵەتمان لەبەردەستدا نییە، تەنها گەورەیی و ئەو نەریتەی، کە شێخەکان بەکاریاندەهێنا، تەنانەت ژنان لەوکاتەدا، مەزڵوم و ژێردەستەی پیاو نەبوون، هەروەها هیچ توێژێکیش نەبووە دابڕاوبێت لەکۆی خەڵك و حوکمی خەڵك بکات و دەزگای توندوتیژی و دەزگایەکیان هەبووبێت بۆ کۆشکی سەرۆك هەروەك ئەوەی ئێستا هەیە، یان ئەوەی سوپای سەرکوتکەر و زیندانیان هەبووبێت وەك ئەوەی دەوڵەت پێویستی پێیەتی». ف**لادیمیر ئیلیج لینین. الدوله. محاضرات القیت فی جامعه سفیردلوف. تموز 1919. دار التقدم موسکو. ل10.**

کەواتە بە پێی ئەو تێگەیشتنە بێت، کە لینین باسیدەکات، دەوڵەت وەك بیرۆکەیەکی فەلسەفی و دامەزراوەیی بەتێگەیشتنی مێژو دیاردەیەکی نوێ و نمونەی دەسەڵاتێکی نامۆیە، تا ئەوکاتەی شار دروستدەبێت لە یۆنان و میسر، کە ململانێیەکی نادیارە و لە گشتەوە بۆ گشت بووە، دەوڵەتی نوێش دوبارەکردنەوەی هەمان ستایلی دەسەڵاتگەرییە لەدوای کۆیلایەتییەوە، بەڵام بەشێوەیەك کە ریفۆرمی تێداکراوە و کەڵك لە بیرۆکەی فەلسەفی فەیلەسوفەکان وەرگیراوە لەروی یاسایی و دەستوری و هتد، بەڵام بەواتای شارو سەردەمی خولْقاندنی فەلسەفەیەك بەناوی دەوڵەتەوە وەکو دیاردە و دەسەڵاتگەرێتی

لەلایەن چینی باڵای کۆمەڵگە، چینی ناوەڕاست کەڵك لەبەروبومەکەی وەربگرن و هاوکاری دەسەڵاتی سیاسی بکەن و بەپێچەوانەشەوە، جگەلەمەش لە کۆنگرەی حەوتەم باس لەبەشداریکردنی خەڵك دەکات لەرێگەی کۆمەڵە و رێکخراو و نوێنەرەکانیانەوە دەوڵەت بەڕێوەببەن و خاوەندارێتی دەزگاکان و جومگەکانی دەوڵەت بکەن، چونکە ئەوکات کێشەی سۆڤێتەکان لە یەکێتی سۆڤێت ببووە جێگەی گفتوگۆی فکری و بەشێك لەسیاسەکان، بەڵام لینین دەڵێت ئەگەر بڕیاروایە ئێمە دەوڵەتمان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك دامەزراندووە، دەبێت خەڵك بەوشێوەیە بەشداریبکات تاکو هەم لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە ئامادەبن، هەم دەوڵەت و دەزگاکانی بە موڵکی خۆیان بزانن و هەم بوونی خۆیان لە دەرەنجامی شۆڕش هەستپێبکەن.

بەڵێ بیرۆکەی ویستی دەوڵـەت لە سەردەمی یۆنان و میسرەوە هاتووە، ئەوکات بە ئامادەگییەکی مرۆیی پێناسەکرابوون، بەڵام بیرۆکەکە لەلایەن سۆفستاییەکان و ئیپیکۆرسەکانەوە لەیۆنان ناتەواو خرابووە روو، لەمیسریش بەهەمانشێوە، بەڵام لەتێڕوانینێکی میتافیزیکیەوە، کە ئاین سەرچاوەکەی رەنگیدایەوە و دەسەڵاتەکەی سەقامگیرتر کرد، دواتر لەسەدەی حەڤدەهەمەوە بیرۆکەی عەقلانییەت، کە گوایە سروشتی تەماشای دەوڵەتی کردوە نەك دەستکرد، هاتە ئاراوە، ئەمانە بەشێکی جیاوازبوون لە ویستی دەوڵەت بە بێ بوونی خەڵك و بەشداریکردنی سیاسییانەی خەڵك لە دەرەوەی دەسەڵات.

هەڵبەت لەروی تێگەیشتنی فەلسەفییەوە کە (تۆماس هۆبز و جۆن لۆك) پێناسەیانکردوە، دەوڵەت جۆرێك لەویستی گشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتییە و دواتر دەسەڵات لەلایەن گشتەوە، واتە کۆمەڵگە بە کۆی دەنگ رادەستی دەستەبژێرێکی سیاسی دەکات بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی یاسایی، ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە بڕیاری خەڵکە لەگەڵ دەسەڵاتداران لەروی یاسایی و دەستورییەوە.

سەرەتا (تۆماس هۆبز) سەرقاڵی ئەوەبوو پشتگیری لەو عەقلانیەتە بکات، کە مـرۆڤ ملکەچی دامـــەزراوەی دەوڵــەت بێت، نـەك وەك دامەزراوەیەکی خودایی و دەرەوەی سنورەکان، کە بە پێی تیۆرەکانی هۆبز لەڕێگەی پەیمانی کۆمەڵایەتی تاکەوە بۆ دەوڵـەت، ئیدی دامەزراوەکە هەم بۆ پارێزگاریکردنی سەروماڵی خەڵکبێت، هەم دورکەوتنەوەبێت لەترس و مەرگی ناسروشتی و هەم هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و..هتد گەشەیکرد. لەروی فەلسەفییەوە چەمکی دەوڵەت واتا و پێناسەی فراوانی وەرگرتووە و هەر فەیلەسوفێکیش پێناسەیەکی کردوە. لەسەرەتای سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە، کە مەترسییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت هاتنەئاراوە، فەیلەسوفەکان بە بێ ئەوەی ئاگایان لەبۆچوونی یەکتر هەبێت، رەخنەیان لەو ژیانە سیاسییە گرت و بەشێوەیەکی تری ژیان و یاسای ئاژەڵی، بەڵام بە عەقڵی مرۆڤ خەملاند، نیچە دەڵێت «دەوڵەت گروپێك ئاژەڵی سرکی دڕندە و بێ توك و سپی پێستن، گروپێك لەشکری بەڕێزن، بەهەمو سیستمە جەنگی و هێزە رێکخراوەکەیانەوە، بەچنگە ترسناکەکانیانەوە شاڵاو دەبەنە سەر خەڵکێکی زۆر کە رەنگە لەروی ژمارەوە زۆر لەخۆیان زۆرتربن، بەڵام هێشتا سیستمێکیان بۆخۆیان دانەڕشتووە، کە بارودۆخی خۆیان پێ دیاریبکەن، ئەمە بنەچەی دەوڵەتە، (لیستەر ۆرد)یش دەڵێت (دەوڵەت وەك شتێکی جیاواز لە سیستمی هۆزگەرایی ئەو کاتە دەستپێدەکات، کە رەگەزێکی مرۆیی پەلاماری رەگەزێکی دیکە دەدەن)، هەروەها (هۆنهایمەر) دەڵێت: (چاو بەهەر لایەکدا بگێڕیت دەبینیت هۆزێکی جەنگاوەر پەلاماری سنورەکانی هۆزێکی تر دەدەن، کە هێندەی ئەوان خۆیان بۆ جەنگ تەیار نەکردبێت، دوایش لە خاکی ئەو هۆزە نائامادەیەدا خۆیان وەك گروپی چاودێر جێگیر دەکەن و دەوڵەتی تێدا دادەمەزرێنن). (تانیهۆفەر)یش دەڵێت: (توندوتیژی ئەو ئامڕازەیە، کە دەوڵەتی خوڵقاندوە). گامپلۆویز دەڵێت: (چینێکی

فەرمانڕەوا لەسەرکەوتوەکان بەسەر سەری دۆڕاوەکانەوەن) سیمنەریش دەڵێت: (دەوڵەت ئاکامی هێزە و هەمیشە پاڵپشتی هێزێك دەمێنێتەوە)». **ویل دیورانت. مێژوی شارستانێتی. بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئازاد بەرزنجی. نەبەز کەمال نوری. دانا ئەحمەد مستەفا. دەزگای سەردەم. ل67.**

به پێی تیۆری چەپەکان بێت دەوڵـەت لەویستی گشتیدا، بریتییە لەنوێنەرایەتی خەڵك لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بۆ دامەزراندنی شورایەك، کە لەڕێگەی کۆنگرەی نیشتیمانییەوە سازدەکرێت وەکو کارتێکی فشار بەسەر دەوڵەتەوە لە لایەن خەڵکەوە، کە بەشێك بوون لەدامەزراندنی دەوڵەت و سیستمەکەی، سەرەتا ئەم هەوڵە بۆ گفتوگۆ بووە لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتداران، هۆکارەکەشی مافی هاونیشتیمانی بووە بەسەر سیستمی دەوڵەتەوە، لەڕوویەکی دیکەوە فشاری خەڵك بۆ ئەو جۆرە ڕێکەوتنانە بـووە، کە لەنێوان دەوڵـەت و ئەوانی تر بـووە، بەتایبەتی ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی، کە بریتیبووە لە (دیاریکردن و لێوردبوونەوە) لەڕێکەوتنەکان، مەبەست لەو لێوردبوونەوە و ڕێکەوتنە لەو وڵاتانە بووە، کە خاوەنی هێزی سەربازی و سیاسی و ئابورییەکی بەهێزیان هەبووە، لەم کاتەدا خەڵك دەوڵەتیان لەمەترسیەکانی ئەو ڕێکەوتنانە ئاگاداردەکردەوە، هەروەها شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیا یەکێك بووە لەو مەترسیانەی، کە خەڵك و چەپەکان هەستیانپێکردوە لەوەی نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی زلهێزەکانی دنیا، لایەنێکی دیکەش بەشداری و ویستی خەڵك بۆ ئەوەبووە، کە دەوڵەت بەشداربێت لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و جۆرێك لە قەناعەتپێهێنانی دەوڵەتی بێهێز بووە لەپێناو مانەوە و فراوانبوونی ئیمپریالیزمی جیهانی، بەتایبەتی ئەوکات سەردەمی جەنگی دوەمی جیهانی کۆتایی پێهاتبوو و جەنگی سارد دەستیپێکردبوو، بۆیە بۆ خەڵکی بەشداربوو ئەو جۆرە داواکارییە لەروی دەستورییەوە، ڕەوایەتی بەخشیبوو «

لەبارەی ئەوەی کە پرسیاردەکرا چۆن گەلانی هەمو دنیا بەشداریانکرد لە دیارکردنی چارەنوسی خۆیان، وەڵامەکە ئەوەیە کە دوای ئەوەی زیاتر لە (70) دەوڵەت خۆیان لە داگیرکاری ئیمپریالیزم رزگارکرد، دوو لایەنی چۆنایەتی و چەندایەتی هەبوو، لەرووی چەندایەتیەوە مەسەلەی رزگارکردنی جوگرافی بوو کە پەیوەندی بە رزگارکردنی رووبەری خاك بوو، لایەنێکی تر چۆنایەتی بوو، مەسەلەی پەیوەندی دەوڵەت بوو بەسیاسەتی نێودەوڵەتی و بزوتنەوەی گەلان و هاندانی گەلانی تر بۆ روبەڕوبوونەوەی ئیمپریالیزم و سنوردانان بۆ جەنگ و هەماهەنگی دەوڵەت لەپێناو یەکسانی و سودی گشتی، هەروەها نەهێشتنی رەفتاری خراپ کەڵکوەرگرتن لەخەڵك لەلایەن ئیمپریالیزمەوە و پەیوەندیگرتنی هەمو دەوڵەتان و پەیوەندی نێوان گەلان». **وديع امين. حركه التحرر الوطنى و اسهامها فى الانفراج الدولى الراهن. مجله الطليعه. السنه التاسعه 1973.**

هەر سەبارەت بەوەی دەوڵەت لەویستی گشتیدا و لەدەستی سیستمێکی دیاریکراوی وەکو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتوبەر و هاتنە سەرکاری سیستمی سۆڤێت هەبوو، «هەروەها دوای کلاسیکیۆ مارکسی لینینی لەداڕشتنەوەی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، جەختیان لەوە کردەوە دیکتاتۆریەت کاتێك پێویستە، کە کۆمەڵگە بیەوێت لە قۆناغێکەوە بیگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، بۆیە هەرگیز بیر لەو لادانە نەکراوەتەوە، کە شێوەی دەوڵەت وەربگرێت، لینین لێرەدا بەراشکاوی باس لە بوونی دەوڵەتێکی نمونەیی وەکو سۆسیالیزم دەکات، ئەوەش لەکاتێکدا وەکو قۆناغێکی راگوزەر لە سۆسیالیزمەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی، بەراستی لینین باسی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای نەکردوە لەبوونی دەوڵەتدا، بەڵکو لە وەڵامی پرسیارێك و لەو شوێنەدا باسیکردوە، کە کۆمەڵگە ئەزموونی سۆسیالیزمی کرد و کەڵکی لێوەرگرت، ئەوکات دەتوانێت بەرەنگاری ئەو هێزە ببێتەوە، کە رێگرە لەکۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، بۆیە پێویستە خەباتی چینایەتی بەردەوامبێت تا بەدیهاتنی ئەو دنیایە وەکو تێگەیشتنی تەواو لە بارودۆخێکی تایبەت بونیادی دەنێت» **السوفيتات هيئات السلطه الشعبيه فى الاتحاد السوفيتى. مجموعه من المؤلفين. دار التقدم. ل74.**

ئەگەرچی دەوڵـەت بۆخۆی چەمکێکی سەربەخۆیە و پێناسەکەمان لەسەرەوە کرد، بەڵام سەرباری ئەوەی ویستی گشتییە، مانایەکی دیکەی وەرگرتوە کە بریتییە لەبەرژەوەندی پاراستنی چینێك، کە بۆرژوازیە و هەر بۆ ئەوانیش ژیان فەراهەمکرا «بەپێی چەمکە هیگڵیەکە سەبارەت بەدەوڵەت پەیوەندی بەسەردەمانێکەوە هەیە، کە گەشەکردن و پەرەسەندنی بۆرژوازی بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەردەکەوت و لەئەنجامدا، لافلێدانی چییەتی ئاکاری و جیهانگرەوە بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی لەژێر ئەم بەیداخەدا فەراهەمدەبێت، لەکۆتاییشدا رۆژێك هەمو جیهان دەبێتە بـۆرژوازی، بەڵام لەراستیدا تەنها چینێك دەتوانێت دەوڵەتێکی ئاکاری بخوڵقێنێت، کە لەناوبردنی خۆی و دەوڵەتی وەك ئامانج بۆخۆی لەبەرچاوگرتبێت، بەکورتی تەنها چینێکی وەها دەتوانێت دەوڵەتێکی وەها بخوڵقێنێت، بەمەش کۆتایی بەدووبەرەکی ناو هەژاران بهێنێت و ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی وا پێکبهێنێت، کە لەیەکێتی تەکنیکی ئاکاری بەهرەمەندبێت». **ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. وەرگێڕانی. مامەند رۆژە. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەوەزارەتی رۆشنبیری. ل117.**

بەڵام بە پێی چەمکە مارکسیەکەی، کە هەم مارکس پێش مردنی لەکتێبی (دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی) باسی دەوڵەتی کردوە و لەوێ باسی کێشەی چارەسەر نەکراوی هەنگاریا دەکات و دواتریش ئەنگڵس لە کتێبی (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت)، باس لەو ژیانە سیاسیە دەکات، کە چۆن دەوڵەت وەکو ئامرازێك وایە بەدەستی کۆمەڵێك سیاسییەوە بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی چینایەتی و ئامرازێکیشە بۆ سەرکوتکردن لەرێگەی سوپا و ئاسایش و ئابوری، بۆیە سەرخانەکەشی هەمان رەنگدانەوەی ئەو ستایلە سیاسییە دەبێت و بەدەست چینێکەوە بۆ سەرکوتکردنی چینێکی تر.

لەدوای سەرکەوتنی سەرمایەداری بەسەر سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە

ئەوروپا، یەکەمین دەوڵەت ساڵی 1871، کە وەك سیستم بەهێزی جەماوەری، کرێکار، جوتیار و چینی هەژار پێشڕەوایەتیکرا و دەوڵەتی پاشماوەکەی ناپلیۆن و لویسەکانی روخان، ناوی لێنرا کۆمۆنەی پاریس و دەسەڵات لەچنگی خەڵك بوو نەك دەستەبژێری سیاسی چاوچنۆك، بەڵام دوای (72) رۆژ ئەم دەوڵەتە بێ خاوەن و بێ پاڵپشتە نێودەوڵەتییە روخا و دەسەڵاتی نەما، ئەو دەوڵەتە بۆ یەکەمینجار بوو، کە ژیانی سیاسی بە بێ جیاوازییە چینایەتی و ئاینی و نەتەوەییەکان بەچاوی خۆی ببینێت، بە بێ ئەوەی هیچ حزبێکی مارکسی و سۆسیالیستی هاندەری بێت یان پاڵپشتیبکات، لەحاڵێکدا بەکوالیێتی جیاواز خۆی نمایشکرد، کە هیچ جیاوازیەکی چینایەتی تێدا نەدەبینرا، ئەمە وای لەمارکس و ئەنگڵس کرد، کە لەرێگەی فکرەوە هێزە جەماوەری و سیاسییەکان هانبدەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی نوێ لەدەرەوەی ئەو دەزگایانەی کە دەوڵەتی کلاسیکی لەخزمەت چینێك بەکاریدەهێنێت، دیموکراسیەتی ئەو دەوڵەتە تائەو جێگەیە بڕیکرد، کە سیستمی گۆڕی بەشێوەیەك کە وەك ئەزمونێکی نوێ، سیحرێك بوو لەچاو دەوڵەتی ئەو سەردەمە، چونکە بەرپرسیارێتی کرداری لەرێگەی نوێنەرەکانییەوە بەرامبەر هەڵبژێردراوەکان، کردارێکی یەکسانیخوازی بوو لە لایەك، هەروەها دەزگا جێبەجێکارەکان لەدەزگا یاسادانەرەکان کاراتر بوون.

دوابەدوای ئەم سیستمەی کە شۆڕش سیمای دەوڵەتی گۆڕی، تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ساڵی (1917) شۆڕشی ئۆکتوبەر بەڕابەرایەتی لینین، دەوڵەتی قەیسەریان روخاند و دەوڵەتی سۆڤێتییەکان دروستبوو، دواتر بەدەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناوی دەرکرد، ئەمە هەوڵێکی دیکە بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لەرێگەی هێزی جەماوەری، شۆڕشگێڕ، کرێکار، جوتیار و گروپی سیاسی ناڕازی لەدەسەڵات، سەرەتاکەی لە ساڵی (1905)ەوە لە کارگەکانەوە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان

دەستیپێکرد، تاکو روخانی دەوڵەت، ئەم شۆڕشە ستایلێکی هێنایەئاراوە کە خەڵك بتوانن نوێنەرەکانیان بکێشنەوە لە دەزگا شەرعیەکان بە بێ ترس، دەسەڵاتی سۆڤێتییەکان سەرەتا، کە لەدەستی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو، پاشان گەیشتە قەزا و شارۆچکە بچوکەکان، دواتر لەساڵی 1918 لینین لەکۆنگرەی حەوتەمی حزبی بەلشەفیك گوتارێکی دا، باسی لەوەکرد کە هەرکەس لەرێگەی خۆیەوە چاودێری کاری خۆی بکات و بەهایەك بەو مێژوە بدرێت، کە سۆڤێتییەکانی دروستکردوە، ئەمە یەکەمین هەنگاو بوو لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، وەکو نمونەیەکی نوێی دەوڵەت، کە بریتیبوو لە کۆمەڵێك کۆماری سەربەخۆ لەژێر سایەی سۆڤێت و بەپێی دەستوری یەکێتی سۆڤێت.

«دوا بـەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتوبەر بەسەرکردایەتی لینین و حزبی بەلشەفیك بەسەر قەیسەر و سەرکەوتنی سیستمی سۆڤێتییەکان، ساڵی 1935 بۆ 1936 لەلایەن دەوڵەتەوە دەستورێك دەرچوو، کە سیمبولێك بوو لەسۆڤێتییەکانەوە بەرەو سۆسیالیزم، ئەمە سەرەتای گواستنەوەی کاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریابوو بەرەو دەوڵەتی گەل بەگشتی» **السوفیتات هیئات السلطه الشعبیه فی الاتحاد السوفیتی. مجموعه من المؤلفین الشیوعیین. دار التقدم. ل61.**

هەر لەمبارەیەوە سەبارەت بەدەوڵەت لەسەردەمی دروستبوونی بلۆکی سۆڤێتدا بلیخانۆف بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو، دەڵێت: « لەوەدا لەگەڵ (ڤاندێر ڤیلدا)، کە بیرمەندێکی سیاسی ئەو سەردەمەی سۆڤێت بووە، کۆکم و دەشێت وشەی دەوڵەت هەم بەچەمکێکی بەرتەسك و هەم فراوان لێکبدرێتەوە، هەروەها لەوەشدا کۆکم، کە (مارکس و ئەنگڵس) کاتێك باسیان لەناوچوون و نەمانی دەوڵەت کردوە، لەچوارچێوەی لێکدانەوەیەکی بەرتەسکی چەمکی دەوڵەتدا پشکدارییان کردوە، بەڵام ناکرێت لەم کارەیاندا تۆمەتباریانبکەین، چونکە لەوکاتەی ئەواندا ئاخاوتن لەسەر دەوڵەت، بەواتا فراوانەکەی وشەکە،

هێشتا وەختی نەهاتبوو، بەڵام تاکو ئەم کاتەی ئێستامان (مەبەست سەرەتای دروستبوونی سۆڤێتی کۆنە) دەوڵەت هەر ئامڕازی دەسەڵاتی چینێکە بەسەر ئەوانی دیکەدا، ئەرکی دەوڵەتیش وەك دەربڕو نوێنەری بەرژەوەندییە گشتییە مەدەنییەکان، هەروەها وەك ڕێکخەرێکی گشتی، هێشتا ڕەنگ و ڕوی خۆی بەڕونی نەکێشاوە و بەدیارنەخستووە، تەنها لەم (10) ساڵی دواییەدا نەبێت، بەڵام دەوڵەت وەك ئەنجامێکی دژایەتی و نەیارێکی ناکۆکییە چینایەتیەکان، وەك ڕشتێك بۆ ترس و بیم و سامی سیاسی، وەك ئامڕازی زاڵبوون بەسەر چینێکی دیکەدا، کارو کردەی بەتاڵدەبێتەوە بەسەر دەچێت، کاتێك دێت کە چینەکان نامێنن و سنورەکان دەسڕدرێنەوە و لەناودەچن، بەڵام دەوڵەت وەك شێوەیەك لەشێوەکانی ڕێکخستنی گەل و هاوڵاتیانی سەر گۆی زەوی لە ئایندەدا، هەر دەمێنێت، ئەمەشی دەخەمە سەر کە ڕۆڵی دەوڵەت وەك ئامانجێکی گەشەکردنی دۆزو و کێشە جیهانییەکان، یان گەردونییەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی، لەبن نەهاتنی بەروبووم و داهاتە زەمینیەکان، کەمبوونی وزە پاراستنی دارستانەکان و زەوییە چێنراوەکان، پیسبوونی گۆی زەوی و ئاو هەوا، زۆرانبازی لەگەڵ کارەساتە سروشتیەکان و هتد. بەبەردەوامی لەگەشەسەندندایە». **ڕاسپاردەکانی بلیخانۆف. بلیخانۆف. وەرگێڕانی. ئیسماعیل ڕاجی. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان. ل 100 و ل101.**

ئەم بۆچونەی بلیخانۆف لەسەر بنچینەی فکری مارکس لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەوڵەت لەبنەڕەتدا موڵکییەتی تایبەتە بەهەردو واتای (لۆژیکی و کات)یەکەی، چونکە ئەو بە سیستماتیك کردنەی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی دەستور وەك دایکی یاسا، کۆمەڵگە لەڕوی یاسا کۆمەڵایەتییەکان، ئابوری لەچوارچێوەی سودی گشتی بۆ تایبەت، هەروەها بەرهەمهێنان لەسەر بنیچینەی توانای تاك و خەڵك و دەستی کار، لەڕوی شارستانیەتەوە بۆ سیستمی دەوڵەت لە ڕابردودا، مێژوییەکی لەپشتەوەیە، کە چۆن ئەو موڵکیەتە تایبەتە

سەریهەڵداوە، ئەمە لە شارستانیەتی رۆما و هیندەسورەکان و ئەڵمانیای کۆندا هەبووە، کە سیستمی دەسەڵاتدارێتی هۆز بووە پێشتر، وەختێك ئەمە کەپێشتر رویەکی سروشتی هەبوو، خەڵك بە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە مافەکانی دیاریدەکرا و دواتر دەگۆڕێت بۆ ناسروشتی، ئیدی پەیوەندییە لێکدابڕاوەکان کارێك دەکات، کە مرۆڤەکان لەجیاتی خزم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، سەروکاریان لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت بێت کە تەنها قازانجەکەی بۆ چینی باڵادەستی کۆمەڵگەیە کە بەناوی خاوەندارێتی دەوڵەتەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە دەکەن، کەواتە ئەو دەوڵەتە رۆژێك دادێت وەکو حەتمیەتی مێژو خۆی لەناودەبات و لەگەڵ نەمانی چینێك بەسەر چینێکی تر و سەرکوتکردن و نەمانی سیستمی سەرمایەداری، ئیدی دەوڵەت نامێنێت وەکو سنور و قەوارەی سیاسی و ئابوری سەربەخۆ و هتد، رەنگە خەونێکی بەهەشتی بێت لەسەر زەمین، بەڵام ئێستا خەریکە وێنەیەکی وەها و فۆڕمێکی وەها دەبینین بەڕوە سیاسییەکەی نەك دەستوری و یاسایی بە تایبەتی لە رۆژئاوا، بەکەڵك وەرگرتن لە فەلسەفەی سۆسیالیزم هەرچی خۆشگوزەرانی هەیە فەراهەمکراوە، بۆ نمونە دەوڵەتی نەتەوەیی کە دواتر گفتوگۆی ئەو بەشە دەکەین، بەشێوەیەك لەشێوەکان نەماوە و دەوڵەت ئێستا لەگشتەوە بۆ گشتە، بەوپێیەی کە لەجیاتی ئەوە دەوڵەتی فرەیی لەکولتور، ناسنامە، فەرهەنگ، نەتەوە، رەگەز و هتد هەیە، ئەوروپای رۆژئاوا، ئێستا لەو دۆخە سیاسیەدا دەژی و هیچ جیاوازیەکی بۆ رەنگ، نەتەوە، ئاین، مەزهەب، کولتور، رەگەز و هتد نەهێشتۆتەوە، رەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو کەڵك وەگرتنە لەفەلسەفەی مارکس لەلایەك، هەروەها مەترسی هاتنە پێشەوەی سەروەختێك بۆ سەرهەڵدانی جۆرێك لە شۆڕشی مرۆیی بەسەر راسیزم، نازیزم، رەگەزپەرستی، ئاینپەرستی، نەتەوەپەرستی و هتد.

ئەم بۆچونە لەکاتی خۆیدا لینین لەسیمینارێکدا سەبارەت بەدەوڵەت باسیکردوە و گوتویەتی: «مارکس هەمو هەوڵەکانی بۆ پەروەردەکردنی چینی کرێکار ئەوەبوو سەبارەت بەدەوڵەت و مەسەلەی شۆڕشی سۆسیالیستی تەنها بۆ ئەوەیە، کە دانبنرێت بە بوونی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریەتی سیاسی، چونکە ئەو دەسەڵاتە هیچ دابەشکارییەکی تێدانیە تەنها پشت بەهێزی جەماوەری چەکدار دەبەستێت، بۆرژوازیەتیش ناتوانێت رێگەیەکی دیکە دیاریبکات، کە پڕۆلیتاریا دەگۆڕێت بۆ چینێکی جێکەوتە کە دەتوانێت بۆرژوازیەت سەرکوتبکات، ئەم حەتمیەتەش لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە جەماوەری خەڵك و پرۆلیتاریا بۆ بەرگریکردن لەخۆیان و سیستمێکی ئابوری نوێ تێدەکۆشن، دواتر ئەو تێبینیەش هەیە کە ئەگەر پرۆلیتاریا دەوڵەتی وەکو نەهێشتنی سەرکوتکردن و رێکخستنەوەی ژیانی بێ چینەکان مامەڵە بکات، ئایا پڕۆلیتاریا ئەو دەوڵەتەی بۆچییە کە بۆرژوازی دایمەزراندوە؟ ئەمەیە کە مارکس لەکاتی خۆیدا (1848_ 1851) گفتوگۆی لەسەر کردوە». **لينين. الدوله والثوره. دار التقدم. سنه 1976.**

هەروەها دەڵێت: « چۆن دەوڵـەت لەمێژودا سەریهەڵدا و بۆچی بۆرژوازیەت پێویستی بەدەوڵەت و سـەروەری هەیە، ئایا لەو شۆڕشانەی بۆرژوازیەت چ شتێك گۆڕا، کە پرۆلیتاریا هەروەکو مەزڵوم نەمێنێتەوە، ئایا ئەرکی پڕۆلیتاریا چی دەبێت لەناو میکانیزمەکانی ئەو دەوڵەتەی بۆرژوازی سەرلەنەوێ بونیادی دەنێتەوە؟». هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەم پرسیارە بەگشتی گرنگە، بەتایبەتی بۆ چینی کرێکار کاتێك بەشداری شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتیمان دەبێت و دواجاریش هەمان ململانێی چینایەتی دووبارەدەبێتەوە، حاڵی چینی ژێر دەست وەك پێشوتر دەبێت، هەروەك ئەوەی لەتەواوی شۆڕشەکان شاهیدی بووین، کەوابوو قسەکەی مارکس دروستە کە دەوڵەت دەسەڵاتێکی سەپێنراوی دەرەکییە بەسەر کۆمەڵگەوە، نەوەکو ئەوەی

گوتراوە لەروی تیۆرییەوە ویستی (گشتە بۆ گشت)، هەروەها بیرۆکەیەکی بەرجەستەبووی ئەخلاقیش نییە، هەروەکو هیگڵ دەڵێت «دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵگەیەکە لەپلەیەکی دیاریکراوی پێشکەوتندا، لەلایەکی ترەوە دەوڵەت دانپیانانێکە بەتێوەگلان بە ناکۆکی و بەناتەباییەکی بێ چارەسەر، بۆیەش نە چارەسەردەکرێ و نە لەتواناشدایە کۆتایی پێبێت»، بۆئەوەی ئەو ململانێیە بەردەوام بمێنێتەوە کەبەرژەوەندی ئابوری لەپشتەوەیە، ئەمەش یەکێکە لەپێویستیەکان، کە دەسەڵات بۆ سەروی کۆمەڵگە دروستیکردوە، بۆیە لەم کاتەدا دەسەڵات ململانێکان هێمن دەکاتەوە و بەسیستم چارەسەریدەکات، بۆیە هەتابێت هەرچی زیاترە خۆی دەخاتە سەروی دەوڵەتیشەوە». **فردريك انجلس. اصل العائله و الملكيه الخاصه والدوله. دار المدى للنشر. سنه 2010. ل177**

هەڵبەت رویەکەی دیکەی سەرمایەداری هاوچەرخ کە لەدوای گڵۆباڵیزەیشنەوە هاتووە، واتە دوای روخانی سۆڤێتی کۆن، لەنەمانی دەوڵەت وەکو حاڵەتێکی مەترسیدار، ئەوەیە کە ئەم سیستمە لەوە دەترسێت هەتا لەناوخۆیدا بمێنێتەوە لەروی سەرمایەگوزاریەوە، کە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتە، ئیدی قەوارەکە لەناودەچێت، بە حوکمی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بە هۆی هەر سیستمێکەوە بێت، هەمیشە لەئاڵوگۆڕدا دەبێت. بۆیە بەشێك لەوڵاتانی رۆژئاوا بۆ پاراستنی شکۆ و موڵکییەت بۆ بنەماڵە و ماڵی پاشا بۆ داهاتوی دەوڵەت، کایەی سیاسیان سەربەخۆ کردوە و لەپەنا سیستمی پاشایەتی، سیستمی پەرلەمانیان داناوە و هەرچی سیاسەتی قەوارەی دەوڵەتەکەیە سپێردراوە بەو دەزگای یاسادانانەی گوایە بەدەنگی خەڵك هەڵبژێردراوە، هەروەها هەر ئەو سیستمە پاشایەتییە سەرمایەگوزاریان بە گشتی لە دەستی دەوڵەت دەرهێناوە و خستویانەتە دەستی کەرتی تایبەت و چۆتە دەرەوەی قەوارەی دەوڵەت، بۆئەوەی هەم دەوڵەت پیرۆزیەکەی بمێنێت و هەم سەرمایەداری

وەك سیستم بەدەستی چینی خوارەوە لەناونەچێت و كرێكاری یەخە سپی، كە چینی مامناوەندە ئێستا لەرۆژئاوا، بۆیە تەنانەت لەئاستی فەرهەنگی و كولتوریشدا هەمان بۆچوون هەیە بۆ مانەوەی قەوارەكە وەك دەوڵەت و سیستمی جیهانی، هەروەك ئەوەی لەزانكۆكان دەوڵەت جگە لەكۆمەڵە دەزگایەك بۆ خزمەتكردنی مرۆڤ زیاتر هیچی تر نییە، لەروی فەلسەفیشەوە وانەیەكە بۆ مانەوەی قەوارەكە، كە خاوەن رەگەزەكان باوەڕیان پێی هەیە و لە دیموكراسیدا زیاتر دەردەكەوێت، كاتێك هەڵبژاردن دەكرێت، خاوەن ناسنامەی دیكەش بۆیان هەیە خۆیان بپاڵێون بۆ پەرلەمان.

مەسەلەی بوونی دەوڵەت وەك سیستم و حوكمڕانی، بۆ مرۆڤە دركپێكەرە سیاسی و رۆشنبیرییەكان نامۆبوون، لەخۆ نامۆبوونە بەرامبەر ئەو هەولانەی دراوە بۆ خۆشگوزەرانی گشت، كەچی دوای ئەو هەمو هەولانە دەبینین لەخۆ نامۆبوون زیاتر پەرەدەسێنێت « ماركس لە كتێبی رەخنە لەتیۆری دەوڵەت لای هیگڵ، هەوڵێكدەدات فەلسەفەی ئیدیۆلۆژیستی هیگڵ لەسەر پێی خۆی رابگرێت ئەویش بەو واتایەی، كە بە رای ماركس، هیگڵ رەسەنایەتی لەهەوێنی سەرەكییەوە، كە خودی مرۆڤە وەرگرتوە گەڕاندویەتییەوە بۆ روحی مرۆڤ، كە بە بەرهەمی هزری مرۆڤی دادەنێت، بەهەمانشێوەش لەبواری سیاسیدا دەوڵەت روخساری لەخۆبێگانەبوونی مرۆڤ بوو. هیگڵ دەوڵەتی بەگۆڕەپانی یاسا و رێسای هزری و گشتی و سەربەخۆ لە كۆمەڵگەی مەدەنی زانیوە، بەڵام بەلای ماركسەوە دەوڵەت بەم واتایە و لەتیۆری لەخۆ بێگانەبوونی فیورباخدا هاوكێشەی خواوەند زیاتر نییە، ئەمە لەكاتێكدا كە لەجیهانی واقیعیدا دەوڵەت رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەكانە و زیاتر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی نییە و دەرەنجام و رەنگدانەوەی ئەو بەرژەوەندیانەشە، ماركس ئەم دەرەنجامگیریە دەكات كە دیموكراسی واقیعی بەرهەمی لەناوبردنی لە خۆبێگانە بوونی سیاسی مرۆڤ و تێكەڵهەكێشانی كۆمەڵگەی مەدەنی و

دەوڵەت دەبێت و دێتەکایەوە، دیموکراسی نمونەییش لەدواجاردا ئامادەبوونی هەمو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپێکهێنانی دەوڵەتدایە». **حوسێن بەشیری. بنەماکانی زانستی سیاسی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئەبوبەکر کاروانی. دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی. ساڵی 2009. ل157**

ئەو بۆچونەی مارکس کە دەوڵەت سەپێنراوێکی سەر خەڵکە لەلایەن دەستەبژێرێکی سیاسیەوە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە وەختێك ئەو دەستەبژێرە سیاسیە شەڕ لەگەڵ هەر دەوڵەت و کیانێك و گەلێکی دیکە هەڵدەبژێرن، ئەوەی بەسەردێت کە لەدوای هەمو جەنگەکانەوە بینراوە، بۆ نمونە دوای ساڵی 1942 جەنگ کاردانەوەیەکی وەهای بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری سۆڤێتدا هێنا، کە خەمڵاندنی لە دەرەوەی ئەو خەسارەتە بوو دەوڵەت پێشبینی کردبوو، « دوای شکستهێنانی ئەو سیستمە کە جەنگ دەستیپێکرد لەدەرەنجامدا زیاتر لە 20 ملیۆن کەسی سۆڤێت کوژران و 1710 شار و زیاتر لە 70 هەزار گوند وێرانبوون، هەروەها لەروی پیشەسازییەوە 32 هەزار پرۆژەی پیشەسازی سوتێنران و هەمو کارگەکان لەکارکەوتن و بەدەیان هەزار کرێکار بێکاربوون، لەوانەش 60% کارگەی پۆڵا، لە60% ئاسن و لە 60% خەڵوز بوو، هەروەها زۆرترین زیان بەر کەرتی کشتوکاڵ کەوت، چونکە جەنگ کەوتە ئەو شوێنانەی کە لادینیشینەکان بوون نەك شارەکان، سەرەنجام زیانی سۆڤێت لەکۆتایی ئەو شەڕەدا گەیشتە 2569 ملیار رۆبڵ، بەڵام دوای جەنگ پارتی سۆسیالیستی سۆڤێتی توانی لەرێگەی ئەجێندایەکەوە بە بڕیارێك چارەسەری ئەو زەرەرو زیانە مادی و مەعنەوییە بکاتەوە، بەمەش ئابوری وڵات بەرزکرایەوە و قەرەبووی هەمو ئەو شوێنانە درایەوە، کە سۆڤێت لە جەنگی دوەمی جیهانیدا زیانی بەرکەوتبوو» **السوفیتات هیئات السلطه الشعبیه فی الاتحاد السوفیتي. مجموعه من المؤلفین. دار التقدم. ل 67.**

ئەم راستیەی کە مارکس باسیکردوە، دەوڵەت سەپێنراوێکی سەر خەڵکە

لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و گروپە چاوچنۆکەکانەوە، ئەگەر لەهیچ بوارێکی سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتیدا دیارنەکەوێت، لەوێدا دەرکەوێت، کە دەوڵەتێکی وەکو هندستان دەبینین، زیاتر لە ملیارێك و 600 ملیۆن مرۆڤی زیاتر تێیدا دەژی بە نەتەوە، ئاین، مەزهەب، کولتوری جیاجیاوە و شەڕی لەپێناو سەربەخۆیی خۆی کرد لەگەڵ بەریتانیا و ساڵی 1947 سەربەخۆیی وەرگرت، ئێستاش خاوەن تەکنۆلۆژیای بەهێزە لەرووی پزیشکی و تەکنیکی کۆمپیوتەر و پیشەسازی جۆراوجۆر، کەچی بەملیۆنەها مرۆڤ بێ نەوا، بێ نان، بێ پۆشاك و بێ خواردنن، لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی سیادەی دەوڵەتن و سەربەخۆن وەکو دەوڵەت و سنور و قەوارەی تری سیاسی و هتد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مرۆڤ ژیانی بۆیە دەوێت تاکو سیاسەت ئاڕاستەی خۆی وەربگرێت، یان ژیان ئاسایی، سادە، خاکی بێت و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لەخزمەت خەڵك بێت نەك گروپی مافیا کە وەك خەڵکی هەژار ئینتیمای دەوڵەتیان نییە؟. ئایا مرۆڤ بۆیە بەشداری سیاسەت و پرۆسەی هەڵبژاردنی هێزە سیاسیەکان دەکات تا سەرکەون و خۆشگوزەرانی ببینن، یان بۆ ئەوەی ببنە سوتەمەنی ئەو چەمکەی پێیدەڵێن دەوڵەت و چارەنوسەکەشی بەدەستی چەند کەسێکەوەیە و هیچی تر؟، ئایا خەڵك پێویستیان بە دەوڵەتە وەکو خاك و سەربەخۆیی بۆیە شەڕی بۆدەکەن، یان پێویستییان بە دەوڵەتە بۆ ئەوەی لەسایەیدا ئارام بگرن، کەچی دەبن بەماتریال و سوتەمەنی شەڕ و پاشکۆیەتی دەوڵەتێکی تر و قوربانی شەڕبن؟.

بەوپێیەی (هیگڵ) پێشتر بۆچوونی لەبەرامبەر دەوڵەتدا بەو شێوەیە بوو، کە بەسەر دوو بازنەدا دابەشیکردبوو، ئەویش خێزان و کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ هەر بازنەیەکیش یاسایەکی تایبەتی دانابوو، پێدەچێت هیگڵ پشتی بەپێناسەیەکی داماڵراو (تجرید)، بە بیانوی سەلمێنراو، بەستبێت لەسەردەمی خۆیدا، بۆیە بنەمایەکی لۆژیکی بۆ داناوە بۆ بیرکردنەوەی خۆی، ئەویش

پێویستی دیاریکردنی گشتە بۆ تایبەت، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت، بنەما بیانوی هەمو دەستنیشانکردنێکە، ناکرێت لەژێر پێناسەکردنی دەوڵەتدا دەربچین بەبێ دەزگای خێزان و ئابوری وەك ژێرخان و سەرخانی دەوڵەت، ئەم شیکردنەوانە جارێك بەلای بازنەی یەکەمدا رایدەکێشێت و جارێکی تر بەلای بازنەی دوەمدا و بەو مانایەی کە کردەوەکانی حکومەت سروشتێکی جەوهەری هەیە و ئینتیمای بۆ بازنەیەك دەبێت، بەڵام تاکە کەسێك وەکو پاشا جێبەجێیدەکات، ئەم تێگەیشتنە وای لە هیگڵ کردوە کە لەبەرگێکی تردا، دەرەنجامێکی بۆشی هەبێت لەچاو شیکردنەوەکانی مارکس بۆ دەوڵەت، چونکە هیگڵ باس لە دەسەڵاتداریێتی تاك دەکات و پێیوایە دەوڵەت یەکێك لە ئەرکەکانی باڵانسێکە بۆ سنوردارکردنی ماف و بەرجەستەکردنی دادپەروەری، مارکس ئەگەرچی بە پێچەوانەی هیگڵ پێیوایە، کە دەوڵەت لە کۆمەڵێك دەزگای سەرکوتکەر و پاراستنی بەرژەوەندی دەستبژێرێکی سیاسی و کولتوری سەرمایەداری بەولاوە هیچی تر نییە، لەلایەکی دیکەشەوە پێیوایە دەکرێت دەسەڵاتی چەند کەسێك لەگرتنە دەستی جڵەوی دەوڵەتدا هەبێت، بەڵام ناکرێت و پێویست و عەقڵانی نییە تاکێك بەتەنها دەسەڵاتی دەوڵەت بێت، هیگڵ ئەوەی تێکەڵکردوە، کە دەوڵەت کۆمەڵێك دیاردەیە لە ژیانی گەل و دەوڵەتی سیاسی، یەکەم ئەوەیە کە دەستورە لەلای مۆنتیسکۆ، دوەم دەستورە لە هەردو شۆڕشی ئەمەریکی و فەرەنسی، لێرەدا هیگڵ دەوڵەتی سیاسی لەناو دەوڵەتی کۆمەڵایەتیدا دەخنکێنێت و هیچ پێناسەیەك، یان تێگەیشتنێکی سیاسی پێنادات، ئەمەش ئەو لۆژیکەیە، کە مارکس توانی هیگڵ لەدژی خودی هیگڵ بەکاربهێنێت، ئەویش سەراوژێربوونی لۆژیکەکەیەتی کە ئەو جگە لەوەی زانیویەتی لەپشت دەستوری سیاسی، دەستوری جەوهەری کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام درکی بەوە نەکردوە کە ئەویتر پەیوەندی بە موڵکیەتی تایبەتەوە هەیە و لەکاتێکی دیاریکراودایە، « هەڵبەت لەبەردەم مارکسدا دوو رێگە هەبوو،

ئەوەش لەوێوە بوو کە ڕەخنەی لە هیگڵ گرتبوو، یەکێکیان قوڵبوونەوەی فکر لە سەربەخۆیی کیانی سیاسی هەروەك ئەوەی پێشکەوتنی هاوچەرخ ناچاریکردبوو، دوەم تورهەڵدانی موڵکیەتی تایبەت بوو لە دیالێکتیکی دەوڵەتەوە کە بەرهەمهاتوی دیالێکتیك و ململانێی چینەکانی کۆمەڵگەیە، یەکێکیان هەڵگری تیۆری سیاسیە، دوەمیان تیۆری کۆمەڵایەتی مێژوییە، بۆیە مارکس گرنگی بە ئابوری داو دۆزە سیاسیەکەی پشتگوێخست، بەڵام ئەنگڵس بەپێچەوانەوە ڕێگەی دوەمی هەڵبژارد، کە سەرباری ئەو دیاردانە وتەکانی هیگڵی پاراست، ئەویش تێکەڵکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەبوو بەیەکتر، وەکو دەسەڵاتی سەربەخۆ» **عبدالله عروی. مفهوم الدوله. مرکز الثقافي العربی. سنه 2001. ل 53.**

لێرەوەیە تێدەگەین کە دەوڵـەت کۆمەڵێك دامودەزگایە لەئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕش، ئاڵوگۆڕ، کودەتا، دروستکراو، یان دەوڵەتی ڕەسەن بێت، کە لە دێرزەمانەوە هەیە وەکو هند و میسر و هتد، یان لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە بۆ نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی تایبەتەوە بووە بە دەوڵەت، لەهەمو حاڵەتێکدا بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی موڵکیەتی گشتی بۆ موڵکیەتی تایبەت، ئیتر ئەو موڵکیەتە بۆ دەستەبژێرێکی تایبەتی یان سیاسی بێت، یان بنەماڵە و خێزانێك بێت، ئەوەی کە بۆتە مۆدێل لە مێژوی 3 تا 4 سەدەی رابردو، بنەمای خۆی هەیە، بۆیە دەسەڵات هەرچی بۆی کراوە ڕێگریکردوە لەهەر جۆرە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، یان ئابوری یان فەرهەنگی دژی دەسەڵات و سیستمەکەی.

ماکیاڤیللی جگەلەوەی کتێبێکی بەناوی میر هەیە و لە 26 بەش پێکهاتووە، بووە بە پەیڕەو پرۆگرامی سیاسییە فێڵبازەکان و کارپێدەکەن و تیۆرەکەی بەناوی (ماکیاڤیلیزم) ناسراوە و تاڕادەیەك ناحەز کراوە لەناو سیاسەتدا، چونکە مۆسۆلۆنی زۆر کەڵکی لێوەرگرتوە و دانەیەکیشی لەو کتێبە بەدیاری

بۆ هیتلەر ناردوە لەکاتی خۆیدا و بەکتێبێکی زۆر بەکەڵکی زانیوە، ئەمە واتای وایە کە کتێبێکە بۆ میرەکان و سیاسیەکان کە دورن لەبەکارهێنانی ئەخلاق لەسیاسەتدا، پەیڕەوێکی لۆژیکیە بۆ سیاسیەکان، تاکو ڕێگە لەهەر عەقڵ و هۆشیاری کۆمەڵگە بگرن، بەڵام لەکتێبی میردا بەئاشکرا بابەتی ویستی گشتی بۆ دەوڵەت ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە دەسەڵاتی سیاسی خودێکی ناژیرە و لەنێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە سەرچاوەدەگرێت و دەڵێت: « ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە چاودێری هاوسەنگی ئەندامەکانی پەیکەری سیاسی بکات، چونکە سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات بۆ چەسپاندنی شەرعیەت و بەردەوامیی فەرمانڕەوایی خۆی، سود لەدەزگای دەوڵەت وەردەگرێت، بەڵام پێویستە هەمیشە ئەم گۆڕانکارییانە هەڵبسەنگێنێت کە لەوانەیە لەکایەی سیاسەتدا سەرهەڵبدەن بۆئەوەی بتوانێت لەو دیاردانە ئاگاداربێت، کە هەڕەشە لەژیان و مانەوەی دەوڵەت دەکەن، هەربۆیە دەوڵەت تەنیا دیمەنی باڵای دەسەڵات نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی یاساییشە، کە پێویستە چاودێری شێوەی جێبەجێکردنی یاساکان بکات». **ڕامین جیهانبەگلو. ماکیاڤیللی و بیری ڕێنیسانس. وەرگێڕانی. موسڵح ئیروانی. دەزگای موکریانی. ساڵی 2001. ل65**

هەروەها دەردەکەوێت کە دەوڵەت بەپێی تیۆرەکەی هیگڵ، کە تاڕادەیەك کەوتبووە ژێر کاریگەری ماکیاڤیللیەوە، تەنها دەزگایەکی مەدەنی بێت، نەك بەپرسێکی مەدەنی بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان سیاسی، بازرگان، پیاوانی دەوڵەت و خەڵك دروستدەبێت، چونکە ئەم جیاوازیانە نابینرێت کە دەستەبژێر خەڵك بێهۆشدەکەن بۆ ئەوەی لەژێر ناوی نیشتیمانپەروەری لەپێناو پاراستنی قەوارەی دەوڵەت، شەڕبکەن، بەڵام ئەمە تەنها ئەوکاتە بەهای دەمێنێت، کە خەڵك لەپێناو خۆشگوزەرانیدا شۆڕشدەکات و دەیەوێت لەنەهامەتی ڕزگاری بێت، وەختێك دەوڵەت سەربەخۆیی وەردەگرێت و لەسەر پێی ڕادەوەستێت و قاچەکانی لەسەر زەوی قایمدەکات و دەبێتە

دیفاکتۆ، ئەوکات بەڕێوەبردن دەستپێدەکات، بۆ ئەمەش دەبێت دەزگاکانی دەوڵەت کاری خۆیان بکەن وەکو باجوەرگرتن، ئاسایش و پاراستنی دەوڵەت، نیشتیمان، چەسپاندنی ئاین لەناو دەستوردا و وەبەرهێنان لەلایەن بازرگانانەوە و زەمینە خۆشکردن بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێك لەسەر هەژماری کۆمەڵێکی تر و هتد، ئیدی بۆ خەڵکی ئاسایی دەردەکـەوێـت کە گشتێك لەپێناو خۆشگوزەرانی گروپێکی تایبەت گیانیان کردۆتە قوربانی و تەمەنیان بەو ژیانە سیاسییە بەخشیوە، کە هیچ بەهایەکی نییە لەدوای گۆڕانی دیمەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، وەختێك بەئاشکرا جیاوازی چینایەتی بەسیمای دەوڵەتەوە دەبینرێت.

## تیۆرەکانی بونیادنانی دەوڵەت

ئەگەرچی دەوڵـەت پێشتر لەمێژودا، وەکو باسدەکرێت قەوارەیەکی سەرەتایی بۆ کۆمەڵگەی سەردەم و سیستمی قۆناغەکە، بوونی هەبووە و خوداوەندەکانی سەر زەمین، ئاین، هێز و کۆمەڵگەی یەکڕەنگ بەشێکبوون لەپێکهاتە مێژوییەکەی، بەڵام دەوڵەت لەبنەچەدا لەروە زانستییەکەیەوە، کە هەم لەروی جوگرافی، ئابوری، ویستی گشتی، بەرقەرارکردن و دیاریکردنی سیستم، دوای سەرکەوتنی سەرمایەداری وەکو قۆناغ بەسەر سیستمی کشتوکاڵی و دەرەبەگایەتی دەرکەوت، ئەویش لەسەر بنچینەی کۆمەڵێك تیۆری جیاجیا دروستبووە و بووە بەخاوەنی سیمایەکی جیاوازی خۆی و پەرچەمی خۆی و پوڵ و ناونیشان و ناسنامەی نێودەوڵەتی و ئاڵوێری بازرگانی و دیبلۆماسی و.... هتد، هەڵبەتە دەوڵەتی نوێ لەروی زانستی و میتۆدیشەوە جیاوازییەکەی لێرەوە دەردەکەوێت کە لەم تیۆرانەی خوارەوە پێکهاتووە.

دەسەڵات بەر لە تێگەیشتنی تیۆرە بۆ دامەزراندن و دامەزراوەی دەوڵەت، سیاسەت تەنها جێبەجێکردن نییە، بەقەد ئەوەی پەیداکردن و کۆکردنەوەی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانە لەهەمو پێگە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە دەوڵـەت بە بێ دەسـەڵات توێکڵێکی بێ ناوەڕۆکە، دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەی ئابوری و سەربازی و بنکەی کۆمەڵایەتی، یان ئەوەتا دەبێت لەڕێگەی شۆڕش و شەرعیەتەوە بێت، یان ئەوەتا هەڵبژاردنە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، کە چەمکی دەسـەڵات گرنگترین چەمکی بەپێز و گرنگی سیاسەت و زانستی سیاسیە، چونکە توخمێکە بە بێ بوونی هیچ قەوارەیەك ناپارێزرێت، کۆکبونیشی لەسەر ناکرێت، هەڵبەت لەبارەی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە مەسەلەیەکی دیکەیە بۆ هەڵسەنگاندن، ئەمە باسێکە پەیوەندی بە جیاوازییەکانی بیرۆکە و جۆری سیستمی سیاسیەوە هەیە،

بەڵام باسی کۆمەڵایەتی وەك هێزێك و یەکێك لەپێوەرەکان تەماشاکراوە بۆ بەدەستهێنانی دەسـەڵات، چونکە بنکەی کۆمەڵایەتی بوارێکی لەبارە بۆ بزواندنی هەر پەرچەکردارێك، بەوپێیەی گروپەکانی کۆمەڵگە توانایەکی باشیان هەیە بۆ پارێزگاریکردنی ئەو دەسەڵاتەی، کە سەپێنراوە یان ویستراوە، کەوابوو کاریگەری کۆمەڵایەتی بەسەر دەوڵەتەوە لەروی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەرچاوترە لە رەگەزەکانی دیکەی وەك ئاین و ئابوری کە بەشێکی گرنگن لەتیۆری بونیادنانی دەوڵەت.

**1: تیۆری ئاینی:** ئەم تیۆرە بریتییە لەتێگەیشتنی کۆنی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە خۆیان بەخوداوەندی سەرزەمین دادەنـا و خەڵکی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە فەرمانڕەوا خودای سەر زەمینە و ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە خوداپەرست بوون. واتا پاشا یان هەر ناوێکی تر بووبێت بۆ دەسەڵات، لەلایەن خەڵکەوە پەرستراوە وەکو خودا. ئیدی ئەم خوداوەندە بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە خەڵك سیستمی دامەزراندوە و پێوەری هەبووە بۆ بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنوسی خەڵك و روبەری دەوڵەتی دیاریکردوە و فراوانیکردوە و خاوەندارێتی زەوی و پیت و بەرهەمەکەی خواردوە، کەچی بۆ سنوربەزاندن و ئەزمونی جیاواز لەرابردودا هەندێکجار بەئارەزو شوێنێکی دیکەی داگیرکردوە و شەڕو شۆڕی بەرپاکردوە و خەڵکی بۆ بەکوشتداوە لەپێناو فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی. نمونەش خوداوەندەکانی ئەمریکای لاتین، رۆمەکان، میسریەکان، ئەسینا، مادەکان، پاشان سەفەوی و عوسمانی وەکو ئیمپراتۆر و هتد.

ئاینیش لەرێگەی قەشە و کەنیسە و سوپاکانی سەر بە دەسەڵاتدارێتی کەنیسە فەرمانڕەوایەتی دەکرا و ژیانێکی نابەرابەر لەنێوان خۆیان و خەڵکی ئاسایی هەبووە، هەروەك ئەوەی کە لەمیسر باسدەکرێت، یان لە سەردەمی رۆمەکان کە ئەفسانە و مێژو دەیگێڕێتەوە، ئەمە جگەلە سەرهەڵدانی

ئیمپراتۆریەتەکان کە لەسەر بنچینەی ئاین و ئەفسانەکانی مێژو دروستبوون، ئیدی سیستمەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتبو و شەرعیەتی بەفەرمانڕەوایەتی دابوو، تاکو سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتەکانیش درێژەی بەتەمەنی خۆیدا، چیرۆکی رۆمییەکان، کە گەورەترین ئیمپراتۆریان دامەزراند و نیوەی دنیای داگیرکرد بەمشێوەیەیە، «ئیتاڵیا کەشوهەواکەی و هەڵکەوتە جوگرافیاکەی، کە لەپۆستاڵ دەچێت و لەئەروپاوە نزیکەی 800 کیلۆمەتر بەرەو لای باشور دەریای ناوەڕاست درێژبۆتەوە، لە گەشەکردن و پێشکەوتنی رۆمدا کاریگەری هەبووە، لە باکورەوە زنجیرە چیای بەرزو بەفر داپۆشراوی (ئالْپ)، بەربەست و لەمپەڕێکی سروشتی دروستکردوە کە ئیتاڵیا لەباقی ئەوروپا جیادەکاتەوە، یەکەمین دانیشتوانی ئیتاڵیا لە باکورەوە هاتنە ئەم وڵاتە، لە هەزارەی دوەمی پێش زاین هۆزە سەرەتاییەکان بەدرێژایی زنجیرە چیای ئالْپ بەرەو لای باشور و دۆڵی (پوو) کۆچیانکرد، لەوێوە کێڵگەو گوندی بچوکیان دروستکرد، هەندێك لەو فەرهەنگانە هی چاخی کۆن و بەردین بوون و خەڵك سودیان لەچەك و کەرەستەی بەردین وەرگرت وەك سەرەتایی، هەندێك لەکۆچبەرەکان پێشکەوتوتربوون لەوانی دیکە، کاتێك ئیتاڵیا نیشتەجێبوون کەڵکییان لەگڵی چاخی کۆن وەگرت کەلەبرۆنز دروستکرابوون، ئیدی لەوێوە دەوڵەت فراوانبووە، خوداوەندێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد، شارێك و گردۆلکەیەکی جوان و دڵڕفێن و بەرفراوان و گەورە، کە بەرهەم پەیدابوو لەو روبارانەی کە نزیکی ئیتاڵیابوون و لەوێوە بەرهەمە ناوخۆییەکانیش مەیسەر دەبوون بۆ ناوخۆ، دوابە دوای ئەمە ئیتاڵیا لەساڵی 1200 پێش زاینی شاری ترۆیان تاڵانکرد، بە پێی ئەفسانەیەکی دیکەی رۆمەکان، پاشایەکی ستەمکاری ئەوکات دوو منالی بەناوەکانی (رۆمۆلۆس و رۆمیۆس) بەڕەڵاکرد و منالەکان لەگەڵ گورگێکی مێینە ژیان و شیریان خوارد، پاشان شوانێك دەبینێت دوو منالْ بەجوانی گوانی گورگێکی مێیەنە دەلێسنەوە خێرا بردنییەوە بەرەو ماڵ و تاکو گەورەیکردن، ئیتر کە

گەورەبوون بڕیاریاندا شارێك لەکەنارەکانی تیبیر دروستبکەن، پاش ئەوە لەسەر شوێنی دروستکردنی شارەکە (ڕۆمۆلۆس و ڕۆمیۆس) نێوانیان تێکچو، هەریەك شارێك و لەسەر گردی (پالاتینۆس) دیوارێك دروستدەکەن و (ڕۆمیۆس) دواتر بەدەستی ڕۆمۆلۆس دەکوژرێت، چونکە بەسەر دیواری شارەکەدا سەرکەوتوە و لەوێوە ڕۆما دروستدەبێت». **دان ناردۆ. کۆماری ڕۆما. و. ئەسکەندەر مەحمود. بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم و دەزگای موکریان. ل 17 و ل18.**

هەڵبەت لەدوای ڕۆمەکانەوە ناوی مەگۆلەکان بەگەورەترین ئیمپراتۆریەت دێت، چونکە روبەری داگیرکاریەکانی 4 ئەوەندەی ئەو رووبەرە بووە کە ڕۆمەکان داگیریانکردوە، لە ئۆقیانوسی هادییەوە تاکو دەریـای قەزوینی داگیریکردو نزیکەی تەواو گۆی زەویان خستە ژێر رکێفی دەسەڵاتدارێتی خۆیانەوە، لەروی مێژووییەوە کە ساڵی 1206 مەگۆلەکان وەکو هۆز سەریانهەڵدا و بەسەرکردایەتی جەنگیزخان زۆرترین رووبەریان گرت، ئەوان بەرهەمی یەکگرتوی هەردوو هۆزی تورك و مەگۆل بوون. رێژەی دانیشتوانی روبەری ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆریەتە گەیشتە 100 ملیۆن کەس، ئەو روبەرەی لەژێر دەستی بوو و حوکمی تێدا دەکرد، (000، 741، 12) میل رووبەری دەسەڵاتەکەی بووە، لە ساڵی 1206 تاکو 1264 حکومڕانیکردوە و پاشان هۆزی (جاکای) داوای سەربەخۆیی خۆی کردوە و جیابۆتەوە، چونکە چۆکی بۆ سەرۆك (قوبلای خان) دانەداوە، بەڵام دوای مردنی (قوبلای) خان هۆزەکە دابەشی سەر چوار تیرە دەبێت و سێ خانەی تر سەربەخۆیی وەردەگرن تاکو سەدەی 14 دەمێننەوە. ئەمە لەکاتێکدا ئەم ئیمپراتۆریەتە تاکو سەدەی 17 دەمێنێتەوە و تەواوی روژئاوا، روسیا، فلنەندا و ئاسیا و بەتورکیادا دێت و تادەگاتە بەغدای پایەختی عێراق و تەواوی وڵاتانی رۆژهەڵات داگیردەکات.

مەگۆلەکان بەهۆی ناتەبایی ناو هۆزکانیانەوە دەبنە چەند پارچەیەك و

پارچەیەك لەچین دەمێننەوە و ئێستاش خانەوادەی (یوان خان) دەسەڵاتدارن، بەڵام پنتێکی تر لە مێژوی ئەوان دەستپێدەکات، وەختێك (سوڵتان شای خوارزم) لەساڵی 1218 نوێنەری (جەنگیز خان) دەکوژێت، ئیدی ئەم تاوانە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی جەنگیز خان و بڕیاردەدات تاکۆتایی روبار هەمووی داگیربکات، دوای ئەوە ساڵی 1220 (محەمەد شاە) دەکوژن کەسەرۆکی دەستەی خوارزم بووە..

ساڵی 1227 دوای گەڕانەوەی (قورلیتای خان) سەرۆکایەتی ئیمپراتۆریەتەکە دەکات، ئەو بەردەوام دەبێت لە داگیرکاری دەوڵەتان و روبەری دەسەڵاتەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ 26 ملیۆن کلم2.

ساڵی 1258 لەرێگەی تورکیاوە دەگەنە عێراق و بەهەولێردا تێدەپەڕن، ئیدی لەبەغدا توشی حکومەتەکەی (هۆلاکۆ) دەبن و دەیڕوخێنن، بەڵام ساڵی 1260 لەبەرامبەر (مەمالیك) کە بەسەرکردایەتی (قەتەر) بووە، مەگۆلەکان دوچاری شکستێکی گەورە دەبن و (قوبلای خان) هەر ئەو ساڵە دەمرێت، لێرەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی گەورە ئیمپراتۆریەتی مەگۆلەکان دێت.

«سەدەی 11 تادەهات رێگەی مەترسی تێدەکەوت، دوەمیان دەگەڕێتەوە بۆ دۆڕانی بیزەنتییەکان بەرامبەر بە سەلجوقیەکان و داوای یارمەتیکردن لە پاپای رۆمەکان دژی موسڵمانە کافرەکان، بۆیە هاتنی لەشکری ئەوروپا لەو ماوەیەدا بەناوی پاککردنەوەی رێگای حەج و پشتگیری بێزەنتیەکان بوو، دژی سەلجوقیەکان و موسڵمانەکان، پاپا و مەسیحیەکانی ئەوروپا دۆست و برای یەك نەبوون بۆ ئەوەی ئەوروپا ئەو هەمو خەڵکە بنێرێت لەم ناوە لەناوبچن، لەراستیدا هۆی تر هەبوو پاڵی بەدەسەڵاتە سیاسییەکانەوە دەنا بۆ ئەو شەڕانە، مێژونوسانی ئەوروپا لەسەدەی یانزەوە، هەستیان بەوە کردبوو، کە دەتوانرێت ئەو خاکە بگرنەوە کە ئیسلام لەسەدەی هەشتەمەوە داگیریکردبوو». **سید علی الحریری. تاریخ المظفر للحروب الصلیبیه.. القاهره.1989.**

کەواتە دەرکەوت بیرۆکەی بونیادنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئاین دژ بەئاینێکی دیکە مەترسی پێگەی کۆمەڵایەتی بووە، کە بەخوێنی هەزارەها کەسی بێگوناه کۆتاییپێهاتووە، هەروەها ئەم هەوڵە بەر لە ئەکادیمیا دروستبووە کە دەوڵەتی لەسەر بونیادنراوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەت لەسەر بنچینەی ئاین، دەکرێت وەك نمونەیەکی دیکەی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ زلهێزەکان جارێکی دیکە بونیادبنرێتەوە و دوبارە ببێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا هەیە.

**2: تیۆری کۆمەڵایەتی:** ئەم تیۆرە بریتییە لەتێگەیشتنی فەیلەسوفەکانی بەر لەرێنسانس، لەوانەش (جۆن لۆك و تۆماس هۆبز و ژان ژاك رۆسۆ)، لەروی تیۆرەی کۆمەڵایەتییەوە، هەریەك لە (هۆبز و لۆك و رۆسۆ)، هەڵبەت تا ئەو کاتەی تیۆرەکەیان دامەزراندوە و ئێستا بووە بەمیتۆد، بڕوایان وابووە کە دەوڵەت بە بێ پەیمانی کۆمەڵایەتی نابێت و نەکراوە، چونکە ژیانی مرۆڤ کە تەنها سیاسی بووە و ناجێگیربووە و بەحاڵەتی سروشتی دادەنرێت، دواتر ئەم حاڵەتە گواستراوەتەوە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی کە پێکەوە لەشوێنێکی جێگیر ژیان بەردەوام بکەن، رزگاربوون لەشەڕی هەمیشەیی لە دەرەوەی قەوارەیەك بەناوی دەوڵەت، یان شوێنی هەموان کە سەر و سامانی گشتی بپارێزێت، دروست واتای دەوڵەت دەدات بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی پێکەوە لەیەك قەوارەی سنوری جوگرافی و یاسایی پێکەوەن و دەیپارێزن.

لەناو تیۆری کۆمەڵایەتی دوو هۆکار هەن کە دەبنە بنەما بۆ بونیادنانی دەوڵەت، یەکەم: دەوڵەت لەسەر بنیچنەی بنەماڵە و خێڵ و خێڵە بۆ دەسەڵات، دوەم: توانای تاکە کەس کە بیرۆکەیەکە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەئەوانی دیکە و مەترسین بۆ نەمانی کۆمەڵ.

بنەماڵە، یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە لەرێگەی هەژمونی جەماوەریی و هێزی کۆمەڵایەتییەوە دەسەڵات وەردەگرن و ئیرادەگەرێتی پشتگوێدەخەن کە دەکەوێتە پەراوێزی سیاسەتەوە، ئەم تیۆرە بەناچاری ئەم حاڵەتە قبوڵدەکات،

چونکە شێوەیەکە لەژیانی سیاسی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەپەراوێزی سیستمی نوێ کە وەك واقیع تەماشایدەکات، نمونەش سیستمی پاشایەتیە کە لەئەنجامی بنەماڵەگەرێتیەوە یان ئەربابی شار و دەوڵەت وەك بنەچەی خێزان قبوڵکراوە، سیستمی پاشایەتی ئەسکەندەناڤیا و بەشێك لە ئەوروپا و بەشێکی زور لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بنچینەکەی بنەماڵەیە کە سیستمی پاشایەتی و لەپەنا ئەوەشدا دیموکراسی وەکو مودێل قبوڵکردوە تەنها بۆ بەفۆڕم.

ئەمە بۆ زلهێز و وڵاتانی بڕیار بەدەست لەسەر چارەنوسی هەمو گەلان نمونەیەکی سەرکەوتووە، چونکە ئەو دەوڵەتەی لەژێر کۆنترۆڵی بنەماڵەدایە باشتر لەگەڵ کەشوهەوای سیاسی و هاوکێشە سیاسیەکاندا بە سودی زلهێزەکان گەمە دەکات و خۆیان دەپارێزن لەهەر کێشە یان موقەدەرێك کە سیاسەتی زلهێزەکان خستویەتیە بەر ئەگەری کراوە، نەك وەك ئەو دەوڵەتانەی کە بەتیۆری شۆڕشگێڕانە و ئیرادەگەریانەی خەڵك، لەتەك هاوکێشەی سیاسیدا مامەڵەدەکەن، یان ئەو بنەماڵانەی کە لەرێگەی زلهێزەکانەوە دەوڵەتیان بۆ دامەزراوە و رەنگە سەردەمێك بێتە پێشەوە دەسەڵاتەکەیان لەچنگ دەربێنن و بدرێتە دەستی گروپی دیکە بەناوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەوە، هەروەك ئەو سیناریۆیەی لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەناوی بەهاری عەرەبی رویدا و ئامانجە سیاسیەکەشی دواتر ئاشکرابوو، کە رەهەندی دورتر و هۆکاری دیکەی هەبوو لەوەی شرۆڤەکاران و سیاسیەکان و نوسەرەکان پەنجەیان بۆ درێژدەکرد.

«هۆکاری یەکەم سیستمی کۆمەڵایەتی هەمیشەیی بووە، مەبەستیشمان لە هۆز، کۆمەڵێك خێزان، کە پەیوەندی خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە و لەپارچە خاکێکدا لەزۆرترین حاڵەتدا دەژین و یەك پەرستراوی هاوبەشیان هەیە و یەك حکومەت بە پێی یاساگەلێکی دیاریکراو بەڕێوەیدەبات، جا ئەگەر کۆمەڵێك هۆز لەژێر چەتری سەرۆکێکدا خڕبوونەوە، ئەوە ئیتر پێکدێت، تیرە

دووەمین هەنگاوە بەرەو پێکهاتنی دەوڵەت، بەڵام گەشەکردن لەسەر ئەم ڕێگایە زۆر بەخاوی بەڕێوەچووە، چونکە لەمێژودا زۆر گروپ بێ سەرۆك بوون، گروپی تریش هەبوون سیستمی سەرۆکایەتیان قبوڵنەکردوە لەحاڵەتی جەنگدا نەبێت، بۆیە دیموکراسی مۆرکی ئەم چاخەی ئێمە نییە، کە بۆمان هەبێت خۆمانی پێوە بابدەین لەبەردەم چاخەکانی دیکەدا» **ویڵ دیورانت. مێژوی شارستانێتی. بەرگی یەکەم چاپی کوردی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئازاد بەرزنجی. نەبەز کەمال نوری. دانا ئەحمەد مستەفا. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم. ل62.**

ئەو بنەماڵانەی کە لەرێگەی زلهێزەکان و بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی، بریتیبوون لە بنەماڵەی پاشای سعودیە و کوەیت و مەلیك غازی عێراقی لە سەدەی رابردو، ئەگەرچی بونیادنانی دەوڵەتەکە سەرەتا لەسەر بنچینەی بنەماڵەبوو بۆ بەدەستهێنانی جوگرافیایەکی دیکە لەناوچەکە بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا و مەبەستێکی دیکەی لەپشتەوەبوو لەسەردەمی خۆیدا، بەڵام دواتر لەعێراق بەپاڵپشتی هێزی دەرەکی و شۆڕشی جەماوەری، سیستمی پاشایەتی روخێنرا و عێراق بوو بە سیستمی کۆماری، هەرچی سعودیە و کوێتە بۆ مانەوەی خۆیان، ئاینیان کرد بە بیانویەك بۆ مانەوەی دەوڵەتەکەی خۆیان و مانەوەی قازانجی ئابوری بۆ ئال سعود و ئال سەباح کەپێشتر کوێت سەر بەعێراق و سعودیەش سەر بەیەمەن بوون، واتە ئەوان ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیەیان لەبار نەبوو، کە بکرێت بە کۆماری، ئەوەبوو دواتر عوسمانییەکان داگیریانکردن، پاشان لەسەر دەستی بەریتانیەکان کردیان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، رەنگە ئەمە بۆ دەوڵەتگەلێکی تری عەرەبی و ئاسیایی بەهەمانشێوە بێت، بەڵام کات و شێوازەکەی جیاوازە.

ئەگەرچی ئەمشێوە دامەزراندن و بونیادنانەی دەوڵەتی بنەماڵەییە لەدەرەوەی تیۆری سیاسی هاتۆتە بەرهەم، چونکە لەرێگەی زلهێزی ئابوری و سەربازیەوە بونیادنراوە، بەڵام دیسان مادام جەماوەری وڵاتەکە وەکو بنکەیەکی کۆمەڵایەتی

لەگەڵ کەشوهەوای سیاسی و سیستمەکە راهاتوون و قبوڵیانە بمێنێتەوە، مادام پەیماندەدەن و هیچ جۆرە جموجوڵێکی سیاسی و بەرهەڵستکاری تێدانییە، کەواتە مانەوەی مسۆگەرە ئەگەرچی لەداهاتودا ئەگەری پارچە پارچەبوونیان لەئارادایە، بەڵام ئەمە واتای لێکترازانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو لەچوارچێوەی بەڵێنێکی سیاسی دیکەیە کە پرۆژەی سیاسی و ئابوری لە پشتەوەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچ گرەنتییەکی سیاسی نییە ئەو وڵاتانەی سیستمی پاشاییان هەیە وەکو خۆیان بمێننەوە و پارچە پارچە نەکرێن بەبیانوی جیاواز.

هەڵبەت لـەدەرەوەی سیاسەت شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هێشتا لەهەمو دنیادا بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەمە لەروی ئینترۆپۆلۆژیەوە نەك سیاسەتی روت، جۆرج باڵاندیە یەکێك لە بیرمەند و ئینترپۆلۆژیستە سیاسیەکانە و کتێبێکی لەبارەی ئینترۆپۆلۆژیای سیاسی هەیە و لەشوێنێکدا باس لە گرنگی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات و دەوڵەتداری دەکات و دەڵێت: «ئەمشێوە لێکۆڵینەوەیە لە سیستماتکردنی سیاسەت و رەنگدانەوەی لەروی شوێنەوە، پەردە لەسەر ئەو پەیوەندیە سیاسیانە لادەدات، کە لەسەر بنچینەی رەچەڵەك دانراون لەدەرەوەی جوغزی بەرتەسکی خزمایەتیدا، هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا باس لەوە دەکات، کە پەیوەندی سیاسیەکان لەرێگەی خزمایەتییەوە گوزارش لەخۆیان دەکەن و چوارچێوەی کۆمەڵگە دەوڵەتدارەکان دەبێت، دۆرکهایمەر بیرمەندێکی شارەزایە لە کۆمەڵناسی، پێشتر لەشێوازی مانەوەی توێژینەوە لەمیانەی شرۆڤەکردنی تایبەت بە چیرۆکی ژیانی کۆمەڵگەی گاندادا ساڵی 1911 بڵاوکراوەتەوە، کەواتە پێویستە ئەو دیاردەیە کە بۆ شیکردنەوەی نێوان خزمایەتی و دەسەڵات ئەنجامدەدرێت، دەبێت بەهەند وەربگیرێت». **جورج بالاندييه. الانتروبولوجيا السياسه. ترجمه. على المصرى. مؤسسه الجامعيه للدراسات و النشر و التوزيع. سنه 2000. ل 72.**

مارکس لەمەسەلەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە و بەتایبەتیش لەناو سیستمی دەسەڵاتدارێتی و حوکمڕانیدا و لەکتێبی سەرەتایەك لەسەر رەخنەی ئابوری سیاسی دەڵێت « مرۆڤ لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ژیانی خۆیاندا، بەناچار توشی ئەو پەیوەندیانە دێن کە هیچ پەیوەندی بە ویست و خواستی خۆیانەوە نییە، واتا توشی ئەو پەیوەندیانە دێن کەقۆناغێکی تایبەتی پڕۆسەی پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنانی ماددی، کۆی ئەو پەیوەندیانە بونیادی ئابوری کۆمەڵگە پێکدێنن و لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندیانەش سەرخان و مافی سیاسی سەرهەڵدەدەن و هەندێك لە شێوازە تایبەتیەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو پەیوەندیانەدا رێکدەکەون». **العائله مقدسه. او النقد نقد النقدی. کارل مارکس. ترجمه جورج طرابیشی. بیروت. ل 89.**

چونکە وەکو زانراوە پەیوەندییە ژێرخانییەکانی دەوڵەت پەیوەندی بەرهەمهێنانن، کە بێگومان بەرهەمی دەسەڵاتی دەوڵەت نین، بەڵکو دەسەڵاتی دەوڵەت بەرهەمی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەن، کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی قسە لەسەر گەشەکردن بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت.

«پێش ئەوەی هەڵسەنگاندنێك بۆ بەشداریکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی بکەین، پێویستە هەندێك نیشانە و سیمای وەرگیراو لەتیۆری کۆمەڵناسی دەوڵەت بخەینەڕوو، مارکس دەیسەلمێنێت کە ئەمە نەزێدەکارییەکی جیاکارانەیە و نە گوزارشتکردنیشە لە عەقڵانیەتێکی رەگاژۆ لە کۆمەڵگە، ئەوەی پەیوەندیەی دەوڵەت بە کۆمەڵگەوە لەچەند رویەکەوە دەخاتەڕوو، بەردەوامیش ستراکچەری دیار و بەرچاوی رەخنەگرانە بەهەنددەگرێت، بەوپێیەی کە دەوڵەت لەروانگەی مارکسەوە لە نامەکانیدا وردەکارانە ئەو بۆچوونەی رونکردۆتەوە و تێبینیکردوە،

که هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی وەربگری، ئەوە دەوڵەتێکی سیاسیت هەیە، ئەمە گوزارشتێکی فەرمییە لەکۆمەڵگەی شارستانی» **جورج بالانديه. الانتروبولوجيا السياسيه. ترجمه. على المصرى. المؤسسه الجامعية للدراسات النشر و التوزيع. ل157.**

لێرەدا دەبێت لەو تێگەیشتنەی مارکس بکۆڵینەوە بۆ ژێرخان، کە چۆن سەرخان بەرهەمدەهێنێت یان گەشەی پێدەدات بەو ئاڕاستەیەی، کە خۆی گەرەکییەتی، ئەمە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەوکاتە بەرهەمی سەرخان لەئەستۆ دەگرێت، کە بنکەی جەماوەری خۆی دەخاتە خزمەت ئەو ئابورییەوە و بنەماڵە کاری بۆ دەکات بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی و بەدەوڵەت، مارکس لەزۆربەی بوارەکاندا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وەکو ژێرخانی دەوڵەت و سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیا تەماشادەکات، ڕەنگە لەهەندێك حاڵەتدا بنەماڵە کە وەکو یەکێك لە هۆکارەکانی بنەمای دەوڵەت لەسەر بنچینەی تیۆری کۆمەڵایەتی بونیاد بنرێت، دورنییە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان و قەناعەتپێکردنی جەماوەر، وەکو یەکسانیخواز و دیموکراسخوازیش خۆیان نمایشبکەن، هەروەك چۆن پاشاکان بەتایبەتیش پاشاکانی ئەوروپاو ئەسکەندەناڤیا، لەدەرەوەی سیستمی دەوڵەت مامەڵە لەتەك ژیانی سیاسی دەکەن و دەزگاکانی دەوڵەتییان خستۆتە ژێردەستی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و ئەوانی دیکە، کە لە وەهمی دیموکراسی و سۆسیال دیموکراسیدا گێژبوون و قسە لەسەر مافی گشتی، تاك، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، دڵنیایی تەندروستی و دەستپاکی و هتد دەکەنەوە، ئەم حاڵەتە لەناو تیۆری کۆمەڵایەتی بۆ دەوڵەت، جێگە و ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە و لەناو کاپیتاڵیزمی هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە و خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە بۆ مانەوەی خۆی.

تاکگەرایی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تیۆری کۆمەڵایەتی قبوڵکردوە، چونکە بەشێکی ئیرادەگەرانەیە، کە تاك تێیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی،

ناچاردەبێت پاڵپشتی ئەو دەوڵەتە دەبێت کە لەسەر بنچینەی تیۆری کۆمەڵایەتی بونیادنراوە، « بۆ نمونە توانەوەی تاکە کەس لەناو سیستمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سەرمایەداری پێشکەوتو، خودە چالاکەکان دەکاتە شتی بەستراوە و زیان دەگەێنێتە سەربەخۆیی و سەلامەتی تاکە کەس، لەراستیدا هابرماس وەکو هیگڵ دەڵێت: «دەبێت راستی بە عەقڵانیبکرێت و دەسەڵات لەعەقڵدا بتوێتەوە، دەرئەنجامی ئەو دۆخەی ئێستای باڵادەستی سیستم، بەسەر (جیهان _ ژیان)دا، لەدەستچونی واتا لەرزۆکبوونی شوناسی بەکۆمەڵ، لە خۆ بێگانە بوون و بەشتبوونی کۆمەڵگایە». د. حوسێن بەشیریە. مێژوی بیری سیاسی سەدەی بیستەم. **بیری مارکس. بەرگی یەکەم.. وەرگێرانی بۆ کوردی. ناسر ئیبراهیم زادە. لە بڵاوکراوەی دەزگای موکریانی. ل259.**

سەربەخۆیی تاك تاکو ئەو جێگەیەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەناو سیستمی سیاسیدا پارێزراو بێت، چونکە تاك یان ئەوەتا هەوڵ بۆ ئەنجامی تواناکانی دەدات و ململانێی سیاسی دەکات لەگەڵ ئەوانی تر و دواتریش یان پراکتیکی دەکات و دەتوێتەوە لەناو سیستمی سیاسی، یان ئەوەتا لەگەڵ داواکارییە خودیی و ئارەزوەکانی خۆی دەست و پەنجە نەرم دەکات و دەکشێتەوە لە سیاسەت، ئیدی لێرەوە تواناکان دەردەکەون کە ئایا تیۆری کۆمەڵایەتی لەبونیادنانی دەوڵەتدا جێگەیەکی بۆ هەیە یان کۆنترۆڵکراوە، لەهەردو حاڵەتەکەدا پانتاییەکی سەرەکی و فراوان هەیە بۆ مومارەسەکردنی توانای تاك لەناو گشت بۆ بونیادنانی دەوڵەت.

3: **تیۆری هێز:** ئەم تیۆرە پشت بەهێزی سەربازی دەبەستێت، سەرەتا لەناوەوەی دەوڵەتەوە هاتوە، کە خەڵك سەرکوتکراوە، یان زۆردار زاڵبووە بەسەر بێدەسەڵات و هەژارەکان و هەندێکجاریش نەتەوەیەك، یان گروپێك بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا خۆیان سەپاندوە و بوون بەحاکمیان، دواتر ئەمە گەشەیکردوە و لە دەرەوەی دەوڵەتەکە وەکو هێز و بەشەڕ دەوڵەتێك یان

قەوارەیەکی سنوری و کولتوری داگیر کراوە، ئەگەر دوای دروستبوونی دەوڵەت، هێزی سەربازی رێکخراو هەبووە و داگیرکار بوون، پێشتر خێڵ و بنەماڵە و ئیمپراتۆرەکان بوون دەوڵەتیان دروستکردوە، دواتر بیریان لەفراوانبوونی دەوڵەت بۆ ئیمپراتۆریەت کردۆتەوە. وەکو ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و رۆمی و ئیسپانی و پورتوگالی و عوسمانی و هتد کەتاکو سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەرمابوو، بەڵام دواتر بەهاتنی سەردەمێکی دیکە کۆتایی بەتەمەنی ئیمپراتۆریەت هات.

هێز لەلای فەیلەسوف و بیرمەندانی رابردو و ئێستا جیاوازی هەیە، چونکە هەم دوو جۆر بەکارهێنانە لەپێناو دەسەڵات وەرگرتن، هەم شێوەی بەکارهێنانی هێز و تیۆریزەکردنی جیاوازە لەپێناو بونیادنانی دەوڵەت، لەلای (ئیبن خەلدون) دەوڵەت لە هەناوی هێزدا لەدایکدەبێت و لەتەلارسازی گوندنشیندا گەورە دەبێت، لەوێوە کە لەرێگەی هۆز و تیرەدا گەشەدەکات و بۆ مانەوەی خۆی دژ بۆخۆی پەیدادەکات، بۆیە لەخۆڕا لەدایکنابێت، کەوابوو دەوڵەتی گەورە لەئەنجامی گرێدانی چەند تیرەیەکدا و لە هاوپەیمانی نێوان ئەو هۆزە کۆمەڵایەتیانە و هەروەها لەرێگەی جەنگ و بردنەوەی هێزێك بەسەر هێزێکدایە، کە کۆمەڵگەی گەورەی پێکهێنا، بە پلەبەندی گەورەبوو شارستانیەتێك کە بچێتە مێژووەوە، ئەم پەیوەندیەی نێوان خوێنی دایك و خوێنی رژاوی ئەوان کە تێکەڵ بەیەکتر بوون و کۆمەڵگەیەکی تێکەڵاوی بەرهەمهێنا، کارێکیکرد کە تاکەکانیش لەژێر کاریگەری ئەو تێگەیشتنەی کە بوونی ئەوان، بەرهەمی واقیعێکە و دەبێت بەرگری لێبکرێت، ئیدی قەوارەکە گەورەتربوو، بوو بەدەوڵەت و لەوێوە هێزێکی دیکەی بۆ دەرەوەی خۆی بەرهەمهێنا، لەراستیدا ئەم زۆرداریە، واقیعێکی تاڵە هەم وەهمێك و هەم سەرۆکێکی وەهمی بەرهەمهێناوە لە مێژوی سەرهەڵدانی دەوڵەتدا کە خەڵك لەرێگەی شۆڕشەوە یان کودەتا یان دیموکراسیەتی گاڵتەجاڕییەوە بێت،

قەناعەتی پێهێناوە، لەکاتێکدا هێز جگە لەوەی جەماوەر بڕیار لەسەر حەڵال و حەرامکردنی دەدەن، لەئاستی نێوەدەوڵەتیدا قبوڵ نییە.

بۆ ئەو مەبەستە تیۆرگەلێك وەردەگرین کە هەریەکەو بە روانگەیەك باس لەدەوڵەت دەکەن بۆ نەتەوە و بەکارهێنانی هێز. تیۆری (مارتن وایت) ە، کە دەڵێت: «گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە مێژوی نوێ لە مێژوی ناوەڕاست جیادەکاتەوە، واتە لەقۆناغەکاندا کە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی وەك ئێستا دەرنەکەوتبوون» سەرکەوتنی بیرۆکەی هێز powar بوو بە بەسەر بیرۆکەی راستی right، زیادەڕۆیی ناکەین کاتێك وەسفی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکەین بەوەی کەوا لەململانێی هێز بەولاوە هیچی تر نییە»، بەڵام (شوارز بنجبر) بیرمەندێکی نەناسراوە لەبارەی نەتەوە و دەوڵەت تێزی تایبەتی هەیە، دەڵێت « هێز بە بێ ناکۆکی و ململانێ تەوەرەیەکی جێگیر و وەستاوە لە بزوتنەوەی هەمو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هۆی ئەمەش نەبوونی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی راستەقینەیە، کۆمەڵە رکابەرە نێودەوڵەتییەکان بە پێی ئەوەی کە توانای ماددی و سەربازیان هەیە، هەڵسوکەوت دەکەن، نەك لەڕوانگەی یاسای خودی رۆشنبیری. (هانس مۆر جانپۆ) بە بیریاری ئاڕاستەی واقیعی دەژمێردرێت، کە تیۆرەکەی بە تەواوەتی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (سیاسەتی نێوان نەتەوەکان)دا فۆرمەلەبوو، تیایدا چەمکە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی خستۆتەڕوو، دەڵێت ئەرکی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەهەر سیاسەتێکی تردا بریتییە لە ململانێ لەسەر هێز». **د. عەلی عودە ئەلعیقابی. لێکۆڵینەوە لە بنەڕەت و مێژو.. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عومەر عەبدوڵلا حەسەن. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم. ساڵی 2008. ل129 ل 130.**

لەراستیدا ئەو بیرمەندانەی کە خاوەنی تیۆری فکرین بۆ هێز و بردنەوەی دەسەڵات لەرێگەی هێزەوە، هیچ رێگەو شوێنێکیان بۆ ژیان دانەناوە، جگە لەو ویستەی، کە دەستەبژێری سیاسی حوکمی سەربازی و سیاسی دەکەن

و چارەنوسی وڵات یان ناوچە یان دەوڵەتەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی نادیار دەبەن، ئەمەش بۆ زیاتر خۆشگوزەرانی خۆیانە نەك رزگاری، ئازادی خاك، نەتەوە، قەوارەی سیاسی، فکری و ئایدۆلۆژی کۆمەڵگەیەك کە لەبری شەڕ و بەکار هێنانی هێز، ژیانێکی ئاسایی و بێململانێیان کە رەگەز و نەتەوەکان و کولتورەکانە، بۆیە تیۆرەکەیان تەنها لەناو لێکۆڵینەوەی مێژویی و ئەکادیمی دەمێنێتەوە و هیچی تر. چونکە تیۆرەکەیان تائێستاش هیچ دەوڵەتێك بەکاریناهێنێت و لەهیچ دەستورێکیش جێگەی نابێتەوە و بەکارنایات، تەنها ئەوەنەبێت، کە زلهێزەکانی دنیا هەژمونی خۆیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەرێگەی هێزی سەربازی و هێزی ئابوری و هێزی کولتورییەوە نمایشدەکەن بۆ ترساندنی بێهێزەکان.

**4: تیۆری ئابوری:** ئابوری بۆخۆی بەتەنها تیۆرێکە کە لەناو ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیادا زیاتر کەڵکی لێوەرگیراوە و ئێستا بۆتە تیۆرێك بۆ بازاڕ و ئاڵوێر و بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆژیا و هتد، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بەنەتەوەکانەوە هەیە، وەکو (ئادام سمیس) ئابوریناسی کلاسیکی ئینگلیز دەڵێت «سامانی نەتەوەکان، بەشێکی گرنگی ئەو تیۆرە ئابوریانەن کە تیۆری نوێی لەسەر بونیاددەنرێت، مەبەست لە سامانی میللەتان ئەو بەرهەمە سروشتییانەیە کە دەکەونە ناو سنور و نەخشەی نەتەوەکانەوە و پاراستویانە و بۆتە موڵکییان، لەوێوە دەتوانن بەرگری لەبوونی خۆیان بکەن وەکو کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ، هەر ئەم بنەمایەش دەبێتە تیۆرێك کە دەوڵەتی لەسەر بونیاددەنرێت.

هەڵبەت ئەم تیۆرە بریتیە لە و تێگەشتنەی، کە دەوڵەت بە بێ بنەما و ژێرخان نابێت، واتە ئەو کەرەستە و هۆکارانەی کە دەبنە مایەی سەروەت و سامانی دەوڵەت و راستییەکەشی هەرئەوەیە، بۆیە یەکێك لەپایە گرنگەکانی دەوڵەت ئابورییە، بەڵام تیگەیشتنەکە زیاتر پەرەیسەندوە و بەرەو خۆپەرستی و چاوچنۆکی دەسەڵات و چەوساندنەوەی ئابوری و قوتی خەڵك رۆیشتووە،

بەو مانایەی کە دەوڵەت دەبوو شەرعییەت لەپراگماتیکی بۆ سیستم پیادەبکات تاکو وەبەرهێنانی باشتر بکات و خەڵك بەڕێوەببات، بەپێچەوانەوە خەڵکی چەوساندۆتەوە. «بەپێی بیرمەندێکی سیاسی وەك گارنەی، کە تیۆرەیەکی لەسەر دەوڵەت داناوە پێیوایە چەمکێکی زانستی سیاسی و یاسای گشتییە و بریتییە لەکۆمەڵێك کەس کە ژمارەیان زۆربێت یاخود کەم، بەشێوەیەکی هەمیشەیی بــەردەوام لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراو نیشتەجێبن و بەتەواوەتی لەژێردەستی دەرەکی ئازادبن، هەروەها حکومەتێکی سیستماتیکیان هەبێت و هاوڵاتیانی گوێڕایەڵی فەرمانەکان بن ئەمە بەدەوڵەت هەژمارە». **تیۆرو بنەماکانی دەوڵەت. ئا. سەرحەد محەمەد ئەمین. گۆڤاری نما. ژمارە 40 ساڵی 2013..**

بــەڵام ئەم تێگەیشتنە بۆ دەوڵەتێك دەبێت، کە هیچ دەزگایەکی نێودەوڵەتی و زلهێزەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدانانێن، لەحاڵێکدا ئەوەندەی نەتەوە یان کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت بەلایانەوە گرنگە دانیان پێدابنرێت، ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگ نییە دەوڵەت بن، ئەمە رەنگە بۆ هەندێك نەتەوە و کۆمەڵگە وابێت، بۆ نمونە سکۆتلەندییەکان بۆیان گرنگە سەرو سامان و ئابوریيان گەشەبکات نەك بن بە دەوڵەت، ئەگەرچی ئەو هەوڵەیان هەیە و تائێستا چەندجارێك راپرسییان کردوە، بەڵام گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی، کە پاراستنی کۆمەڵگە و نەتەوەکەیان لەرێگەی ئابورییەوە دەبێت نەك سەروەری دەوڵەت. کەچی ئەمە بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد یان وەك ئەمازیغی یان کەتەلۆنیا پێچەوانەیە، بەوپێیەی کە مەسەلەی دەوڵەت بۆتە گرێیەکی دەرونی سیاسی و رژدن لەسەر دروستکردنی دەوڵەت بەهەر نرخێك بێت، بۆیە هەمیشە دەیانەوێت لەرێگەی سیاسەتەوە دەوڵەت بونیادبنێن نەك ئابوری، لەحاڵێکدا ئابوری نەتەوەیەکی وەك کورد لە خاکەکەی کە کوردستانە و خاوەنی خاکێکی بە پیتی سامانی نەوت و گاز و کانزایە، لەبواری کشتوکاڵیشەوە

خاوەنی روبەرێکی گەورەیە بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کێڵان و هتد. هەرچی ئەمازیغیشە بەهەمانشێوە روبەری خاکەکەیان کەوتۆتە نێوان چەند دەوڵەتێك لە کیشوەری ئەفریقیا و سامانی لەبن نەهاتویان هەیە لەنەوت، گاز، فۆسفات و هتد. کەچی دەوڵەتییان لا گرنگترە بەڕێگەیەکی سیاسی نەك بەرێگەی ئابوری، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەردو هەرێمی ئەمازیغی و کوردستان، هێشتا دانپیانراونین، نەچوونەتە ناو سیستمی ئابوری جیهانییەوە، تاکو لەو رێگەیەوە بناسرێن و ئابوری وڵاتەکەیان بپارێزن، هۆکاری ئەمەش زیاتر سیاسەتی نێودەوڵەتییە نەك دەستەوستانی نەتەوەکان.

ئەگەرچی دەوڵەت قەوارەیەکی سیاسی و مێژوییە و بریتیە لەنەخشە و سنورێکی دیاریکراو و ستایلێکی سیاسی، کە حکومەتێکی خۆجێی بەڕێوەیببات، هەروەها خاوەن مێژو و کولتور و شەرعیەتێکی یاسایی و دەستوری بێت، لە کاتێکدا پێشتر ئەم پێناسەیە مەرج نەبووە، چونکە تەنها کۆمەڵێك دەوڵەتی گەورە لەمێژودا بوونیان هەبوو، دواتر بوون بەئیمپراتۆر، واتە دەوڵەتە قەوارە گەورەکان بوون و چەندین دەوڵەت و خاکی تریان لەژێر دەستدابوو، هەڵبەت ئەمشێوە دەوڵەتە لەدوای هاتنی سەرەتای سەدەی بیستەوە کۆتایی بەژیانیان هات، ئەوەبوو پاشان لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی کۆمەڵێك دەوڵەت رێکخراوی (العصبە الامم) واتە (کۆمەڵەی گەلان)یان دروستکرد و پاشان ماوەی چەند ساڵێکی کەم رێکخراوەکە تەمەنی هەبوو، ئەوەبوو بۆشاییەك دروستبوو کە هەمو دەوڵەتە زلهێزەکان بیر لەوە بکەنەوە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستبکەن، بۆ ئەمەش هەر دەوڵەتێك بەناچار بۆ پابەندبوون بە یاسا و مافەکانی نەتەوە و مرۆڤ و هتد، ئەنجامگیریانکرد لەو رێکخراوە و تائێستاش دروستبوونی هەر دەوڵەتێك گرنگییەکەی لەوەدایە ببێت بە ئەندام لەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە، ئەمە لەکاتێکدایە ناوی رێکخراوەکە نەتەوە یەکگرتوەکانە و کەچی هەزارەها نەتەوە هەیە نوێنەری لەو رێکخراوە نییە،

بەڵکو ڕێکخراوەکە موڵکی دەوڵەتە یەکگرتووەکانە، ئەگەرنا دەیان نەتەوەی بێ دەوڵەت هەن دەبوو نوێنەریان هەبوایە کەچی ناوەکە لەقەدەر شوناسەکەی نییە.

لەلایەکی تریشەوە وەکو ناو لەدەرەوەی پێناسە گشتگیرەکە، دەوڵەت قەوارەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی خەڵك لەچوارچێوەیەکدا کەناوێکی هەیە و پێی دەناسرێتەوەو هەر بەو شوناسەش مامەڵەی ئابوری سیاسی و کولتوری دەکات و هەندێکجاریش دوچاری جەنگ دەبێت، سا یان راستەوخۆ جەنگ بەرپادەکات، یان بەشداری لەجەنگ دەکات لەدژی هێزێك و دەوڵەتێکی تر. «هەندێك پێناسەی دەوڵەت وەکو کاراکتەر یان کەسایەتیەکی مەعنەوی دەکەن و دەڵێن دەوڵەت گەلێکە، یان کۆمەڵێکە لەکەسایەتییەکی مەعنەوی، نەك باڵانسێك لەواقیعدا، ئەمە ئەگەرچی کۆتایی پێناسەکە نییە، چونکە کەسایەتی مەعنەوی لەلایەکی ترەوە دامەزراندنی بیروباوەڕێك لەچالاکی هاوبەش لەنێوان دامـەزراوە جۆراوجۆرەکان، کە راسپێردراوە بەکار لەسەر گەیاندنی دەسەڵاتەکان دەبێتە دانپیانان، لەلایەکی ترەوە ملکەچی تاکەکانە وەکو تاکەکان و کۆمەڵەکانی دیکە، ئەمەش بۆ بنچینە جێگیرە زامنکراوەکانە کە پەیوەندی توێژەکان رێکدەخات» **توماس هايلاند اريكسن. العرقيه و القوميه. وجهات نظر انثروبولوجيا.. ترجمه. د. لاهاى عبدالحسين. ل29 و ل30.**

بە پێی پێناسە و ستایلە جیاوازەکانیش بێت کە لە هەمو دنیا نمونەیان هەیە، دەوڵەت دامەزراوەیەکی قەوارەی نەتەوەییە، یان دامەزراوەیەکی فرەییە لەنەتەوە و مەزهەب و ئیتنیکی جیاواز، کە پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کولتوریيان هەیە، یان پاشایەتی و دەسەڵاتێکی بۆماوەیی مێژوییە کە دەسەڵات لەناو خانەوادەیەکی دیاریکراو دایە، وەك دوو نمونەی جیاواز کە لە رۆژئاوا لە دەرەوەی سیستم هەیە و لە رۆژهەڵات لەناو سیستم و دەسەڵاتە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، یان قەوارەیەکی تاکحزبی یان دوو حزبییە کە لە

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش نمونەیان هەیە، یان سەر بەدەوڵەتێکی دیکەی گەورەیە و ئینتیداب و داگیرکراو لەروی جوگرافی و کولتوری سیاسی و یان کانتۆنێکە سەربە دەوڵەتێکی دیکە و هتد.

لە پەنا ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی کە سامانیان هەیە و خۆیان کەڵکی لێوەرناگرن و درەنگ هاتنە ناو مەیدانی سیاسی و بوون بەناو لەجیهاندا، دەوڵەتگەلێکی وەك قەتەر و ئیمارات و کوەیت بوون، ئەوان لەو دەوڵەتانەن کە بیریان لەوە کردەوە خۆیان توانای ئەوەیان نییە ببن بەو ژمارەیەی لەئاستی ئابوری و بازاڕی نێودەوڵەتی و بۆرسە و سیستمی بانکی نوێدا هەبن و گەشە بکەن، بۆیە تەواوی دەوڵەت و خاکەکەیان ڕادەستی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کەنەدی، ئەمەریکی، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، چین، ژاپۆن و تورکیا کرد، لەرێگەی ئەوانەوە هەم دەوڵەت و نەتەوە و کۆمەڵگەیان پاراست لەهەر ئەگەرێکی مەترسیدار، هەم چوونە ناو سیستمی بانکی نێودەوڵەتییەوە کە ئێستا وەك ئەفسانەیەك ئێستای قەتەر و ئیمارات لەگەڵ سەدەی رابردو بەراورد دەکرێت.

جگە لەسامان و ئابوری مادی وەك نەوت و بەروبومەکانی تر، سامانێکی دیکە هەیە پێیدەگوترێت سامانی رەمـزی، ئەمەش یان ئەوەتا پیاوانی فەیلەسوف، یان ئەوەتا تاکی شـارەزا و خـاوەن بیرۆکەی دەوڵەتی تێدا هەڵدەکەوێت، یان شارستانی خۆڕسك و کۆن، ئەم سامانە گەورەیی لەوەدایە، کە لە بەڕێوەبردنی خەڵك و دەوڵەت و گەشەسەندنێتی لەئاستی جیهان. (ئارنست کاسیرر) تیۆرسێنێکی فەرەنسییە و لەکتێبی ئەفسانەی دەوڵەتدا باس لەخێر و شەڕ دەکات بەرامبەر بەتاك لە بوونی ئەو قەوارەیەدا و دەڵێت: «بیرکردنەوە بە لۆژیك لە مەسەلەی دەوڵەت، بریتییە لە پشتبەستن بە تاکی سەربەخۆ، تێڕوانین بۆ دەوڵەتیش وەکو کیانێکی دروستکراو هەر داهێنانی تاك بوو بۆ ئەوەی هەمیشە لەخزمەتیدا بمێنێتەوە، مرۆڤی سەربەخۆش بەواتای وشە

ئەخلاقی بێت، ئەگەر ئەو پاڵنەرانەی بۆ کردەوەکانی پەیوەست بن بەو شتانەی کە دەبینێت، ئەوە وەزیفە ئەخلاقیەکەیەتی، ئەو کەسەش کە وەزیفەیەکی ئەخلاقی بەسەر تاکدا سەپاند بۆ خزمەتکردنی ئەفسانەی دەوڵەت، بیرمەندانی وەك رۆسۆ و کانت و مەکیاڤیللی بوون». **عبدالله عروی. مفهوم الدولة. المركز الثقافي العربی. ل16.**

لە راستیدا کاسیرر لەو باسەیدا کەناوی ناوە ئەفسانەی دەوڵەت، باسی ئەوە دەکات کە لەلای هاوڵاتی و تاك و تادەگاتە کۆمەڵگە، تائەو جێگەیە بڕوایان بە ئەفسانەی دەوڵەت دەبێت و خزمەتی دەکەن، کە دەوڵەت وەکو دەزگا جیاوازەکانی خۆی لەسەر پێی دەوەستێت و خۆی قایم دەکات، دواجار کە ئامانجە سیاسیەکانی خۆی پێکا، ئیدی دەبێت بە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر و هەرچی ئەخلاقە لەخۆی دادەماڵێنێت و هیچ جۆرە وابەستەگیەکی نامێنێت بەرامبەر تاك، ئەمەش بە یاسایەك چارەسەردەکات کە بەڕواڵەت لەبەرژەوەندی تاك دەیخاتە بەردەست، ئەگەرچی دەوڵەتی ئێستا هێندەی جەنگی لەگەڵ ئەوانی دیکەی دەرەوەی خۆیەتی، واتە ئەو بەرە سیاسیەی کە دژیەتی لەباری سیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژی و سەربازیدا، هێندە سەرقاڵی ئۆپۆزسیۆن و تاکە یاخییەکانی ناو قەوارەکەی خۆی نییە، چونکە دەزانێت سەرەنجام داوای ریفۆرم لەدەزگاکانی دەوڵەت دەکەن نەك روخاندنی، ئەوەش کارێکی ئاسانە، بەڵام هەرچی دژەکانییەتی لەدەرەوەی خۆی واتە دەوڵەتانی دیکە، ئاسان نییە بتوانێت چاوپۆشی لێبکات و پشتگوێیبخات، بۆیە ئەو ئەخلاقە بەرهەمدەهێنێتەوە کە لەسەرەتای دروستبوونییەوە قسەی لەبارەی قەوارەکەوە کردوە بۆ هاوڵاتییەکانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئاسایش و جوگرافیا و ئابورییەکەی، هەڵبەت ئەوکاتیش تاك ناتوانێت بڕوای بەو پرەنسیپە ئەخلاقیە نەبێت، چونکە پەیمانی کۆمەڵایەتی بەستووە لەگەڵ دەستەبژێری سیاسی و یاسایی دەوڵەت، ئەویش لەرێگەی ئینتیما بۆ حزب و سیاسەت و دەنگدان بۆ سیستمەکە و هتد، بۆیە تاك

ناچارە لەهەمو بوارەکاندا بەرگری لێبکات و لەپێناوی مانەوەی خۆیدا بەرگری لەبەرژەوەندی سیاسیی و دەستەبژێر و خاوەن کۆمپانیاکان بکات، کە ناسنامەی دەوڵەت دەپارێزن لەبورای ئابوری و وەبەرهێناندا.

هەڵبەت لە دەرەوەی هەمو تێڕوانینەکان بوونی دەوڵـەت وەکو دیفاکتۆیەکی سیاسی هەیە و شوناسێکە بۆ ئەو گەلانەی کە کێشەیان هەیە، پێشتریش ئەم کێشەیە هەبووە تائێستاش بەهەڵواسراوی ماوەتەوە و ئەگەر داگیریش کرابووبێت، ناوەکە و کولتور و سنورەکەی هەر ماوە و لەزەمەنێکی تردا یان بەریفراندۆم یان بەئاشتی و رێککەوتنی نێوان داگیرکراو و داگیرکەر زیندوبۆتەوە، یان شۆڕشی بۆکراوە تاکو رزگار بێت و سەربەخۆیی وەربگرێت، بەڵام سەرەنجام ئەم دامەزراوەیە ئەگەرچی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە جیاوازی لە سیستمەکەدا هەیە، بەڵام دواجار و تاکو ئێستا یەك فۆڕمی هەیە، بۆیە مارکس ئەو روانگەیەی هەیە کە دەوڵەت کەرەستەیەکە بەدەست چینی سەرمایەدارەوە بۆ سەرکوتکردنی چینی کرێکار و هەژار، لە تێگەیشتنی سۆسیالیستیەوە بۆ بەرژەوەندی گشتییە و جۆرێکە لە چارەسەری کێشەی چینایەتی وەکو باڵانسێك بەپێی سیستم.

لە روانگەی پارێزگارەکانەوە دەوڵەت هۆکارێکە بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگە لەهەر ئەگەرێك لەدەرەوە بۆ ناوەوە، یان پارێزگاریکردنە لەخەڵك کەلە رێگەی ئەنارشیستەکانەوە (ئاژاوەگێڕەکان)، کە بەرژەوەندی گشتی تێکدەدەن و لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە رێگەی لێدەگیرێت. تێگەیشتنی ژنیش بۆ دەوڵەت کە قۆناغگەلێکی زۆرە دەسەڵات بەدەست پیاوەوەیە، دەوڵەت کەرەستەیەکە بۆ سەرکەوتکردنی ژن و تەماشاکردنی ژن وەکو کاڵایەك بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوەکانی پیاو. هەروەها بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵات و سیستم بە پێی یاسا تەنها بۆ سیستمی باوکسالاری و دورکەوتنەوەیان لە دنیای سیاسەت بۆ سوچی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و خزمەتگوزاری و هتد.

ئەگەرچی تیۆرەکانی بونیادنانی دەوڵەت فرەن و هەردەوڵەتێك لەسەر شێوە تیۆرێك بونیادنراوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەی لەدوای ئیمپراتۆریەتەکانەوە هاتوون، لــەدەرەوەی تیۆری سیاسی درووستبوون، چونکە دەوڵەت بە پێی مێژو لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتەکانی بێزەنتی، رۆمی، ئیسپانی، پورتوگالی و عوسمانی شوناسی سەربەخۆی خۆی نەبووە، تەنها وەکو قەوارە ماونەتەوە و نوێنەری ئیمپراتۆر لەوێ فەرمانڕەوایەتییان کردوە، لەدوای ئەو دابڕانە مێژوییەی کە دوا ئیمپراتۆریەت لەدنیا مابۆوە و عوسمانی بوو، ئیدی جەنگی جیهانی دەستیپێکرد، دوا بەدوای ئەمە بەشێکیان دیسان توانەوە لەناو یەك قەوارە و سیستم مانەوە، نمونەش سۆڤێتی کۆن بوو، یان بوون بەداگیرکراوی دەوڵەتانی زلهێز، بەڵام لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی ئیتر بەشێوەیەك لەرێگەی شۆڕشی گەلانەوە دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و پێناسەیەکی نوێ بۆ دەوڵەت کرا و کۆمەڵەی گەلان هاتەئاراوە، پاشانیش نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو رێکخراوێکی ئینتەناسیونالی بوو بەنوێنەری دەوڵەتان نەك نەتەوەکان کە ناوەکەی بەو شێوەیەیە.

## دەوڵەت. ئایدیۆلۆژیا. سیاسەت

دەوڵـەت چەمکێکی بەرفراوانە کە سیستمەکەی هەرجۆرێك بێت، جێگەیەکی بەتاڵی بۆ ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت جێهێشتووە، بۆ نمونە ئەگەر لیبراڵ بێت خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە و تەنها لەفۆڕمدا نابینرێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پێناسەنەکراوی هەیە، چونکە ئایدیۆلۆژیا چیتر ئەو مانا ناحەزەی خۆی نەماوە، کە دەوڵەت و دەوڵەتدارەکان توڕی هەڵبدەن، بەڵکو لە شوێنێکی تر واتە لەناو هەناوی دەزگا جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت یاسایش ڕەنگدەداتەوە، چونکە دەوڵەت ئەگەرچی لەئێستادا هەرچی کاروباری خۆی هەیە رادەستی کۆمپانیا و کەرتی تایبەتی کردوە و هەر لەوێشەوە زامنی کۆمەڵایەتی و ئەرك و مافی هاوڵاتی بە بەڵێننامەی کۆمپانیاکان چارەسەرکراوە، کە ئێستا لەدنیادا بەتایبەتی لە رۆژئاوا لەهەمو بوارەکان رەنگیداوەتەوە، هۆکارێکی دیکەی گواستنەوەی وەبەرهێنانی کاڵاو کەلوپەل و تەکنۆلۆژیا و تەنانەت سەربازیش بۆ دەروەری خۆی واتە وڵاتانی ئاسیا، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی دەستی کاری هەرزان بۆ ململانێی کۆمپانیان لەنێوان خۆیاندا، هەروەها بۆ گواستنەوەی قەیرانی ئابوری بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمە باشترین سەلمێنەرە کە دەوڵەت شانی خۆی خاڵیکردۆتەوە لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەسیستمی کار و ئەرك و ماف، جگە لەو گروپە دەستەبژێرە نەبێت، کە دواجار سیاسەتی وڵات بەڕێوەدەبەن، خاوەنی دەوڵەتن تاکو بەسەرچوونی چوار ساڵی دوای هەڵبژاردن، بەڵام لەو کاتەی دەوڵەت وەکو قەوارە و فۆڕم کە سیاسەتیش دەکات و هەوڵیشدەدات ببێتە بەشێك لە هاوکێشەی سیاسی، چونکە بە بێ ئەوەی لەناو هاوکێشەی سیاسی جێگەی نەبێتەوە، دەوڵەتێکی نوستوو یان زیندو تەماشا ناکرێت، بەوپێیەی کە واتای دەوڵەت لەگەڵ مانا کلاسیکیەکان گۆڕا بۆ دەوڵەتی چالاك

لەهەمو بوارەکان، تەنانەت لەبواری وەرزشی و فەرهەنگیشدا دەبێت پێشبڕکێ بکات و بەتاکە پاشماوە یان موڵکیەتێکی رابردو پشتی لێنەکاتەوە، ئەم مۆدێلە زیاتر لەدوای شکستی سۆڤێت و هاتنی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، لەهەموشییان گرنگتر، سەرهەڵدانی چەمکی جیهانگەرایی هاتە ئاراوە، کە سەرجەم دەوڵەتانی دنیای خستە سەر کەڵکەڵەی ئەو مۆدێلە پێشکەوتنەی لەجیهاندا بۆتە باو.

هەڵبەت دەوڵەت بە بێ ئایدیۆلۆژیا نییە، هەروەك چۆن ناسیونالیزم وەکو هەنگاوێك بەرەو دەوڵەت یان داگیرکردنی قەوارەیەکی فراوانتر بۆ نەتەوە بە بێ ئایدیۆلۆژیا نییە، ئەمە پێویستی بەسەلماندن هەیە، دەزگاکانی دەوڵەت کە کاروباری هەم دەستەبژێری دەسەڵات و هەم خەڵك بەگشتی رایی دەکەن، پشت بەو ئەرکە دەبەستن، کە دوبارە خەریکی بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان دەبەستێت، بەڵام بەستایلێکی مۆدێرن، هەڵبەت پاڵپشتیکردنی ئاین و ئایدیالی کۆمەڵایەتی کە لەکولتور و زمان و پرەنسیپە کۆمەڵایەتیەکاندا کۆکراوەتەوە، بەشێکن لەو ئایدیۆلۆژیایەی کە دەوڵەت وەکو ئەرك بەسەر دامودەزگا پەروەردەیی و کارگێڕییەکاندا دەیسەپێنێت، بەڵام لەچوارچێوەی یاسا، گرنگترین هۆکار بۆ ئەوەی ئیدی دەوڵەت زیندوبمێنێتەوە، کە زۆرترین رەنگدانەوەی ئەو سەرخانە بە سیاسەتی کاروباری دەوڵەتدا هەبێت، بەوپێیەش بێت، کە دەوڵەت لەسەردەمی مۆدێرنە و دوای مۆدێرنەش رۆڵی نەریتی خۆی لەناو ناوەندی کۆمەڵایەتیدا بە هۆکاری جۆراوجۆر بەڕێوەدەبات، یەکێك لەهەرە دیارترین فۆڕمەکانی ئەوەیە، کە فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگە بە سیاسەت و بە بەیداخەکەیەوە دیاربێت و لەدەرەوەی خۆی نمایشبکرێت.

دەوڵـەت بەر لەهەر پێناسەیەکی دیکەی، بریتییە لەخزمەتکار و پاراستنی بەرژەوەندی و خزمەتکاری چینی باڵادەست، کۆنتڕۆڵکردنی دەزگا

ئایدیۆلۆژیەکانی لەلایەن چینی باڵادەستەوە، کە هەندێکجار لە چنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتیش لەچنگی بنەماڵەیەکی دیاریکراون، بە بڕوای (ئانتۆنیۆ گرامشی) بێت، تێکشکانی ئەو دەزگایانە لە تێکشکانی دەزگا سەرکوتکەرەکان دژوارتـرە، کە بریتین لە دامودەزگای ئاسایش و سەربازی، کەواتە وەختێك دەبینین لەسایەی سیستمی دەوڵەتداری هەر دەوڵەتێکی پێشکەوتو یان پاشکەوتو (بەقسەی خۆیان)، خەڵك بێنەوان یان بێکارن یان بێخزمەتن لە هەمو بوارەکاندا، یان جیاوازییە چینایەتییەکان بەهەمانشێوە، کە مرۆڤ بەوەهمەوە چاوەڕوانی رزگاربوون دەکات لەو ژیانە سیاسییە، بۆمان دەردەکەوێت کە دەوڵەت جگە لەوەهمێك بۆ خزمەتکردنی گروپێکی دیکەی سیاسی لەبری ئەوانی دیکە، هیچی تر نییە، کە سیاسەت برەوپێداوە.

## ئایدیۆلۆژیا

ئایدیۆلۆژیا لەپێناسەیەکی کورتدا چەمکێکی سیاسییە و بریتییە لەبیر یان بڕوایەکی سیاسی فکری، بەمانا زانستییەکەشی بریتییە لە زانستی بیر بۆ پێناسەکردنی بڕوایەك، یان فکرێکی دیاریکراو، ئەم چەمکە لەسەردەمی رۆشنگەریدا باشتر پێناسەی وەرگرت، وەکو (کارل ماین) دەڵێت: «ئایدیۆلۆژیا لەمانا گشتیەکەیدا بریتییە لە چوارچێوەیەك بۆ سیاسەت و ئاین، کە گرێدراوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییە، لەهەندێك شوێندا پێکهاتەیەکە لە بڕواهێنان بە دژکاری زانست و دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر بیرکردنەوەی تیۆری جیاواز، کە دواتر دەبێتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەرەی جیاواز و سەرەتا لە دەستەبژێرەوە دەستپێدەکات، پاشان لەژیانی ئاسایی و نائاسایی رۆژانەی جەماوەردا رەنگدەداتەوە و هەندێکجاریش دەبێتە کولتور، ئەمە ئەوکاتە هەستپێدەکرێت، کە دەبێتە روحیەتێك و کارپێدەکرێت یان دەبێتە بیرۆکەیەك و لە واقیعدا رەنگدەداتەوە، بەڵام رەهەندی جیاواز لەم چەمکە

فکرییەدا ئەوەیە، کە وێنەی واقیع دەگرێت و لەنەخشەیەکی دیاریکراودا دەبێتە ئەخلاقی کۆمەڵ.

لەشوێنێکی دیکەدا ئایدیۆلۆژیا دەبێتە پێوەر بۆ خوێندنەوە و دیاریکردنی سکێچ واتە هێڵکاری سیاسی، یان بنکەی کۆمەڵایەتی لەناو فەزای سیاسیدا. ئەم حاڵەتەیان هەمیشەییە و بە بێ خۆنمایشکردن لەزەینی هەمو تاکێکدایە، یان باشتر بڵێم لەجەوهەری سیاسی هەمو قەوارەیەکدایە و سەرەتا بەسەر کۆمەڵگەدا ڕەنگدەداتەوە و دواتر بەسەر تاکدا، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ ستایلی بیرکردنەوە، ئەگەر بیرۆکەکە سەر بە قوتابخانەی لیبراڵیش بێت.

لێرەدا ئەم چەمکە وەکو کەرەستەیەك بۆ کارپێکردن و سیاسەتی دەوڵەت پێناسەدەکەینەوە، دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیا ئەو دەوڵەتەیە کە دەزگاکانی وەکو پەرلەمان و حکومەت، جومگەکانی حکومەت، یاسادانان و فەرهەنگەکەی، کە تەواوی کۆمەڵگە کاری پێدەکەن، لەرێگەی دەستورێکەوە دادەنرێت کە پێشتر بیریار، شارەزاکانی بواری یاسا، کولتور و ئاین لەگەڵ گۆڕینی سیاسەت و ژیانی رۆژانەدا رێکیانخستوە، بۆیە دەستوری هەر دەوڵەتێك وەردەگرین بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاین، کولتور، مێژو، فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، هیچ بڕگەیەکی یاسایی و دەستوری دانەڕێژراوە و تاکیش بەو دەستورە لەخۆڕانییە، کە ملکەچدەبێت و ئەرك و مافی خۆی دەزانێت، لەبارێکی دیکەشدا دەوڵەت لەخۆڕا نییە، بە پێی بنەماکانی ئەو دەستورە سیاسەت دەکات چ لەناوە و چ لەدەرەوەی وڵات.

«ڕەوابوونی مۆدێرن شێوە و روخسارێکی زیاتر نییە، کە ئەویش ڕەوابوونی دیموکراسیە، چەمکە پەیوەستەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، یاسامەندی، خوازەی گشتی، فەرمانڕەوایی و هتد لەناوەخنیدایە، ئایدیۆلۆژیا لە بۆچوونی مارکسیستیدا ئەو بۆچونانەن، کە لەهەر سەردەمێکدا باڵادەستن، ئەو بۆچوونە باڵادەستانەی هەر سەردەمێکیش ئەندێشەی چینی دەسەڵاتدارە، ئایدیۆلۆژیا

هەرچەندە لەناواخندا گونجاو دیارە، بەڵام هەر لەبنچینەوە روشاوی و درزی تێدایە، واتە ئەو واقیعبوونەی کە لەرێی زمانەوە دەکرێت روونبکرێنەوە، رووناکرێنەوە و دەریناخات، بەرای مارکس ئایدیۆلۆژیا واقیع بەشێوەیەکی درۆینانە نمایشدەکات، لەکۆتایشدا ئایدیۆلۆژیا تەنها بەپاساودەری بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار دەژمێردرێت، (ویلفردۆ پارتۆوشەی) بژاردەکان و نمایشەکان لەبری ئایدیۆلۆژیا بۆ باسکردنی روخساری رواڵەتی غەریزەکان و خوازە ژێرخانەکانی تاکەکان بەکاردەهێنا، (گای تانۆ مۆسکای) نوسەری ئیتاڵیش فۆرمی سیاسی لەبری وشەی ئایدیۆلۆژیا بەکاردەبرد، (کارل مانهایمش)، نوسەری ئەڵمانیای کارنامە ئایدۆلۆژیەکانی بە ئامڕازێکی چینی دەسەڵاتدار بۆ پاراستنی خۆی پێناسەدەکرد، کە مەحاڵە ئەندێشە و هزرەکان بریندارنەکات، بەهەرحاڵ ئایدۆلۆژیەکان ئەو دەزگایانەن، کە دەوڵەتەکان لەرێگەیانەوە رەوای بەخۆیان دەبەخشن» بنەماکانی زانستی سیاسەت. **حوسێن بەشیریە. وەرگێڕانی. ئەبوبەکر کاروانی. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی. ساڵی 2009 ل128 و ل129.**

هەمیشە ئەو دەوڵەتانەی رەوایەتییان بەخۆیانداوە، رەوابوونی سیستمە سیاسییەکان واتای ئەوە نییە، کە بێکێشەن، بەڵکو هەندێکجار ئەم رەوایەتییە لە ئارادا دەبێت و سەرکەوتوش دەبێت، تا ئێستاش لە ئینگلتەرا و بەشێکی تر لەو دەوڵەتانەی، کە سیستمی پاشایەتیان هەیە دامـەزراوەی پاشایەتی وەك دامەزراوەیەکی سیمبولی رەوابەخش، لەگەڵ ئەنجومەنی لۆردەکان و ئەنجومەنی دیموکراتیکی گشتیدا، توخمە جیاوازەکانی سیستمی سیاسی پێکدەهێنن، ئەمە لەکاتێکدایە کە رەوایەتی شەرعیەتی یاسایی و دەستوری وەرگرتووە، هەروەها لە یاسای بنەڕەتی ئێرانیشدا 3 توخمی کاریزمایی و ئەرستۆکراتی و دیموکراتی لە قاڵبی دامەزراوەکانی ویلایەتی فیقهی هەیە، بۆ نمونە دامەزراوەی راوێژکاری پارێزگاری و ئەنجومەنی راوێژکاری ئیسلامی

لەگەڵ یەکدا لێکدراون، ئەمانە سەرەنجام قەوارەیەکی سیاسی لەیەك سیستمدا پێکدەهێنن، کە رەوایەتییە بە دەوڵەت، بەڵام دەوڵەتێك لەروکەشدا دیموکراسی و لەناوەڕۆکیشدا دیکتاتۆر، بۆیە ئەنارشیستەکان لەو جەوهەرە سیاسییە تێدەگەن، کەوابوو شەرعیەتی خۆیان هەیە، بەڵام دەوڵەتی ئایدۆلۆژیی ئەو دەوڵەتەیە بەرلەوەی کۆمەڵگە لەقاڵبدات، خۆی و دەزگا شەرعییەکانی لەقاڵبداوە، بەو مانایایەی کە رێگەی بیرکردنەوەی جیاوازی گرتوە لەبیرمەند و رۆشنبیر و تاکی کۆمەڵگە بەپیاوە سیاسیەکانیشیەوە، دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیا بەو باوەڕەوە کاردەکات کە دەبێت سیاسەت چ بەرامبەر هاوڵاتییەکانی و چ بەرامبەر وڵاتانی دەرەوەی نەگۆڕبێت، ئەم ستایلە ئەگەرچی پاشماوەکەی ماوە لەهەندێك دەوڵەتی ملهوڕ لەسەراسەری دنیادا، بەڵام سەرەنجام لەهاوکێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تێدەگەین، کە هێشتا ئایدیۆلۆژیا کارپێکراوە، بەڵام بەفۆڕمێکی دیکە، ئەویش ململانێی دژەکانە لەناو قەوارەیەکدا بە سودی سیستم، ئەو سیستمەی کە لەسەر قازانج و توانای تاك راوەستاوە، یان ئێستا هەیە و هەمو شتێکی لەبەهای خۆی خستوە و بێبەهای کردوون. ئەمە ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە بیرێکی دیاریکراوی وەکو ئاین یان فکرێکی زانستی سیاسی یان وەك رێکخراوێك خۆی نمایشنەکردوە، بەڵکو وەکو سیستم کاردەکات، بەڵام لەفۆڕمدا هەستیپێناکرێت.

«یەکێك لە گرنگترین پێکهاتەکانی دەزگای ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، خاوەنی رۆڵێکی گرنگە هەم لەدوبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستمی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی هێزی کار، هەم لەدوباره بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، بەوشێوەیە دەزگـای ئایدیۆلۆژیای دەوڵـەت لەسیستمی سەرمایەداری پێشکەوتودا، دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتی باڵادەستە، بەباوەڕی (ئاڵتۆسێر) دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا، رۆڵی

نەرینی خۆیان دەگێڕن، واتە بەرگری لەسەرهەڵدانی خەباتی چینایەتی دەکەن و بەردەوامبوونی پڕۆسەی وەبەرهێنان و بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدار دابیندەکەن. دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت بریتین لە دەزگای کارگێڕی و لەشکری و پۆلیس و دادگا، دەزگا ئایدۆلۆژییە دەوڵەتییەکان بریتیین لە دەزگاکانی فێرکاری و دەزگا ئایدۆلۆژیەکانی بنەماڵە و مافیا و حزبی و یەکێتی و راگەیاندنە گشتیەکان». لەشوێنێکی دیکەدا ئاڵتۆسێر پێیوایە، کۆنترۆڵی دەزگا ئایدۆلۆژیەکانی دەوڵەت لەلایەن چینی دەسەڵاتداری نوێوە لەچاو دەزگا سەرکوتکەرەکان، دژوارتر و بەکاوەخۆترن، بەو هۆیەشەوە تێکشکاندنی دەزگا ئایدۆلۆژیەکان لەتێکشکاندنی دەوڵەت دژواترە» **د. حوسێن بەشیریە. مێژوی بیری سیاسی سەدەی بیستەم. بیری مارکسی. بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ناسر ئیبراهیم زادە. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان. ل359.**

بۆیە لێرەوە ئایدیۆلۆژیا بۆ دەوڵەت زەمینە بۆ مانەوەی لەچوارچێوەیەکدا دەهێڵێتەوە و هەر لەرێگەی ئەو دەزگایانەوە تەمەنی خۆی درێژدەکاتەوە، تەنها ئەوەنەبێت کە فۆڕمی خۆی لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە هەر چوار ساڵ جارێك دەگۆڕێت، بەڵام دواجار دەزگا ئایدۆلۆژیەکان لەو پڕۆسەیەشدا قەوارە و سیستم و ئاسایشی دەوڵەت دەپارێزن، بەڕویەکی دیکەدا ناسیونالیزم بەگشتی لەدەوڵەتانی دنیا تەنها فۆڕمەکەی نەماوە، دەنا هێشتا ناسنامەکەی لەناو سیاسەتی دەوڵـەت پارێزراوە و هەرکات دوچـاری مەترسی هاتەوە کارییپێدەکرێت، بەڵام بە تایبەتی لە دەوڵەتی نەتەوەییدا شێوەیەکی دیکەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی نەتەوەیی پێکدەهێنێت، لە سیاسەت، رەفتار و دەستوری دەوڵەتیشدا رەنگدەداتەوە، هـەردو سـەدەی 17 و 18، کە سەرهەڵدانی ناسیونالیزم بوو لەرووی تیۆرییەوە، بوو بە بنەمایەك بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، دابەشبوونی جیهان لەو سەردەمەدا بەسەر نەتەوەکاندا، باشترین سەلمێنەری ئەوەیە، کە ناسیونالیزم جۆرێکی دیکەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی بوو بۆ نەتەوە،

کە دەوڵەتی وەکو موڵکیەتی نەتەوە تەماشادەکرد، چونکە لەو سەردەمەدا چەوساندنەوەی نەتەوە، یەکێك بوو لەو ئامرازو هۆکارانەی کە ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆژیایەك بەهێزبکات و هەژموونی خۆی لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ساغبکاتەوە، هەر ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایەش بوو، کە فاشیزم و نازیزمی لە رۆژئاوا بەرهەمهێنا و تائێستاشی لەگەڵبێت، رەگوریشەی ماوە وەکو بزوتنەوەی سیاسی.

ئەگەر بەدیوێکی تردا ئایدیۆلۆژیا بۆ نەتەوە و مەبەستی بەدەستهێنانی دەوڵەت، تاکە رێگەیەکی هەبێت حزبە، حزبیش بەئایدیۆلۆژیا تەنها یەك سیاقی نییە، بەڵکو چەند سیاقێکی فراوانی هەیە و لەوانەش ئایدیۆلۆژیای مارکسی و چینایەتییە، ئەو نەگبەتییەی کە یەخەی بەشی زۆری نەتەوەکانی دوای سەرهەڵدانی نوێگەری لەدنیادا گرت، ئایدیۆلۆژیای مارکسی بوو بەشێوەیەکی وشك و بەتێگەیشتنێکی چینایەتییەوە، وەك (ئێرنست گالنەر) دەڵێت: «ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە کوردەکان دەستیان بۆبرد لە رێکخراوەکانی کۆمەڵەی ئێران و عێراق و پارتی کرێکاراندا کۆکرایەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم و مارکسی بوو، ئاڕاستەی ئەمەش بەرەو چینایەتی کرێکاری بوو، لەکاتێکدا لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، کە بەسەر تورکیا، عێراق، ئێران و سوریادا دابەشکرابوو، هیچ کام لەو پارچانە نە کارگەیەك و نە چینی کرێکاری تێدا نەبوو، بۆ نمونە لە عێراق تەنها لە (بەسرە و بەغدا) و لە ئێرانیش تەنها (تاران و ئەسفەهان و عەبادان) لە تورکیاش تەنها (ئیستەمبوڵ و ئەزمیر) و لە سوریاش لە ناوچە کوردییەکانی وەك حەسەکە و عەفرین و قامیشلۆ، هیچ کارگەیەك و تەنانەت هەندێك شوێنی شارنیشی نوێ نەبوو، بۆیە ئەم ئایدیۆلۆژیا سیاسییەی حزبی کوردی هیچ رەنگدانەوەیەکی بەسەر هۆشیاری خەڵك و گوتاری سیاسی نەتەوەیی کورد نەبوو لەروی چینایەتییەوە،

ئەمە لەکاتێکدایە کە کرێکارانی کورد کۆچیاندەکرد بەرەو ئەوروپا، هۆکارێکی گرنگی دروستنەکرد بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوەیی، ئەگەرچی ئەم کۆچە سەرچاوەیەك بوو بۆ هاوکاریکردنی مادی و ئایدیۆلۆژی». **الاثنیه و الدوله. الاکراد فی العراق و ایران و ترکیا. مجموعه مؤلف الاجنبی. ترجمه. عبدالاله النعیمی. معهد دراسات الاستراتیجیه. سنه 2006. ل15.**

ئەگەرچی مەسەلەی چینایەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نوێگەری لەسەرانسەری دنیادا باسوخواسی گەرم بوو، تەنانەت مەسەلەی نەتەوەکانیشی گفتوگۆ دەکرد و بزوتنەوە سۆسیالیستی و مارکسییەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا، بەڵام بەهۆی نەخوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگانە، نەیانتوانی ببنە ئەڵتەرناتیڤی گوتاری دواکەوتوانەی حزبە کۆنەپارێزەکان، ئەوەبوو تەنها کێشەکە و مەسەلەکەیان دواخست، ئەگەرنا هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو لە بردنە پێشەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی تر بەرەو بونیادنانی دەوڵەت.

## سیاسەت

سیاسەت چەمکێکی فرەمانایە، لەباری بڕیارسازییەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە بڕیار و جێبەجێکردنی ئەو ویستانەوە هەیە، کە کۆمەڵگە دەکاتە ناو فەزای خۆیەوە، سەرمایەی ئەم چەمکە جگە لەروە زانستییەکەی، هێزی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە و عەقڵ و تەکتیك و دواجار فشارە جۆراوجۆرەکانی دەرونی و مادیین، ئەگەر پێشتر ئەم چەمکە هونەرێك بوو وەکو پێناسە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن دەستەبژێرێکی سیاسییەوە، ئێستا ئەو پێناسەیەش نەما و بوو بە یەکێك لە گەمە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەناو هاوکێشەی سیاسی و ئابوریدا، واتە بوونی سیاسەت لەناو ئایدیۆلۆژیادا نەما، بەڵکو بوو بەگرەوێك

لەهەر چوار ساڵ جارێکدا دەوڵەت خۆی نوێدەکاتەوە و گروپێکی دیکەی سیاسی بۆ بەردەوامبوونی سیاسەتە گشتییەکە کاردەکەن و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان لەبەرچاو دەگرن.

بۆ ئەوەی لە چەمکەکە تێبگەین، کە سیاسەتە و فرەمانایە، دەبێت مانا رەسەنەکەی لە یۆنانەوە وەربگرین، «سیاسەت وەك پێناسە بەواتای وشە لەعەرەبیدا (السوسە) سوسیش بە واتای سەرۆکایەتیکردن بۆ بەرژەوەندی کەسێك، یان چەند کەسێك یان کۆمەڵگەیەك، یان دەوڵەتێك بێت، لەزمانە فەرەنسیەکەشدا بەواتای (دەوڵـەت و شار و هاوڵاتیانی دانیشتو دێت)، لەپێناسەیەکی تردا دەوڵەت پێناسەیەکی تری بۆ داتاشراوە، (فن الممکنات). واتە (هونەری بەدەستهێنان) یاخود بەمانایەکی تر (هونەری شتە رێتێچووەکان) بەکاردێت، ئەمەیان لەروی پراکتیکییەوەیە، نەك لەروی زانستی سیاسییەوە. ئەمە جگەلەوەی سیاسەت لەهەمو کایەکاندا وەکو نەخشە رێگەیەك کاری پێدەکرێت و زۆربەی کایەکانی دیکەی پێکەوە لکاندووە.

بە بڕوای (جۆن رۆڵز) کە لەکتێبی (تیۆری داد) نوسیویەتی: «سیاسەت ئەوەیە کۆمەڵێك کەسی خاوەن باوەڕ و بڕوا جیاواز، بەیەکسانی ملکەچی کۆمەڵێك یاسا و پرنسیپ دەبـن»، واتا بەمشێوەیە ئێمە دەچینە بەردەم چەندجۆرێك لەپێناسەی سیاسەت، بۆ نمونە (سیاسەتی ئابوری، سیاسەتی ناوخۆیی، سیاسەتی دەرەکی و نێودەوڵەتی، سیاسەتی فەرهەنگی، سیاسەتی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی ئاینی و هتد. لەباری شیکردنەوەشدا سیاسەت ئەو چەمکەیە، کە هەم لقێکە لەلایەنە جیاوازەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسی، هەم فکرێکی کۆنە و هەم پرسیارگەلێکە لەسەر عەقڵ و لۆژیك، هەروەها میتۆدێکی زانستی ترە بە هەمو بۆچوونە جیاوازەکانەوە، بەو مانایەی نزیکایەتی لەنێوان هزری سیاسی و ژیانی سیاسی دروستدەکات، بەڵام لـەدەرەوەی زانست و

میتۆد و سیستمە جیاوازەکان، ئەم چەمکە توانیویەتی هەمو کایەکانی دیکە لەهەناوی خۆیدا جێگەبکاتەوە و کۆنترۆڵیشیان بکات، هەروەها لەبارێکی تردا مشتومڕێکە لەسەر کێبڕکێی نێوان هێز و فکری سیاسی». **سمکۆ محەمەد. ناسیونالیزم و دژەکانی. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس. ساڵی 2009. ل18**

سیاسەتی دەوڵەت ئەگەر لەکۆندا هەوڵدانێك بوبێت بۆ پاراستنی قەوارەی جوگرافی، بەرژەوەندی ئابوری، پیشەسازی و نەهێشتنی کۆنترۆڵکردنی ئەو جوگرافیایە لەلایەن گروپە دژەکـان و ئۆپۆزسیۆنەکانەوە، ئێستا سیاسەت گەمەیەکە لەنێوان هێزە باڵادەست و پیشەسازی و دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان لەلایەك، هەروەها دروستکردنی فەزایەکە لەدەرەوەی بیرکردنەوەی ئەوانی تر، یان بەمانایەکی تر، سیاسەت بۆ دەوڵەتە گەمەکارەکان دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆرە لەئاستی ئابوری، تەکنۆلۆژیا، هێزی جەماوەری بە بیر، لەدەرەوەی فکر، بەئاین، ئایدیۆلۆژیا جیاواز، نەتەوە و هێزی ئۆپۆزسیۆن، ئەمەش لەدوای گۆڕانکاریەکانی جیهان، کە بەناوی جیهانگەریەوە هاتەئاراوە، لەباری ئابوریشدا لەدوای شەڕی دراو و بازاڕ و بەرهەمهێنان هاتەئاراوە، کە تەکنۆلۆژیا پێشڕەوایەتی دەکرد. ئیدی سیاسەت هەم رواڵەت و هەم کارێکتەرەکانی گۆڕا، هەم فەزاکەی و هەم قەیرانەکانی گۆڕا و هەم لەهاوکێشەکاندا گرەوەکانی ئاڕاستەیەکی دیکەی وەرگرت، بەڵام هێشتا دەوڵەتە بێهێزەکان، کە لەئاستی حزبیدا گەمە دەکەن، ئەو ستایلە کۆنەیان پێوەدیارە، کە لەرابردودا بەکارهاتووە بۆ دەسەڵات، چونکە لەناو هاوکێشەی گۆڕینی هێزنین، ژمارەیەك نین بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی جەماوەر، یان گۆڕینی جوگرافیا، یان گەمەکردن بەدراو، بازاڕ و فەزای تایبەت.

«هەر چەشنە سەرکەوتنێك لە هونەری سیاسەتدا، بە دەستەواژەیەکی تر، هەرجۆرە سەرکەوتنێك، بۆ هێنانەکایەی دەزگایەکی سیاسی، بە ناچاری

بەرهەمی هەنگاوگەلێکە، کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات ئەنجامدەدرێت، بە بڕوای ماکیاڤیللی، چەسپاندنی واقیعی دەوڵەت نیشانەی سەرکەوتنە لە هێنانەدی دەزگای سیاسیدا، کەواتە هێنانەدی دەوڵەت ئەنجامی چالاکیەکی سیاسی ئەوتۆیە، کە مەبەستەکەی وەدەستهێنانی پاراستنی دەسەڵاتەکەیەتی، کە بەدەستەواژەیەکی تر ئامانجی سیاسەت وەدەستهێنان و پاراستنی دەوڵەتە، چونکە سیاسەتوان تەنها بەکەڵکوەرگرتن لەم دامەزراوەیە دەتوانێت دەسەڵات پیادەبکات، مەرجی پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن سیاسەتوانەوە ئەوەیە، کە دەوڵەت بتوانێت هاوسەنگییەك لەنێوان خۆی و خەڵکدا بهێنێتەکایەوە، سەقامگیربوون و بوژانەوەی دەوڵـەت، پێویستی بەهێنانەکایەی ئاسایش و خۆشگوزەرانی هەیە، کەواتە سیاسەتوان (پێویستە رێگەیەکی وەها بگرێتەبەر، کە هاوڵاتییەکانی هەمیشە و لەهەمو بوارێکدا پشت بە خۆیان و بە حکومەتەکەیان ببەستن، ئەوکات هەمیشە وەفا و دڵسۆزیان بۆی دەبێت». **رامین جیهان بەگلو. ماکیاڤیللی و بیری رێنسانس. وەرگێڕانی موسڵح ئیروانی. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی. ساڵی 2001. ل43.**

ئەمە هونەر نییە وەکو دەستەواژە بەکاریبهێنین، بەڵکو ئەنجامەکەی دەردەکـەوێـت هونەربێت، چونکە زاراوەی سیاسەت، کارێکە لەرێگەی هونەری مامەڵەکردنی سیاسەتوانەکانەوە دەکرێت و دواتر لەلایەن جەماوەر و خەڵکەوە قەناعەتی بۆ پەیدادەبێت و دەبێتە هونەرێك، کە جەماوەر دەینرخێنن، ئەویش دەستەبژێری سیاسی لەپێناو گشت و قەوارە و مانەوەی دەوڵەتدا ئەوکارە دەکەن، ئەم پێشبڕکێیە لە پێشبڕکێی وەرزشی دەچێت، کە لەیاریگادا نەبێت هونەرەکەی دەرناکەوێت و تاکو هاندەرەکانی تیمەکە بڕوا بە تیپەکە بکەن بۆ بەردەوامی خۆیان و نرخ و بەهای تیپەکە، بۆیە سیاسەت و سەرکەوتنەکانی وەکو هونەر لەگەڵ دەرەنجامدا نرخی هەیە، هەڵبەت

ئەم قسانەی ماکیاڤیللی کە ئێستاش بە فێڵباز و پیاوە ناشیرینەکەی تیۆریزەی بیری سیاسەت لەقەڵەمدەدرێت، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو پێیوابوو سیاسیەکان، دەستەبژێر، سەرکردە و پاشا دەتوانن چالاکی تێدابکەن نەك خەڵك بە گشتی، بۆیە ئەو تیۆرەی کە خەڵك دەبێت پشت بە سەرکردەکانیان ببەستن خراپ کەوتۆتەوە، چونکە دوای زیاتر لە 4 سەدە، ئەو تێڕوانینە سیاسیە گۆڕاو بەشداری خەڵك بەتایبەتی لە رۆژئاوا هیچی لە سەرکردەکان کەمتر نەبوو، هەروەها ئینتیماش بۆ دەوڵـەت، قـەوارە، نەتەوە، کۆمەڵگە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەسترایەوە بە جۆرێك لە ئەخلاقی مرۆڤی کە دورە لە تیۆرەکانی ماکیاڤیللی، ئەمە ئەگەرچی تیۆرەکەی کانت زۆر جیاواترە لە ماکیاڤیللی، چونکە ئەو سیاسەت بەئەخلاقەوە گرێدەدات و رێگەی هەمو فرتوفێڵێکی گرتووە لەرێگەی ئیرادەی خەڵکەوە، هەر بۆیە بیرکردنەوەکەی کانت زیاتر رەواجی پەیداکرد لەناو بزوتنەوەی سیاسی جەماوەری و خەڵك دژی دەسەڵاتەکان وەستانەوە بە تایبەتی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا، کە بەویستی گشتی دروستکراوە، سیاسەتیش بە تیۆرەکەی کانت لەهەمو بارێکدا ئەگەر بەویستی خەڵك بێت، هەم سەرکەوتن بەدەستدێنێت و هەم خوشگوزەرانتر دەبێت و دابڕان و قین ناکەوێتە نێوان خەڵك و پیاوانی سیاسی، بەڵام سەرەنجام تیۆرەکەی ماکیاڤیللی کە بەماکیاڤیللیزم ناسرا. بوو بە مانیفێستی بەشی زۆر لە میری دەوڵەتان و سیاسەت و ئامۆژگاریەکەیان پەیڕەوکرد. ئەمە لەکاتێکدایە کە لـەدوای دەرچوونی ئەو کتێبە، کە پێشتر سیستمی پاپا و کەنیسەکان دژایەتیانکرد و دواتر بوو بە مانیفێست، دەیان کتێب لەدژی نوسراوە و رەخنەی لێگیراوە، ناوبانگترینیان کتێبەکەی (گانتێی سەرگەرمی-کاڤینیزم)ە، کە لەساڵی 1576 بەزمانی فەرەنسی نوسراوەتەوە و ناوی لە لیستی ئەو کتێبانەدایە، کە کاریانکردۆتە سەر کتێبی میر و لەو وەختەوە زاراوەی ماکیاڤیللیزم سەریهەڵدا و فراوانبووە لەگەلێك مەیدانی ئایدیۆلۆژی سیاسی جۆراجۆردا، تەنانەت لە

ئەوروپاشدا پراکتیککرا. (ئەم تێبینیە لە خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی میر کەلەو سەردەمەدا زۆرترین گفتوگۆی لەناو رۆشنبیرانی سیاسی و حزبە سیاسیەکاندا دروستکردبوو، **ئەم پێشەکییە لەلایەن دکتۆر کەمال مەزهەرەوە نوسراوەتەوە کە کتێبەکە لە وەرگێرانی حوسێن عارف ە ل41.)**

سیاسەت بڕیاردانە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارێك بەسەر هەمو کۆمەڵگەدا، یەکێك لەو هۆکارانەی کە جێبەجێکاری بڕیارەکەیە، دەزگاکانی دەوڵەتە، کە بریتین لە یاسا و سوپا و کارە مەدەنیەکان، پێویستە دەوڵەت هێزەکەی لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتانە بەدەستیبهێنێت، لەبارێکی دیکەدا کە پەیوەندی بە فکرەوە هەیە و بەتایبەتی ئەو دەزگایانەی کە یاسایی و تیۆرین، بریتییە لەبەپرسیارێتی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەوڵەت، کە پاشخانی سیاسەتی دەوڵەتن، بۆ نمونە سیاسەتی ئابوری، فەرهەنگی، دەرەوە، سیاسەتی بەڕێوەبردن و هتد، هەمو ئەمانە ئەو سیاسەتە پێکدەهێنن، کە دواجار بەناو و پێناسەی دەوڵەتەوە ناسراون.

# بۆچی بیر لە دەوڵەت دەکرێتەوە

بیری سیاسی کۆن بەو ئاڕاستەیە لەچەمکی دەوڵەت تێگەیشتبوو، کە کارێکی سروشتییە، یان ویستێکە خوداوەندەکان گەرەکیانە و لەوێشەوە بەرەو دەسەڵات، بیروڕایەکی تۆماس هۆبز (1588_ 1679 ز) هەیە، کە بە رەها دانانی ویست، حەز، ئارەزو باسیکردوە، هەروەها بیروڕایەکی ناوداری هەیە و دەڵێت دەوڵەت لەسەر بنەمای (شەڕی گشتە لەدژی گشت)، کە پێشتر قسەمان لەبارەیەوە کرد، لەبارەی پێویستبوونی دەوڵەتەوە، باس لەوە بکات کە دەوڵەت لەسەر شەڕی هەموان دژ بەهەمو دادەمەزرێت و توانای تاکێك بەتوانای عەقڵی ئەو تاکەوە پڕدەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە هۆبز مافی سروشتی مرۆڤ بۆ ئەوە پاڵ پێوەدەنێت، کە باری سروشتی جێبهێڵێت و بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی هاوبەش، یاخود یەك دەسەڵاتی حوکمڕان و بەناچار پەیمان ببەستێت و لەئەنجامیشدا ئەو تاکە، کە لەکۆمەڵگایەکی سیاسیدا ژیان بەسەر دەبات، لەسەریەتی لە ئەرکدا تائەو جێگەیە، کە دەسەڵات فەرمانڕەوایی دەکات، پەیڕەوی لە سیستم بکات، بەڵام ئایا دەکرێت ئەوەی، کە پەیمانیداوە بە دەسەڵات، ملکەچی ئەو سیستمە بێت وەکو جۆرە گواستنەوەیەکی ماف بەگرێبەستی سیاسییەوە.

لەراستیدا گواستنەوەی ماف بە پێی (هۆبز)، دەتوانێت ئەرك بۆ تاك دروستبکات، بەو مەرجەی ئەو تاکەی پەیمانیداوە کەڵك لە پەیمانەکەی وەربگرێت، بەڵام کاتێك گومان دروستدەبێت، لەوەی پەیمان هیچ بەهایەکی نییە لەناو سیستمەکە، ئەوا تاك بۆی هەیە کە بەشە پەیمانەکەی خۆی وەربگرێتەوە، بۆیە هۆبز دەڵێت «تەنانەت لە گرێبەستەکەدا دەبێت لایەنی یەکەم پەیمانی خۆی بدات و بەئەنجامی بگەیێنێت و لایەنەکەی تر لە قۆناغێکی پاشتر بەئەنجامی بگەیێنێت، دیسانەوە لایەنی دوەم ئەرکدارە و

دەبێت پەیمانەکەی خۆی بەئەنجامبگەیێنێت». کەمال پۆڵادی. لە دەوڵەتی دەسەڵاتەوە تادەوڵەتی عەقڵ. و. سیروان زەندی. دەزگای موکریانی. ل51..

سەرەنجام هۆبز لە تیۆرەکەی خۆیدا لەسەر هۆکارەکان، باس لەسێ هۆکاری بنچینەیی دەکات بۆ دروستکردنی دەوڵەت، ئەویش بریتییە لە (شەڕی ململانێ و گومان و خۆ بەگەورە زانین).

**1: ململانێ:** تۆماس هۆبز پێیوایە مرۆڤ لەژێر کاریگەرییە نەرێنییەکاندا وایلێدێت هەمیشە شەڕانگێز بێت، تاکو هەرچی زیاترە دەستکەوتەکانی تەنها بۆخۆی هەبێت، ئەوانی دیکەش پاشکۆی ئەو گروپەبن، کە دەسەڵات بەدەستدەگرن، لەحاڵێکدا ململانێ ئەگەر لەرابردودا بۆ سڕینەوە بووبێت لەسەر خاك، یان سڕینەوەی نەتەوە وەکو شوناس، ململانێکان ئێستا شێوازێکی دیکەن کە لە ڕێگەی ئابوری و سیاسیدایە و بۆ نەهێشتنی هەژمونی سیاسییە بەسەر ئەوانی دیکەدا، ململانێی ئەمریکا و روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر نەهێشتنی هەژمون و پێگەی سیاسی و ئابوری بوو لەوڵاتانی عەرەبی، کە پێشتر سەر بە وڵاتانی بەناو یەکێتی سۆڤێت بوو، بەردەوامبوونی سیناریۆ سیاسییەکان، شەڕی بازاڕی نەوت، چەك فرۆشتن، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و شەڕی نوێکردنەوەی بەرەی کۆن لەدژی یەکتر، جۆرێکی دیکەی ململانێی سیاسییە لەسەر گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**2: گومان:** نەبوونی متمانە لەنێوان مرۆڤەکاندا، کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ ئەوەی هەمیشە لە وەهمێکدا بێت، کە تاکەکانی دیکە نەتوانن هێرشی بکەنە سەر و ئەم تاکە بەردەوام هێرش بەربێت تاکو تخوبی خۆی بپارێزێت و هەیبەتی بمێنێت و ببێتە خاوەن ناوبانگێکی دیار، ئەمەش بەدەوڵەت نەبێت ناکرێت، ئەم گومانە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێشتر قەوارە کۆمەڵایەتییەکان بریتیبوون لە خێڵ و بنەماڵە و قەوارەی ئاینی، کە تێکەڵەیەك بوون لەهێزی جەماوەری و کولتوری جیاواز، ترسەکە بەو شێوەیە بوو، کە

ئەگەر سنورێك بۆ هەریەك لەو هێزانە دانەنرێت، سنوری یەكتر دەبەزێنن و دەبێتە هۆكارێك بۆ ئاژاوە، شەڕ، داگیركاری و بەتاڵانبردنی سەروماڵی یەكتر، ئەمەش یەكەمجار لە سەرهەڵدانی گرێبەستی كۆمەڵایەتییەوە سەریهەڵدا وەكو دەستورێك و دانانی هێزێك بۆ پیادەكردنی یاسا بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوەی قەوارەكان، ئیدی بیرۆكەی دەوڵەت لێرەوە گەشەیكرد، تاكو بوو بەویستێك بۆ نەتەوە و ئاینەكان و بەیاسای نێودەوڵەتی رێكخرا.

**3: خۆ بەگەورەزانین:** ئەم هۆكارە وادەكات كە هەمیشە تاك توندوتیژبێت لەپێناو ئەوەی هەمو هەوڵێك پوچەڵبكاتەوە، كە لەناوبانگی كەمنەبێتەوە و گەورەیی خۆی بپارێزێت لەبەرامبەر ئەوانی دیكە، لە ئاستی كۆمەڵگەش هەربەو شێوەیەیە، كە كۆمەڵگەی رەسەن بـەزاراوەی كۆمەڵناسی ئەوانەی كە بنەچەیان هەیە و مێژویان بۆخۆیان دروستكردوە، خۆیان بەگەورەتر دەزانن لەئەوانی تر، بۆ نمونە كۆمەڵگەی هندی و چینی، روسی، فەرەنسا، ئەنگلستان و میسری وەكو دەوڵەتی رەسەن، خۆیان لە نەتەوە و كۆمەڵگەكانی تر بەگەورەتر دەزانن، لەئاستی دەوڵەتیشدا ئەم بیركردنەوەیە هەیە، بەڵام دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی، سەربازی، ئابوری و دوای كۆتاییهاتن بە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەكان و پاشانیش شەڕی جیهانی یەكەم و دوەم، ئیدی بیرۆكەی خۆبەگەورەزانین مانایەكی دیكەی وەرگرت، بەڵام هێشتا لەشوێنێكدا بەهای ماوە، بۆ نمونە یەكێتی سۆڤیێت نەماوە، بەڵام روسیا ئێستاش ئەو لوتبەرزیەی هەر ماوە و یەكێك لەو هێزە دەوڵەتیانەی، كە دەتوانێت هاوكێشە بگۆڕێت و لەبەرامبەر ئەوانی تر خۆی بەگەورە بزانێت، بۆ نمونە لەدوای بارگرژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لە سوریا، كە هێزی سەربازی روسیا ئێستاش لە لازقیەیە، چوونی نوینەری قەتەر بۆ روسیا، كە نێردراوی ئەمریكابوون بە مەبەستی چاكسازی و دەستبەرداربوون بۆ ئەمەریكییەكان، روسیەكان لەوەڵامدا گوتوبویان ئێوە كێن هاتوون بۆ نێوانگیری و گەیاندنی

پەیام، ئێمە لەگەڵ ئاغاکانتانا بەو شێوەیە قسەناکەین، ئارەزومان لێبێت لەسەر نەخشەی دنیا دەتانسڕینەوە و بچن بە ئاغاکانتان بڵێن نوێنەرایەتی بۆ ئەو مەرجە مایەپووچە. ئەم لوتبەرزی و خۆ بەگەورە زانینە لەپاشخانەوە هاتووە، کە بڕوای بەخۆی و رەسەنایەتی خۆی هەیە و دەتوانێت هاوکێشە بگۆڕێت.

هەڵبەت ئەم سێ هۆکارە وادەکەن، مرۆڤ پێشتر بەدەر لەوەی بیر لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بکاتەوە، وەکو کۆ واتە گشت، هۆکارێکی دیکە بوون، کە تاك بیر لە بەرتەسککردنەوە و پاراستنی قەوارەی خۆی بکاتەوە و دەسەڵاتێکی هەبێت بەسەر گشتدا، تاکو خۆی وەکو خودا نیشانبدات. دەوڵەتیش لەئەنجامی ئەوەوە پەیدا بوو، کە ترسی مرۆڤ بۆ لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانەی، کە بەدەستیهێناون، هەروەك ئەوەی تائێستاش مرۆڤ بەکۆی گشتی وەکو ئەو فەلسەفەیە بیردەکاتەوە لە دەوڵەت.

ئەگەرچی ئەمە بابەتێکی فەلسەفییە زیاتر و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ژیانی سیاسی و ململانێکان و دروستبوونی دەوڵەشار لە یۆنان، لە میسری کۆن، و لە رۆما، دواتر ئیمپراتۆر و خەلافەتە جیاجیاکانی ئیسلام و هتد، سەرەتا بۆ رێکخستن و خۆجیاکردنەوە بووە لە ئەوانی تر، کە لەروی جوگرافیەوە جیاوازییە هەمەچەشنەکان هەبووە، ئیتر جیاوازییەکان سەربازی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و رەنگی پێست، رەگەز، سنور، خاك، بەروبومی سروشتی و هتد بووە، بەڵام دواتر بیر لەوە کراوەتەوە ببێتە قەوارەیەکی یاسایی کە سەرەتا ئەفلاتون لەدوای نوسینەوەی کۆمارەکەیەوە بیریلێکردەوە و دواتر کردی بە قەوارەیەکی یاسایی، بەڵام لەبنەڕەتدا دەوڵەت بەر لەهەر شتێك، بیرکردنەوەی تاکی رۆشنبیر، یان تاکی سەرکردەیە لەزۆربەی لایەنەکانی ژیان، یان گروپی دەستەبژێری سیاسی، یان هاندانی دەرەکیی بووە بۆ بەرژەوەندی هێزێکی نێودەوڵەتی، یان هەرێمایەتی، یان وەکو نەتەوە ژێردەستەکانی سەدەی رابردووە کە خەونەکانیان وەدینەهاتووە، بەڵام دواجار دەوڵەت وەکو پێناسەیەکی نوێ

کەجگە لەوەی شوناسی کۆمەڵگەیەکە، لەلایەکی ترەوە کۆکردنەوەی کیانە نەتەوەیی، کولتوری، مەزهەبی و ئاینیەکانە کە پێکەوە لە جوگرافیایەك دەژین، پێویستی دروستبوون و بونیادنانیشی، یان پەیوەندی بەوەڵامدانەوەی گەل، یان وەڵامدانەوەی مێژو هەیە، بۆ کۆمەڵگەیەك، ئایدیالێکی تر هەیە بریتییە لە کۆمەڵە دەزگایەکی سەرکوتکەر، سنوری دەستکرد، بەرژەوەندی گروپێك و هیچی تر.

«دوا بەدوای تۆماس هۆبز رەوتێکی نوێ دروستبوو، کە لەبری ئەوەی بۆ کۆنترۆڵکردنی غەریزەکان پەنا بۆ عەقلانیەتی دەســەڵات بەرێت، رەسەنایەتی بەخشییە خودی حەزەکان و لەراستیدا عەقلانیەتێکی نوێی بۆیان لەبەرچاوگرت، لایەنگرانی سودگەرایی لەم دەستەیە بوون، ئەوان خۆشی و شادی تاکەکەسییان بەبناغەی رەفتاری بنەڕەتی سودی هەموان بەفاکتەری بونی دەوڵەت ئاڕاستەکرد، بەڵگەیان هێنایەوە کە کۆمەڵگەی رێکخراو تەنها لەپێناو ئەو سودەی کە بۆ مرۆڤ هەیەتی بوونی هەیە، نابێت هیچ رۆڵێکی هەبێت جگەلەوەی تاکەکان لەدروستکردنی ئـازار و ناڕەحەتی بۆیەکتر رابگرێت، هەرئەمە بەسە بۆئەوەی تاکەکان لە کاتی بەدواداچوونی چاکەی تاکە کەسیدا، باشەی کۆمەڵایەتیش دابینبکەن، بەڵام ئەو دەوڵەتەی کە لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێت، گەرچی لەشێوەکانی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدایە، بەڵام دەزگایەکی دەرەوەی کۆمەڵگەیە و بەرامبەر بەکۆمەڵگاش رادەوەستێت، واتە بەردەوام هێزێکی دەرەکیە و ئامێرێکە بۆ هەماهەنگکردنی ویستە نەیار و ناکۆکەکان». **هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 11.**

«پێشتر دەوڵەت بۆ نەتەوەکان بوو، بۆیە شوناسی نەتەوە مەرجی یەکەم و سەرەکی بونیادنانی دەوڵەت بوو، بەو مانایەی قەوارەی نەتەوەیەکی دیاریکراو بوو، لێرەدا دەبێت باسەکە ببەینە سەر بوونی گەلی خاوەن شوناس لەمێژودا وەکو رەچەڵەك (نەتەوەی کۆن)، نمونەش بۆ نەتەوە کۆنەکان کەپەرشوبڵاو

بوونەتەوە بەسەر دەوڵەتانی دیکە بەهۆی نەبوونی قەوارەی دەوڵەتی، یان کێشەی یەکنەبوونی ئەو نەتەوە و رەچەڵەکە، وەکو کۆچەرەکانی ئیسپانیا بۆ ئەمریکا، رەچەڵەکەکانی دیکە بۆ ئەوروپا دوای دروستبوون و سەرهەڵدانی شاری مۆدێرن، یان کۆچەرەکانی ئەفریقیا بۆ وڵاتانی پیشەسازی و هۆکاری نەبوونی کار و کێشەی وشکەساڵی و سەرکەوتکردنیان لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکا و هتد، یان کۆریە کۆچەریەکان بەرەو ژاپۆن و ئەندۆنوسیا و چین، کە خەریکبوو شوناسی خۆیان لەدەستبدەن و لەناو رەگەزی ژاپۆن و چین بتوێنەوە، بەڵام دواجار بوونەوە بە قەوارەی سەربەخۆ، کوردیش بەو دۆخەدا دەڕوات کە خەریك بوو بتوێتەوە لەناو فارس و عەرەب و تورك، بەڵام هەم خۆڕاگری خۆی و هەم لەباربوونی کێشەکەی و هەم ئاڵوگۆڕی سیستمی دیکتاتۆری لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی پیشەسازی و زلهێز، هەروەها سەرهەڵدانی ئەو تێگەیشتنە بۆ نەتەوە ژێردەست، رەسەن، ستەمدیدەکان بەرە و دەوڵەت و گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی بە ئاقارێکی دیکەدا، کە زیندوکردنەوەی نەتەوەکان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ، بەهای سیاسی و بەرژەوەندی زلهێزەکان باشتر دەپارێزێت، ئیدی ئەم تێگەیشتنە کارێکی کرد کە کێشە و گرێی دەرونی کوردی بەرەو دەوڵەت کەمتربببێتەوە و ماوەی چەندین سەدەیە خەیاڵ و خەونێکی نەتەوەیە کە لەسەرانسەری دنیا تاك و کۆمەڵی جیاجیای شێوەزار و کۆمەڵی دیکەی هەیە و خەریکە کۆدەبنەوە بەرەو دروستکردنی دەوڵەت، ئەوەی کە نەتەوەی وەکو کورد و فەلەستین و تامیلەکانی سریلانکا وەکو نەتەوەی لۆکاڵی تەماشاکرابوون لەلایەن دەسەڵاتەکانیانەوە، بڕوایەك هەبوو کە گوایە چیتر کاتی نەما بێن بەدەوڵەت، بەڵام بەوشێوەیە دەرنەچوو». **جاك دونرو دوفابر. الدولە. ترجمە. الدکتور سموحی فوق العادة. مکتبە الفکر الجامعی. بیروت. ل10.**

لەلایەکی ترەوە مارکس و ئەنگڵس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیادا باس لەو حاڵەتە نائاساییە دەکەن، کە کەڵك لە ئیرادەی خەڵك وەرگیراوە بۆ بونیادنانی

دەوڵـەت، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی خودی بیرکردنەوەکە و دواتریش کۆنترۆڵکردنی ئەو ئیرادەیەی کە بەشداربووە لەئاڵوگۆڕ و قۆناغەکانی و دەڵێن «ئەوان ئاگایان لە سەرچاوە و ئامانجەکەی نییە و بەمشێوەیە ئیتر توانای کۆنترۆڵکردنیان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەربەخۆ و لەئیرادەی مرۆڤ بەریزێك ئاڵوگۆڕ و قۆناغە نەناسراوەکاندا تێدەپەڕێت و لەوەش زیاتر تەنانەت فەرمانڕەوایەتی بنچینەیی ئەم ئیرادە و کارەیە، بەدەر لەمشێوەیە بە چ جۆرێك دەکرا خاوەنداریێتی لە بنەڕەتدا مێژویەکی هەبێت، شێوەی جۆراوجۆر بەخۆوە بگرێت و خاوەنداریێتی زەوی بە نمونە، لەسەر هەژمارکردنی ناچارکردنی جیاوازەکان لە فەرەنسا لەو وردە خاوەنداریێتیە بۆ چەقبەستنی خاوەنداریێتی لەدەستی ژمارەیەکی کەم و لە ئینگلستان خاوەنداریێتی لەدەستی ژمارەیەکی کەم بۆ وردە خاوەنداریێتی پێشکەوتوو بەشێوەیەك، کە ئەمڕۆ بە واقیعی هەیە، داهاتبێت؟. یان بە چ جۆرێك مومکینە بازرگانی کە شتێکی زیاتر لە ئاڵوگۆڕی بەرهەمی کەسەکان و وڵاتە جۆراوجۆرەکان نییە، لەرێگەی پەیوەندی دەرخستن و داواکارییەوە دەسەڵاتی بەسەر تەواوی جیهاندا هەبێت، پەیوەندیەك کە بەقسەی ئابوریناسێکی ئینگلیزی هـەروەك قەدەرێك لەسەردەمی کۆندا لە ئاسمانی سەر زەوی راوەستاوە و بەدەستێکی نەبینراوەوە خۆشبەختی و نەهامەتی بە پێشکەش بە مرۆڤ دەکات، ئیمپراتۆرەکان دادەمەزرێنێت و لە ناویاندەبات، هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەتەوەکان، یا لەسەر لاپەڕەی رۆژگار دەیانسڕێتەوە، لەکاتێکدا بە هەڵوەشاندنەوەی بنەماکەی ئەمریکا واتە خاوەنداریێتی تایبەتی کۆتاییدێت». **کارل مارکس و فردریك ئەنگڵس. ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیا. وەرگێڕانی لەفارسیەوە بۆ کوردی. سەلام مارف. ساڵی 2001. ل49.**

هەڵبەت زۆر بابەت و پێشبینی بۆ مەسەلەی نەتەوە، بوون، بە دەوڵەتبوون و لەناوچوون لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە هاتووە، بەڵام ئەوەی کە

سەروەختێك دێت نەتەوە لەجیاتی رزگاربوون لە نەهامەتیەکانی و ژێردەستی، نامۆدەبێت لەبەرامبەر نەتەوەکانی دیکە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە نەتەوەی دیکە سەرهەڵدەدەن، کە نەتەوەکانی دیکە پێی نامۆیە وەکو بوون و مێژو، چونکە لە دەرەوەی مێژوە، بەڵام حەتمیەتی سیاسی کە خزمەتی سەرمایەی نادیار و بازرگانی بۆ کۆمپانیا نادیارەکان دەکات، لە پڕێکدا وەکو قارچك نەتەوەی نوێمان پێدەناسێنێت و نەتەوەی رەسەنیش دەسڕێتەوە لەسەر زەوی.

ئەو حاڵەتەی سەرەوە کەنمونەمان بۆ هێنایەوە، بەهۆی گرێی دەرونی نەبوونی دەوڵەتەوە، کە نەتەوەکان بزوتنەوەی شۆڕگێڕیان بەرپاکردوە، ئەمە حاڵەتێکی شازبوو لەدنیا و لەدوای هەنگاریای پێش سەدەی بیستەم و ئێرلاندا و سکۆتلاندای سەر بە بەریتانیا بەرپابوو، تائەو رادەیەی کە شەڕی داگیرکاریان کرد، هەروەك لەنیشتیمانی بەناو عەرەبی و ئەو وڵاتانەی لەژێر داگیرکاری فەرەنسا و بەرتانیا و ئیتاڵیا بوون، لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی بوو، بەڵام ئەمە واتای ئەوەنییە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بنچینەکەی لەو رەچەڵەکەوە، سەرچاوەی گرتبێت و کارێکی سیاسی باش بێت بۆیە سەرکێشی تێداکراوە و شۆڕشی تێدا بەردەوامبووە و داواکاریش تاکو دروستبوونی دەوڵەتە، بەپێچەوانەوە تەنها فۆڕمەکە بەوشێوەیە خۆی نیشانداوە، بەڵکو نمونەیەکی دیکەی سیستمی دنیای سەرمایەدارییە بەرەو پەرشو بڵاوکردنی گەلان، کە پێکەوەژیاون تائێستا و کردنیانە بەدەوڵەت وەك جوگرافیای سیاسی و ئابوری و شێوەیەکی دیکەی داگیرکاری و دەوڵەتی بەرسێبەر، کە لەرابردودا هەریەك لەبەریتانیا و فەرەنسا خاوەندارێتی ئەم ستایلەیان لە ئوستراليا، کەنەدا، هۆنکۆنگ، پاکستان، هیندستان، رۆژهەڵات و بەشێك لەئاسیا کردبوو، کەچی ئێستا خەریکن ستایلێکی دیکە لەداگیرکاری پۆست مۆدێرن دەخوڵقێنن و تارادەیەك ئارەزوی نەتەوە و کۆمەڵگەکانیشی تێدایە بە بێ کێشە و بەناوی روخانی سیستمە کۆنەکان و دامەزراندنی سیستمی نوێ، رەنگە بۆ دەرکەوتنی

سیمای دەوڵەتی نوێ لە داهاتودا، ئەم بۆچوونە پێشبینیکراوە بسەلمێنێت.

لەلایەکی ترەوە گرنگی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، کە هیچ چەوسانەوەیەکی لەسەر نییە لەلایەن هێزێکی دەرەکیەوە، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێك دەزگا دێت کە لەتێکەڵبوونی دەسەڵاتەکان رزگاری بێت، ئەمە ستراتیژی سەرەکییە و لەلایەکی تریشەوە بۆ پێشبڕکێیە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکە، بەڵام بۆ نەتەوەی ژێردەست، کە بۆتە گرێیەکی دەرونی سیاسی و مێژویی، مەسەلەی رزگاربوونە لەچەوسانەوە لەژێر دەستەیی گەلانی سەردەستە، ئەگەرچی سەدەیەك دەبێت کە مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو مۆدێلێکی سیاسی لەئاستی نێودەوڵەتیدا باوی نەماوە و دەوڵەتی فرەیی لەکولتور و نەتەوە و ئاین جێگەی گرتۆتەوە وەکو ئەوەی لەئەمریکا و ئەوروپا هەیە، بەڵام هێشتا ئەو گرێ دەرونیە سیاسیە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان و ئەوانەی وەکو دیفاکتۆ ماونەتەوە، جێگەی بایەخن و وەکو کێشەیەکی سیاسی ماوەنەتەوە.

دیاریکردنی هەمو ئەو بەهێزکارانەی، کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دێنەپێشێ، بریتین لەئابوری سەربەخۆ، ستراتیژی سیاسی، سنور، دیبلۆماسیەت و بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسی بەگوتارێکی ناسراو لەئاستی باڵادا.

لەئاستی لۆکاڵیش بریتییە لە یەکلاییکردنەوە و دابڕانی کۆمەڵگە لەرابردوو، سازکردنی تاك و کۆی کۆمەڵگە بۆ روبەڕوبونەوەی هەر دژواریـیـەك و زەمینەسازی بۆ جێگیربوونی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی ئاسایشی دەرەکی کە بریتیە لەبەرگریکردن لەهێرش، دزەکردن، تێکدانی تەندروستی، پەروەردەی تاك، پاراستنی کولتور و لانیکەم دامەزراندنی سیستمێکی ئابوری کۆمەڵایەتی لەبار بۆ هەمو هاوڵاتییان کە چوونیەك بێت. وەختێك ئەمانە لەبار نەبوون، کەواتە ئاسان نییە گەیشتن بەستراتیژێك کە دەوڵەتە، هەڵبەت سەبارەت بەو دەستەبژێرەی کە پێشڕەوایەتی نەتەوەی ژێردەست دەکەن پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئەرکداری نەپارێزێت، یان ئەو ویستە عەقڵانییە لەدەستبدات

بۆ بەرژەوەندی خۆیان، یان ئاڕاستەیەکی دژ بەگشت کە دەتوانێت جارێکی تر شەڕی گشت بکات.

گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێوان تاك کۆی کۆمەڵگە و سیستمی دەوڵـەت بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە، گرێبەستێکە بە بێ باڵانس لەنێوان وابەستەبوونی تاك و سیستمی حوکمڕانی، کە دادوەرییە، نەك هەرناکرێت، بەڵکو بێ بەها دەمێنێتەوە و سەرناگرێت، لەوەش گەمژانەتر بە بڕوای سپینۆزا ئەوەیە « ناکرێت تاکێك لەگەڵ گشت یان کەسێك بۆ هەمیشە داوا لەکەسێك بکات خۆی گرێبدات بە گرێبەستێکەوە، بە بێئەوەی لەکاتێکی دیکەدا تەماشابکات ئایا ئەو گرێبەستە زیانی زیاترە یان سود، ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت گرنگی هەیە، کەواتە ئەگەر خەڵك بەگشتی رەخنەیان لەو عەقڵە گرت و تێگەیشتوون، کە دەوڵەت سودێکی زۆری هەیە، کەواتە پێویستە بۆ بەرزترین سنور کە هەرکەسێك رازیبوو بە بێ هەڵخەڵەتاندن، ئیدی دەبێت هەموان بەوردی ئەو گرێبەستە بپارێزن، چونکە ئەوە داوای خۆیانە بەوشێوەیە بمێننەوە، ئەویش ئەوەیە کە پارێزگاری لەو دەوڵەتە بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە بینرا تاك یان هەر کەسێك، کە گرێبەستێکی قبوڵکردوە، بەڵام خزمەتکردنەکەی وەکو پێویست نییە، ئەوا ئیدی ئەو کەسە بۆی هەیە بەبارتاقای پاداشتەکەی پارێزگاریبکات». **سبینوزا. رساله فی اللاهوت و السیاسه. ت. وتقدیم. د. حسن حنفی. مراجعه. د. فؤاد زکریا. دار الطلیعه. بیروت. ل381.**

لێرەدا سپینوازا قسە لەسەر شێوازی گرێبەست دەکات، وەکو پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ دامـەزرانـدن و بەردەوامبوونی دەوڵـەت و پابەندبوونی هەمیشەیی تاك، بەڵام خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە تائێستا دەوڵەت تەنها بۆ پاراستنی کیان و دەسەڵات داوای لەتاك و کۆی کۆمەڵگە کردوە کیانەکە و قەوارە سیاسیەکە بپارێزن بە پێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و لەبەرامبەریشدا

هەر ئەو ئیمتیازاتەی بە تاکداوە کە لەگەڵ زەمەنی پێش پەیمانەکە جیاوازی هەیە لەسود و شێوەی ماف و ئەرك، لێرەوەیە دەوڵـەت دەچێتە بەردەم پرسیاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، یان ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەگەر عەقڵ و عەقلانیەت سیستمی دەوڵەتی دامەزراندوە و خەڵکی ناچارکردوە ئەخلاقی و یاسایی، کە کیانەکە بپارێزێت و لەبەرامبەریشدا کەڵك وەربگرێت، ئەی بۆچی ئەو عەقڵیەتە نەیتوانیوە لەهەمان زەمەن و هەمان تێگەیشتندا نەمێنێتەوە کە گرێبەستەکە لەگەڵ بارودۆخی جیاوازدا، جیاوازی بەسەربێت، تاکو تاك و خەڵکیش بەگشتی بیر لە پشتگوێخستن یان بیرۆکەی گۆڕینی ئەو دەوڵەتە نەکەنەوە. کە زۆربەی شۆڕشە جەماوەرییەکان و کودەتا سەربازییەکان بە هۆی نادادپەروەری دەسەڵاتی حاکمەوە بووە، کە دەوڵەت دواجار بووە بەقوربانی خراپ بەکارهێنانی سیستمی سیاسی و کارگێڕی، بۆیە دورنییە ئەم مەترسییە بێت کە دەوڵەت هەمیشە بیر لەبەرژەوەندی هاونیشتمانیانی خۆی دەکاتەوە کە بیرکردنەوەیەکی عەقلانییە.

دەوڵەت جگە لەو بونیادەی کە لەروی ئابوری و جیۆسیاسی و ستراتیژەوە کە دەبێت هەیبێت، ئامادەسازی دەوێت لەرووی مرۆییەوە، ئایا ئامادەی ئەو ئاستەنگانەیە، دێنە بەردەم قۆناغە سیاسیەکەی، ئایا دەتوانێت لەگەڵ گروپی سیاسی کەژیانیان لەگەڵ خەڵکی سادە جیاوازە قبوڵبکرێت؟، ئایا ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە هۆشیارە ئامادەیە کە پێشوازی لەو قۆناغە بکات؟. ئەم پرسیارگەلە بۆ ئەو قەوارە سیاسیانە دەکرێت، کە دەوڵەت نین و وەکو دیفاکتۆیەك مامەڵەیان لەتەك دەکرێت، لەوانەش قوبرس و فەلەستین و کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا و هەرێمی کوردستان، هەڵبەت ئەم دیفاکتۆیانە تەنها نەتەوەیەکییان تێدا نییە، بەڵام ناسنامەکەیان بەناوی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە لەروی سیاسییەوە ناوبانگی رۆیشتووە.

هەمو ئەو دیفاکتۆیانەی دیکە کە ناومانهێنان یەك پارچەن و یەك

دەسەڵات بەسەریانەوەیە و کێشەیان لەگەڵ یەك سیاسەت و یەك دەوڵەتی داگیرکەر هەیە ئەمریکا بۆیە کێشەکەیان ئاسانتر رۆیشتووە وەکو ناسنامە و مەسەلەی یەکلاییبوونەوەی ئەو وڵاتانەش، کە بەچەك ئاگر و ئاسن ئەو کێشانە چارەسەرنابن و بەرێگەی دەستور مافی دەنگدانیان هەیە لەریفراندۆمێکدا سەربەخۆیی وەرگرن یان بمێننەوە، هەروەك ئەوەی لە سکۆتلەندا بینیمان، بۆیە لەهەمویان جیاوازتر نەتەوەی کوردە کە تەنها پارچەیەکی دیاریکراوی نییە بەدەس دەسەڵاتێکی سەرکەوتکەر و نەتەوەیەکی ترەوە هەبێت و کۆمەڵگەیەکی دابڕاوبێت لێی لەروی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و هتد. بەڵکو زیاتر لەپارچەیەك و زیاتر لە دەوڵەت و هێز و گروپێکی کۆمەڵایەتی رووبەروی دەبێتەوە، ئەمە جگەلەوەی نائامادەگی خەڵکی کورد و ئەوانەی لەگەڵ کورد دەژین بۆ ئەو گیروگازە سیاسی و ئابوریەی چاوەڕێیدەکات، سازنەکراوە. چونکە لەروی جیۆستراتیژیەوە یەکلایی نەبۆتەوە چۆن و بەچ میکانیزمێك مامەڵە لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتیەکان و کولتورە جیاوازەکان و سنورە جیاوازەکان و دەوڵەتەکان بکات.

## هاوڵاتی لەدەوڵەتدا

قسەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت « هیچ وڵاتێك و دەوڵەتێك بە بێ هاوڵاتی نییە» ئەم وتەیە وەختێك دەسەلمێنرێت، کە دەچینە سەر مەسەلەی هاونیشتینمانیبوون، یان ئەوکاتەی، کە دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێك کەلتوری جیاواز لە هاوڵاتیبوون لەروی کولتوری و ئاینی و نەتەوەییەوە.

### ئاین. مەملەکەت. شار. نیشتیمان و رەگەز

هەڵبەت هێزی ئاین و تێکستەکەی یەکێکە لە ئامانجەکانی دەوڵەت، هەر ئەمەش بووە لەسەروەختی خۆیدا بونیادی سەرەتایی دەوڵەت و بەهێزکارەکانی و سیما و رەگەزە بنچینەییەکانی، بۆیە وەکو هێزی پاراستنی یەکەمی دەوڵەت تەماشاکراوە، بۆ نمونە هێلکەی ئیسلام وەکو رەگەزی حوکم وایە، مەبەستم لە هێلکە ئەو گەرایەیە کە زیاتر لە 15 سەدە دەبێت مومارەسەی دەوڵەت و موڵکیەت و هاونیشتیمانی دەکات.

«ئاین سروشتێکی مەعنەوی هەیە، بەڵام نیشتیمان سروشتێکی ماتریالی هەیە، لە تێگەیشتنی خەیرەدین تونسییدا، نیشتیمان بە واتای وشە بریتییە کۆمەڵێك لە دانیشتوان، پێشتریش ئەم زاراوەیە واتە نیشتیمان سروشتێکی نەرێنی هەبووە بۆیە ئامادەبووە بۆ ملکەچبوون، بەڵام زاراوەی گەل بۆ کیان قودرەتێکی کارابووە». **عزت قرنی. الامة و الوطن و المواطن. عالم الفكر المجلد التاسع العشر. مارس 1989.**

نزیکبوونەوەی هاونیشتیمانی بۆ نیشتیمان، کە بەشێکی پەیوەندی بە دەوڵەت و کارێکتەربوونەوە هەیە، ئەو خۆشەویستییەیە کە هاونیشتیمانی بۆ ئەو خاکە هەیە و هاوڵاتی بە خاکەکەیەوە گرێدەدات، ئەمە گوزارشت لە خۆشەویستی هاوڵاتی دەکات بۆ وڵاتەکەی، بەو مانایەی کە نیشتیمان هەمیشە

دەبێت لە خزمەتی هاونیشتیمانی خۆی بێت و هاونیشتیمانیش بەهەمانشێوە لەخزمەتدابێت لەروی سەربازی و خزمەتگوزاری و خۆ بەنوێنەرکردنی و پاراستنی لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەکی.

نیشتیمان ئەو زاراوە مەعریفیە سیاسیەیە کە هاوڵاتی لە ئینتیمای بۆ ئاینەوە دەگوازێتەوە بۆ خاکێك، کە نیشتیمانە، ئەم تێگەیشتنە عەلمانیە و وێنەیەکی شارستانی خستۆتە سەر سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و هۆکار و ئامانجەکانی، کە بەشێکە لە گشت، ئەمە جگە لەوەی هاونیشتیمانی بەو مانایەی کە جێگەیەکی کارا داگیردەکات لەو خاکەی بەناوی نیشتیمانەوە ناونراوە، دورخستنەوەی تاکە لە تەممەڵی و تەوەزەلی و خۆ بێکارکردن و شان خاڵیکردنەوە لەئەرك و مەهامەکانی دەوڵەت.

لەدوای شکستی عوسمانیەکانەوە کە زیاتر لە سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە، ئیدی واتای نیشتیمان بۆ خاك و زەوی، گۆڕا بۆ ئەو پانتاییە زەوییە کۆمەڵایەتیە سیاسیەی کە بەگشت و بەتاك تێیدا ژیانی پێکەوەیی و هەمەلایەنەی تێدایە وەکو موڵکی گشتی، بۆیە چارەنوسێکی داهاتوی بۆ هاوڵاتی تۆمارکردوە، ئەویش دروستکردنی رابردویەك وەکو یـادەوەری لەسەر ئەو زەوییەی کە چیرۆکی تێدا تۆمارکراوە، یان بەو مانایەی کە تاك چیرۆکی خۆی لە شوێن و کاتی جیاوازدا تۆمارکردوە وەکو نمونەی دیکۆمێنتاری بۆ نیشتیمانێك کە موڵکی گشتە، لەوێشەوە کۆمەڵگە دەبێتەماڵێك واتە خاوەنداری ئەم زەویەی پێی دەگوترێت نیشتیمان.

پێشتر هاونیشتمانی هیچ مانایەکی نەبوو، تاکو فرەیی لە رەگەز، مەزهەب، ئاین و نەتەوە جیاوازەکان نەبوو، کە بڕیاردرا پێکەوە بژین، یان بەمانایەکی تر پێکەوەژیان بوو بە واقیعی جێگیر، ئەم چوارچێوەیە بۆ بڕوابوون بە خاوەندارێتی زەوی وەکو زاراوەیەکی سیاسی، کە مانایەکی فراوانتری وەرگرت، ئەویش گۆڕینی ئەو دەسەڵاتەی پێشتر لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا ئاغا هەبوو،

بەدەست لەژێر چنگی ئاغادا دەژیا و خزمەتی دەکرد، بەڵام بە سەرهەڵدانی نیشتیمان وەکو سنور، قەوارە، خاك و ژیانی کۆمەڵایەتی، هاوڵاتی بوو بە خاوەنی مافی یاسایی و دەستوری و چیتر دەسەڵاتێکی عورفی نەما زاڵبێت بەسەر تاکدا.

مولکێتی روحی ئەو ئینتیما گرێدراوەیە بە ژیانی تاکەوە، کە لەلایەك مانایەکی مەعنەوی وەرگرتووە وەکو نەتەوە، مۆرك، کولتور و شوناس، لەلایەکی دیکە وەکو مولکیەتی ماتریالی کە جەستەیەك پێکەوەلکاوی ئەو هەستانەیە، کە نیشتیمان بەشێکی زۆری لەو مولکیەتە خولقاندوە.

## رەگەزە سەرەتاییەکانی هێز

هەر قەوارەیەك بە بێ رەگەزە سەرەتاییەکان کە دەوڵەتی پێدەناسرێتەوە، واتای تەواوی دەوڵەت ناگەیێنێت، رەگەزە سەرەتاییەکان بریتین لە:

(خاك _ کۆمەڵگە _ سامانی ئابوری _ سیستم _ سنور)، ئەم رەگەزانە بەشێکی گرنگن لەدیاریکردنی هێزی دەوڵەت وەکو مەرجی جیۆسیاسی لەئاستی نێودەوڵەتی، زۆرجار دەوڵەت دەبینین خاوەنداری سامانە و بە دەوڵەتی لاواز تەماشا دەکرێت، لەوانەش نمونەی عێراق، کوێت، یەمەن و هتد لەناوچەکە هەیە، لەبەرامبەر ئەوەدا دەوڵەت هەیە بە پێی ئەو پێوەرە جیهانییە خاوەنی سامانێکی گەورەی وەکو نەوت و ماتریالی سروشتی نییە، کەچی خاوەنی شوناسێکی بەهێزە و کەسایەتی و شوناسی دەوڵەت بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتەوە پارێزراوە و بەدەوڵەتی بەهێز ناسراوە، «هێرفیندال شارەزایەکی بواری سیاسەتی دەوڵەتی جیۆستراتیژیە و پێیوایە ئەگەر دەوڵەت خاوەندار و دەوڵەمەندیش بوو، کە نەیتوانی دەستکەوت و سامانەکەی بخاتە وەبەرهێنانەوە، ئیتر ئەو سامانە تەنها ئاو بێت، یان دەستکەوتی کەش و هەوا و بارانیش بێت یان هەرجۆرە سامانێکی دیکە بێت، وەختێك نەیتوانی رێز لەو سامانە بگرێت و بەکاریبهێنێتەوە کەبووەتە

هۆی بەرگریکردنی لەنەمانی لەرووی ئابوریەوە، کە مەرجی بوونیەتی، ئەوا ناتوانێت بەرگری لەبوون و خۆی بکات لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی، کە چاویان تێبیرپوە، تاکو لەبەریەك هەڵنەوەشێتەوە و بەکارینەهێنن بۆ قازانجی خۆیان، لەمکاتەدا ئەو دەوڵەتە دەبێتە قەوارەیەکی بەکاربەر بۆ دەوڵەتی دیکەی زلهێز یان داگیرکەر و چاوچنۆك، ئیدی هەرگیز نابێتە خاوەن شوناس و شارستانیەت و خۆی پێناپارێزرێت». **د.عمر الفاروق سید رجب. قوة الدوله. دراسات جیوستراتیجیه. مکتبة مدبولی. ل230.**

هەڵبەت بە پێی ئەو بۆچوونەی کە لەسەرەوە باسمانکرد، وەکو بونیادی ئابوری خۆڕسك، دەبێت دەوڵەت خاوەن هێز و داهاتی خۆی بێت، بەڵام جگە لەداهات و ئابوری خۆڕسك و هێزە سەرەتاییەکانی بوونی سروشتی تاکو لەرێگەیەوە لەبری لاوازی خاوەنی هێز بێت، کە ئەمە لایەنە ئابورییەکەیەتی بۆ جیۆستراتیژی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە دەوڵەت پێویستی بەرەگەزی سەرەتایی هەیە تاکو متمانە وەربگرێتەوە، کە لەسروشتەوە خۆی بگوازێتەوە بۆ ویستی گشتی و حەزێك بۆ پاراستنی مافی گشتی و ئاشتی و پێکەوەژیان، لەلایەکی دیکەشەوە پاراستنی مەسەلەیەکی ئەخلاقییە وەکو رۆسۆ دەڵێت و کانت تیۆریزەی کردوە و بەئەخلاقی سیاسییەوە گرێیداوە و پێچەوانەی ماکیاڤیللی کە سیاسەت لە ئەخلاق دوردەخاتەوە، بەڵام ئەوەی کە تێگەیشتنی جیاوازە، ئەوەیە کە بۆچی دەبێت تاك هەمیشە بیر لەپاراستنی دۆخی سیاسی، بەرژەوەندییە گشتیەکان، قەوارە و سنور بکاتەوە، تاکو دەوڵەت نەکەوێتە دۆخێکی مەترسیدارەوە، لەکاتێکدا تاك بۆی هەیە داواکاری زیاتری بوێت، یان تاك بیربکاتەوە لەوەی دەوڵەت کە سیاسەت و بەڕێوەبردنەکەی لەچنگی دەستەبژێری سیاسییە، بەلارێگەدا نەبرێت و لەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە نەچێتەدەرەوە کە گرێدراوە، بە پێچەوانەوە دەچێتە خانەی نائەخلاقیەوە و دورنییە کە بیر لەتێکچوونی بارودۆخ بکرێتەوە.

لەکۆمەڵگەیەکدا کە لانیکەم ئەم هۆشیارییەی لەلا چەکەرەکردوە و تێدەگات لەویستی خۆی و بەرامبەرەکەی کە فەرمانڕەوایە، بۆیە نابێت هیچ ویستێك لەبەرامبەر ویستی فەرمانڕەوا کەم تەماشا بکرێت و هەمو شتێك رادەستی ئەو کەسە بکرێت کە ویستەکانی دەوڵەتی تێدا کۆکراوەتەوە، ئەمە لەئەنجامدا نائارامی و نائاسایشی و بەرژەوەندی گشتی تێکدەدات، هەروەها بەپێچەوانەشەوە ناکرێت بۆ ویستێك یان داوایەکی حەتمی سیاسی و لەدۆخێکی هەستیاردا بکرێت، ئەگەر بۆ فەرمانڕەوا یان سەرۆك داواکاریەکە جۆرنەبوو، ئیدی کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوە و شەرعیبوونی لێبسەنرێتەوە، چونکە ئەوە بڕاوەتەوە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ویستی عەقڵی گشتییە و جڵەوی سیاسەتی دەوڵەت رادەستی کراوە، بەوپێیەی کە ئەوە شوێنکەوتوی عەقڵی خەڵکە تا ئەو جێگەیەی لە تواناندایە داواکارییەکانی گشت فەراهەمبکرێت، ئەمەیە شێوەی عەقڵانیبوون دامەزراوەیی هاوبەش لەرێگەی عەقڵەوە.

ئەمەی سەرەوە کە باسمانکرد بەتایبەت بۆ نەتەوەیەك یان کۆمەڵگەیەك دەیەوێت دابڕێت لەرابردو، خۆی بونیاد بنێت، خۆ بونیادنان نەك لەروی ئابورییەوە، بەڵکو لەروی سیاسیەوە کە ململانێ ناوخۆییەکانی هێشتا یەکلایی نەکردۆتەوە، بۆ ئەمەش پێویستی بەهێزی جۆراوجۆر هەیە، لەوانەش سوپا کە لەخزمەت پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتی بێت، نەك تێکدانی چارەنوسێك کە تاك و کۆمەڵگە چاوەڕێیناکات، هەروەك ئەوەی لەمێژوی کۆن و نوێدا بینراوە و هەمیشە تاك باجی ئارەزوە شەڕانگێزیەکانی سیاسەتمەدار و خوداوەندەکان و سەرۆکیان داوە، وەختێك ئەمە نەبوو، ئیدی ململانێ دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە کۆمەڵگە لـەدەرەوەی دەوڵەت دەبێت بە بەرەیەکی دژ بەو دەستەبژێرەی دەوڵەت بەرێوەدەبەن و ئامانجەکەشی بەرهەمهێنانی بێمتمانەییە.

هەڵبەتە ئەو فشارەی کە لەسەرەتاوە دەکەوێتە سەر جەستەی گروپی

دەستەبژێری سیاسی، کارکردنە بۆ نەهێشتنی لەکە و چارەسەرکردنی برینی رابردو، بەوپێیەی کە لەرابردودا ئەم نەتەوەیە هەمیشە خوێن لەبرینی چۆڕاوە، مەسەلەی هێز لەهەمو دنیادا لەسەدەی رابردووەوە یەکلاییبۆتەوە، کە هێزی چەکداری و جەنگ کێشە چارەسەر ناکات مەگەر گروپی توندڕەو نەبێت، بەتایبەت نەتەوە یان کۆمەڵگەی بچوك و کەم هێز، ناتوانێت ململانێی لەگەڵ هێزی گەورەدا بکات، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە ئەگەر هێزی وەکو سامانی سروشتی هەبێت، ئەوەی کە لەسەردەمی یۆنانیەکان لەروی مێژوییەوە هەوڵی بۆدراو کەچی دواتر لەلای رۆمەکان بەرهەمی وەرگرت و دەوڵەت بوو بەفۆرم، خۆ ئەگەر هەمو ئەو مەرجانەش بۆ دەوڵەت وەکو قەوارە هەبوو، کە خاوەنی هێزی ئابوری بێت و بەو ئاڕاستەیە کاربکات بۆ خۆ پاراستن، بەڵام لایەنێکی دیکەی ناوخۆیی هەیە کە مەترسیدارترە بۆ نەهێشتنی دەوڵەت وەکو شوناسی ئابوری، ئەویش لاوازیەتی لەئاست دەرەوە و ناوەوە، کە دەستەبژێرێکی گەندەڵ بەڕێوەی ببەن، چونکە ئەم دەستەیە کە ناتوانن یەکسانی لانیکەم لەبەڕێوەبردنی کارگێڕی تەماشابکەن، ناتوانن دەوڵـەت لەمەترسییەکانی دەرەوە بپارێزن و لەوێشەوە شوناس و کەسایەتی ئەو قەوارەیە لەروی سیاسی، فەرهەنگی، ئابورییەوە لەدەستدەدەن و رادەستی دەوڵەت و هێزە چاوچنۆك و داگیرکەرەکانی دەکەن، بەڵام لێرەدا کێشەی دەستەبژێری سیاسی، کە پیاوانی دەوڵەتن، سنوری عەقڵیان هەر ئەوەندە بڕیکردوە کە تەنها هێزەکانی ناوخۆ و سوپا و یاسا و هتد دەتوانن کۆڵەکەکانی دەوڵەت رابگرن، لەوە تێنەگەیشتوون کە کۆمەڵگە بەشێکی گەورەی ئەو کۆڵەکەیەن، کە پێوەری سیاسەتن لەهەمو چوارساڵ جارێك کە هەڵبژاردن دێتەپێشێ و سوپا و هێزە ناوخۆییەکانیش هەر بۆ پاسەوانی سیاسەتێکی دیکە و کۆمەڵگە ئامادەن و هەر بۆ ئەوە ئامادەن کە سیستم بپارێزن و هیچی تر.

مەسەلەی جەنگ و پاراستنی دەوڵەت و قەوارە، مەسەلەیەکی نەبڕاوەیە

لەدنیادا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لەدنیای رۆژئاواش ئەم نمونەیە بەشێوەیەکی تر هەیە، نمونەی ئەو دەوڵەتۆچکە یان دیفاکتۆیانە زۆرن کەلەمێژودا جەنگیان کردوە نەگەیشتونە بەهیچ دەرەنجامێکی بەسود لەروی مرۆییەوە بۆداخوازیەکانی ژیان، سکۆتلەندا ماوەیەکی زۆری گەرەك بوو تاکو ئەو قۆناغەی بڕی و چووە سەر سیستم و بەدەستور مامەڵەی لەگەڵ بەریتانیای گەورەدەوڵەتی دنیاکرد، چونکە ئەوانیش لەمێژودا لەجەنگێکی درێژخایەندا بــوون، ئەمە بۆ ئەو دەوڵەتانەش دەگونجێت کە فۆڕمی داگیرکراویان بەسەردادەسەپێت.

هێز بەشێکی دیکەی گفتوگۆی ئەو دەوڵەتانەیە، کە جگە لەداگیرکەر، بەڵکو ملهوڕن لەبەرامبەر نەتەوەکانی دیکە و خاوەنی هێزی کۆمەڵایەتین لەلایەك، هەروەها بۆ تاکەکانیش لەبەرامبەر ئەوانی تر لەلایەکی ترەوە، لەم روانگەیەوە هێز ئاماژەیە، بۆ پێکەوەبەستنی هەر کەسێك بە کەسانی تر، یا پێکەوەگرێدانی کۆمەڵێك شتی زۆرو پێکەوە نەگونجاو، راستی ئەم پێکەوەگرێدانە لەوەدایە لەوانەیە کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەبێت، کە پێکەوەگرێدانیان زۆر بەکەڵك بێت، لانیکەم بۆ بەدواداچونو دەستخستنی مەبەستەکانیان. هەمان تێگەیشتنە، کە (مان)ی فەیلەسوف، بەمشێوەیە دەریدەبڕێت: «هێز لەگشتیترین واتایدا، توانایە، بۆ بــەدواداچـونو بەدەستهێنانی ئامانجەکان، ئەمەش لەڕێگەی دەسەڵاتێکەوە دەبێت، کە لەژینگەی تاکە کەسیدایە (Mann، 1986، p.6). هەر لەم بارەیەوە (ئەنتۆنی گیدنز) پێداگریدەکات: پشتبەستن بە توانای تاك بۆ «پێکهێنانی جیاوازی» لەپێش بوونی بارودۆخەکان یان ئاڕاستەی رووداوەکانە. ئەمەش دانانی جێگرەوەیەکە، ئەگەر کەسێك توانای لەدەستبدات بۆ «پێکهێنانی جیاوازی»، دیارە ئەم جێگرەوەیە، لەبەکارهێنانی هەندێك جۆری هێزەوە بەدەستدێت (Giddens 1984،p.14) بەواتایەکی تر هێز مەرجێکە بۆ جێگرتنەوەی مرۆڤ».

ئەم روانگەیە لەناو رونترین واتـادا راڤەکراوە، ئینجا، لێرەدا ئەوەی دەربارەی هێز وتراوە بە گشتی کەمێك بەسودە. لەم واتایەدا هێز ئاماژەیە بۆ کۆبونەوەیەکی ناسازگاری ئەدگارەکانو خاوەنداریەتییەکان، کە پێویستە کەمێك هاوبەشی لەنێوانیاندا هەبێت، جگە لەوەی پێدەچێت ئەمە هاوبەشی بەسودی هەبێت لەبەدواداچونی هەندێك لەمەبەستەکانی مرۆڤ، تاڕادەیەك لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییەکانی هێز وەك زنجیرەیەکی لێکۆڵینەوە وایە لە لێکۆڵینەوەی خودی هێز بەشێوەیەکی جیاکراوە، ئەمەش بە هۆی دیاریکردنی ئەو هێزەی پەیوەندیدارە بە هێزێکی تر یا پەیوەندیدارە بە زمانپاراوییەوە، یا سامان، یاکاری پەنهانی خوا، یا ئەدگارەکانی تر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیدارە بە بەکارهێنانی جۆراوجۆر لەو هێزانەدا کە دەتوانرێت ببینرێن. هەرچۆنێك بێت، زۆربەی ئەو کەسانەی دەربـارەی هێز دەنوسن ئەو یاسا چەندایەتییە رەتدەکەنەوە لەڕاڤەکردنی هێزدا، کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە لەواقیعدا، واتە پەیڕەوی ئەو لێکدانەوەیە دەکەن کە لە لێکۆڵینەوەدا نیشاندراوە. لەم شوێنەدا لێکدانەوەی دوەم دەدۆزینەوە: ئەم لێکدانەوەیە لەناو هێزدا ئاماژەنادات بۆ تواناى سەرو سروشتی، زمانپاراوی، سامان، بەڵکو لەهەندێك شتدا تاڕادەیەك ئەم تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانە لەناو هزردا هاوبەشن.

ئەوەی لەپەیوەند بەڕونکردنەوەی هۆبز بۆ هێزی دەسەڵاتدار دەبینین، لەڕاستیدا هۆبز لەنوسیندا بەم شێوازە دەنوسێت، وەك لەم دەربڕینەوە دەردەکەوێت: «دیاریکردنی هێز لەهەندێك کەسدا بە هۆی رازیبونیانەوە هێزیان یەکخراوە (Leviathan ch.x،1968.p.150). لەم جۆرەی هێز (هێزی یەکخراو). هۆبز بەشێوەیەکی تر پێماندەڵێت: «لەبەرئەوەی هێزی مرۆڤێك لەبەرامبەر کاریگەری کۆسپەکانو بەرەنجامی هێزی کەسێکی تردایە، کەواتە: بەشێوەیەکی سادە هێز رێژەیەکی زۆرنییە، بەڵکو هێز رێژەیەکی زیاد

لەپێویستی کەسێکە لەسەر کەسێکی تر» (Hobbes1928 p. 2). لەم لێدوانەدا، هۆبز ئەو روانگەیە دەربارەی هێز نیشاندەدات، کە چەند لایەنێکی گرنگ لەپێناسە سادەکەی پێشوتری جیادەکرێتەوە، لایەنی یەکەم، ئەو پێشنیارەی وەك لایەنێکی چەندێتی لەهێز دەڕوانێت. بەواتایەکی تر، هێز بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە توشی شپرزەیی نەهاتووە دیارە ئەم تایبەتمەندییانە تایبەتمەندی تایبەتی دڵنیاین. تاڕادەیەك ئەم تێگەیشتنە وەك کەرەستەیەکی هاوبەش وابــووە، کە هەندێك بەشداری هەبووە لەتوانا بونیادییەکان یان بناغەی کاریگەری، بەشێوەیەکی وەها هەریەك لەم تایبەتمەندییانە لەناو بەدەستهێنانی «چاکەکارییەکانی داهاتودایە»، لە شێوەی وێکچوی ئەمەدا، ئەنتۆنی گیدنز ئاماژەدەکات بۆ «توانای گواستنەوە» وەك ئەوەی «زۆرترین واتای هێز لەخۆدەگرێت». (Giddens 1984.p.15). هۆکارەکان وێنە دەکێشرێن و سەرچاوە جۆراوجۆرەکان پێکدەهێننو لەناو ئاڕاستەی کردارەکانیدا بەکاریدەهێنن، بەڵام گیدنز جەختدەکاتەوە: «هێز خۆی سەرچاوە نییە، بەڵکو سەرچاوەکان هۆکارێکن کە تیایاندا هێز بەکاردەهێنرێت..... (ibidp.16)». بەواتایەکی تر، هێز بە هۆی ئەو هۆکارانەوە توشی شپرزەیی نەبووە، کە لەناویاندا بەکارهاتووە لەهەردۆخێکدا: بەڵکو هێز تاڕادەیەك وەك توانای جێگۆڕکــێپێکردن وایــە، کە تیایدا سەرچاوە هەمەجۆرەکان هاوبەشن. لێرەدا لایەنی دوەم هەیە لەنوسینەکانی هۆبزدا دەربــارەی هێز وەك توانای گشتی. لەم لایەنەوە نەك تەنها هێزی کەسە جیاوازەکان نیشاندەدرێت لەگەڵا ئەو توانا چەندێتییە بناغەیەی، کە هاوبەشن تیایدا، بەڵکو دەتوانرێت ئەو کەسانە گرێبدرێن بە جۆرێکی هێواش، کە لەجۆرێك لەجۆرەکانی تر گەورەترە. هۆبز پێماندەڵێت: «گەورەترین هێزی مرۆڤ ئەو هێزەیە، کە ئاوێتەی هێزی زۆرترین خەڵك کراوە بە هۆی رازینەبوونیان ئەم

هێزە لەیەك كەسدا كۆكراوەتەوە و رێكخراوە... ئەمەش توانای بەكارهێنانی هێزی هەمو خەڵكەكەیە». (Leviathan ch.x،1966،p. 150). بێگومان لێرەدا ئەوە تێبینیدەكرێت: «تاكە كەسەكان ئەگەر لەشێوەی هەرەوەزیدابن بەها و جوانییان زیاددەكات، هاوبەشی خەڵك لەسەروی كۆمەڵەی سێیەمەوە، یا لەسەروی سروشتەوەیە (Mann، 1986،p.6)». لەڕاستیدا وا دەردەكەوێت، هۆبز باوەڕیوابێت، دەتوانرێت بە هۆی رازیبوونی تاكەكانەوە هێزیان یەكبخرێت، بەڵام ئەم بۆچونە بەواتایەكی هەڵە ئەژماردەكرێت لەڕێكخستنێكی پێویست بۆ بەدەستهێنانی هەماهەنگییەكی كاریگەر لەكرداره بێشومارەكانی تاكە كەسە سەربەخۆكاندا.

لەكۆتایدا، تێگەیشتن لەهێز وەك توانای چەندێتی لەواتایەكی داسەپاو (جبری)یەوە گلاوە، ئەمەش پێویست نییە بۆ ئەو ڕوانگەیەی هێز، كە وەك توانای تاك وایە، وەك ئەوەی (گیدنز) لە «پێكهێنانی جیاوازیدا» ئەمەی داناوە (Giddens 1984، p.14). ئەگەر بوونی هێز هەمیشە بوونێكی بنچینەیی كاریگەربێت لەناو هەندێك چەندێتی دیاریكراودا، ئینجا، ئەو كەسانەی خاوەنی ئەو چەندێتییەن كاریگەرییەكی بناغەیی گەورەتریان دەبێت لەو كەسانەی، كە رێژەیەكی كەمتر هێزیان هەیە. لێرەدا جیاوازییەكان لەسەر «رونی چاكەكاری ئایندەیە» كە لەوانەیە بەدواداچونی بۆ كرابێتو لەسەر ئەو كەسانە وەرگیرابێت، دیارە ئەو كەسانەی هێزیان زۆرە چاوەڕێی ئەوە دەكەن ئارەزوەكانیان بەسەر ئەو كەسانەدا بسەپێنن، كە هێزیان كەمترە لەم شوێنەدا روانگەی هێز وەك توانا بۆ پێكهێنانی جیاوازییە، ئێستا ئێمە روانگەیەكمان هەیە بۆ هێز ئەویش ئەوەیە: هێز وەك توانایەكی چەندێتییە لەو كەسەدا كە هەیەتیو بەگران بەدەستیهێناوە، ئەمەش لەئەنجامدا بەپەسەند زانراوە.». **هەفتەنامەی. ئاڵای ئازادی. ژمارە. 98. ساڵی 2010.**

# کێشەی نەتەوەیی لەدەوڵەتی نوێ

نەتەوە، گەل و کۆمەڵەی یەکگرتوو پێناسەکەیان لەچوارچێوەیەکدا بۆ کۆکراوەتەوە، فەیلەسوفە فەرەنسییەکان لەدوای سەرهەڵدانی بۆرژوازیەتی چینی ناوەڕاست لە گۆڕەپانی سیاسی، لـەدوای سـەدەی هەژدەیەمەوە پێیانوابوو، کە گەل و نەتەوە بەکۆبوونەوەیان لەدەوری یەکتر، دەتوانن خۆیان لە کۆیلایەتی رزگاربکەن، هەر لەوێشەوە دەتوانن ئاستی بیرکردنەوە لەژیان و خۆشگوزەرانی لەلایەك، هەروەها لەبێ باوەڕی لە توانای سیاسی رزگاریان بێت، چونکە لەرێگەی خۆناسینەوە وەکو گشت، دەتوانن ببن بەخاوەنی شوناسی خۆیان، کە تائێستا ئەم تێگەیشتنە مانایەکی ماوە لەناو سیاسەتدا، «بەوپێیەی گەل و نەتەوە لەروی یاساییەوە مانایەکی هەیە، کە دەبێت جیاوازی چینایەتی تیانەمێنێت، لەروی سۆسیۆلۆژیشەوە دەبێت گەل ئیرادەی هەبێت، کەواتە پەنابردن بۆ ئەم تێگەیشتنە لە نەتەوە، لە واقیعی سۆسیۆلۆژی جیاوازە، چونکە تێگەشتنێکی میتۆدی دەبێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە لەروی تەکنیکیەوە پێدانی کەسایەتیەك بۆ ئیرادەی گەل، دیاریکردنی بەئەنقەست لەبونیادنانی ئەم جۆرە لە نەتەوە و گەل دەبێتە هۆکارێك بۆ پێویستیەك». **د. المنذر الشاوی. فلسفه الدوله. طبعة الثانیه. دار الذاکره للنشر و التوزیع. ل84.**

دەوڵەتی نوێ ئەگەرچی بیانوی ئازادی و رزگاربوونە لەدەستی ستەم و سەرکوتکاری لەلایەن حکومڕانەکانی پێشوی خۆیان، نمونەش بۆسنە، ئەلبان، ئازەربایجان، ئوزبەگستان و کوردستانیش لەمدواییە کەیسەکەی خراوەتە بەرباس و هتد، بەڵام راستیەکەی نە رزگاریەکەی لەچنگ، ئیرادەی خۆیەتی، نە روخانی رژێمەکەی پێشوی، نەچوونی بۆ ناو ناوەندی نێودەوڵەتی، نە سەربەخۆیی ئابوری، سیاسی و هتد، تەنها ئەوەنەبێت کە کارتێکی سیاسییە بە باگراوندێکی مێژووییەوە بۆ دانانەوەی نەخشەیەکی نوێی سیاسی و ئابوری بۆ

هێزە نێودەوڵەتیەکان، کە نزیکەی 100 ساڵ دەبێت دانراوە و ئێستا خەریکن بیگۆڕن و بیانوش رزگاربوونی نەتەوە ژێردەستەکان و نەمانی سیستمی دیکتاتۆریەتە، هەڵبەت ئەو نەخشەیەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دانراوە، بەشێکە لەو ئەجێندا سیاسیە نێودەوڵەتییەی کە هەمو هێز و دەوڵەتە پیشەسازییەکان لەسەری کۆکن.

نەتەوەی نوێ لەدوای کۆنگرەی ڤیەننا، کە ساڵی 1815 سیستمێکی تەواو یەکلاکەرەوە بەسەر ناسیونالیزمدا سەپا، نمونەش «سێسێل لەگەڵ ساردنی و لۆمبارد لەگەڵ بەلجیکا و نەرویج لەگەڵ فیللەندا گۆڕدرانەوە، ئەویش بە وشەیەك کە لەبارەی ئیتنیکێتی، کە زمان و کولتور بێتەئاراوە، ئەم کۆمەڵبەندییە پەیوەندییەکی بەسیاسەتەوە نەبوو، بەڵام زمانی زۆربەی کەسانێك، کە بابەت یا قوربانی ئەم بڕیارانە بوون، هەمان رستەیە، کە لەکۆتایی کتێبەکەی خۆی لەبارەی ناسیونالیزم ئاماژەپێیداوە. ئەویش هیچ شتێکی نوێی بەرهەمنەهێنا، بەڵکو تاکە شتێك لەسایەی چاوچنۆکی و گەندەڵی و دکتاتۆریەتدا بەرهەمهات، قوربانی نوێ بوو».. ئ**ێرنست گلنیر. ناسیونالیزم. و. بۆ فارسی. سەید محمەد عەلی تەقەوی. بۆ کوردی. عەبدوللە رەسوڵ. ل 58. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.**

جگەلەوەی دەگوترێت نەتەوە دروستکراوی مرۆڤە بەکۆمەڵ و جۆرێکە لەخۆپەرستی و خۆجیاکردنەوە لەئەوانی تر و تادەگاتە گرژترین شێوەکانی وەکـو شۆڤێنیەت و توندڕەوی و راسیزم، بەهەمانشێوە دەوڵەتیش کە هەندێکجار بۆ نەتەوە شەرعیەت وەردەگرێت، دروستکراوێکە بەناوی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژ» دەوڵەت شتێکی دروستکراوە بەوپێیەی هەوڵێکی ئیرادەگەریانەیە، ئەمە بەو واتایە نییە کەرۆسۆ تێگەیشتبوو، یان ئەو فەیلەسوفانەی سەدەی 18، بەو مانایەی دەوڵەت کەشوهەوایەك دەخوڵقێنێت، کە بۆ مرۆڤ کارەکتەرێکی تەواوکەر نابێت، بەڵام دەوڵەت لێرەدا دیاردەیەکی

سروشتی نییە، بەڵکو زیرەکی مرۆڤیش لەناودەبات، ئەمە شیکردنەوەیەکی دیکەیە کە دەوڵەت ئەو مافە نییە کە دەبێت هەبێت، ئەمە ئەوکاتە دەبینرێت کە دەسەڵات لەرێگەی کەسێکەوە یان کۆمەڵە کەسێکەوە نوێنەری هەموان دەکات، دەوڵەتی نوێ ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە». **جورج بوردو. الدوله. ترجمه. الدكتور سليم حداد. الموسسه الجامعيه للدراسات و النشر و التوزيع. بيروت. ل53.**

هەڵبەت دەوڵەتی نەتەوە لەروانگەی کۆمەڵناس و مرۆڤناسانەوە، نەتەوە پڕۆسەیەکی جێگرتوی مێژویی دەستکرد و سازکراوی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵناسەکان هەمو شێوە تێڕوانینێکی زانستخوازانە و چارەنوسسازانە رەتدەکەنەوە و پێیانوایە، کە دەوڵەت بەتایبەتی تر دەوڵەتی نەتەوە لەروی فۆڕمەوە چارەسەری کێشەی سیاسی مرۆڤ ناکات، بەپێچەوانەوە کێشەی جیاوازییەکان قوڵتردەکەنەوە بە روە نیگەتیڤەکەی، بەگشتی کۆمەڵگە زیاتر لەپێکهاتە و نەتەوە و مەزهەبێکی ئاینی تێدایە، بۆیە لەرەهەندەکانی تردا کە دەوڵەت سکەی خۆی وەردەگرێت، تێدەگەن کەسیاسەت و شۆڕش لەپێناو وەها ستراتیژ و ئامانجێکی سیاسی لەژێر ناوی نەتەوەخوازی، جگە لە دوبارەبوونەوەی کۆیلەبوونی مرۆڤ بەگشتی لەدەسەڵات و دەستەبژێرێکەوە بۆ ئەویتر هیچی تر نییە، ئەم وەهمە سیاسییە بەدرێژایی مێژوی ژیان بەردەوامبووە، بەڵام لەویست و ئیرادەی دەرەوەی مرۆڤی ئاسایی بووە، تەنها سیاسیە بازرگانەکان نەبێت، دەیانزانی ئەم سوژەیە بازاڕێکی بە بەهایە بۆ سیاسەت و بەردەوامبوونی سیاسەت و دەوڵەمەندبوونی گروپێکی دیاریکراو، بەڵام وەختێك باس دێتە سەر سۆسیالیزم کە مارکس پێشنیاریدەکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی، تەنها مەبەستەکە ئەوەیە ئەو جیاوازیە لەنەتەوەکاندا و ژێردەست و سەردەست وەکو بەشێك لەچەوسانەوەی چینایەتی نەمێنێت، بۆئەوەی ئەوە ئیلهام بەخشی گروپ و دەستەبژێری سیاسی سەردەست و ژێردەست نەبێت،

بازرگانی بەمرۆڤگەلی ئاساییەوە بکرێت و هیچی تر، وەختێك گفتوگۆی چەمکی دەوڵەت وەکو سیستم دێتەوەپێش، هەر ئەمە ئەرکەکەیەتی بۆ رێگریکردنی لەچەواشە و بەوەهمکردنی باسەکە.

کەوابوو مادام نەتەوەکان بەگشتی دروستکراون و هیچ نەتەوەیەك نییە لەرۆژی ئەزەلەوە خودا بەوشێوەیە و بەناوی نەتەوەیەکی ناسراوەوە پێناسەی پێدابن و مێژوش ئەم سەلمێنەرەی نییە، کەواتە کورد هەم نەتەوەیەکە دواکەوتوە لەروی زەمەنەوە، کە دەبوو پێشتر بەوشێوەیەی ئێستا خۆی کۆبکردایەتەوە و درووستبوایە و دیاربوایە لەناوەندی سیاسی و جیهانی، هەم لەبارێکی ترەوە دەوڵەتێکی لەو شێوەیەی ئێستا خەونی پێوەدەبینێت، دەبوایە بۆی دروستبکرایە یان رێگەی پێبدرابایە، دەبینیت بۆ یەکێکە لەو نەتەوانەی کە شانسی هەیە لەم سەدەیەدا لە ئاستی نێودەوڵەتی دەنگی بۆ بدرێت، ئیتر لەو دەردیسەرییەی جارانی دابڕێت، بکرێتە کیانێکی سەربەخۆ لەروی داراییەوە، چونکە ئێستا مۆدێلی سیاسی گۆڕاوە هەر دەوڵەتێك لەروی ئابوریەوە سەربەخۆ نەبێت، سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە، ئیتر با هەر سنوری دیاریکراو و ئاڵای خۆی هەبێت، خۆ وڵاتێکی وەکو کەنەدا گەورەترین دەوڵەتی دنیا بۆ بازرگانی و پیشەسازی و هەیبەتی دەوڵەتی، کەچی هێشتا پارچەی هەیە سەر بەفەرەنسایە تا ئەو دواییانەش هۆنگ کۆنگ سەر بە بەریتانیابوو، ئێستاش ئوستراليا سەر بەئینتیدابی بەریتانییە و هتد، ئەوان خۆیان رزگارکرد لەدەوڵەتی نەتەوەیی و سەرەنجام بوون بەکیانی دەوڵەتی ئابوری. بە ناونیشان، کۆمەڵە خەڵك، نەریت، زمان و هەمو کۆڵەکەکانی سەریانهەڵدابێت، بەڵکو ئەوە سیاسەت بووە قەناعەتی بەبنەماڵە و خێڵەکان کردوە، کە لەیەك قەوارەدا ژیاون و کردونی بەنەتەوەیەك، ئەمەش هەم شەرعیەتی داوە بەقەوارەی دەوڵەت و جوگرافیا، هەم شەرعیەتی بەململانێ سیاسیەکان داوە کە هەرچی زیاتر هێز و ماتریاڵی مرۆیی بۆ پەیدابکەن، بەڵام ئەوەی کەتوندوتیژییەکەی کەمێك رەواندەوە،

(ئەنتۆنیی سمیس) بووە لەکتێبەکەیدا بەناوی (ڕەگەزەکانی نەتەوە) باس لەوە دەکات «نەتەوە مۆدێرنەکان بە هۆی وەرگرتنی سیمبولیزم و ئەفسانەی کۆمەڵگە ڕەگەزییە مۆدێرنەکانی پێش خۆیانە، کە ئەو پێیدەڵێت (ڕەگەزەکان). کەواتە نەتەوە لەمێژووەوە دروستنەبووە، یاخود ڕەگی دانەکوتاوە لەناو زمان و کولتور و کۆمەڵەکانی بە گشتی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بنەماڵە و خێڵەکان لەترسی لەناوچوونی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، قەوارەی خۆیان فراوانتردەکردەوە و پاسەوانیان لەکولتوری خۆیان دەکرد، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتیان دابێت، یاخود داوای سەربەخۆییان کردبێت، بۆیە نەتەوە مۆدێرنەکان دێنەئاراوە». **ئاندرۆ هیوود. تیۆری سیاسی. دەزگای ئاراس. وەرگێڕانی. گۆران سەباح. ل166.**

لێرەوە بەشێك لەو نهێنیە ئاشکرادەبێت، کە لەنێوان نەتەوە و دەوڵەتی ڕەسەن و مۆدێرن هەیە، مەبەست لەو سیاسەتەیە کە لەڕێگەی کۆمپانیا نێونەتەوەیەکانەوە کولتور و ستایلی ژیانی تایبەت دەخولقێنرێت لەپێناو ئەوەی کۆمپانیایان بەناو بکرێت، لەبەرامبەریشدا نەتەوەی ڕەسەن هەن کە یان ئەوەتا پشتگوێخراون و ناکەونە بەر ڕۆشنایی ڕاگەیاندنە جیهانیەکان، یان ئەوەتا هەوڵی لەناوبردنیان دەدرێت لەڕێگەی جیاوازەوە. «تێبینیەکی گرنکە ئەگەر بەچاوی ڕۆمانسیەتەوە تەماشای مێژو نەکەین و بەچاوێکی واقیعبینیانەوە تەماشای بوون بەکیانی دەوڵەتی نەتەوەیی بکەین، دەبینین نمونەی نەتەوەکانی ئەفریقیا چۆن ژیانیان کەوتە ژێر مەترسییەوە کە سەربەخۆییان وەرگرت و لەژێر دەستی داگیرکاری نەمان، بۆ نمونە بۆفین و جاك دارك و 14ی تەمموز، هەروەها بیگوازینەوە بۆ کوناکرێ و بانگێ و لیوبۆلدفیل یان باماکۆ، ئەم نەتەوانە کەدوڵێن بەرێژەیەك سەرکەوتنیان هێنا، لەروی نەتەوەییەوە بەڵێ وایە، بەڵام لەروی ئابورییەوە دوچاری قورسترین باربوون، ئەویش روبەڕوبوونەوەی ئەو ئاستەنگانەیە کەوایکرد دوابکەون

لەبەرامبەر دەوڵەتی گەورە، لەکاتێکدا پێشتر نەتەوە دەوڵەتی دروستدەکرد، ئێستا بەپێچەوانەوە دەوڵەت نەتەوە دروستدەکاتەوە، هەروەك ئەوەی ئێستا لە ئەفریقیا دەبینرێت». **جاك دونريو دوفابر. الدوله. ت. الدكتور سموحي فوق العاده. مكتبه الفكر الجامعي. بيروت. ل13.**

بەڵام ئایا ئەو کوردستانەی قسەی زۆر لەسەرە، هەمو پارچەکانی کە دابەشی سەر 4 دەوڵەتی جیاواز لە سیاسەت و نەتەوە و زمان و کولتور بووە، ئایا بەحوکمی ئەوەی جوگرافیاکەی واهەڵکەوتووە کە فرەیی بێت لەنەتەوە، مەزهەب، ئاین و ئاینزا، قبوڵدەکرێت وەکو دەوڵەتی نەتەوە ببێتە نمونەیەکی هاوچەرخ لە ناوچەکە؟. ئەمە ئەو پرسیارانەیە، کە دەبێت وەڵامی لۆژیکی و مێژویی بدرێتەوە.

«دەوڵەتی نوێ لە نمونەی بازنەکەی باسکاڵ دەچێت کە نێوەندی لەهەمو شوێنێك هەیە و چوارچێوەکەشی سنوردار نییە و بێسنورە، ئەم دۆزە سیاسییە دەوڵەت خۆی تێدا نابینێتەوە، بەڵکو دۆزەکە پەیوەندی بە رێکخستنی حاڵەتی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، کە دواجار رای گشتی لەسەر بونیاددەنرێت و هەمولایەك ملکەچی دەبن، پاشان دەوڵەت لەهەمو کایەکاندا مومارەسەی مافی شەرعی خۆی دەکات کە ناوینراوە دادپـەروەری، لەوانەش کەنیسە و پەرستگاکان و پەروەردە و پیشەسازی و گواستنەوە و نهینی کارەکانی کە رەنگە هەندێکجار ببێتە هۆی سەرەوژێربوونی رای گشتی». **جورج بورديو. الدوله. ت. الدكتور سليم حداد. مؤسسه العامه للدراسات و النشر و التوزيع. ل 33.**

بەگشتی و بەتایبەتیش ئێمەی کورد لەکاتێکدا باسی دەوڵەت دەکەین، شارەزایەکی وەك دۆمینیك شنابیەر باس لەوە دەکات کە لەدوای هەوڵدانی زلهێزەکان بۆ گۆڕینی دەوڵەتی گشتی بۆ دەوڵەتی نەتەوە، ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو لاوازی و نەمانی داهێنان لە پێشکەوتنی خۆیان دەچن و دەڵێت: «ئەو نەتەوانەی دەچنە ناو سیستمی دیموکراسیەوە لاوازدەبن، هەروەها سەروەری

و شكۆی بەردەوام سنورداردەبێت، چونكە بەردەوام لەبیری جێبەجێكردنی پـرۆژەی سیاسییە، كە لەژێر كاریگەری كۆمەڵە نیشتیمانیەكاندایە و لەو رێگەیەوە دەبێتە گرێدراوی پەیوەستبوونی كۆمەڵایەتی، ئەو پرسیار دەكات و دەڵێت ئەو گەلانە پێویستییان بەدیموكراسی هەیە، كە بـەردەوام لەژێر چاودێریكردندا باسی پرەنسیپی نیشتیمانی و ململانێ حەتمیەكان دەكەن، كە لە دابەشكردنی دەستكەوتەكاندا لەدایكدەبێت، هەروەها چاودێری ئەو رەفتارە جێكەوتانەش دەكات، كە هەستییان بۆ گروپە ئاینییەكان هەیە، بەمانایەكی تر بەپێی دۆمۆنیك شتێكی سەرەتایی نییە گەل بەردەوام بێت لە پاراستنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی، لەلایەكی ترەوە خۆرخیس هیبرماس پێیوایە لاوازی دەوڵەتی نەتەوەیی لەپەیوەندی سیاسیدایە زیاتر لەوەی كۆمەڵایەتی بێت، ئاماژەش بەوە دەكات دەوڵەت لەو قۆناغەیدا كە تێیدا دەژی، ناتوانێت توانای بەسەر روبەڕوبوونەوەی كێشە كۆمەڵایەتییەكان ببێتەوە، كەوابوو بۆ ئەوەی لەو قەیرانە رزگاری بێت دەبێت خۆی لەسەر رەهەندە نیشتیمانیەكان رابهێنێت و ئاستە سیاسیەكانی رەها بكات بۆ ئەوەی ئاستی ئابوری وڵاتەكە بەرزبكاتەوە، نەك لەسنوری بەرتەسكی نەتەوەیی بیپارێزێت». **باتريك سافيدان. الدوله و التعدد الثقافى. ترجمه الى العربيه. المصطفى حسونى. دار توبقال للنشر. رباط المغرب. ل8.**

نەتەوەی دیموكراسی كە بەقسەی ئۆباما لە لێدوانێكی فەرمیدا لەبەرامبەر رۆژنامەنوساندا و لەسەرەتای سەرهەڵدانی داعشدا گوتی «جەنگی سێهەمی جیهانی بەرپابووە» و تەنها بەفەرمی رانەگەیەنراوە، مەسەلەی هاتنەپێشەوەی شەڕی بەوەكالەتی گروپە مەترسیدارەكان و بەتایبەتی لەناوچەی ئیسلام، كە نیشتیمانی عەرەبییە، مەسەلەی دابەشكردنەوەی جارێكی تری نیشتیمانی عەرەبی كە لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا هاتووە، بە تایبەتی وڵاتانی زلهێز بەنیازن لەو دابەشكردنە جوگرافی سیاسی ئابورییە بەشی

خۆیان هەبێت، لەکاتێکدا هەمویان کار بۆ لەناوبردنی دوژمنە هاوبەشەکەیان دەکەن، بەڵام ئاستەنگیش بۆیەکتر دروستدەکەن تاکو سیاسەتی بەرامبەریان شکستبخوات، هەمو ئەمانە ئەگەری بەردەم بونیادنانی دەوڵەتی هاوچەرخن، کە جیاوازە لەگەڵ دەوڵەتی رۆمای کلاسیك و دەوڵەتی دوای جەنگی دوەمی جیهانی و هتد.

«کێشەکە لەوەدایە کە زۆربەی ئەوکەسانەی خۆیان بەقوڵی دەرگیری دیاردەی ناسیونالیزمن، توانای ناسین و قبوڵکردنی واقیعیەتی سەرەوەیان نییە، تا چ بگات بەوەی کەلێی تێبگەن یاخود شرۆڤەی بکەن، بەشێکی گرنگ لەباکگراوندی تێڕوانینی ناسیونالیستی بۆ جیهان بوونی دەوڵەتی تۆکمەیە، بـەڵام لەهەندێك کۆمەڵگەی خێڵایەتی بێ دەوڵـەت، رێکاری لەرێگەی هاوسەنگی هێزەکان لەنێوان بەشەکانی خێڵ دەپارێزرێت، نەك لەلایەن دامەزراوەیەکی ناوەندییەوە، یەکەمین پێناسەی ئێمە لەبارەی ناسیونالیزم جەخت لە پەیوەندی نێوان رێکخراو و کولتور دەکردەوە، بە پێی ئەو پێناسەیە، یەکەیەکی سیاسی شەرعیەتپێدراو لەتاکگەلێك پێکدێت، کە خاوەنی کولتورێکی یەکسانن، لەروانگەی فۆڕمەوە ئەم بانگەشەیە دروستە، بەڵام ئەو شتەی کە رەنگە هەستیارترین هۆکاری تێڕوانینی ناسیونالیستییە، پشتگوێدەخرێت، پێناسەیەکی وردتر لەبارەی ناسیونالیزم نەك تەنها سنوری یەکەیەکی سیاسی دەستنیشاندەکات، بەڵکو بوونی دامەزراوەیەکی رابـەری دەوڵەتیش لەم یەکەیەدا گریمانەدەکرێت، کێشەی سەرەکی ئەم بەدامەزراوەییبوونە ناوەندی هێزی لە لایەن نەتەوەوە، بەزمانێکی سادەتر نابێت هیچ بێگانەیەك بەسەر ئێمەدا حکومەتداری بکات، لەراستیدا ئەم مەرجەیە کە لە پێناسەی حکومداری ناسیونالیزمیدا خۆی حەشارداوە». **ئیرنست گلینر. ناسیونالیزم. و. فارسی. سەید محەمەد عەلی تەقەوی. وەرگێڕانی بو کوردی. عەبدوڵلا رەسوڵی. ل 15 و ل16.**

ئەگەرچی دەوڵەت نوێنەری نەتەوەیەك بووە، چونكە دەوڵەتەكە بە گشتی شوناسەكەی لەچنگی ئەو دەستەبژێرە بووە، كە جڵەوی سیاسیان بەدەستەوە بووە، بەڵام لە سیستمی سیاسی ئێستادا بە تاكە نوێنەری نەتەوەیەك دانەنراوە، چونكە هەم ژیانی سیاسی گۆڕا و هەم چارەسەری كێشەی نایەكسانی لەو فۆڕمەدا چارەسەركرا، كە دەوڵەت نوێنەری هەمو پێكهاتە نەتەوەیی مەزهەبییەكان بێت، هـەروەك ئەوەی لە پەرلەماندا بوونی هەمەڕەنگی هەیە، بەڵام ناسیونالیستە توندڕەوەكان و ئەوانی تر كە هاوبیری ئەو جۆرەن لەدروستكردنی دەولـەت، وابیردەكەنەوە دەوڵەت دامەزراوەیەكی تیۆری سیاسییە و هەردەبێت بەوشێوەیە مانیفێست بكرێت بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەدەوڵەتی نەتەوەییە و هەر دەبێت خۆیان خاوەنی شوناس و سیاسەتەكەی بن، پاشماوە سیاسیەكەی تاكو ئەمدواییەش هەر مابوو، لەراستیدا دیسپلینی دەوڵەتی دوای شكستخواردنی ئەزمونی فاشیەت و نازیەت لەرۆژئاوا، كە بەرهەمی سەرمایەداری مۆدێرن بوون، هەروەها مانەوەی عەرەب وەكو نەتەوەی سەردەست و خاوەن تێكستی ئاینی بۆ حكومڕانیكردنی ئەوانی دیكەی كە لەگەڵیدا دەژین بەنەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاوازەوە، دەریخست كە نالوێت بۆ هیچ نەتەوەیەك بەو بۆچوونە توندەوە كە مێژو غەدری لێكردون، یان بۆخۆیان نەیانتوانیوە حكومڕان بمێننەوە، یان غەدریان لێكراوە بە هەر بیانویەكەوەبێت، هەر ماوەیەك دەتوانێت بەو گوتارەوە بیانیەكان بچەپێنێت لە هەمو بوارەكانی ژیان، بۆیە ئەو بیروڕایە هەیە كە بیری ناسیونالیزم بۆ دەوڵەت دەبێت بخرێتەوە بەرباس و وردتر مامەڵەی لەتەكدا بكرێت بۆ ئەوەی مەترسی بۆ سەرئەوانی تر دروستنەكات.

هەڵبەت نمونەی نوێی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەبێت بریتیبێت لەو كیانەی كە بەرژەوەندی زلهێزەكان بپارێزی و ببێتە سەرچاوەیەكی دیكەی ئابوری دەوڵەتانی وەكو ئەمریكا، بەریتانیا، فەرەنسا و هەندێكجاریش مۆسكۆ كە

بەشێکی گەورەیە لە هاوکێشەی سیاسی جیهانی، بۆ ئەمەش بزوتنەوەی ناسیونالیستی بەم کارە هەڵدەستێت و خەڵك هاندەدات دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستە. « ناسیونالیزم ئایدیۆلۆژیایە و ئایدیۆلۆژیاش سەرقاڵی ئەوەیە، کە بارودوخێك یان کاروبارێك، یان حاڵەتێك لەکۆمەڵگەدا بگۆڕێت و بارودۆخێکی نوێ دابمەزرێنێت. ناسیونالیزم ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرنە، کە خۆی وەك وەڵامێك هاتەئاراوە بۆ ئەو حاڵەتەی هەندێك بیریاری رۆژئاوایی بە حاڵەتی شپرزەیی و پاشاگەردانی مرۆڤایەتی لە دنیای مۆدێرنەدا ناوی دەبەن، شپرزەییەك کە هەمو بوارەکانی بوون و ژیانی گرتەوە، شپرزەیی لەنێوان فەرمانڕەوا و فەرمان بەسەردا کراو، شپرەزەیی روحی مرۆڤەکان، جیاوازیان یان شپرزەیی سەر و دڵ، عەقڵ هەست، عەقڵ کە وەك بەشێکی فاکەڵتی کە تەنیا کاری پۆلێنکردن و ژماردن و ناتوانێت باسی هەست و روح بکات، ئەمەش لەزۆر حاڵەتدا بووە و دەبێتەوە و دەبێتە مایەی وشکبوونەوەی کانی خەیاڵ و خاوبوونەوەی شەپۆلەکانی داهێنان و دروستبوونی بارودۆخی لێوانلێو لەغوربەت، هەروەها ناسیونالیزم هێزێکی ئایدیۆلۆژیایە و واتە لەلایەکەوە بریتیە لە چەپکێ ئایدیا، کە پەیوەندی ناوکۆییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، چەپکێ ئایدیا لەمەڕ مرۆڤ و کۆمەڵگە و سیاسەتەوە، لەلایەکی ترەوە ناسیونالیزم سەرقاڵی ئەوەیە چۆن حاڵەتێکی شتەکان و مەسەلەکان بگۆڕێت و حاڵەتێکی تر لەکۆمەڵگەدا دابمەزرێنێت، هەروەها وەکو ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی لەسەردەمی مۆدێرندا کەوتە ناو شێوازە باوەکانی ژیان و ئەو سیستمە فکریەی کە لەمێژبوو باڵی بەسەر کۆمەڵگەکانی ئەروپادا کێشابوو، ئەو پاشاگەردانیەی کە لەدوای لێڵبوونی هەمو دڵنیابوونێك هاتەئاراوە» **فاروق رەفیق. ناسیونالیزم وەك هێزێکی ئایدیۆلۆژیا. گۆڤاری سەردەم. ژمارە 5. ساڵی 1999.**

هەڵبەت دانانی سنور یەکێکە لەو هۆکار و میکانیزمانەی، کە دەتوانێت ببێتە ناسنامە بۆ هەرێمێك کە هێشتا دانەمەزراوە یان نکۆڵیلێدەکرێت،

مەسەلەی بەکارهێنانی عەقڵ بۆ نەتەوە و دیاریکردنی چارەنوسەکەی پرسیارێکە دەکرێت لەو گروپە سیاسییە بکرێت، کە پێشڕەوایەتی نەتەوە دەکەن بۆ رزگاربوون لەدەستی ستەمی میللی، بەڵام لەپەنای ئەمەش دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیردرێت، کە هاوکێشەی سیاسی توانای دروستکردن، هەڵسان، سەرکەوتن و دروستبوونەوە هەیە، هەڵبەت زۆرن ئەو هەرێمانەی تاکو ئێستاش نکوڵیان لێدەکرێت و دەوڵەتی ناوەندی ملهوڕانە رێگە تەنانەت بە راپرسییەکی ئازادانەش نادات بۆ جیابوونەوە، ئەمەش لەرێگەی دروستکردنی کێشەی ئابوری، کەتەلۆنیا یەکێك لەو هەرێمانەیە کە هێشتا بـەردەوام دوچاری بەرخوردی توندوتیژی دەبێتەوە لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت، پیاوانی سوپا، لێناگەڕێن بەدەستور، راپرسی و تەنانەت بەرێکخراوی سیاسیش مافی خۆیان بەدەستبهێنن، بۆیە سنورەکەیان بەردەوام تێکەڵ بەسنوری دەوڵەتی ناوەندی دەکرێت، نابێت بەهەرێمێکی سەربەخۆ» ئەگەر سنوری هەرێمایەتی بۆ ناسنامە و ئامانجەکان ئاڵۆزی بخاتە ناو پەیوەندییەکانی نێوان بونیادی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەییەوە، ئەوە ئەو گروپە نیمچە نەتەوەییانەش کە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانتر لەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەند دەدەن، لای خۆیانەوە بەهەمانشێوە گومان دەخەنەسەر ناسنامەی بونیادنراو لەسەر سنورە هەرێمایەتیەکان، بەڵام وڵاتانی وەکو ژاپـۆن و ئایسلاندا لەروی ئەتنییەوە یەك رەنگن، هەروەها ئەزمونی کەمتریان لەبارەی گروپە نیمچە نەتەوەییەکانەوە هەیە، کە تەحەدای شەریعەتی هەرێمایەتی و داواکاری بۆ ناسنامەی نەتەوەیی دەکەن، لەناو ئەوروپاشدا کۆمەڵگەکانی وەکو کەتەلۆنیا لەئیسپانیا و وڵاونز لەبەلجیکا، بەڵگەی ئەو گروپانەی نەیاری بیرۆکەی ناسنامەی نەتەوەیین، هەمیشە هەوڵدەدەن ناسنامە سنورداربکەن و جاربەجار لەرێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بەربەرەکانێ دەکەن، دیارە بونیادنانی نەتەوە پرۆسەیەکی دینامیکیە و وڵاتانی وەکو ئیسپانیا هەوڵ بۆ

گرتنەبەری ڕێگەیەکی مامناوەندی دەدەن لەنێوان سەرکوتکردن و خۆگونجاند لەگەڵ داواکارییەکان بۆ دروستبوونی یەکەی هەرێمایەتی تایبەت (وەکو هەرێمی کەتەلۆنیا) کە ماوەیەکی زۆرە هەوڵی بۆ دەدرێت لەلایەك، داوای دانپیانانی ناسنامەی تایبەت بەخەڵکی ئەو هەرێمە دەکرێت لەلایەکی ترەوە، بەدرێژایی 40 ساڵی رابـردوش، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئیسپانیا ئۆتۆنۆمی زیاتریان بۆ گروپەکانی کەتۆلۆن و باسك لەو وڵاتەدا دابینکردوە، بەڵام لەبەرامبەردا فەرماندە سەربازییەکانی ئیسپانیا هەمیشە هۆشیاریدەدەن، کە نابێت ڕێگە بەجیابوونەوەی یەکجاری ئەو هەرێمانە لەئیسپانیا بدرێت، بێگومان ئەم سوربوونەی وڵاتی ئیسپانیا لەسەر دەستگرتن بەو ناوچە و هەرێمانەوە، پاڵی بەگروپەکانی وەکو ئیتا (ئازادی و نیشتیمانی باسك)ەوە ناوە تاچەندین هێرشی تیرۆریستی ئەنجامبدەن لەتەقاندنەوەی بۆمب، هێرشکردنە سەر خەڵك، ماڵ و موڵکیان لەهەرێمی باسك و شارە سەرەکییەکانی وەکو مەدریدی پایتەخت، ئەو گروپە لەتەموزی ساڵی 1959 دامەزراوە، هەمیشە هەوڵ بۆ جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی لەهەرێمی باسك داوە، هاوکات لەگەڵ ناردنی پەیامێکی دژە کۆڵۆنیاڵی کە داوای کۆتاییهێنان بە داگیرکاری ئیسپانیا بۆ هەرێمەکە دەکات، لەبەرامبەریشدا سەرکردەی بەناوبانگی ئیسپانی (جەنەراڵ فرانکۆ) یەکێك بوو لەنەیارە سەرسەختەکانی ئەو هەوڵانە و تەنانەت لە هەوڵەکانیدا بۆ لەناوبردنی (ڕێکخراوی ئیتا)، سوپای میللی بەکاردەهێنا، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتو نەبوون، لەدوای مردنی فرانکۆش ساڵی 1975 سەرەڕای چەندین هەوڵی سەرنەکەوتو بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەنەوەتەکانی سەدەی رابردو، ڕێکخراوەکە لەدرێژەدان بە چالاکیەکانی بەردەوامە» **د.کلاوس دۆدز. جیۆپۆلیتیك. وەرگێڕانی. د. ئیبراهیم عەلی موراد. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی. ل109**

ئەو بیروڕایەی کە دەوڵەتی ناسیونالیستی بەشێوەیەکی کولتوری

دەبێتە حەزو ئـارەزوی ئەندامانی نەتەوەی خـاوەن بیری ناسیونالیستی، چونکە کۆمەڵگەکە خاوەن بیرێکی سنورداری نیمچە کشتوکاڵی و سەرەتای رزگاربوونیەتی لەو بیرە، واتە سنوری سەرزەمینی کە هەندێك کات هەتا رادەیەك کولتورەکە دەبینرێت. بۆ نمونە باکوری ئەفریقیا خاوەن رەچەڵەکی تایبەتی خۆیانن، بەناچار بەهۆی دەسەڵاتدارێتی ئاینەوە لەکاتی دەسەڵاتی جولەکە و دواتریش کریستیانی، واتە ئینجیل گۆڕان بۆ ئەو کولتورانە، بەڵام کە قورئان دێت ئیسلام دەبێتە حوکمڕان، دەسەڵات، شەڕ و شۆڕ لەناوچەکە، ئیدی هەم ئەوانە وەکو نیشتەجێبوو لەناوچەکە بوون و ئەوانەش کە وەکو کۆچەری بوون، دەبوو لەشێوەی باج ببنە ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەسەڵاتدارە، ئیدی بە هۆی زمانی قورئانەوە دەبوو زمانی عەرەبیش فێربن و لەوێشەوە کولتوری عەرەبی، یان ئەوەی زمانی بەربەری و زمانەکانی دیکەی دەرەوەی زمانی ئاین، وەکو زمانی نەزانین تەماشاکراو دیسپلینی بۆ دروستکراو و شەرعیەتی وەرگرت و خەڵکیش لەپێناو مانەوەدا قبوڵیکرد، ئەمە جۆرێك لەتوانەوەی ئەوانی دیکەیە لەناو گوتارێکی زاڵ، کە رەسەنایەتی نییە و بەزۆر کولتورێك دەسڕێتەوە و کولتورێکی دیکە جێگیردەکات. «دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو زاراوەیەك کە هاتە ناو سیاسەتەوە، واتە هەر حکومەتێك نوێنەرایەتی نەتەوەیەك دەکات، هەر ئەم دۆخەش بوو کە بواری رەخساند بۆ هاتنەکایەی پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنوس لەلایەن نەتەوەکانەوە، کە مافی تەواو دەبەخشێت بە هەر نەتەوەیەك، کە چارەنوسی خۆی دەستنیشانبکات و دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت، یاخود ئەگەر نەتوانرا سەربەخۆ بێت بە ئازادی خۆی ببێت بە بەشێك لەدەوڵەتێکی گەورەتر لەخۆی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە تەواوی پرەنسیپەکانی سیستمی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی و رەوایەتی نێودەوڵەتی لەسەر بونیادنراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرەنسیپە گرنگە، بەمەش دەتوانین بڵێین، کە ناسیونالیزم لەمرۆدا بنەمای ئەخلاقی و مەعنەوی

پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پێکدەهێنێت، بەڕادەیەك کە ئەو ڕێکخراوەی تــەواوی دەوڵەتانی جیهان لەخۆی دەگرێت و نوێنەرایەتی و ڕەوایەتی نێودەوڵەتی دەکات، ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێنراوە». **فریاد هاڵیدای. ناسیونالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا. لەعەرەبییەوە. د. ئەنوەر محەمەد فەرەج. گۆڤاری سەردەم. مەلەفێك لەسەر ناسیونالیزم. ژمارە57. ساڵی 2008.**

ئێمە شاهیدی ئەوەین کە زۆرجـار نەتەوە دژی بونیادنانی دەوڵەت یان سیستمی دەوڵەت دەوەستێتەوە، بۆ نمونە ئەو نەتەوانەی کە ڕەسەن و مێژویین و لەبیرکراون، یان نەتەوەی سەردەست، یان گوتاری زاڵی نەتەوە و دەوڵەت، یان سیاسەتی دەوڵەت بە گشتی خەریکە نەتەوەیەکی ڕەسەن لەناودەبات، نەتەوەی ڕەسەن لێرەدا دەبێتە نەیار و لەرێگەی جیاوازەوە دژایەتی دەوڵەت دەکات، «هیچ کات یەکسانی لەناو نەتەوە جیاوازەکانی یەك دەوڵەتدا بەرقەرار نابێت، بۆیە پەرچەکردار دروستدەبێت و خەڵکێك خۆیان بەهەمان شوناسی ئەو کەسانەوە هەڵناواسن کە ئیدیعای نەتەوەی دەوڵەتی دەکەن، بەوپێیەی زۆربەی دەوڵەتان زیاتر لە نەتەوەیەکی تێدا دەژی، ئەمە زیاتر لەفەرەنسا دەرکەوێت کە لەلایەن بریتۆنیەکانی فەرەنساوە لەنیوەی سەدەی 20دا سەریهەڵدا، کە لەمێژە هەست بەو کێشەیە دەکەن خەریکە دەتوێنەوە لەناو فەرەنساییدا، بۆیە لەرێگەی ڕۆشنبیری و کولتور و زمان و شێوازە شارستانیەکانەوە پەرچەکرداری خۆیان نمایشدەکەن، ئیدی یان سەما یان بەکارهێنانی شێوەزاری خۆیان واتە بریتۆنی، یان مۆزیك، یان ئەدەبیات، یان تەنانەت بەهاندانی گەنجان، کە بە زمانی دایك قسەبکەن و لایەنگریشی زۆرە، بەردەوام ساڵانە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری سازدەکەن و ئەو ڕۆشنبیرییە نمایشدەکەن کە ترسیان لەنەمانی هەیە، ئەم حاڵەتە لەبەریتانیاش هەیە چونکە بەشێك لەبریتۆنیەکان دەکەونە سنوری ئەو وڵاتە، ئەگەرچی ئەم نەتەوەیە

سیستمی کۆماری فەرەنسایان قبوڵە و تەنانەت بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی بە گشتی قبوڵکراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەزۆربەی شوێنەکان بەشێوەیەکی فەرمی بەکارهێنانی ئەو زمانە یاساغە، بووە هۆی پەرچەکردار و نایانەوێت بکەونە ژێر دەسەڵاتی فەرەنساوە». **توماس هایلاند اریکسن. العرقیە و القومیە. وجهات نظر انتروبولوجییە. ترجمە. د.لاهای عبدالحسین. دار النشر. عالم المعرفە. 2010. ل168.**

بۆیە مەسەلەی دەوڵەتی فرەنەتەوە یان فرەکولتور، کێشەی زیاتر دەبێت لەو دەوڵەتانەی کە کەمترین نەتەوە، یان کولتوریان تێدایە و رەسانەیەتی نەبووە، کێشەی بوون، نەبوون، شوناس و زمانی دەوڵـەت، یان لانیکەم رێککەوتنێکی پێشوەخت لەنێوان نەتەوەکان دروستبووە بۆ دانانی زمانێکی فەرمی بۆ دەوڵەت و کاروبارەکانی، بەڵام بەپێچەوانەوە دەوڵەتێك سەرەتای ئەگەری دروستکردنی بێت، یان لانیکەم وەکو عێراق بێت، هەرگیز ناتوانێت بە یەکسان ئەو هەمو کولتور و ئاین و زمانە وەکویەك تەماشابکات و کارییپێبکات و کێشەی لێدروستنەبێت، ئەمە رەنگە بۆ کوردستانیش لەداهاتودا هەروابێت، ئەگەر دەوڵەتێکی نەتەوەیی توندڕەوبێت، چونکە نەتەوەکانی دیکەی هاوشانی خۆیان بە هاوڵاتی پلە دووی دەوڵەت دەزانن.

مەسەلەی کێشەی دەوڵەت لەو وڵات و هەرێمانەی زیاتر لەنەتەوەیەکی تێدایە و هەر نەتەوە و مەزهەبێك لەسنورێکی جوگرافیدا و سنورەکە بەپیتە و نەوتی تێدایە، وەکو سامانی دەوڵەت، دەبێت دەستور ئەم کێشەیە چارەسەربکات، چونکە دیسان لەدواڕۆژدا کێشەی نەتەوە دەکەوێتە مەسەلەی جوگرافی، مافی ئابوری، مافی گەلان و نەتەوەکان، وەکو سکۆتلەندا و ئەمازیغ و هتد، بەوپێیەی کە سامانی نەتەوەکان وەکو ئادام سمیس باسیدەکات، ئەگەرچی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازی هەیە لەقەوارەی دەوڵەتدا، بەڵام گرەنتی نییە لەداهاتودا نەبێتە کێشەیەکی ئابوری لەنێوان ئەو

گەلانەی پێکەوە لەیەك دەوڵەتدا دەژین، بۆیە دەبێت بەدەستور ئەم گرفتە سیاسی و ئابوورییە چارەسەربکرێ و سنورەکەی دیاریبکرێت.

لەئەگەری ئـەوەی کوردستان بەفەرمی کرا بەدەوڵەت و دانیپێدانرا، کێشەکە لێرەدا شێوەیەکی دیکە دەبێت و مەسەلەی ئابوری ناتوانێ دیسان تاکە سەرچاوەی شوناسی دەوڵەت بێت، کەواتە پرسیارەکە لێرەدا و قسە تەنها لەسەر ئەوەیە، ئایا نەوت دەبێتە گەنجینەیەك بۆ ئایندەی کورد و کوردستان یان بەرامبەر بەوەی ببێتە خاوەن کیانی سیاسی و ئاو، کە شەڕی ئایندەی جیهانە، یان دەبێتە سەرەخۆرەی خۆی، ئەمە پرسێکی نادیارە و وەڵامەکەی ئاسان نییە، چونکە هێشتا دیار نییە خاوەن بڕیارەکان چۆن کورد دەگەێننە سەر ئاو، کە یەکێکە لەئەگەرە سەرکەوتووەکان، ئایا بە گەیشتنی کورد بۆ سەر ئاو، دەتوانێت ئەو کیانە بپارێزێت کە گوتاری دەوڵەت ئامانج و ستراتیژی بووە، لەراستیدا ئەمە مەترسیدارە و گرەنتی نییە، چونکە دەرکەوتووە کە ناوچەکە بەسیاسەتێکی دیاریکراو بەرامبەر سیاسەتێکی دیکەی دیاریکراو بەڕێوەناچێت، مەبەستمە بڵێم، کە ناوچەکە بە گشتی گروپی سیاسی و چەکداری بێ ناسنامە حوکمی بەسەردا دەکـەن، چونکە ئێمە شاهیدی ئەوەین زۆربەی دەوڵەتانی بەناو نیشتیمانی عەرەبی خاوەن سامانێکی زۆری نەوت، گاز، فوسفات، فسفور و هتد...ن تائێستاش بۆخۆیان کەڵکی نەبووە و کێشەی هەژاری چارەسەرنەکردوە، کەچی ئەوەتا کێشەی نەتەوە و کولتوری جیاجیا و خێڵەکی دروستکراوە و بەو هۆیەشەوە دەوڵەت وەکو سەروەری هەڵوەشاوەتەوە و لەداهاتوشدا پارچە دەکرێت، ئەم مەترسییە بۆ دەوڵەت لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە هەمیشە لەنوێبوونەوەدایە، هەر 100 ساڵ جارێك ئەم کێشەیە سەرهەڵدەداتەوە و دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشان، ئەمە بۆ ئەوروپای رۆژهەڵاتیش هەروایە، هەر ئەوەی لەکۆتایی سەدەی بیستدا چیك، سلۆڤاکیا، چیچان، بۆسنە، هێرزەگۆڤینیا و ئێستاش مەسەلەی کرم واتە (قرم)

لەئوکراینا هاتۆتە پێشێ و دورنییە لەداهاتوشدا چەند دەوڵەتی دیکە لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، کە لەبەردەم ئەگەری کراوەن. بۆیە کێشەی سامان و نەتەوە جیاجیاکانی ناو یەك وڵات کێشەی هەمیشەییە و بنەبڕ ناکرێت.

«بەڵام هەرێم بە پێی تیۆری سیاسی دەوڵەت لەلای بردۆ، واتای توانایەکە بۆ بونیادنانی دەوڵەت، بەو مانایەی کە لەناو خاکی خۆیدا جێگیربووە و دەتوانێت چالاکیەکانی گەل ئەنجامبدات، بۆیە ئەستەمە بتوانرێت هەقیقەتی ئەو هەرێمانە، کە کەرەستەیەکن بۆ بەئەنجامگەیاندنی سیاسەتی دەوڵەت، لێپێچینەوەی لەگەڵدابکرێت، چونکە توانیویەتی سەروکاری گشتی قەوارەکە بکات و موڵکیەتی گشتی رێکبخات و وەبەرهێنان بکات لەو سامانە سروشتییەی، کە هەیەتی و بەرگری لە نیشتیمانەکەی بکات و هتد، کەواتە گرنگیەکەی ئەوەیە کە لەژێر چاودێری تاکەکانی دەربچێت بۆئەوەی دەستی پێوەبگرن، ئەلێرەوەیە کە هاوکاری لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە مرۆییەکەی و سیاسەتەکەی حوکمی لەسەر دەدەن». **الدکتور. منذر الشاوی. فلسفه الدوله. الذاکره للنشر و التوزیع. الطبعه الثانیه 2013. ل88.**

لێرەوە تێدەگەین کە هەرێم ئەگەر بەتەنهاش بێت نەك سیستمی فیدراڵی، واتا توانای دەوڵەتی هەیە، ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت بە هەمو ئیشکالیاتە سیاسی و دەستوری و ئابوریەکانیەوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان مومارەسەی دەوڵەتە، چونکە تەواوی دەوروبەری هەرێم و نێودەوڵەتیش وەکو نیمچە دەوڵەتێك مامەڵەی لەتەك دەکەن، ئەگەر بەقسەی ژەنەڕاڵێکی خانەنیشینکراوی تورك بێت، کە ئیتر ئەمریکا، ئەمریکای جاران نییە و تەنها لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانی گەورەی نییە، کە ئەندامی بنکەی ئەنچەرلیکە، بەڵکو کوردستانی بەلاوە گرنگە چونکە زۆربەی کێڵگە نەوتییەکان لەژێر کۆنترۆڵ و جوگرافیای دەسەڵاتی کوردستانە، ئەم قسەیە کرۆکی هەبێت و کەڵکی هەبێت بۆ ئایندەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کوردستان و ئەمریکا

بەتایبەتی، ئەی دەبێت چۆن و بەچ شێوەیەك لەگەڵ کوردستانەکانی تری وەکو ئێران چۆن مامەڵە بکات کە لەلایەك دوژمنێتی و لەلایەکی ترەوە لەژێرەوە دۆستایەتیدەکات بۆ سەرکەوتنی ستراتیژییە سیاسییە ئابوریەکەی لەناوچەکە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تورکیا لەگەڵ کام کورد قسە دەکات و قبوڵدەکات ئەو پرۆسەیە بەئاسانی بە بێ کێشە بەڕێوەبچێت، ئایا کورد خۆی ئامادەکردوە کە نوێنەرایەتی خۆی رابگەێنێت بۆ هەر ئەگەرێکی لەو جۆرە کە شانسێکی گەورەیە.

ئەمە دیارنییە سەدەی رابردو دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە زیاتر لە 460 ساڵ ناوچەیەکی گەورەی لەژێر چنگدابوو، لەوانەش کورد، هەریەك لە بوڵگارستان، رۆمانیا، یۆگسلافیا، عێراق، سوریا و بەشێکی زۆر لەنیشتیمانی عەرەبی ئێستا دابەشکرا، کەچی کورد لەهەمو ئەو گەلانە خاوەن مافتربوو ببێت بەدەوڵەت و نەکرا، مەسەلەی گۆڕینی رێکەوتنی (سیڤەر) بە رێکەوتنی (لۆزان) باشترین سەلمێنەری ئەو راستیەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە کورد هەم مێژوی هەبوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو کیانە یاساییە و هەم کێشەیەکی دیاربوو، هەم پێویستە بکرێت بە دەوڵەت کە نەخشەی جوگرافیای ناوچەکەی دەگۆڕی، دوریش نەبوو ئێستا بارودۆخەکە بەپێچەوانەوەبێت، کورد خۆی داوای پێکەوەلکاندنی دەوڵەتی عێراقی بکردایە و ئەو چەند ساڵەش شەڕ، نەهامەتی، کوشتوبڕ و لێکترازانی پێکهاتەکانی لێناکەوێتەوە بە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران عێراقیشەوە، کەچی بەپێچەوانەوە بەرێککەوتنی جەزائیر پیلانگێڕی لەدژ کرا و شۆڕشەکەی پوچەڵکرایەوە و دانی پێدانەنرا ببێت بە دەوڵەت، لەحاڵێکدا بوونی کورد بەدەوڵەت لەوکاتەدا بەهای سیاسی باشتری هەبوو، نەك ئێستا، چونکە دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنوس بوو.

# جۆرەکانی دەوڵەت

## 1: دەوڵەتی فیدراڵی

دەوڵەتی فیدراڵی لە زاراوەی (فیۆدۆس)ی لاتینیەوە هاتووە، واتای هاوپەیمانیە لەناو دەوڵەتێك بە ئارەزومەندانە کە پێکهاتە جیاوازەکان قبوڵی ئەو ژیانە سیاسیە بکەن و لەناو دەستورێکدا جێگیرکرابێت، بەمەرجێك ئەو فیدراڵیەتە لەکاتی ئاسایی و سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی کەڵکی لێوەربگیرێت، وەکو زانراوە دەوڵەتی فیدراڵی ئەو دەوڵەتەیە، کە بەویستی گشتی و ئارەزومەندانەی هەمو پێکهاتەکان دەبێت و سیستمەکەشی لەسەر ئەو بنچینەیە بونیاددەنرێت، کە هەمو هەرێمەکان لەژێر سایەی دەوڵەتی ناوەندین، بەڵام دەستور و ئابوری و سیستمی بەڕێوەبردنی خۆیان دەبێت، بەمەرجێك دەستورەکە دژکاری نەبێت لەگەڵ دەستوری کۆمارەکە، یان پاشاییەکە، هەڵبەتە دەوڵەتی فیدراڵی سیستمێکی نوێ نییە لەدنیای سیاسەت و دەوڵەتداریدا، بەڵکو شێوازێکە بۆ پێکەوەیی هەمو نەتەوەکان لەیەك قەوارەی سنوریدا، پێشتر سۆڤێت بەوشێوەیە بوو، بەڵام سیستمەکەی جیاوازبوو، هەروەها ئەمریکا بەو شیوەیەیە، ئێستاش بریتییە لە 50 ویلایەت و هەر ویلایەتێکیش خاوەنی ئیرادەی سیاسی خۆیەتی، ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی بەو شێوەیەیە، دەوڵەتی هۆڵەندا و ئەڵمانیا و چەندێن دەوڵەتی تر هەمانشێوازی سیستمی حوکمڕانیان هەیە، بەڵام شێوەی دانانی دەستورەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبێت، لە ئەڵمانیا تەنها حاکمیەت هەیە کە دادگای دەستوری هەرێمەکە یان شارەکە دیاریدەکات و بەڕێوەبردنی خەڵك لەسەر ئەو بنچینە یاساییە دەبێت، کە ژیانی رۆژانەی پێبەڕێوە دەچێت.

زۆرێك لەدەوڵەتانی رۆژئاوا هەمان ستایلن، بەڵام فەزای سیاسی رۆژئاوا جیاوازە، چونکە ئەوان پێشتر رێنیسانسی کۆمەڵایەتیان کردوە، ئاین لەوێ

جیاکراوەتەوە لەگەڵ سیستمی سیاسی و یاسا، ئەمە لە رۆژهەڵات وانیە و گوتاری زاڵی ئاین، کە زۆرینە لەسەری کۆکن، گوتاری دەستورە و رەنگیداوەتەوە لە یاساکانیشدا، «ئەمجۆرە لە دەوڵەت یەك سەرۆکی کۆماری، یان پاشای هەیە، بەڵام لەناو سیستمی سیاسی بوونی نییە سەرۆك، تەنها لەدەستوردا نەبێت، بەڵام سەرۆکی هەرێمەکان سەربەخۆن و خاوەنی ئیرادەی خۆیانن لە دیبلۆماسیەت و بەڕێوەبردن و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا». **د. كنعان نواف. نظام الدستورى و سياسى للدوله امارات المتحده. مكتبه الجامعه للتوزيع و النشر. ل84.**

## 2: دەوڵەتی یەکێتی کردەیی راستەقینە:

ئەمە جۆرێکی تری دەوڵەتە و بریتییە لە یەکێتی بەردەوام یان کاتی، لەم دەوڵەتەدا هەمولایەك ملکەچی سەرۆکی ئەو یەکێتیەن، کە سەرۆکی دەوڵەت خاوەن سیاسیەتێکی یاساییە، یەکگرتنی ئەو دەوڵەتۆچکانە بە پێی راپرسی دەبێت لەلایەن خەڵکەوە وەکو بەشدارییەکی سیاسی، ئەوکات دەستەبژێری سیاسی بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەگەر جیاوازی تێکەوت دەبێت سەروەری سیاسی و دەستوری و دەستکاری بکرێت، هەروەها دەبێت بەڵێنی یاسایی مۆربکرێت، چونکە دورنییە دەوڵەتێك رەنگە چاوچنۆکی بکات و هەموان دوچاری جەنگ بکاتەوە لەگەڵ دراوسێیەك، یان هاوپەیمانیکردن لەگەڵ هێزێکی تری نێودەوڵەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ، نمونەش جەنگی (ساحل العاج و ئیسپانیایە)، کە توشی شەڕێك بوونە و شەڕی ئەوان نییە، «بۆیە لەمجۆرە دەوڵەتەدا، کە پێی دەگوترێت کردەیی و راستەقینە، خەڵك بڕیاری ئاشتی یان شەڕ بدات و خەڵك بڕیاری پێکەوەبوون و دابڕان بدات ئەوکات دەستەبژێری سیاسی کاری لەسەر بکات». **استاذ. بوديار حسنى. الوجيز فى القانون الدستورى للدوله الامارات العربيه المتحده. مكتبه اتر للتوزيع والنشر. ل92**

ئـەم سیستمە نیمچە کۆنفیدراڵیە لەناو فیدراڵیدا، چونکە هەمو دەوڵەتۆچکەکان سەر بەدەوڵەت، یان سەنتەرن کە پایتەخت و پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی کاروبار هەڵدەسوڕێنێت.

### 3: یەکێتی کەسێتی.

کەسێتی دەوڵەت یەکێکە لەو مەرجانەی کە دەبێت هەبێت، ئەم مەرجە بۆ سەروەری دەوڵەت و حکومەتداری لەناو ناوەندی نێودەوڵەتی، پێوەرێکە لەهەمو بوارەکانی سیاسی، دبلۆماسی، بازرگانی و کولتوری کاری پێدەکرێت، هەمو ئەو دەوڵەتانەی کە کەسێتیان نەماوە، لەئەنجامی داگیرکاری یان کارپێنەکردنی دەستورەکەی یان بڕوانەبوونی دەوڵەت بە ئازادی و دیموکراسی یان بەو سیستمەی کارپێدەکات و هتد.

هەڵبەت مانەوەی کەسێتی هەندێکجار بە سەرکردەی کاریزماییەوە بەندە، ئەمەش پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای سەرکردەوە بەندە، یان دیبلۆماتکار و سەفیر و کونسوڵەکانیەوە، یان بە لۆبیەکان و رۆشنبیرەکانیەوە بەندە، هەڵبەت لەشوێنێکی دیکەدا کەسێتی ئەوەیە کە دەوڵەت و دەوڵەتمەدارەکان بتوانن خۆیان بەدوربگرن لەهەر دژوارییەکی سیاسی لەناوخۆ و دەرەوە، یان لانیکەم بەشداری لە بەرەیەکی سیاسی و ئابوری بکەن، کە بەرژەوەندەی داهاتوی دەوڵەتەکە بپارێزن.

«ئەگەر بە پێی تیۆرەکەی ئەفلاتون بێت گەورەیی کەسێتی دەوڵەتی لە فەیلەسوفدا بینیوە، فارابی بەپێچەوانەوە لەبنەماڵەی پێغەمبەرەکانی بینیوە، ئەمەش بە پێی ئەوەی، کە بەعەقڵێکی چالاکەوە گرێیداوە، کە هەم کەسێتیەکە و هەم دەوڵەت و قەوارەکە دەگەیێنێتە پلەیەکی باڵاتر، لێرەوە فارابی لە تێگەیشتنە تەشریعیەکان دەرچۆتە دەرەوە، بۆیە کۆتایی بەوە هێنا کە ئیمام سەرۆك بێت لە مەزهەبی شیعیدا، بەڵام دیسان ئەفلاتون بیانویەکی دیکەی

هەیە، کە بۆیە فەیلەسوف بەپێوەری کەسێتی دادەنێت، وەك ململانێی ئیدراکی، لەبەرئەوەی کە فەیلەسوف بەتێڕوانینی ئەو دەتوانن دادپەروەر و یەکسانیخوازبن و هەمو هاونیشتیمانیەکان وەك یەك تەماشا بکەن، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ پێناسەکردنی کەسێتی دەوڵەت لەچاوی ئەوانی دیکەدا» **د. عمادالدين الجبوری. زعامه الدوله فی الفكر السياسی لافلاتون و الفارابی. مجله الزمان. سنه 2000.**

بەشێکی کەسێتی دەوڵەت لە پاسپۆرتەکەیدایە، نمونەش گەورە دەوڵەتی وەکو فللەندا، سوید، بەریتانیا، ئەمریکا، ئەڵمانیا و فەرەنسا، کە لەپێشەوەی هەمو دنیان بۆ کەسێتی پاسەپۆرتەکەیان، چەند دەوڵەتێکی دیکە هەیە کە خاوەن بڕیارن لەئاستی دنیا لەناو حەوت دەوڵەتەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، کە هەمو دنیا لەژێر سایەی سیاسەتی ئەوان و بڕیاری ئەوان بەڕێوەدەچێت. لێرەوە تێدەگەین هاوڵاتی ئەو وڵاتانە بۆچی هەڵسوکەوتیان جیاوازترە لەوانی دیکە، چونکە پاسپۆرت یەکێکە لەو شوناسانەی کە هاوڵاتی شانازی پێوەدەکات و خۆی دەپارێزێت لەهەر ئەگەرێکی ناشیرین، بەڵام کەسێتی دەوڵەت لەشێوەی مامەڵە و هەژمونی سیاسی و خاوەندارێتی کولتورەکەی شتێکی دیکەیە، هەروەها پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی کەرەستەی پێویست و ناسنامە و هتد، ئەمە سەرباری مەسەلەی مێژوییی، کە نمونەی میسر، هندستان، چین، ئێران و یۆنان هەیە.

### 4: ویلایەتی فیقهی. . دەوڵەتی نمونەیی

سەرەتا لە زاراوەی فیقهەوە دەچینە ناو باسەکەوە و دواتر دەچینە سەر سەرهەڵدان و شێوەی درووستبوون و شەرعیەتپێدانی دەوڵەتی فیقهی و جۆرەکانی ئەو دەوڵەتە وەکو نمونە، «زاراوەی فیقهی بە واتای زمانزانین و

تێگەیشتنی شتێکە، فیقهیش زانستەکەیەتی، گریی لە کۆمەڵگەی بەحرینەوە گوتویەتی فیقە بەردەوامبوونە بەرەو نائامادەیی بە زانستی بینین، هەر زانستێکیش بۆخۆی فیقهێکە، بەڵام دواجار ئەم زاراوەیە وەکو مەدلول بە پێی تێگەیشتنی (ئیبن ئەسیر)، کراوە بە شەریعەتناسی، هەر لەمبارەیەوە (ئیبن مەنزور) هەر فیقهێك سەروەری خۆی هەیە و شەرەف و چاکەکارییەکە بۆ جۆرەها زانین و گوتویەتی هەر زانایەك حەڵاڵ و حەرامی خۆی هەیە، ئەمەی ناوناوە حوکمەکان، بەو مانایەی ئەوەی، کە زانیویەتی پێشکەشیکردوە». **فؤاد ابراهيم. الفقيه و الدوله. الفكر السياسي الشيعي. دار الكنوز الاهليه. ل9.**

دوای ئەوەی زاراوە یان چەمکەکە لە ئاینناسی و مەسەلەی زمان دەچێتە دەرەوە، دەبێتە زاراوەیەك بۆ تێگەیشتن لەدامەزراندنی قەوارەیەکی دەوڵەتی بەرلەوەی ببێت بە شوناسی دەوڵەت، بەڵام رەسەنایەتی ئەمجۆرە دەوڵەتە تەنها موڵکی شیعە مەزهەبەکانی ئیسلامە، تێڕوانینی شیعی و پیاوە روحانیەکانیان لە مێژودا بۆ دەوڵەت، مەرج و وەزیفەی خۆی هەیە، ئەم تێگەیشتنە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە فیقە بۆ دەوڵەت پێویستیەکی مرۆییە و سەرەنجام دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیقهیە لەسەر زەوی» ئێمە لەمبارەیەوە مامەڵە لەتەك سێ خیڵ دەکەین، کە لە گێڕانەوە شیعیەکاندا هاتووە بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتی شیعی، هەروەها بە سێ کۆمەڵگە دادەنرێت لەروی پێکهاتەی سیاسیەوە، پێکهاتەی یەکەم: لە گوفتارێکی ئیمام عەلییەوە هاتووە، کە لەبنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلامە، ئیمام جێگرەوەی پێغەمبەرە، مینبەری ئەمیری باوەڕدارانە و دواتر دەبێت بە بۆماوە بۆ حەسەن و حوسێن، لەگێڕانەوەیەکی تری ئیمام عەلیدا دەڵێت: تاکو 10 ئیمام دەڕوات، کە ئیمام جومعە و روونکردنەوە دیاریدەکات، پێکهاتەی دوەم: لە گێڕانەوەی ئەبوعەبدوڵڵا هاتووە، کە محەمەد پێغەمبەری ئیسلام گوتویەتی فوقەها زامنی پێغەمبەرایەتین ئەگەر نەچنە ناو

دنیاوە، گوتویانە ئەی پێغەمبەر ئەوە واتای چییە؟، گوتویەتی ئەمانە سەربە دەسەڵاتن ئەگەر هەر شتێکیانکرد بچنە سەر دینەکەیان، پێکهاتەی سێهەم: هەر لەئیمامی عەلییەوە هاتووە، بۆیە دەتوانن دەوڵەتی فیقهی دروستبکەن، چونکە لاوازەکان بەهێزدەکەن بۆئەوەی لەدەشتایی بەئاسودە بژین و بەیانیش هەستن پشوو بدەن و لەمبارەیەوە 8 ریوایەتی دیکە هەیە، کە پاڵپشتی لە دامەزراندنی ویلایەتی فیقهی دەکات « **فئواد ابراهیم. الفقیه و الدوله. الفکر السیاسی الشیعی. دار الکنوز الادبیه. ل55.**

ئەم ویلایەتە جۆرێکە لە دەوڵەتی ئاینی، کە شیعەگەرێتیە، ستایلێکە لە کریستیانی کاسۆلیکی کە خاوەنی ئیجتیهاد و دۆزینەوەی واتای جیاوازە بۆ تێکست و دەوڵەتداریی، کە ئاین خۆی لەدەوڵەت و سیاسەت بێبەریکردوە، ئەم ویلایەتە فیقهیە بۆ بنچینەکانی دەوڵەت لەروی سەرخانی فەلسەفیەوە پشت بە پلەبەندی ئاینی دەبەستێت، کە بریتییە لە ئایەتوڵڵا و گەڕانەوەی مەهدی مونتەزیر بۆ سەر زەوی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی مرۆڤ لە شەڕو ئاژاوە، کە مەهدی مونتەزیری ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییەیە، کە هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننە لەسەری کۆکن، کە رۆژێك دێت دەگەڕێتەوە، هەروەك چۆن مەزهەبەکانی کریستیانیش بەهەمانشێوەیە کۆکن لەسەر گەڕانەوەی مەسیح بۆ سەر زەوی و گەڕانەوەی چاکەکاری و نەهێشتنی توڕەیی و خراپەکاری و هتد، بەڵام زەمەنێك لەنێوان فەلسەفە و مانادا هەیە کە بۆ دەسەڵات و دەوڵەتی ئاینی بەڕەوا بینراوە لەمێژودا، ئەم دەوڵەتە لەرێگەی ئیجتیهادی نوێوە بۆ تێکستەکان و وتەکانی پێغەمبەر و ئەوانی تر، بوارێکی گونجاو و نوێ بۆ دەوڵەت دروستدەکەن کە لەگەڵ سیاسەتی هاوچەرخی دنیادا، ئاین بتوانێت بمێنێتەوە وەکو میتۆدی کارکردن بە ئاین لەناو دەستوردا، هەروەها بتوانێت جەنگی تایبەت بکات لە هەمو بوارەکانی رۆشنبیری و فەلسەفی و هونەری

تایبەت بەخۆی چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە. هەڵبەت شیعە بەبیانوی ئەوەی لە قورئاندا لەسورەتی مائیدە و ئایەتی 55 هەیە، کە ڕێگەی بە ئەهلی بەیت داوە، ئەم ویلایەتە دروستبکرێت.

ئێران بەر لە روخان حکومەتی پەهلەوی رەزا شا، چەندجارێك لەمێژودا ئەمجۆرە دەوڵەتەی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نمونە دەوڵەتی مەغۆلی ساڵی 661 کۆچی پێشنیاری ویلایەتێکی بۆ عەلی کوڕی تاوس کرد، هەروەها دەوڵەتی ئیلیخانی هەر لەسەردەمی مەغۆلەکان و ساڵی 1264_1336، کە وەکو جیابوونەوەیەك لە بنەماڵەی جەنگیزخان ناوی هاتووە، چونکە دوای ئەوە جەنگیزخان چووە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و پاشان ناگەڕێتەوە و دەمرێت، ئیدی یەکەمین دەوڵەتی فیقهی لەئێران ساڵی 1979 لەدوای روخانی حەمە رەزا شا پەهلەوی، بۆ یەکەمجار بەفەرمی و بەراستەوخۆ هاتۆتە سەر حوکم و تەواوی دامودەزگای فیقهی و ئاخوندی کارپێکردوە، ئەمە تاکە دەوڵەتێکە بەو میتۆدە کاردەکات و ئەزموونی دوای نەمانی حەسەن و حوسێن دوبارەدەکاتەوە، ئەمەش بۆ گەڕانەوەی ستراتیژیەتی دەوڵەتی فیقهیە بۆ ناو ژیانی سیاسی، لەمبارەیەوە نوسەری بەناوبانگی شیعە مەزهەب (محمد عبد اللاوی) دەڵێت «هەروەك چۆن چەمکە سیاسییەکان لەفەرهەنگدا جێگەیان دەبێتەوە و دواتر بە پێی هەلومەرجی تایبەت واتای دەگۆڕێت یان نوێدەکرێتەوە و دەگونجێنرێت لەگەڵ بارودۆخدا، بۆ نمونە دیموکراسی و عەولەمە و سیستمی سۆسیالیستی و هتد، هەروەها کەڵك وەرگرتنی ئەوروپا لەفەلسەفەی یۆنان و دواتریش فەلسەفەی هیگڵی، ئاوهاش دەوڵەتی ئاینی بەوشێوەیە دەتوانێت کەڵك لەو ئیجتیهادانە وەربگرێت، کە بۆ ئایەت و فەرموودەکان دەکرێت لەئیسلامدا، هەروەها دەڵێت پێشتر بوارێك نەبوو بۆ پێکەوەگرێدانی سیاسەت لەگەڵ ئاین، ویلایەتی فیقهی ئەمەی ئاشکراکرد کە بەکردەوە سەلماندی سیاسەت

مامەڵەیەکی هونەریەو بەشێکیشی پەیوەندی بە کاریزماکەوە هەیە کەلەروی روحانیەتەوە بنچینەکانی ئەو دەوڵەتە بەفەلسەفەی خۆی رابگرێت، ئایەتوڵلا خومەینی لەکاتی خۆیدا ئەمەیکردو سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا». **د. محمد عبد اللاوی. ولایه الفقهی دوله و معنی الفلسفیه و السیاسیه. ویکبیدیا السیاسه.**

بۆچونێك هەیە پێیوایە، کە مادام هەمو جۆرەکانی دەوڵـەت هەیە و لەمێژودا تاقیکراوەتەوە، کەواتە ویلایەتی فیقهیش مافی ئەوەی هەیە خۆی تاقیبکاتەوە، ئەویش وەکو ئەلتەرناتیڤێك بۆ دەوڵەتی سوننەگەرا، کە سعودیە پێشەوایەتیدەکات و سەنتەری ئاینی سوننەمەزهەبی ئیسلامە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ویلایەتی فیقهی توانی رەخنەش بگرێت و بۆشاییەکی ئازادی بۆ فەلسەفەی دژە خۆی بڕەخسێنێت لەهەمو بوارەکان، هەروەها رەخنە قبوڵبکات و لەپەرلەمانەکەی کە نوێنەرایەتی هەمو گەلانە، رێگە بدات جگە لەئاخوند فراکسیۆنی دیکە بەشداری سیاسەت بکەن، بەمەرجێك دژی ستراتیژی سیاسی ویلایەتەکە نەبێت کە سیاسەتی ئێرانە لەناوچەکە، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە ئەم فەلسەفەیەی بواری بۆ دەوڵەتی فیقهی خوڵقاندوە، وەڵامی بەشێك لەبابەتە ئەپستمۆلۆژیەکانی داوەتەوە، ئەویش ئەو باسەیە کە مێژو دەڵێت مێژو موڵکی بەهێزەکانە، لەناو ئاینی ئیسلامیش مێژو تەنها بۆ سوننەکان بووە، کەچی فیقە ئەمەی وەرگەڕاند و وەڵامی پێدانەوە کە ئاین بۆ پاڵپشتیکردنی دەوڵەت بەبێ ئیجتیهاد نابێت، چونکە ئەو فەلسەفەیەی پشتی پێدەبەسترێت دەبێت لەگەڵ بارودۆخی مەعریفی و سیاسی بگونجێت.

«بە پێی تێگەیشتنی سەید سەدر بێت لەبارەی دەوڵەتەوە، لەسەرەتاوە دیاردەیەکی رەسەنی کۆمەڵایەتیە لەژیانی مرۆڤ. لە رستەی دواتردا دەبینین رونکردنەوە دەدات، کە بەسەر سەردا قڵپدەبێتەوە و دەڵێت دەوڵەت لەسەر دەستی پێغەمبەرەکانەوە سەریهەڵدا، کە لە ئاسمانەوە پەیامیان بۆ هاتووە، لێرەوە تێدەگەین ئەمە کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئاسمانییە و رەسەنایەتیشی نییە،

بەڵکو نوێکراوەتەوە، هەروەکو فیقە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ڕەسەنبێت و دەڵێت خەڵك یەك نەتەوە بوون لەو قۆناغە خۆڕسکەدا و تێڕوانینی سەرەتاییان هەبوو بۆ ژیان، گرنگی دیاریکراو و پێداویستی ئاسان، ئەمە جگەلەوەی، کە دەوڵەت لە قۆناغی هاوبەشی سەرەتایی نەبووە، نەبوونی دەوڵەتیش لە نەبوونی دژکاری کۆمەڵایەتی بووە». **فالح عبدالجبار. المادیە و الفکر الدینی المعاصر. نظرە دینیە. مرکز الابحاث و الدراسات الاشتراکیە فی العالم العربی. 1985. ل40.**

بۆیە کە جیاوازی و دژکارییە کۆمەڵایەتیەکان و جیاوازی نێوان بەهێز و لاواز دێتە پێشەوە، ئیدی دەوڵەت دەبێتە پێویستی بۆ ململانێی نێوانەکان.

بە پێی گێڕانەوەیەك کە نوسەرێکی شیعە مەزهەبی ئێرانی نوسیویەتی و دەڵێت: «یەکەمین ویلایەتی فیقهی لەسەر دەستی قاجاریەکان بووە لەئێرانی کۆن، ئەوکاتیش بەشێك بووە لەفکری سیاسی، چونکە نراقی وەکو مێژونوسێك باسی بەڕێوەبردنی کاروبار و خەڵك دەکات»، هەر لەو وتارەدا کە فاخر سوڵتان نوسەرێکی شیعە مەزهەبی کوێتیە باسیکردوە و دەڵێت» ئیمام خومەینی 4 پرەنسیپی ئاینی مەزهەبی شیعەگەرێتی بۆ ویلایەتی فیقهی وەکو شەرعیەت داناوە.

1: پێویستی ئیسلام بەدەوڵەت لەپێناو پراکتیکردنی حوکمە شەرعیەکانی ئیسلام بووە.

2: لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پشتگیریکردنی هەژاران و ژێردەستان بووە.

3: لەپێناو بەردەوامبوونی ئیسلام لەسەر فیقهی کۆنی سەردەمی محمد پێغەمبەری ئیسلام بووە.

4: بۆ پیرۆز ڕاگرتنی یاساکانی ئیسلام لەپێناو ئەوەی پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت و بپارێزرێت وەکو ئەرکێکی شەرعی.

هەروەها بە پێی قسەی کەدیوەربێت، کە شارەزایەکی بواری ویلایەتی

فیقهی شیعیه، دەڵێت فیقهی شیعه دەتوانێت وەکو دەوڵەت حوکم بکات، بەمەرجێك لەژێر رۆشنایی سیستمی ئیسلام بێت، کە بەشیوەیەك فراوانتری بکات و ببێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی ژینگەیەك بۆ فێربوونی ئاین، کە ژینگەکە بۆ پراکتیك بشێت» **فاخر سلطان. کاتب شیعي کویتی. انترنیت. سایت الایلاف. مقال حول ولایه الفقهی الشیعی.**

پڕۆژەی دەوڵەتی فیقهی پرۆژەیەکی سیاسیه و ڕموحی فراوانە، هەروەك پێشتریش لەمێژوی خۆیدا فەلسەفەکە نیازی هەبووە، بەڵام سوننەکان ڕێگەیاننەداون و بەشمشێر، هێزی جەماوەری، ترس و تۆقاندن، گوتاری خۆیان سەپاندووە. ئەمە بەرلەوەی پیاوە روحانیەکان بیکەنە ئەرك بەسەر خەڵکدا، روحیەتێك و عەقیدە و ئیمانێك هەیە ئەو ویلایەتەی قبوڵە و خزمەتیدەکات، بەهێزی ئەم فەلسەفەیە لە چەرخی مردنی ئایدیۆلۆژیادا خۆی هێشتەوە و درێژەی بە فەلسەفەی دەوڵەت و تەمەنی خۆیدا، چونکە ویلایەتی فیقهی ئەوەندە بایەخ بە حەڵاڵ و حەرام نادات بە بێ بوونی فەلسەفەیەك کە لەگەڵ ستراتیژیەتی دەوڵەت نەگونجێت، (لاشرقیە و لاغربیە جمهوریە الاسلامیە) ئەو مانایەی هەیە کە ئەم ویلایەت و دەوڵەتە نوێیە لەدنیادا نمونەی نییە، ستایلێکی ترە لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئەو بیرمەندانەی پاڵپشتی لە ویلایەتی فیقهی دەکەن، پێیانوایە فۆکۆیاما و پێشتریش هیگڵ باسی لە کۆتایی مێژو کردوە و راستە ئەمە روودەدات، بەڵام کاتێك کە مەهدی مونتەزری دێت، واتە ئیمام مەهدی دێت و هەمو دنیا لەمیحنەتی کوفر رزگاردەکات و دنیا تەواودەبێت لەم سیاسەتەی کە دژی مرۆڤە. ئەم فکرەیە لەوێوە سەرچاوەیگرتوە کە ویلایەت بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ مێژوی سیاسەت و دەوڵەت دەکات و دەڕوانێتە دوارۆژ کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ فکری سوننە مەزهەبی ئیسلامی هەیە.

لەبارەی ئەوەش کە بڕوای بە پێشکەوتنە لەهەمو بوارەکاندا، بیرمەندەکانیان

دەڵێن ئەوە ئەوپەڕی بڕوابوونە، کە ئێران وەکو ویلایەتیکی سەربەخۆ لەفەرهەنگی سیاسیدا هەم تەحەدادەکات و هەم لەتەکنۆلۆژیادا پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە خاوەنی ئەتۆمە و هەمو دنیا سەرقاڵیەتی، هەڵبەت لەبواری بازرگانیش خاوەنی بەرهەمی بازرگانی و پیشەسازی خۆیەتی و هەناردەی دەرەوەی خۆشی دەکات، لەبواری دیبلوماسیشدا ئەوە ئێرانە توانیویەتی لەکۆنفرانسەکاندا ئامادەیی هەبێت، هەروەها توانیویەتی ئەم عەقڵیەتە بۆ دروستکردنی ویلایەتی فیقهی لەناوچەکە، بگەیەنێتە سوریا، لوبنان، یەمەن، عێراق، بەحرێن و تەنانەت میسریش، ئەوە شێوەیەکە لەململانێکانی لەگەڵ دژەکانی خۆی.

«هەڵبەت مەسەلەی دەوڵەتی سەفەوی شیعی ئێرانی بنچینەیەکی مێژویی هەبووە بە پێی سەرچاوە مێژوییەکان لەگەڵ سەرهەڵدانی سەدەی چواردە وساڵی 930 کۆچی، دوای گۆڕانی بنەماڵەی سەفەوی بۆ مەزهەبی دوازدە ئیمام، ئەم دەوڵەت شێوەی رێکخراوەیی وەرگرت، بۆیە دوای ئەوە شێخ ئیسماعیل سەردەکەوێت و ساڵی 930 کۆچی لە روبـاری کەنداوی بەسەرە، روباری جەیحون، روباری فورات و ئەفغانستان دەوڵەتێك دروستدەکات، ئەوکات شا ئیسماعیل تەمەنی لە چواردە ساڵیدا بوو، بۆیە بەناچار ئەنجومەنێك لە حەوت پیر دروستدەکات بۆ ئەوەی راپرسیان پێبکات».. **فؤاد ابراهيم. الفقيه الدوله الفكر السياسی الشيعی. دار الكنوز الاهليه. ل143.**

لەلایەکی ترەوە مێژونوسەکان، ئێران لەسەدەی شازدەهەمەوە وەك وڵاتی سوننە دەناسێنن، چونکە ئەو بارودۆخەی دوای بوونی بە دەوڵەتی شیعی لەسەر دەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی، ئەوەندەی توندوتیژی ئاینی خوڵقاندوە، چارەسەری کێشەی ئێرانی نەکردوە، چونکە بەپێی سوننەکان بێت شیعەگەرێتی مەزهەبێکە لەمەزهەبەکانی ئاینی ئیسلام و لادانی تێدایە،

چونکە شیکردنەوەی ئارەزومەندانەی تێدایە بۆ شەریعەتی ئیسلام، بۆیە توتندوتیژی بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ریوایەتەکانی دیکە دەڵێن سەفەوی زۆربەی خەڵکەکەی سەربە مەزهەبی شافعی بوون، دوای ئەوەی شا ئیسماعیل ویلایەت وەردەگرێت، فەرماندەردەکات کە لەبانگداندا (اشهد ان عليا ولی الله) زیادبکرێت، ئەمە دەبێتە بنەما بۆ ئێران و جێبەجێدەکرێت، ئەم داواکارییە لەو تیمەی ئەوکاتە ئەوەبووە، کە برەو بە شیعەگەرێتی ئێرانی بدرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی بونیادبنرێت و شەرعیەت و لەهەمانکاتدا هەوڵی پێکهێنانی شوناسی نەتەوەی ئێران بدرێت، ئێستاش ئەم نەریتە لە بانگدان جیاوازی هەیە لەگەڵ بانگی سوننەکان و تەنانەت شەریعەتیشیان جیاوازی هەیە لەبوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسی، دەوڵەت، ژیانی رۆژانە و سندوقی هاوکاری بۆ هەژاران و هتد.

## سەرکردە لە دەوڵەتی نەتەوەیی

سەرکردە هەم یەکێکە لەمەرجە سەرەکیەکانی نەتەوە بۆ دەوڵەت، کە هەندێکجار دەبێتە سیمبولێك بۆ داهاتو، هەم یەکێکە لە کێشە سیاسییەکانی دەوڵەتیش، چونکە یەکەمین ئەزمونی نەتەوە لەدانانی سەرکردەیەك، ئیتر دانانی بە هەڵبژاردن بێت یان بە یاسا و حوکمە یاساییەکانی دەستوربێت، لە دەوڵەتێکی کۆندا یاسایەك هەبووە بۆ دانانی سەرکردە، ئەویش دوو حاڵەت بووە.

**1: حوکمی تاکگەرایی لەسیاسەتدا.**
**2: حوکمی دەستەگەرایی یان لیژنەی یاسایی.**

حاڵەتی یەکەم سەرۆکی گەورەترین حزب یان سـەرکـردەی خاوەن پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی ناسراو لەئاستی باڵاو دەرەوەی دەوڵەتەکە، ئەو سەرکردەیەش مەرجی هەیە بەپێی دەستور کە بەویستی کەسێتی خۆی کێشە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسـێ دروستنەکات، ئەو سەرکردەیە لە سیستمی سەرۆکایەتیدا هەیە، لەم سیستمەدا تاك و ئەنجومەن هەردوکیان لەرێگەی گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، کەوابوو ممارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتە دابڕێت لەیەکتر، ئەمە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی دیکە دەگۆڕێت و جیاوازی هەیە، بۆ نمونە لە ئەمریکا ئەنجومەنی پیران بەشداری دەسەڵات دەکەن لەگەڵ سەرۆك، ئەنجومەنی پیرانیش دەبێت بە بێ زۆرینەی تایبەت رێکبکەوێت لەگەڵیدا، بەڵام ئەوەی لە رۆژهەڵات هەیە و لاساییکردنەوەیەکی کۆنە و ئەزمونێکە

بۆ بەسەرپێخستنی نەتەوەیەکی دیاریکراو، بۆیە دەبێت سەرۆك خاوەن دەسەڵاتێکی رەهابێت ئەگەر لەژێر ناونیشانی دیموکراسیش بێت. «پێشتر ئەم مەرجە لەلایەن ئیمپراتۆریەتەوە بۆ نمونە لەرۆما لەلایەن پاپاوە دیاریدەکرا و وەکو بزوتنەوەیەکی چاکسازی و بنەچەیەك بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، بۆیە دەبوو لەپێناو یەکسانی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان بێت، یان دەبوو لەسەر بنچینەی مافی هێز بێت، ئەمەش بە پێی ئەو کردارە بێت کە سەرۆکی دەوڵەت دەبوو بۆ نەهێشتنی ململانێی نێوان دەوڵەتان بێت، بۆ نمونە ساڵی 1901 ئیدوارد پاشای حەوتەمی بەریتانی هەڵسا بەدادوەری نێوان ئەرجەنتین و شیلی، هەروەها هەڵبژاردنی پاشای ئیتاڵیا لەساڵی 1931 وەکو دادوەر لەنێوان فەرەنسا و مەکسیکی ئەوکات، کە ململانێ لەنێوانیاندا هەبوو، ئەگەرچی بە پێی تیۆرێکی دیکە هیچ تێکستێکی یاسایی نەبووە بۆ گەڕانەوەی سومعەی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرس و رایە، بۆیە لیژنەیەکی دیکە هەبووە کە لایەنەکان دەیانتوانی بەو کارە هەڵبستن، یان لەکاتی مردنی دادوەر لەهەر دەوڵەتێك رێکەوتنێك دروستدەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کە جیاوازی بکەوتایە نێوان فەرمانبەران، سەرۆك هەڵدەستا بەوکارە و وەکو سەرۆك بەوپێیەی سەرۆکی دەوڵەتە و دەیتوانی وەکو عورفێك کە لە دنیادا هەبووە کاربکات». **الدکتور ابراهیم الراوی. المنازعات الدولیه. تألیف استاژ القانون الدولی المساعد. کلیه القانون و السیاسه. جامعه بغداد. ل52 و ل53. سنه 1979.**

ئەمەی کە ئێستا دەبینرێت لە رۆژهەڵات، دەسەڵاتی سەرۆك بەشێوەیەکی دیکەیە، پەیوەندی بە بوونی کەسێتیەکی کاریزمایی هەیە، هەمو کێشە و سیاسەت و بوونی نەتەوە و گەل و چارەنوس لە کەسێتی سەرۆکدا کۆکراوەتەوە،

ئەم مانا بەخشینە لەخۆڕا نییە، بەڵکو مانەوەی ئەو تێگەیشتنەیە، کە تەواوی خەڵك ناتوانن خاوەنی ئەو ئەزموونە بن، کە سـەرۆك بگۆڕن و تەواوی دۆسیەکانی هەرێم رادەستی ئەو کەسێتیە نوێیە بکرێت، ئەمە بەشێکی لە نەبوونی ئیرادەی گەلەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شێوازی حزبایەتی بەو شێوەی پیادەکردوە و لەگەڵیدا ژیاون، بەشەکەی دیکە ناوچەکە لەو هەلومەرجەدا دەژی لەروی سیاسییەوە، بۆیە لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرۆك هەمو شتێکە و خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە.

حوکمی دەستەگەرایی بەدوو شێوە پێناسەکراوە، یەکەم ئەو دەستەیەی کەلەرێگەی دەستورەوە و لەرێگەی پەرلەمانەوە دیاریکراوە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم یان دەوڵەت، هەروەها بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بوون بەخاوەن دەسەڵاتی گشت، دەستەیەکە یان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، یان ئەوەتا لەرێگەی دەستەبژێری سیاسییەوە، وەك لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت و دەبنە نوێنەری خەڵك لە پەرلەمان، ئەم حوکمە کەمتر دەتوانن دەسەڵاتی رەهایان هەبێت، یەکەم بە هۆی ئەوەی دەستەیەکن و جیاوازییان هەیە لەروی یاسایی و سیاسییەوە، دوەم لەبەر ئەوەی لەیەك کاتدا ناتوانن خاوەنی یەك بڕیاربن لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی هەرێمەکە، بەڵام لەهەمو حاڵەتێکدا دەستەکە لەبەرژەوەندی سیاسەتی زلهێز و حزبە خاوەن بنکە کۆمەڵایەتییە گەورەکانن، چونکە کاندیدی حزبن نەك خەڵك، ئەم جۆرە دەستەیە ئەگەر لە دەوڵەتێکی خاوەن ئەزموون و سیستم بێت، دەتوانێت بە هۆی یاساو دەستورەوە سەرۆك بگۆڕێت و چارەنوسی سیاسی دەوڵەتیش دیاریبکات، چونکە شەرعیەتی دەستوری هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ناتوانێت چونکە موڵکیەتێکی سنورداری هەیە لەدەسەڵاتدارێتی.

# کەسایەتی دەوڵەت

یەکێك لە رەگـەزە بنچینەییەکانی ناساندنی دەوڵـەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەسایەتییە، ئەو کاتەی کە دەوڵەت لەناو ناوەندی نێودەوڵەتی خاوەن پێگەیەکی تەواو بەهێزە لەروی ئابوری و سیاسی و دیبلوماسیەوە، هەروەها ئەمە رەنگیدابێتەوە لەسەر کارەکتەرەکانی، کە نوێنەرایەتی ئەو شوناسە لە دەوڵەت دەکەن.

کەسایەتی دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێك دەزگا، کە شەرعیەتییان هەیە و پێوەی ناسراوە، ئەم دەزگایانە تەواو مافی جێبەجێکردنی یاسای کاریان هەیە، هەروەها دارایی تەواویان لە روی ئابورییەوە هەیە هەروەکو کەسایەتییەکی سروشتی، ئەم نوێنەرایەتیە هەمو جموجۆڵێك بە پێی ئەو یاسایە دەکات، کە بۆی دانراوە، هەڵبەت کەسێتی بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی یان حزبی یان پێکهاتەش دەبێت بەمەرجێك خاوەن سەروەرییەکی نیشتیمانی بێت و بەشداری لە پەرلەمان، یان ئەنجومەنی شورا، یان ئەنجومەنی نوێنەران نەکات و لەگەڵ لایەنی یاسایی دەوڵەتدا ئەم رێکەوتنە سیاسیە ئەنجامبدات و هیچ کارێك و مامەڵەیەکی سیاسی و ئابوری و دیبلوماسی لەدژی ئەو یاسایە ئەنجامنەدات، کە لە رێککەوتنی لەگەڵ دەوڵەتدا ئیمزای کردوە.

کەسایەتی مەعنەوی: ئەمجۆرە کەسایەتییە دەوڵەتییە لە ئابوری، دیبلوماسیەت، ستراتیژی سیاسی و نوێنەرایەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و شوێنە فەرمییە نێودەوڵەتیەکان پێکدێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نوێنەرایەتی دەوڵەت بتوانێت لە سێکتەری ئابوری و سیاسی و یاسایی لە کارێکتەرێکدا خۆی پێناسە بکات.

جۆری هەرە بنچینەیی کەسایەتی دەوڵەت بریتییە لە ناساندنی فۆڕمی

دەوڵـەت لە پێناسەیەکی سیاسیدا بەرامبەر ئەوانی تر، لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە کاتێك دەبێت، کە سەروەری وڵات لەچنگی دەزگا شەرعی و یاسایی و دەستوری و ئابوریەکانی وڵات دەربچێت و بکەوێتە دەست کەسانی بیانی، کە هەڵگری ناسنامەی دەوڵەتەکەیان نییە، یان هەژمونی سەربازی، ئاسایش، ئابوری، دیبلۆماسی و هتد بکەوێتە چنگی دەوڵەتێکی دیکەوە و خراپ مامەڵەی پێوەبکات، کە دژی پرەنسیپە بنچینەییەکانی دەوڵەت و پەیمانە کۆمەڵایەتیەکەی بێت.

دەوڵەتانی خـاوەن سـەروەری و خاوەنی هەژمون و کەسایەتی، ئەو دەوڵەتانەن کە هەم لەنوێنەرایەتیکردندا مامەڵەی دەستوری لەگەڵ خاوەنی هەژمونە گەورەکان دەکەن، هەم لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەئاسانی ناچنە ژێر هەژمونی دەوڵەتانی پیشەسازی و ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش، هەروەها بریتین لەو دەوڵەتانەی، کە رێز لە خاك، زەوی، ئاسمان، روبەری وشکانی، دەریاکانیان دەگرن و دەیپارێزن، ئەگەر بەکاریانبهێنن، بە پێی دەستوری وڵاتەکە مامەڵەی پێوەدەکەن.

کەسایەتی سـەرۆك یـان نوێنەری دەوڵـەت لە روی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە، گرنگترین نمونەی کەسایەتی دەوڵەت نمایشدەکات، بۆ نمونە ئەگەر کەسێتییەك سەرۆکی دەوڵەت بێت و لەبەرامبەر میدیادا لەسەر پرسیارێك تورەبێت، یان لە نوێنەرایەتییەك نەتوانێت سەرکەوتووبێت و شکستبهێنێت، یان لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیدا لێدوان، یان وتارێکی دژ بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابورییەکانی دەوڵەت بدات، یان لەروی سایکۆلۆژییەوە باری دەرونی جێگیر نەبێت، ئەوا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە بەروارد لەگەڵ دەوڵەتانی خاوەن کەسایەتی مەزن.

نمونەی ئەو دەوڵەتانەی کە کەسایەتیان لەدەستداوە و سەروەرییان کەوتۆتە

دەست وڵاتانی دراوسێ، یان داگیرکەری دیکە، ئەوان ئاڕاستەیان دەکەن، بۆتە هۆکارێك کە شیرازەی هەمو سێکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی شڵەژاندوە، نمونەی ئەو دەوڵەتانەش بریتین لە ئەفغانستان، عێراق، فەلەستین، لوبنان، سوریا، ئۆکراین، بۆڕما، سۆدان، لیبیا و هتد.

لەدەستدانی کەسایەتی کاتێك دەردەکەوێت، کە دەوڵەت لەلایەن دەستەبژێرە سیاسیەکەیەوە هەمو شوناسی کارەکتەری دەوڵەت رادەستی ئەو دەوڵەتانە بکات و پەلکێشیانبکەن بۆ ناوجەرگەی دامودەزگا شەرعییەکان، سوککردنی دەستور، نوێنەرایەتەکانی لەدەرەوەی وڵات، نوێنەرایەتی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەندی نێودەوڵەتی، کۆنگرەکان و هتد.

لەلایەکی دیکەوە لەدەستدانی کەسایەتی دەوڵەت ئەوکاتە هەستپێدەکرێت، کە دەوڵەت خۆی ناتوانێت بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی و ئابوری خۆی بدات، ناتوانێت لەرێگەی دەزگا شەرعییەکانیەوە ئاسۆی وڵاتەکە دیاریبکات و کێشە سیاسیەکانی دەوڵەت چارەسەربکات و بگاتە بنبەست، چاوەڕێی دەوڵەتانی دیکە بکات و خۆی بە بچوکتر لەوان ببینێ.

هەروەها لەروی ئابورییەوە نەتوانێت مامەڵە بە سامانی دەوڵەتەوە بکات و نەوت، یان فسفۆڕ، یان سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت رادەستی کۆمپانیای بێ ناسنامە و مافیا بکات و هاونیشتیمانیەکانیشی بێکاربن و کەڵك لەو سودە گشتییە وەرنەگرن، کە لەگشتەوە بۆ گشتە.

لەدەستدانی کەسایەتی لەروی ئاسایشەوە مەترسیدارترین شێوازەکانێتی، بۆ نمونە دەوڵەت هەمیشە لەبەردەم مەترسی شەڕی خێڵایەتی و حاڵەتی نائاسایی تەندروستی و چۆڵکردنی هاونیشتیمانیەکانی بەرەو وڵاتانی دیکە، چونکە متمانەیان بەو دەستەبژێر، دەزگا سیاسی، یاسایی و دەستورییە نەماوە، کە جومگە سەرەکییەکانی وڵاتیان بەدەستەوەیە و سات و سەودای پێوەدەکەن،

بۆیە ئاسایشی وڵات کە بە ئاسایشی نەتەوەیی یان نیشتیمانی نـاسراوە، مەترسیدارترینە کە نەمێنێت، وەختێك ئەمانە نەمان، ئەو کات کەسایەتی دەوڵەتیش نامێنێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان شەرعیەتی دەوڵەتی دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە.

لایەنێکی دیکەی لەدەستدانی کەسایەتی ئەوەیە بازرگانان، کە بەشێکن لە بەڕێوەبەرانی وڵات، خراپترین کەرەستە، شمەك، پێداویستی، خۆراك، داو و دەرمان هاوردەی وڵات بکەن، بە بێ ئەوەی هیچ هەژمارێك بۆ فلتەر و کوالێتی کۆنترۆڵ بکەن، یان کەمترین باج بە دەوڵەت بدەن وەکو بەشێك لە داهات بۆ حکومەت.

## جۆرەکانی کەسایەتی

1: کەسایەتی گشتی: ئەم نوێنەرایەتییە لە کۆمەڵە کەسایەتییەکی سەربە دەوڵەت پێکدێت، رەنگە بەپێی پێناسەکەی ئەم کۆمەڵە خەڵکە لەلایەن دەوڵەتەوە بە پێی سیستم دادەنرێن، هەروەها ئامانجیان لە بەدەستهێنانی پرۆژەی یاسایی دەوڵەتە و هەر پرۆژەیەك کە لەلایەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێت، بریتیبێت لە موڵکییەت بە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لەلایەن دەوڵەتیشەوە کۆتایی پێدێت، بۆ نمونە دامەزراوە گشتی و دەستە گشتییەکان و ئەنجومەنە کارگێڕیە خۆجێییەکان. هەروەها ئەمجۆرە نوێنەرایەتییە رەنگە بۆ چەند نوێنەرایەتیەك دابەشبکرێت.

1: کەسێتی هەرێمایەتی: بریتییە لەو کەسایەتیانەی، کە تایبەتمەندیان لە بواری جوگرافیادا هەیە.

2: کەسێتی یاوەری: ئەو کەسایەتیانە ئەوانەن، کە جۆرەکەیان لەسەر دیارکردنی چالاکیەکانیان دادەنرێن.

3: کەسێتی پیشەیی: ئەم نوێنەرایەتیە لەو کەسانە پێکدێت، کە نمونەی ئەوانەن لەنوێنەرایەتی سەندیکا و دەستە پیشەییەکاندان و گرنگترین کاریان بەرگریکردنە لە خاوەن پیشەکان لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەرەوەی دەوڵەت.

2: کەسایەتی تایبەت: ئەمجۆرە کەسایەتییە لە چەند کەسێکدا یان لە گروپێکدا خۆی دەنوێنێت بەناوی دەوڵەتەوە، ئەمەش بۆ بەئامانجگەیاندنی بەرژەوەندی تایبەتە، هەڵبەت ئەم نوێنەرایەتییە لە دەزگایەکی تایبەتەوە دادەنـرێـت و بەچاودێری دەوڵـەت فلتەردەکرێت و بە پێی بڕیارێکی تایبەت دادەنرێت، دەشتوانێت ئەمجۆرە نوێنەرایەتییە بەناوی کۆمپانیا، یان بەرژەوەندیخوازێکی خاوەندار لە بانکەکان بێت کە نەختینەی دارایی هەبێت.

جیاوازیەکانی دەوڵەتی سەرەتایی و مۆدێرن

یەکێك لەجیاوازیەکانی دەوڵەتی سەرەتایی، مەسەلەی بەخاوەنداریکردنی مرۆڤ بوو لەلایەن مرۆڤەوە، بۆ نمونە تا ئەو جێگایەی کە یەکەمین دەوڵەت نەبووە لـەدوای سیستمی ژیانی کۆیلایەتی و کوشتنی کۆیلە لەلایەن سەردەستەکانەوە یان خاوەندارەکانەوە تاوان نەبووە، دواتر بەشێوەیکی نوێ وەکو دەوڵەت، دەوڵەتی دەرەبەگایەتی هاتەپێشەوە، شێوەیەك لەیاسا، پەیڕەو کاریکرد و بەرەنگاربوونەوە سەریهەڵدا، بەڵام دیسان ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە و جیاواز مرۆڤ چەوسێنرایەوە، ئەویش چەوساندنەوەی خاوەن زەوی جوتیاربوو لەلایەن دەرەبەگەوە کەمشەخۆربوون، ئەگەرچی ئەمە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت نییە، بەڵام دەتوانین وەکو نمونەی یەکەمین بیرۆکەی دەوڵەت لەقۆناغەکاندا ناوی بهێنین، ئەوەبوو مرۆڤ پشتی بە بەروبومی دەست و کاری دەستی و بیرکردنەوە لەپێداویستیەکانی ژیان و کەرەستەی جیاوازی جوتیاری و خۆراك و هتد هاتە پێشەوە، کە زۆر کۆمەکی

بەسیستمی دەرەبەگایەتی کرد وەکو شێوە دەوڵەتێکی بەر لەسەرمایەداری، بەڵام لەکاتی خۆیدا وەبەرهێنان بوو، بۆ نمونە ئاڵوگۆڕی کاڵاو خۆراك یەکێك لەپێداویستیەکان بوو، کە دواتر سەرمایەداری کەڵکی لێوەگرت «بۆیە گۆڕینی شێوەی وەبەرهێنان لە دەوڵەتی خاوەنداری کۆیلەوە بۆ دەوڵەتی دەرەبەگ بوو، ئەمە گرنگیەکی زۆری هەبوو، لە کۆمەڵگەی کۆیلەییدا کۆیلە مافی نەبوو، بەمرۆڤیش لەقەڵەمنەدەدرا، بەڵام لەکۆمەڵگەی دەرەبەگدا مرۆڤ بوو بەخاوەن زەوی و خۆی بەزەویەوە گرێدا، ئەم سیما بنەڕەتییە لەکۆمەڵگەدا تەنها خۆگرێدانی جوتیاربوو بەزەویەوە، ئەو کاتیش جوتیارەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا، بەڵام دانیشتوانی شار زۆر کەم بوون، لێرەوە دەرەبەگ جێگەی خۆی قایمکرد». **فلادیمیر ئیلیج لینین. الدوله. محاضرات القیت فی جامعه سفیردلوف. دار التقدم. موسکو سنه 1919. ل22.**

دوا بەدوای ئەم ستایلە لەژیانی قۆناغە سیاسیەکان و گەشەسەندنی دەسەڵات لەشێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە، هەروەها بەئاگاهاتنی مرۆڤ و شۆڕشەکانی لەدژی سیستمە چەوسێنەرەکان، سەرەنجام گەیشتنی بەسەرمایەداری وەکو روحی سیستمی مۆدێرن و دامەزراندنی سیمای دەوڵەت، سوپای رێکخراو، وەبەرهێنان، دیبلۆماسی و پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و دامەزراوەی نوێ بۆ خزمەتی مرۆڤ لەپێناو بێدەنگبوونیان دژ بەدەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی دەستوری وەکو دیاریکردنی ماف و ئەرك بۆ هاوڵاتی و بەتایبەتیش کەڵکوەرگرتن لەبیرۆکەی فەیلەسوفەکان و شارەزایانی دەوڵەت، ئیدی ریفۆڕم دەستپێیکردو مرۆڤ لەدۆخێکەوە چووە دۆخێکی دیکەوە، لانیکەم گوزەران گۆڕا.

بە بارتەقای قۆناغی دەرەبەگایەتی کە هیچ مافێك بۆ جوتیار و خەڵك بەگشتی نەبوو، ئەو هەنگاوانەی لە دنیای سەرمایەداری بینران وەکو سیستمی

کۆماری، دیموکراتی، هەڵبژاردن و هتد، پێشکەوتنێکی یەکجار گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی، لینین لە کتێبی (دەوڵەت) بەڕونی دان بەو دیاردە چاکەیەدا دەنێت، کە بەراوردناکرێن چەند سودبەخشن، بەڵام سەرەنجام دەڵێت دەوڵەت چەند پێشبکەوێت، دەسەڵات و قازانجی بۆ سەرمایەدار و خاوەندار و چینی سەردەستە، کە ئەم دنیای نابەرابەری و جیاوازییە لەچینایەتی کۆتایی پێنایەت. هەربۆیە پرۆلیتاریا بەدەستی ئەو چینە زوڵمی لێدەکرێت، کە رۆشنبیری شاری دروستکردوە، هەروەها دان بەوەشدا دەنێت کە ئەگەر سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراتیەت بە هەمو کێشەکانیەوە نەبوایە، هەروەها ئەو حزبانە نەبونایە کە کێبەرکێیانکردوە بۆ دەرچوون، ئەوا هەستی خەباتی جەماوەریش بەو شێوەیە نەدەچووە پێشێ، بۆیە ئەمانە گرنگیەکی زۆریان هەبووە، بەڵام لینین لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت سەرەنجام دەوڵەت وەك ئەوەی ئەنگڵس لە کتێبی (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت) دەڵێت « مادام دەوڵەت خاوەندارێتییە بۆ زەوی و میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان و بەقازانی سەرمایەداری کۆتاییدێت، کەواتە هەرچەند سیستمەکە دیموکراتی بێت، هەر کەرەستەیەکە بۆ چەوساندنەوە و هیچی تر». **لینین. الدوله. محاظرات القیت فی جامعه سفیردلوف. 1919. دار التقدم. سنه 1970. ل29.**

بەرهەحاڵ لەسەر قسەکەی لینین حزب و رێکخراو رۆڵی کاریگەریان بینیوە لەوەی سیستم بگۆڕێت بۆ چاکسازی، ئەمە لەزۆربەی کردەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیش رەنگیداوەتەوە، بۆیە بەرلەوەی سیستمی سەرمایەداری سەرکەوێت بەسەر دەرەبەگایەتی وەکو قۆناغی سیستمی سیاسی، دەبینین شێوەیەك لەپەیوەستبوون بەیەکەوە لەلایەن جوتیارەکانەوە وەکو رێکخراو سەریهەڵدا، ئەم سەرهەڵدانە بۆ بەرگریکردن لەخۆیان و موڵك و ماڵ و کەرامەتیان، دەکرێ بەسەرەتای سەرهەڵدانی کاری

ڕێکخراوەیی و حزب لەقەڵەمبدرێت، کە مێژو شاهیدی ئەوەیە زۆربەی جوتیارەکان لەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی دەرەبەگ و شۆڕش دژ بە دەرەبەگ گیانیان لەدەستداوە و ئێستا سیمبولی بەرخودانن و رەنگە پەیکەریان بۆ دروستکرابێت و ناویان لەمێژوی شۆڕشدا هاتبێت، ئەمە بوو بە دەستپێك بۆ لە دایکبوونی حزب وەکو دەربازبوون لەبنەماڵەیی و خێڵی و ملکەچبوون بۆ ئەو سیستمەی دەرەبەگ قبوڵیەتی و هتد، جگەلەمانەش سەرهەڵدانی رۆشنبیری و خوێندەواری و گەشەسەندنی بیرۆکەی خۆڕزگارکردن لەدەسەڵات و هتد. هەمو ئەمانە بەشێك لەو سەرخانەی، کە هاوکاری سەرهەڵدان و لە دایکبوونی چەمکی دەوڵەت بوون، کە سەرمایەداری شانازی پێوەدەکات، ئەمە جگەلەوەی مەسەلەی ئاین کە لەبەشی دیکە باسیدەکەین، کێشەی سەرەکی دەسەڵاتدار و ژێردەستە بووە و پیاوانی ئاینی، وەکو توێژێکی مشەخۆری کۆمەڵگە، بە ناڕاستەوخۆ هاوکار و پاڵپشتی دەرەبەگ و دەسەڵات بوون.

دوا بەدوای سەرهەڵدانی چەمکی دەوڵەت وەکو کۆمەڵێك دەزگای سیستماتیك و بیرکردنەوە لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەرێگەی بیرۆکەی فەلسەفەی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت وەك قەوارەی سیاسی، ئیدی چەمکی پەرلەمان وەکو دەزگایەکی شەرعی کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە هاتەئاراوە، ئەمە بووە بنەما بۆ داواکاری خەڵك لەدەستەبژێری سیاسی کاتێك خۆیان بۆ پەرلەمان و پیاوی حکومەت هەڵدەبژێرن و بەڵێن بەخەڵك دەدەن، کە گوزەرانیان بگۆڕن بۆ بارێکی تر.

ئێمە کە باس لەچەمکی دەوڵەت دەکەین، بە هەمو مانا فراوانەکەیەوە قسەدەکەین، لێرەدا ناچاردەبین ئاماژە بە جۆر و دوو فۆڕمی دەوڵەت بکەین، دەوڵەتێك کە بۆماوەییە و ئەویتریش مۆدێرنەیە، لێرەدا دەبینین هەندێك لە بیرمەندانی سیاسی سەرمایەداریش گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی، کە هەردوو

مۆدێلەکە جیاوازییان نییە تەنها لەفۆرم و لەشێوەی بەرهەمهێنانی سیاسی نەبێت «لەدەوڵەتی بۆماوەییدا پەیوەندی خوێن و دۆستایەتی نێوان سەرکردەکان و خەڵك سەرچاوەی خێر و بێری زۆرە و پێوەری سەرەکی پێدانی کاری باش و پۆست و پلە و پایەیە». فۆکۆ یاما دەڵێت: «ئەم مۆدێلەی دەوڵەت زیاتر لەکۆندا هەبووە بەتایبەت لە شانشینەکان کە پاشا بەئاشکرا وڵاتی وەکو موڵکی خۆی سەیردەکرد و بەئارەزوی خۆی دابەشیدەکرد. بۆنمونە شارێکی دەکردە دیاری هاوسەرگیری کچێکی، دەڵێت لەسەردەمی ئێستادا زەحمەتە بەو زەقییە سەرکردە هەبێت و بوێری ئەوەی تێدابێت و بڵێت وڵاتەکەی موڵکی خۆیەتی، بەڵام بە فۆڕمی دیکە، کە ئەو ناوی لێناوە دەوڵەتی میراتگری نوێ. Newpatrimonial state ئەو پرۆسەیە بەڕێوەیە لەدەوڵەتی نوێی میراتگریدا هەندێك لەفۆڕمەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بوونیان هەیە، بۆ نمونە پەرلەمان بیرۆکراسی و سەرۆکایەتی لەناو کۆمەڵگەدا بونیان هەیە، بەڵام جۆرێك لەهاوپەیمانێتی لەنێوان دەستە و تاقمێك هەیە، کە وڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردوە و خێروبێرەکەی دەخۆن، ئەم مۆدێلە لەرێگەی هەندێك هاوپەیمانێتی سیاسی و دەستەبژێری دەوڵەت و خێروبێرەکەی بۆ بەرژەوەندی چەند گروپێك و خێزانێکی سیاسی بەڕێگەی جۆراوجۆری قۆرخکارییەوە ئاڕاستەدەکرێت، لەم مۆدێلەدا دەوڵەت لەجیاتی ئەوەی لەخزمەتی خەڵك بێت، لەخزمەتی ئەو کەس و گروپانەیە کە سیاسەت ئاڕاستە دەکەن». **دەوڵەتداری لەبیری فۆکۆ یاما دا. نوسینی هێمن میران. رۆژنامەی خەبات. 2014/12/23. ژمارە 4710.**

لەرابردودا دەوڵەت کە لەرێگەی نەتەوەوە بەدەستدەهات، شێوەیەك لەخەباتی جۆراوجۆر، ئەویش زیادکردنی نەوە واتە خستنەوەی هەرچی زیاتری مرۆڤ بەو ناوەوە، کە بەژمارە زیادبکەن نەك بەکێشە و شێوەکانی ستەمی میللی، ئەگەرچی پێشتر زۆر باسی ئەوە دەکرا، کە نازناوی کەمینەبوو، نەتەوە

لەناو پێکهاتە جیاوازەکان و دەوڵەتدا، نازناوێکی ناحەز و بێمانابوو، ئێستا دوای هاتنی ئەو زاراوەیە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، بوو بەیەکێك لەزاراوە ئاساییەکان، بەڵام زیادبوون شێوەیەکی تری وەرگرت کە ئەمە جۆرێك لە تاکتیکی سیاسی ئیتنیکی نەتەوە ستەملێکراوەکان بوو، «لە سییەکانی سەدەی رابردوو داواکارییەك لە زامبیای باکوری ئەفریقیا هەبوو بۆ هاتنی کرێکاری شارەزا تاکو زۆرترین ماتریالی زەرد (نحاس) لەژێر زەوی دەربهێنن، کە ناسراوە بە پشتێنەی (نحاس)، ئەمە کارێکی کرد، کرێکارێکی یەکجار زۆر کۆچبکەن بۆ بەدەستهێنانی کار، لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر مانەوە، لەناو هەمو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکاندا ژیان، تائەو رادەیەی گەیشتن بەئاستی جوتیارەکانی ئەو ناوچەیەی ماددەکەی تێدا بەدەستدەهات، ئیتر بوون بەکرێکاری کرێگرتە لەو وڵاتانەی کە ئابوریەکی باشیان هەیە، لەهەمو حاڵەتێکیشدا رێکخستنی ژیان لەسەر بنەمای نزیکایەتی و خزمایەتی بووە، کرێکارەکان بوون بەکەسوکاری ئەوان، ژن و ژنخوازیان کەوتە نێوان و بوون بە بەشێك لەو کۆمەڵگەیە، کە پێویستیان بەزیادبوونی ژمارە هەبوو، ئەوەبوو خزم و کەسوکاری خۆیان جێهێشت و بوون بە بەشێك لەو کۆمەڵگەیە، دواجاریش بوون بە بەشێك لە سیستمی کۆمەڵایەتی و فراوانکردنەوەی کۆمەڵگەکە لەروی روبەرەوە و تاکو چەندین سەدە مانەوە، بەڵام خەڵکەکە هێشتا پەیوەندییان مابوو لەگەڵ نزیکەکانیان لەشوێنەکانی پێشوویان، بەهۆی ژن و ژنخوازیەوە بوون بە کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی دەرەوەی نەتەوەی خۆیان، سەرەنجام کەوتنە سەر هەژماری ئەوان، چونکە هەمو چالاکیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیان لەسەر بنەمای ئەو ئیتنیکە بوو، کە بوون بە بەشێك لەوان، نەك هۆزکانی خۆیان». **توماس هایلاند اریکسن. العرقیە و القومیە. وجهات نظر انتروبولوجییە. ترجمە.. د. لاهای عبد الحسین. عالم المعرفە. ل40.**

ئەم حاڵەتە لەزۆر شوێن هەستیپێدەکرێت لەروی سیاسییەوە بە تاکتیکێکی شەرعی ناوی دەرکردوە و قبوڵکراوە، تاکو سەرهەڵدانی سەدەی بیستویەك، بۆ نمونە ئەم حاڵەتە لە هندستان و پاکستان هەیە، لە جەزائیر، فەرەنسا، سوریا، میسر، یۆنان، تورکیا، ئەڵمانیا، ئازەربایجان، جۆرجیا، ئۆزبەکستان و هتد هەیە، بەڵام لەدوای ساڵی 1991 و هاتنی چەمکی جیهانگیرییەوە، کە دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای زیادبوونی ژمارەی کەسەکانی نەبوو، کە ستەمی لێکراوە و لەدوای ئەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی هیچ بەهای نەما، بوو بەدەوڵەتی فرەیی، ئیدی ژمارەبوو بەپاشکۆی سیاسەت و کەوتە دەرەوەی پێوەرە سیاسییەکان، بۆ نمونە ئێستا دەیان هەزار مرۆڤی کارکەر هەن لەوڵاتان کاردەکەن و ئینتیمایان بو وڵاتی خۆیان و نەتەوەی خۆیان و قەوارەی خزمایەتی و هتد هەیە و هیچ کاریگەرییان نییە بۆ سەر ئەو نەتەوانەی دەیانەوێت بیانکەن بە بەشێك لەخۆیان و بیانتوێننەوە لەناو خۆیاندا بە مەبەستی زیادبوونیان لەروی چەندایەتیەوە نەك چۆنایەتی. لەکاتێکدا ئەمجۆرە نزیکبوونەوە و تێکەڵبوونە، کە ئەزموون کراوە هیچ باش نییە، چونکە وەچەکانیان دواجار دەگەڕێن بەدوای باب و باپیرانیان، هەروەك ساڵی 1959، لە کۆفمان بە هۆی سروتێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەم حاڵەتە بۆ منداڵەکان ئاشکرابووە و بابەتی جودابوونەوەی لێکەوتۆتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خەڵك بەو جۆرەی کە نەتەوەیەك دەیەوێت کرێکاری بیانی بکات بەشێوە کۆیلەیەکی خۆی لەروی کۆمەڵایەتییەوە، کە بۆخۆی سیاسییە، نەك هەر کەڵکی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەرچەکردار دەخوڵقێنێت و لەجیاتی ئەوەی سودێك بگەێنێت بەو دەوڵەتەی نیازێتی، کە لەرێگەی زیادبوونی دانیشتوان و تاکەکانیەوە قەوارەی سەربەخۆ دروستبکات، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی لێکجیابونەوە و کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوولا.

گۆڕینی ژیانی سیاسی قۆناغ دوای قۆناغ گەشەیکرد، مرۆڤ ئاستی بیرکردنەوە و داواکـــاری زیادیکرد و ترس شکا لەنەبوونی مـاف، بۆیە خۆشگوزەرانی لەدوای ئەو قۆناغانەوە، کە بە سەرەتای دەوڵەتی مۆدێرن دەژمێردرێت، یەکێك لە داواکارییەکانی هاوڵاتی هاوچەرخ بوو لەدوای سەدەی 17 و 18، ئەمە هەم بۆ دەستەبژێری سیاسی کەململانێی دەسەڵاتگرتنن و هەم بۆ خەڵکیش، کە دەنگدەرن داواکارییەکی لەبار، گونجاو، ئاسانە و پێچەوانەی شۆڕشگێڕێتییە، کە لەدەوڵەتی سەرەتایی و سەدەکانی رابردو هەبوو، ئیدی دەوڵەت لێرەدا ئەرکێکی دیکەی کەوتە سەرشان، ئەویش بیمەی بێکاری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و هتد کۆکراوەتەوە، ئەم ستایلە دەوڵەتە لەدوای کۆتاییهاتن بە جەنگی سارد و سەرەتای 1991وە دەستپێکرد و لە هەریەك لەو وڵاتانەی فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئەمریکا هەیە، کە سەرەتا حزبە سۆسیال دیموکراتەکان پێشنیازیانکرد، بەڵام تەنها بۆخۆیان و بەس، بەپێچەوانەوە نەگوازرایەوە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێك لەئاسیا. عەقڵانیەت بەپێچەوانەی تێگەیشتنە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراوەی دەوڵەت، رێگەیەکی سەختی بڕیوە، کە بە دابڕانی لەفەلسەفە پێناسە دەکرێت، ئەو دابڕینە لەسەر بنەمای تێڕوانین بۆ مرۆڤ وەکو بونەوەرێکی حاکم بەسەر خۆیەوە، چۆن و بە چ شێوەیەك بەسەر خۆیدا زاڵبوو، چۆن لەو دۆخە سەرەتاییە خۆی رزگارکرد و بو بە بوونەوەرێکی شارستانی و جۆرە بڕوایەك بۆ رێکەوتن لەسەر دانانی بەردی بناغەی دامەزراوەیەك، کە گشت کۆدەکاتەوە، لێرەوە سیستمی عەقڵ، کە چارەنوسی خۆی دەداتەوە دەست مرۆڤ خۆی، بەوەی کە لە توانایدا باری کۆمەڵایەتی لەرێگەی جۆراوجۆر و سیاسەت و هەلومەرجی گونجاو رێکبخات و لەحاڵەتی سروشتی کلاسیکییەوە بگوازێتەوە بۆ میکانیزمێك، کە تەنها کەڵك لەجەوهەری سروشت وەربگیرێت، نەك مرۆڤ ببێت بە ئامێرێك

لەپێناو دەسەڵاتێکی ڕەها و خوداوەندێکی وەهمی، کە هەر مرۆڤ خۆیەتی.

«عەقلانیەت لەدوای سەدەی 18یەمەوە دەوڵەتی لەپرسێکی سروشتییەوە کرد بە ئامێرێك، وەك پێداویستیەك و جۆرێکی دیکەی ویستی مرۆڤ، ئێستاکە سروشت بۆخۆی ئامێر و میکانیزمێکە دەبێت دەوڵەتیش هەمان ئامێر بێت، ئەوکەسەی ئەم ئامێرە دروستدەکات مرۆڤە، هەر کەسێك کە دەیەوێت دەوڵەت بناسێت، دەبێت دروستکەرەکەی واتە مرۆڤ بناسێت، دروستکردنی دەوڵەت لەلایەن مرۆڤەوە کارێکی ڕەسەنە و وێنەگرتنەوەی شتێکی پێشتر نییە، بەهەمانشێوە ڕاستی و دادپەروەریش شتێکی پێشوەختی نین، بەڵکو لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەدا دروستدەبن» **کەمال پوڵادی. لەدەوڵەتی دەسەڵاتەوە تا دەوڵەتی عەقڵ.. وەرگێرانی لەفارسیەوە بۆ کوردی. سیروان زەندی. دەزگای موکریان. ل19**

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە مرۆڤ لەئەنجامی ململانێ لەگەڵ خۆی کێشە بۆخۆی دروستدەکات، بۆیە عەقڵانی بەرلەوەی خزمەتی مرۆڤ، خزمەتی سیستمێك دەکات، کە مرۆڤی کردوە بەکۆیلەی قەوارەی دەوڵەت و لەخزمەت سیستمی ئابوری دایە، ئەمەش لەو وەهمەوە سەرچاوەیگرتوە، کە مرۆڤ وەك ئەرستۆ دەڵێت: «خۆی خستۆتە دەرەوەی سروشت، بۆیە مافی بەخۆی داوە ململانێ لەگەڵ سروشت بکات و خۆی جودابکاتەوە»..

دەوڵەتی سەدەی ڕابردو ئەو باڵانسەی نەبوو، کە بتوانێت لەنێوان ئەرك و مافدا بۆ هاوڵاتییەکانی خۆی دابینبکات، بۆ نمونە سەربازگیری لەریزی سوپا کە زۆرەملێ (تجنید) بوو، چونکە دەوڵەت هەمیشە لەبەردەم ئەگەری جەنگ بوو تا یەخەی بگرێت، لەلایەکی دیکەوە بابەتی مافی کرێکار و بەکاربەر و هێزی کار و خوێندن نەبوو، هەروەها هاتنەئارای بزوتنەوەی جەماوەری و سەندیکایی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کە بەشدارییکەن لە

ئاڕاستەکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسی و ئابوری دەوڵەت، بەشێك لەو باڵانسەیە، کە دەوڵەت خۆی لە ستایلە کۆن و سەرەتاییەکە جیاکردەوە.

هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات. بەشێکی دیکەی جیاوازییەکانە، پێشتر دەوڵەتی سەرەتایی یاخود بڵێین دەوڵەتی کلاسیك، بەکودەتا، یان شۆڕش، یان روخانی سیستم دەگۆڕا، چونکە سیستمی گشتگیری بەناوی کۆمۆنیزمەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو سیستمەوە نەبوو، بەڵکو شێوەیەك بوو لە سەرمایەداری دەوڵەتی بە ستایلێکی جیاواز، ئەم سیستمە بیانووی بۆ کاربەدەستان و دەستەبژێری سیاسی خۆشکردبوو، کە دەسەڵات بەجێنەهێڵێت، ئەویش تاکپارتی بەدرێژایی چەندین ساڵ بەبیانوی قەڵاچۆکردنی دوژمن لەنەیاری دەوڵەت و سیستم، رێگە بەحزب و رێکخراو و بزوتنەوەی جەماوەری نەدەدرا بەشداری سیاسەت و سیستم بکات، یان ئەگەر رێگەش بدرابا دەبوو لەژێر سایەی ئەو سیاسەتە بوایە، کە دۆگمای سیاسی پیادەیدەکرد، هەروەها سەرکوتکردنی دامەزراوە یاسایی و دەستورییەکان، خاڵێکی یەکجار گرنگی تر، ئەوەبوو کە دەستوری دەوڵەت دەستوری وەستاو و نەگۆڕ بوو، واتە دەستور بە ریفراندۆم نەدەکرا و نەرم نەبوو، تاکو لەرێگەی خەڵکەوە ئاڕاستەی دەسەڵات بەرەو خۆشگوزەرانی بگۆڕێت، هەڵبەت دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە سەراپای سیستمەکە نیگەتیڤ نەبوو، بەقەد ئەوەی کاڵاکە بەقەد باڵاکەی نەبوو، واتە شوناسەکەی وەك ناوەڕۆکەکەی نەبوو، کە لەسەرانسەری دنیا بانگەشەی بۆ دەکرا.

لەدەوڵەتی مۆدێرن، کە هەم سۆسیالیستەکان و هەم دەوڵەتانی خاوەن ئەزموون لە دەوڵەتداری لەرۆژئاوا، مەبەستم ئەو دەوڵەتانەیە ئێستا بوون بە دەوڵەتی فرەیی لە کولتور، ئاین، مەزهەب، نەتەوە و هتد پێی گەیشتوون

و ئەزمونیانکردوە. گرەو لەسەر هاوڵاتیبوون، خـاوەن شوناس، بەرهەم، نیشتیمانپەروەر، ڕێزگرتن لەیاسا، مافی مرۆڤ و سیستمە، نەك بەڕەگەز و ڕەسەنایەتی هاوڵاتی دەوڵەتەکەیە و لەخزمەت خەڵکی ئاسایی بێت بە بێ ئینتیمای سیاسی، کەواتە دەبێت دەوڵەت بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاونیشتیمانی خۆی بکات، ئەو پێشبینیە بلیخانۆف بەر لەسەدەیەك هەیبووە و پێشنیازیکردوە بۆ کۆنگرەی 5ی حزبی کۆمۆنیستی روسیا (سۆڤێتی کۆن)، دەڵێت «بە بارتەقای ئەوەی، کە دەوڵەت بە چەمکە بەرتەسکەکەی پێی هەڵدەوەشێتەوە و نامێنێت، زاناکانیش ڕۆڵێکی گەورەتر دەبین لە ئاڕاستەکردنی ئەو دەوڵەتە و بەڕێوەبردنەکەیدا، واتە سەرخانی سیاسی پێ بە پێی بەرەو سەرخانی (قەڵەمڕەوی زانست) وەردەچەرخێت، بەڵام ئەمە هەموی لەئایندەدا دەبێت و پێویستە بە ئاڕاستەی ئەوە هەوڵبدرێت، کە سەرخانی سیاسی بەرژەوەندییەکانی ڕەنجدەران ڕەنگپێبداتەوە، ئەمەش تەنها لە سایەی سۆسیالیزمدا بەدیدەهێنرێت، شۆڕشی سۆسیالیستی بەم چەمکە، ئەو ئامانجەیە، کە پرۆلیتاریا هەوڵی بۆدەدات، لەمیانی ئەمەشدا دەبێت ئەوە بیربهێنرێتەوە، کە هیچ شۆڕشێك نەبووە لەدوا هەواردا سەرکردایەتی گۆڕانکاری جێگیر و گەشەکردوی لەشێوەی بازدانی لەپەیوەندییە بەرهەمهێن و کۆمەڵایەتیەکاندا کردبێت، بەڵکو ئەوەی کردویەتی تەنها خێراترکردنی گەشەکردنەکانیان بووە، لەم چوارچێوەیەدا پێشەکیەکەی ئەنگلس بۆ چاپی مانیفیست بەزمان ئینگلیزی لەساڵی 1888دا، زۆر بە باشی باسی ڕۆڵی بەرچاوی پرۆسەی بەپێی سروشتیانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کردوە». **راسپاردەی بلیخانۆف. وەرگێرانی. ئیسماعیل راجی. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان. 2013 ل 102.**

ئەم قسەیەی بلیخانۆف ئەوەمان پێدەڵێت: شۆڕش خەڵك لەو ڕۆژگارە

رزگاردەكات، كە حكومەت و دەوڵەت و سیستمێكی سەركوتكەر ناهێڵێت و خۆی لەجێگەیدا جێگیردەكات، دەنا خۆیان هەمان دەوڵەت و سیستم و حوكمڕانی پیادە دەكـەن، هەڵبەت دەوڵـەت كە گروپێكی دیـاری سەر بەئایدیۆلۆژیا، سیاسەت، ئەجێندایەك و بەرژەوەندییەكی تایبەت بەڕێوەیببەن، دەبێت چ دیاردەیەكی نوێ بۆ هاونیشتیمانی وەكو بەرهەم و دیاری شۆڕش پێشكەشبكەن، جگەلەوەی شێوەی حوكمڕانی دەگۆڕێت و دەوڵەت سیمایەكی دیكە نیشاندەدات.

وەك گفتوگۆمانكرد، دەوڵەتی جاران لەسەر بنەمای دەسەڵاتی كەمینەیەك یان زۆرینەیەك بوو بۆ دامەزراندنی حكومڕانی و سیستم و هتد، ئێستا ئەو مۆدێلە گۆڕاوە كە وەكو ئەسكەندەری مەكەدۆنی لەیۆنان، ناپلیۆن لەفەرەنسا، قەیسەر لەروسیا، بسمارك لەئەڵمانیا، دارویش لە ئێران و هتد. لەرێگەی هێزەوە دادەمەزرا، لەگەڵ هاتنی چەمكی دیموكراسی بۆ رەوایەتی دەوڵەت و دانپیانانی لەئاستی نێودەوڵەتی و دور لەهەر پشێویەك و شەڕ و شۆڕێك لەگەڵ دراوسێ، دەوڵەت و هێزەكانی تری داگیركەر، ئێستا مۆدێلی پەرلەمانی بۆ بەیاساییكردنی دامودەزگا و شەرعیبوونی دەستوری و بەشداری خەڵك لەو دەوڵەتە، سیستمێكی سیاسی دادەمەزرێت جا ئەو سیستمە حزبی سیاسی و گروپی دەستەبژێری سیاسی، یان هێزی نێودەوڵەتی لەپشتەوەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، یان هەر شتێكی دیكە. «بەڵام دەبێت ئەم خاڵە روونبكرێتەوە ئایا سیستمی حزبی و پەرلەمانی، كە دەبوایە میكانیزمێكی لەبار بوایە بۆ هەڵبژاردنی كارگێڕان لەپێناوی پێكهێنانی هاوسەنگی لەگەڵ فەرمانبەرە دانراوەكاندا و كۆسپ بوایە لەبەردەم دارِزانی ئەم كارگێڕانەدا، كە بۆتە كۆسپ لەراستیدا بە ئاڕاستەی پێچەوانەی (پەیامەكەی) هەڵدەسورِێت ؟ ئەگەر بەڕاستی ئاوهایە، بۆچی ئەو گۆڕانە رویداوە؟. دەبێت لەبیرمان بێت،

که تەنانەت وەڵامێکی راستیش بۆ ئەم پرسیارانە کۆتایی بە پرسەکە ناهێنێت، بەوەش قایلبین (کەدەبێت قایلبین) کە پەرلەمانتاریزم ناکاریگەر و تەنانەت زیانبەریشە، دیسان بەم ئامانجە ناگەین کە دەبێت سیستمی بیۆکراتی رێزی لێبگیرێت و دروستبکرێتەوە. دەبێت لەم پرسە رامێنین داخۆ پەرلەمانتاریزم و سیستمی هەڵبژاردن هاوتان، یان دەتوانرێت بەسیستمێکی هەڵبژاردنی نوێ، چارەسەرێکی تازە هەم بۆ پرسی پەرلەمانتاری و هەم بۆ سیستمی بیۆکراتی بدۆزرێتەوە؟.» **ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. مامەند روژە. ل 106.**

# دارایی و سامانی دەوڵەت

لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیستماتیك دوای کۆیلایەتی، وەکو شێوەیەکی موڵکداریی تایبەتی، مرۆڤایەتی ناڕاستەوخۆ بە بێ ویست دابەشبوو بۆ سەر دوو چینی دیاریکراوی کۆمەڵگە» ئەوکاتەی کە گەورە خاوەندارە زەویەکانی جوتیاری، کە شێوەی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکان گۆڕا، هەروەکو چۆن خاوەن کۆیلەکان کۆیلەیان بەموڵکی خۆیان دەزانی، ئیدی دوای ئەم قۆناغە کاڵا بوو بە یەکێك لەپێداویستی مرۆڤ و بازاڕ پەیدابوو، کە دواجار سیستمی دەرەبەگایەتی گەشەیسەند، پاشان بازرگانی، پاش ئەو حاڵەتە یاسا کۆیلەی وەکو هەر شتێك تەماشادەکرد، کە موڵکی خاوەندارە کۆیلەکان بێت، دواتر لەکۆمەڵگەدا بازرگانی گەشەیکرد و سەرەتاش بە گۆڕینەوەی کۆیلە دەستیپێکرد، ئەوەبوو بازاڕ شێوەیەکی دیکەی وەرگرت و تادەهات ژیانی چینەکان فراوانتر دەبوو، دواتریش بازاڕی جیهانی و ئاڵوگۆڕی پارە و تاگەیشت بە سەرمایەداری.

سامانی دەوڵەت سامانی گشتییە، چونکە بە بێ داهێنان و دروستکردن، خاك، خۆڵ، ئاو، کانزا و بەروبومی دیکەی کشتوکاڵی و هتد موڵکی کۆمەڵگەیە بە گشتی، هەربۆیە پێی دەگوترێت سامانی گشتی، ئەم سامانە دەتوانرێت وەکو موڵکی گشتی بمێنێتەوە و دەوڵـەت بە پێی سیستمی کشتوکاڵی و بەرنامەی ساڵانەی خۆی وەبەرهێنانی تێدابکات و بەرژەوەندی خەڵك و دەوڵەت لەبەرچاوبگرێت، هەروەها دەشتوانێت رادەستی کەرتی تایبەتی بکات و دەوڵەت و خەڵکی سودی لێوەربگرن، هەرچەندە ئێستا دەوڵەتێك نەماوە پشت بەکەرتی تایبەت نەبەستێت، بەڵام بەشێك لەدەوڵەتان هێشتا دەزگا وەبەرهێنەکانیان سەر بەسامانی گشتییە، بەتایبەتی نەوت.

بـەڵام دارایــی گشتی ناونیشانێکی ژمارەییە بۆ یەکێك لە کۆڵەکە

بنچینەییەکانی دەوڵـەت، ئەوەش ئاشکرایە هیچ دەوڵەتێك بە بێ دارایی بەڕێوەناچێت، بۆیە ئەم پێگە، یان کۆڵەکەیە رێگە بەناساندنێکی مەعریفی و بابەتی و عەقڵانی دەوڵەت دەدات، ئەمە بۆ ئەوەیە ئاشکرای بکات دارایی لەچنگی خودی دەزگا شەرعییەکانی دەوڵەتدایە و هەر خودی دەوڵەتیش لەکاتی پێویستدا سەروکاری پێدەکات، هەروەك ئەوەی بودجە لەژێر رکێفی وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتدایە بۆ رێکخستنی ژیانی کارگێڕی و داهاتی تاك و تایبەتمەندی و چالاکی ئابوری و فریاکەوتن بۆ کاتی قەیرانی سروشتی و ناسروشتی و هتد.

پێشتر دەوڵەمەندی دەوڵەت لەروی دارایی و دەستەکەوت و داهاتەوە بوو، هەروەها یەکێك لەمەرجەکان ئەوەبوو، کە دەوڵەتێکی پیشەسازی بێت و پشت بەو داهێنانانە ببەستێت، کە لەروی تەکنۆلۆژییەوە خاوەندارێتی دەکات، بەڵام ئێستا ئیتر دەرکەوت دەوڵەت پێویستی بەو داهێنانە نییە لەروی تەکنۆلۆژی کەرەستەی پێویست و تەکنۆلۆژیای سەربازی، بەقەد ئەوەی مەرجی خاوەنداری نەوت، گاز، فسفۆڕ، فۆسفات و هتد بێت، کە سامانی سروشتییە، هەروەها خاوەنی ئاو بێت، چونکە دوای نەوت و کانزاکان ئاو یەکێکە لە شەڕەکانی ئایندە، کە بەسامانی لەبن نەهاتو لەقەڵەمدەدرێت، بۆیە دەوڵەت ئەگەر خاوەنی ئەو سامانە سروشتییە بوو، دەتوانێت خاوەنی کەرەستەی تەکنۆلۆژیی مەدەنی و سەربازیش بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر تەنها خاوەنی کۆمپانیا بێت، کە ئێستا لە دەرەوەی سیاسەتی دەوڵەت و موڵکداری حکومەتە، بەڵکو کەرتی تایبەتە، ئیدی دەوڵەت پشتی پێنابەستێت، چونکە هەر ئەو کۆمپانیایەی، کە خەریکی وەبەرهێنانە، دەتوانێت لەدەرەوەی وڵاتەکەی و لەو وڵاتانەی، کە هیچ داهێنانێکیان نییە و بە دەوڵەتی خاوەن هێز نەناسراوە، دەتوانرێت کۆمپانیاکە بکڕێت و بیخاتە خزمەتی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی قەوارەکەی خۆیەوە. نمونەی ئەو کۆمپانیایانەی کە سەر بەوڵاتانی هەریەك لە کەنەدا، ئەڵمانیا، سوید،

فللەندا، ئینگلستان، چین و هتد، لەدەرەوەی خۆیان وەبەرهێناندەکەن، ئەم سیاسەتە لەدوای سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای نوێ، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، کەناڵی ئاسمانی میدیایی، سەرهەڵدانی سیستمی جیهانگەرایی و گەیشتنی زانیاری بەهەمو کەسێك، ئیدی تەواوی دنیا بە بێ ئەوەی تەکنۆلۆژیای هەبێت، بوون بە خاوەنی ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە لەهەمو بوارەکاندا و هەمو مرۆڤ کەڵکییان لێوەرگرت، لێرەوە دەوڵەت مانا و پێناسەیەکی دیکەی وەرگرت لەدوای ئەو سیستمەی، کە دابڕانێکی لەگەڵ رابردو راگەیاند، بەڵام ئەو سیستمە لەگەڵ ئەوەی، کە سودی بۆ هەموان هەبوو، وەهمێکی دروستکرد، کە لەدوای مۆدێرنەوە ئاشکرابوو، ئەویش وەهمی پێشکەوتن بوو بەسەر نەزانیدا، بۆ نمونە لە ئێران دوای روخانی حەمە رەزا شا، میشیل فۆکۆ بۆ شارەزابوون لە سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی ئێران دەچێتە تاران و سەردانی یەکێك لە کارگەکان دەکات، دەبینێت گەنجینەیەك پڕیەتی لە مەکینەی درومانی کۆن و سکرابکراون، واتە کاریان پێناکەن، دەپرسێت بۆچی کار بەو مەکینانە ناکەن، لەوەڵامدا دەڵێن ئەوانە کۆن بوون، ئەویش دەڵێت خۆی کاری پێدەکرێت، ئەوانیش دەڵێن ئاخر مۆدێرن نییە، فۆکۆ لەوێدا بۆی دەردەکەوێت مۆدێرنەو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بۆ ئەو وڵاتانەی، کە خاوەنی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو نین و گەمارۆی ئابوریان لەسەرە، توشی وەهمی پێشکەوتن بوون، لەبری ئەوەی بە کەرەستەی خۆیان کاربکەن، چاوەڕێی دەستی کۆمپانیای زەبەلاحەکان و دەوڵەتە پیشەسازیەکانن تاکو فریایان بکەون، ئەو وەهمە تاکو ئێستاش لەهەندێك دەوڵەتی نوستوو، دواکەوتوو لەروی ئابوریەوە ماوە.

بەشێك لەو کۆمپانیایانەی کە دنیا بەڕێوەدەبەن زیاتر لە 25 کۆمپانیایە، بەڵام ناسراوترین کۆمپانیا کە دەتوانن گەمە بە دراو، بازاڕ، کاڵای بەرهەمهێنراو، سیاسەتی ئابوری و بۆرسە بکەن، هەروەها بتوانن لەوێشەوە هاوکێشەی سیاسی دنیا بگۆڕن، بریتین لەم کۆمپانیایانە:

**1: ئیکسۆن مۆبیل کە سیمبولەکەی (XOM)**

**2: شل(RDS)**

**3: بی پی (BP)**

**4: شیفرۆن (CVX)**

**5: تۆتاڵ. (TOT)**

ئەم کۆمپانیایانە لە دوای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە سەریانهەڵداوە، بوون بە بریکاری کڕینی نەوت و گاز و هتد، ئەویش بە هۆی بەردەوامبوونی شەڕی ساردی دەیان ساڵەی نێوان ئەمریکا و سۆڤێت بوو، هۆکارەکەش کێشەی دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی کڕیار بوو لەدنیادا، بۆیە ئەم کۆمپانیایانە توانیان ئەو کێشە ئابوریە بۆ ئەو دەوڵەتانە چارەسەربکەن و نەوتیان لێبکڕن، وەك یەدەکی ئابوری بۆ هەریەك لەو وڵاتانە دابنێن، کە بەشداربوون لە شەڕی جیهانی دوەم و پاشماوەی شەڕەکە، بەڵام دواتر بە پێی راپۆرتێك، کە گۆڤاری فۆریس بڵاویکردۆتەوە لە ساڵی 1988 هەردوو کۆمپانیای (بی بی و ئیکسۆن مۆبیل یەکیانگرت و بوون بەیەك کۆمپانیا، هەروەها ساڵی 2001 هەردوو کۆمپانیای شیشرۆن و تکساکۆ یەکیانگرت، بۆیە دوابەدوای ئەم رێککەوتن و یەکگرتنەی کۆمپانیاکان بۆ مژینی ئابوری هەمو دنیا بەرێگەیەکی سیحراوی، توانیان لە ساڵی 2003 لە 94% قازانجی کڕینی نەوت لە جیهاندا بکەن، هەروەها لەگۆڕینی دراویشدا سویەکی زۆر وەربگرنەوە، کە پێشتر لەبری نەوت لە بۆڕسەی جیهانی دانرابوو، بەمەش دەرکەوت، کە هیچ دەوڵەتێك وەکو بەر لە جەنگی دوەمی جیهانی ناتوانێت مامەڵە بە بازاڕ، کڕین، فرۆشتنی نەوت، گاز، فۆسفات و هتد بکات، هەروەها گەمە بە دراوی هەمو دەوڵەتان بکات، ئاشکرایە کە هەمو ئەو کۆمپانیایانە و بەتایبەتی ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ ئیکسۆن مۆبیل یەکدەگرن و دەتوێنەوە، سەر بەسەرمایەدارە گەورەکانی ئەمریکان و هەر ئەوانیش داواکاری بۆ نەوت و

کارپێکردنی لەبازاڕ بەرزدەکەنەوە و گەمە بە نرخی نەوت دەکەن، بە بێئەوەی هەریەك لە سعودیە، کوەیت، ئیمارات و عێراق، کە لەجەنگدا بووە بەردەوام بتوانن ڕۆڵیان لەو گەمەیە هەبێت، یان ئەو دەوڵەتانەی کە گەمارۆی ئابوری لەسەر بووە بتوانن نرخەکە رابگرن، هەروەها ئێران کە هەمیشە خاوەنی یەدەکی نەوتی بووە، نەیتوانیوە تاکو ئەو دواییەی، کە چووە ناو بەرەی چین و روسیا لەدژی ئەو بازاڕەی، کەئەمریکا خولقاندویەتی لە هەمو دنیا. بۆیە ئەم گەمە سیاسییە ئابوریە لەلایەن ئەمریکاوە بەردەوام بوو تاکو ساڵی 2004 و 2007، بە یاسای نێودەوڵەتی عێراقی داگیرکرد، ئەوەبوو لەو ماوەیەدا هەمو کۆمپانیاکان کەڵکییان لەو دۆخە ئابوریە وەرگرت و لەهەموشیان زیاتر ئیکسۆن مۆبیل بوو بەبەشداری کۆمپانیاکانی تر توانی 494.8 ملیار دۆلاری ئەمریکی قازانجبکات.

ئەم حاڵەتە بۆ هەمو دەوڵەتانی پیشەسازی دنیا جێگەی سەرسامی بوو، ئایا ئەمە کۆمپانیایە یان دەوڵەتە دەتوانێت لەدەوڵەتێکی تر نەوت وەبەربهێنێت، یان کۆمپانیایەکی سەربەخۆیە، لەراستیدا دەرکەوت لەدوای 11ی سێپتەمبەر شتێك نەماوە بەناوی دەوڵەت، ئابوری وڵات بەڕێوەببات، بەتایبەتی ئەمریکا کە بووە گەورەی هەمو دنیا و قەیرانی تەواوی دنیای بەڕێوەبرد لە رۆژهەڵات و ئاسیا بەگشتی، تادەگاتە وڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی کۆن و تەنانەت ئەوروپاش، جگە لە بەریتانیا کە خاوەنی ناسنامەی دەرهێنانی نەوتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەتوانێت بە بێ هێزی سوپا و سەرباز و داگیرکاری راستەوخۆ، بگاتە بیرە نەوتەکانی دنیا و کەڵك لەداهاتی هەمو نەوت وەربگرێت.

بەڵام لێرەدا بابەتێك هەیە گرنگتر لەوەی قسە لەسەر دارایی گشتی دەوڵەت بکرێت، ئەویش سیاسەتی دارایی دەوڵەتە، مەبەست لەسیاسەتی دارایی واتە شێوەی داهات و بەدەستهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتان لەرێگەی بازرگانی و هێنانوبردنی کاڵا و پێشکەشکردنی کاڵای وڵات بۆ

وڵاتێکی دیکە، هەروەها لەرێگەی ئاو و دەریا و سامانە سروشتیەکانی دیکەی قەوارەی جوگرافیای دەوڵەت، هەروەها سامانی مێژویی کەپێکهاتوە لە پاشماوە و شوێنەوار و ناوچە گەشتیارییەکان، کە بەشێك لە داهاتی وڵات پێکدەهێنن، چونکە ئەمانە هەموی بەشێکن لەرێکخستنی دەوڵەت لەلایەك، هەروەها دیاریکردنی شێوەی پەیوەندی بەدەوڵەتێکی دیکەوە لەسەر بنچینەی پەیوەندییە سیاسییەکان و بەرژەوەندییەکانی هەردوولا.

سەرباری ئەو خوێندنەوەیە بۆ ئەوەی، کە دەوڵەت جگە لە کۆمپانیاکان ناسنامەی پێشتری نەماوە و سیستمی سیاسی ئابوری دنیا بەڕێوەدەبەن، بەڵام دارایی کە دەزگایەکی حەتمی دەوڵەتە، سێ وەزیفەی گرنگی هەیە کە دەوڵەت دەبێت ساڵانە رێکیبخات و ئامادەسازی خۆی بکات بۆ ساڵێکی دیکە و لەکاتی خۆیدا فریابکەوێت و کێشەکان بە هەڵواسراوی نەهێڵێتەوە، چونکە سەرەنجام هەمو کومپانیاکان ئەگەر کەرتی تایبەتیش بن و بۆ قازانجی تایبەتی کار بکەن، لەسەریانە باج بدەن و ببن بە بەشێك لە سیستمی دارایی دەوڵەتان بەهەمو سامانێکی سروشتی و ناسروشتیانەوە، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە.

**1: بودجە.**

**2: بودجەی پێدراو.**

**3: ژمێرکاری نیشتیمانی.**

**1: بودجە:** بریتیە لەتەواوی ئەو تێچوانەی کە دەوڵەت و جومگەکانی حکومەت و پێداویستیەکانی بەڕێوەچوونی کاروباری خەڵك، سیاسەت، دیبلوماسیەت، سوپا، کاروباری ئاسایش، تەندروستی، فەرهەنگی، گەشتوگوزار، پەروەردە، خوێندن و هتدی پێبەڕێوەدەچێت. ئەمەش بەشێکە لەدەستکەوتی بەروبومی ناوخۆیی و سامانی سروشتی دەوڵـەت و بازرگانی دەرەوە بەدەستدێت، ئەویدیکە لەرێگەی باج و رسومات دێت کە لەرێگەی مامەڵەی خەڵك بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین

دەوڵەت نابێت گیرفانی تاك و خەڵك بەتاڵبکات لەسەر هەژماری دۆخی ئابوری و کەمی بودجەی دەوڵەت، هەروەك لەهەندێك وڵات، کە داهاتیان کەمە و دۆخی ئابوریان ناجێگیرە، یان دوچاری قەیرانی ئابوری، یان گەمارۆی ئابوری بوونەتەوە، چونکە هاوڵاتی ناچارنییە و ناکرێت لەئەنجامی خراپ سیاسەتکردنی دەستەبژێری سیاسیەوە باجی ئەو هەڵانە بداتەوە و گوزەرانیان خراپ بێت.

**2: بودجەی پێدراو:** میزانیە المدفوعە: ئەم مامەڵەیە لەرێگەی بازرگانیکردنی بازرگان و سەرمایەدارەکان دەبێت، کە لەکەرتی تایبەت هێنان و بردنی کاڵا کاردەکەن، ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بەئاڵوێری کاڵاوە هەیە، بەشەکەی دیکە پەیوەندی بەگۆڕینەوەی دراوی وڵاتەوە هەیە لەکاتی مامەڵە و ئاڵوێرکردنی کاڵا و هێنان و بردندایە، بۆیە دەوڵەت بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی خۆی لەسەریەتی چاودێری بازرگانەکان بکات و هەرچی زیاتر باجیان لەسەر دابنێت و مەرج بۆ شێوەی نرخی کاڵا و کوالێتی و چەندایەتی و چۆنایەتی کاڵا دابنێت. چونکە ئەمەش دەچێتە خانەی ئاسایشی نیشتیمانی دەوڵەتەوە، ئەمە جگەلەوەی ئاسایشی پارە، یان دراوی دەوڵەت بەشێکی لەچنگی بازرگانی کەرتی تایبەتدایە، بەوپێیەی کەپارە لەگەڵ پارەی دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ، یان دۆستی دەوڵەت ئاڵوگۆڕدەکات، ئەگەر لێرەدا سیاسەتێك نەبێت بۆ باڵانسکردنی ئەو شێوە بازرگانی و پارە گۆڕینەوەیە، ئەوا دورنییە، کە پارەی دەوڵەت دوچاری کێشە یان بێهێزی و بێ نرخی ببێتەوە و بکەوێتە بەر هێرشی بۆرسەوە.

**3: ژمێریاری نیشتیمانی:** ئەو پرۆسەیە شێوەیەکی دیکەیە لەبودجەی پێدراو، بەڵام ئەمە ئەرکی ئەوەیە یەکسانی لەنێوان هێنان و بردن بکات، هێزی بەکاربەر و کاڵای داواکراو باڵانس بکات، یان پێویستی دەوڵەت لەهەمو بوارەکاندا.

مێژوی دارایی دەوڵەت یەکێکە لەوانە سیاسیەکان، دەوڵەتان لەسەریانە کەڵکی لێوەربگرێت، چونکە سیاسەتی دارایی بەردەوام لەبەرزی و نزیمیدایە و دەبێت کەسانی شارەزا هەمیشە لەخەمی باڵانسکردنیدا بن، یان لەسەریانە بەردەوام خەزێنە پڕبکەن بۆ رۆژی تەنگانە و ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانی دارایـی، یان دوچاربوونی دەوڵـەت بەجەنگ، ئەمەش سەرەتا لەچەند هەنگاوێکەوە دەستپێدەکات.

1: دەزگاکانی دەوڵەت دەبێت قانع بن بەو کەرەستەو پێداویستیانەی، کە بۆیان دابینکراوە و شەفافانە و نیشتیمانپەروەرییانە کاریپێبکەن.

2: نابێت دەوڵەت هەم خودی خۆی و هەم هاونیشتیمانیەکانی فێرە مەسرەفگەرایی بکات و دوچاری هەڵاوسانی دارایی بێت، واتە دەرچوون لە سیستمی موچە، زامنی تەندروستی، نیشتەجێبوون، بەکارهێنان و هاوڵاتیش وەك بەکاربەر بۆ کاڵا و پێداویستییەکانی رۆژانە بە پێی ئەرك و ماف.

3: دەوڵەت لەسەریەتی کارگە و بەرهەمی باش لەبەروبومی خۆماڵی بەرهەمبهێنێت، خەڵك فێربکات کەڵك لەبازاڕی بەروبومی نیشتیمانی وەربگرن نەك بەپێچەوانەوە، چونکە کەڵکوەرگرتن لەبەروبومی نیشتیمانی دوو کەڵکی هەیە، یەکەم قازانج بۆ دەوڵەت و بەرژەوەندی گشتی دەگەڕێتەوە، دوەم هاندانی کۆمپانیاکانی نیشتیمانییە، کە لەڕێگەیەوە هانی جوتیار، پیشەوەر، بازرگان و هتد بدات.

4: دەوڵەت لەسەریەتی سیاسەتێکی حەکمیانە بکات لەگەڵ دۆستەکانی و وڵاتانی دیکەی پیشەسازی و زلهێز، خۆی بەدوربگرێت لەهەر کێشەیەکی سیاسی، کە لەهاوکێشەکاندا سەرهەڵدەدەن و دوچاری جەنگ نەبێت، ئەگەر هات و دوچاربوو دەبێت ئیدی لەڕێگەی سیاسەتی داراییەوە خۆی سازبدات بۆ توندوتۆڵکردنی بەرەکانی جەنگ، کەرەستەی سەربازی، تەندروستی مرۆیی و رێگەگرتن لە دزەکردنی دوژمن، هەواڵگری، پڕوپاگەندەی نەرێنی و هتد.

چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵاوسانی داراییەکان مەسەلەی دوچاربوون و بەردەوامبوونی جەنگە.

لەڕاستیدا و هەمانکات، دەبێت دەوڵەت بەجۆرە (مامۆستا)یەك بزانرێت، چونکە بە تەواوی هەوڵدەدات ئاست و چەشنێکی تازە لەشارستانی بخوڵقێنێت. لەمڕاستایەوە کە دەوڵەت لەبنەڕەتدا لەسەر تەوەری هێزە ئابورییەکان کار و دەزگای بەرهەمهێنان کامڵدەکات و ڕێکیدەخات، لەم پێناوەدا دەزگای نوێ پێکدەهێنێت، نابێت وەها ئەنجامگیری بکرێت کە دەبێت دەزگای سەرخان بەوجۆرەی هەیە ڕەها بکرێت، تاکو بەشێوەیەکی خۆ وروژێنەر و نیوەناچڵ و نارێك کامڵ بێت و پێکبگەیێنرێت، لەمبوارەشدا دەوڵەت وەك ئامڕازێك بۆ (عەقڵانیکردن) و خێراکردن و تیۆریکردن هەڵدەسوڕێت، لەم زەمینەیەدا دەوڵـەت بە پێی بەرنامەیەکی دیار کاردەکات و دەستدەکات بەهاندان، وروژاندن و دنەدان و سزادانی پێویست، چونکە ئەوکاتەی هەلومەرجی پێویست بۆ شێوازی ژیانێکی دیاریکراو ئامادەبکرێت، ئەوکاتە دەبێت بۆ کردەوەی (تاوانکاری یان کەمتەرخەمی) سزا دابنرێت، سەرەڕای ئەمەش ناکرێت ئەمجۆرە کردەوانە تەواو بەترسناك ناو ببرێت و سزای یاسایشی بۆ دابنرێت، بەڵکو دەبێت ئەم سزادانە لەگەڵ دەرئەنجام و ئاکامی ڕەوشتی دیاریکراویشدا یەکبخرێت، لەکاتێکدا یاسا روخساری نێگەتیڤ و سەرکوتکەری گشتی چالاکیە پۆزەتیڤ و بونیادنەر و شارستانی سازیەکەیە، کە دەوڵەت لەئەستۆی دەگرێت، دەبێت چالاکییە گروپە تاکەکانیش لەتوێی ئەم چەمکەی یاسادا جێبکرێتەوە: ڕەفتاری سودمەند و خوازراو ڕێزی لێدەگیرێت، هەر بەوجۆرەی ڕەفتاری تاوانکارانە سزا دەدرێت، جاروباریش ئەم سزادانە وێناکەی نوێ وەك خستنەڕوی پرسەکە لەگەڵ ڕای گشتیدا لەخۆدەگرێت». **ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. وەرگێڕانی. مامەند ڕۆژە. لەبڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان. ل89 و ل90.**

دەوڵـەت و سودگەرایی و خۆشبەختی بۆ هاوڵاتیان هەمیشە بەشێك بووە لەتێڕوانینی فەیلەسوف و بیرمەندانی سیاسی، کە گرنگیان بە قەوارەی دەوڵەتی داوە، لەمبارەیەوە نمونەی وەکو (بێتنهام و جۆن سیتوارت میل) بەنمونە وەردەگرین، کە دوو تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە بۆ سودگەرایی لەلایەن دەوڵەت و حکومەتەوە گرێدراوی ژیان بۆ تاك یان بۆ گشت، هەریەك لەو دوو بیرمەند و فەیلەسوفە سیاسییە باسی رۆڵی تاك و کۆ دەکەن، جۆرە چاکسازییەکە لەناو قەوارەی دەوڵەت بۆ هاوڵاتیان، لەڕێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە رەخنە لەحکومەت دەگرن تەنها بەرژەوەندییەکانی سیستمی حوکمڕانی لەبەرچاوەدەگرێت، لەکاتێکدا دیموکراسی کراوە بە پلاتفۆڕمی دەسەڵاتداری حکومڕانی خەڵك و بەوشێوەیەش هەڵسوکەوت ناکەن، لەمبارەیەوە کە جێمز میل و بێتنهام وەکو دوو بیرمەند باس لەوەدەکات «لەو گریمانەیەی کە مرۆڤەکان تێکڕا باشترین دادوەری قازانجەکانی خۆیانن بەو بەرئەنجامە گەیشتن کە دیموکراسی نوێنەری باشترین فۆڕمی حکومەتە، ئەوان بەمشێوەیە لەبنەماکانی خۆیانەوە ئەنجامگیریانکرد، کە لەهەمو شوێنێك و لە هەمو کاتێکدا مرۆڤەکان بەحکومەتی دیموکراسی بارودۆخێکی باشتر بەدەستبهێنن، هەروەها هیچ باسیان لەوە نەدەکرد، کە چ شتێك خەڵکی بۆ دیموکراسی شیاو دەکات تەنها بەڵگەیان دەهێنایەوە کە دیموکرسی باشترین فۆڕمی حکومەتە، چونکە باشتر لەفۆڕمەکانی دیکەی حکومەت ئەوە مسۆگەردەکات، کە فەرمانڕەوا خۆپەرستەکان لەبەدواداچونی خۆشبەختی خۆیاندا شێوەیەك حکومەتداری بکەن کە خۆشی و خۆشبەختی هاوڵاتیان لەخۆبگرێت». **کەمال پوڵادی. لەدەوڵەتی دەسەڵاتەوە تا دەوڵەتی عەقڵ. وەرگێڕانی بۆ کوردی. سیروان زەندی. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان. ل144.**

بەڵام ئەوان تەنها باسەکەیان بەوە تەواو ناکەن و رەخنە لە (جۆن ستیوارت میل) دەگرن و دەڵێن «سیتوارت میل ئامانجگەلێك لەبەرچاوەدەگرێت بۆ

مرۆڤەکان کەبێتنهام و جیمزێل پەسەندیناکەن، لەوانەش ئەوین، رق، حەزکردنە بەدادپەروەری، ئازادی، حەزکردن بەکار، جوانی، فیداکاری و هتد. بەمشێوەیە دەرکەوت کە میل تەنها فۆڕمی دەوڵەتداری دادپەروەر لەرێگەی هیگڵەوە وەرگرتووە نەك بنەچەی دەوڵەت، بۆیە ئاگای لەو زیانبەخشینە نییە، کە خەڵك لەپێناو پاراستنی قەوارەی ئاسایشی دەوڵەت باجدەدات و دەوڵەتیش سەرەنجام بە باجی خەڵك دەژی و ناوی لێناوە سودبەخشین و بەشداریکردن لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەوڵـەت پێکەوە لەگەڵ دەستەبژێری سیاسی، لەکاتێکدا دەستەبژێر بۆ گەیشتنیان بەحکومڕانیکردنی دەوڵەت بەسەر خەڵکەوە، بەڵێنی گەورەیان داوە لەکاتی هەڵبژاردن کە هەمو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان بە بێ ئینتیمای سیاسی، ئاینی، مەزهەبی، نەتەوەیی بپارێزن، سودگەرایی بۆ گشت لەبەرچاوبگرن، ئەگەر بەزیانی دەوڵەتیش بێت لەرووی ئابوریەوە، لێرەدا ئەوەی دەوڵەت وەکو لافیتە بەرواڵەت بۆ چاکسازی هەڵیکردوە و بەپراکتیکیش نایکات، جۆرێك لەدەستدانی ئەخلاقی سیاسییە، کە دواجـار خەریکن بۆ پاساوهێنانەوە و خۆدەربازکردن لەرەخنەکاری سیاسی، خەریکن خەڵکیش دوچاری ئەو گەندەڵییە سیاسییە دەکەن و دەیانەوێت بیکەن بەبەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتیش، واتە ببێت بە رەفتاری کۆمەڵایەتی، هەربۆیە لێرەدا میل هەوڵدەدات بیانویەك بهێنێتەوە بۆ ئەو شێوازە لەبەڕێوەبردن، کە پێشنیاری ئەوە دەکات زۆربەی کارەکانی دەوڵەت و حکومڕانی رادەستی چینی ناوەڕاست بکرێت، وەکو هەنگاوێك بەرەو عەقڵانیەت و چارەنوسی گشت دیاریدەکات بەشێوەیەکی عەقڵانی. لەکاتێکدا ستیوارت میل و ئەوانەش کە پەیڕەوی لە تیۆرەکانی دەکەن، پێیانوایە کاری دەوڵەت بەر لەهەر شتێك مەیسەرکردنی ئازادی و خۆشبەختی و هاوکاریکردنی تاکەکانە تاکو دەگەن بە ئامانجەکانی خۆیان لە ژیانی واقیعی. ئەم پارادۆکسە لەفۆڕم و لەپراکتیکدا، پێیدەگوترێت سیاسەت، بەڵام لەراستیدا ئەم سیاسەتە تەنها چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگە کە

لەحکومڕانەوە نزیکن قازانجدەکەن و دەوڵەمەند دەبن، بۆیە هەرچی زیاتر هاوکاری ئەو سیاسەتە دەکەن کە بەناوی هاریکاریکردنی سیاسەتی ئابوری دەوڵەت، دەوڵەمەندەکان لەرێگەی کەرتی تایبەت و قازانجکردن لەبازرگانی ریگەپێدراو، هاوکاری سیاسەتی ئابوری دەوڵەت دەکەن، هەرچی کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئابوری و کارگێڕی حکومەت هەیە پەردەپۆشی دەکەن، تاکو رەخنەی خەڵك و ئۆپۆزسیۆن رێگە لەسیاسەتی دەوڵەت نەگرێت و شکستنەهێنێت، خۆ ئەگەر وانەبوایە لەمێژبوو زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی بەدیموکراسییەوە دەنـازن و لەپڕاکتیکیشدا هیچ، دەمێك بوو دەوڵەت لەناوچووبوو بە هۆی ناڕەزایەتی خەڵکەوە، بەڵام لێرەوە دەردەکەوێت کە دەوڵەت لەسەر پایەیەکی گرنگ خۆی پاراستووە، ئەویش پایەی ئابورییە نەك سیاسی، بەڵکو سیاسەت لەپێناو پاراستنی ئابورییە، بۆیە دەوڵەت سیستمەکەی دیموکراسی بێت، یان سەرکوتکار، هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە و روخاندنی لەدەستی خەڵکدا نامێنێت و قەوارەکە لەدەستنادات، مەگەر تەنها سیستمە سیاسییەکە و سەرکردە و حزبی دەسەڵات بگۆڕێت، بە تایبەتی ئێستا مانەوە و نەمانەوەی دەوڵەت لەدەستی کۆمەڵێك سیاسیدا نەماوە، بەڵکو لەچنگی چەند کۆمپانیایەك دایە و ئەوان دەیپارێزن لەهەر ئەگەرێك بەناوی دیموکراسی و چەمکەکانی دیکەی سیاسەت لەهەوڵی روخانیدابن، کەوابوو ئابوری ئەو پایە گرنگەیە نەك سیاسەت و بەکارهێنانی چەمکی سیاسی لەناو سیستم.

# دەوڵەتی تاك حزبی

دەوڵەت دوای ئەوەی رزگاریبوو لەچنگی بێ یاسایی و بێ سیستمی سیاسی، ئیدی لەگەڵ سەرهەڵدانی حزب وەك دەرهاویشتەیەکی سیستمی سەرمایەداری مۆدێرن، ئیدی حزب بوو بە فریادڕەسی تاك و کۆمەڵگە لەدەستی بنەماڵە و خێڵ و بنەچەی خێزانسالاری، لێرەوە چارەنوسی کۆمەڵگە لەدەوڵەتدا رادەستی ئەو حزبانە کران، کە سیستمەکە بە پێی بەرنامەی خۆی بەڕێوەدەبات، بۆ ئەمە پێویست بوو حزبێك هەبێت سیاسەتی دەوڵەت ئاڕاستە بکات، بەڵام ئەم ئاڕاستەکردنی سیاسەتە بە بارتاقای نەبوونی حزب وەك دیاردەیەکی مۆدێرن زیانی لێکەوتەوە، ئەویش سیستمی تاکڕەوی حزبی بوو.

وەك باسمانکرد پێشتر بەر لەروخانی سۆڤێت، تاکە حزبێك حوکمڕانی دەکرد لە تەواوی ئەو دەوڵەتۆچکانەی کە سەر بە یەکێتی سۆڤێت بوون، ئەم ستایلە لەزۆربەی دنیا دووبارە بووە، بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەی کە لایەنگری سۆڤێت بوون لە رۆژهەڵات وەك: یەمەن، میسر، عێراق، سوریا، لیبیا، کوێت و هەندێك لەدەوڵەتانی ئاسیا وەکو کۆریای باکور و وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و هتد بوو، ئەم ستایلە لە دەوڵەتی تاکحزبی حوکمڕان کارێکی کرد، کە مرۆڤی تاکبیر بەرهەمبهێنێت، تەنانەت بیر لەوەش نەکاتەوە کە بەشێوازی شۆڕش، یان مۆدێرنانە و لەسەر شەقام، یان هەڵبژاردن وەکو ئەڵتەرناتیڤێك هەڵبژێرێت بۆ گۆڕینی رژێم.

«رەنگە ئەم ستایلە ئەگەرچی کاریگەری فکری بەناو مارکسیەتی کلاسیکییە، لەلایەکی ترەوە بەرهەمی بیری (ژان ژاك رۆسۆ) بێت، کە بەرهەمی هۆبزە و پێیوایە دەوڵەتەشار دوای ئەسینا نوێنەری هەمو تاکەکانە و تاکیش لەوێدا خۆی دەتوێنێتەوە، پەیمانی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی رۆسۆ دەوڵەتی مۆدێرنی لێدەکەوێتەوە، ئەو پێیوایە تاکەکان لەدۆخی سروشتی خۆیان ئازاد و یەکسانن لەدەمی داڕشتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا تێکڕای مافەکانی خۆیان رادەستدەکەن، ئیدی تاك لەدۆخی سروشتی خۆی لێرەوە دەردەچن و دەبنە

ئەندام لەپێکهاتەی گشتی و واز لەئازادییە سروشتییەکەی خۆی دەهێنێت» **ن. مۆریس باربی. رۆسۆ و گەڕانەوە بۆ دەوڵەتشاری کۆن. وەرگێڕانی بۆ کوردی. فەرهاد ئەکبەری. هەفتەنامەی کاکێشان ژمارە 176.**

ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە کە دەوڵەتی مۆدێرنەی بەرهەمهێنا و بەو ناونیشانەی دەوڵەتی حکومڕانی تاك حزبیە و دوای سەدەی 18 و تاکو کۆتایی سەدەی 20 شاهیدی بووین، دیاردەیەك بوو تائێستا نەك هەر بەردەوامە، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی بەرتەسککردنەوەی ئازادی تاکی بەخۆیەوە بینیوە و کردویەتی بە مۆدی سیاسی، بۆ نمونە ئیدی کە دەوڵەت بوو بە خاوەن سیادەی خۆی و سیاسەتی رادەستی گروپێکی دیاریکراو کرد، ئەگەرچی لەلایەن ئەو پەرلەمانەشەوە دەستنیشانکراوە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە وەك سیستمی سیاسی، بەڵام ناتوانێت ئەو چارەنوسە بگەڕێنێتەوە بۆخۆی کە لەپێناو ئازادی بەناڕاستەوخۆ بووە بە کۆیلە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ئەو سروشتەی پێش دامەزراندنی دەوڵەت و بەستنی پەیمان بۆ داکۆکیکردن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، کە بەرژەوەندی گروپێکی سیاسییە، بەڵام چۆن سروشتێك کە بەر لەوەی سروشتێك بێتە بەرباس بۆ ئـازادی، توانەوەی ئەو تاکەیە کە بەر لەهاتنی دەوڵەت تواناکانی خۆی رادەستی کۆمەڵگە کردوە، کۆمەڵگەش رادەستی گروپێکی سیاسی کردوە بۆ ماوەی 4 ساڵی تەمەنی پەرلەمان و گۆڕینی رژێمی سیاسی، کە دەسەڵاتی یاسادانان دیاریدەکات.

لەسیستمی دەوڵەتی تاکحزبیدا هەمو ئەو یاسایانەی، کە سیستمی پێ بەڕێوەدەچێت لەرێگەی بـڕیـاردان و ملکەچکردنی خەڵکەوە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، ئەویش عەقلیەتی سەربازییە ئاڕاستەیدەکات، کە دواجار توندوتیژی لێبەرهەمدێت و دەبێتە کولتور، ئەمەش لەپێناو ئەوەی دەبێت هەمو شتێك لەبەرژەوەندی دەوڵەت کۆتاییبێت، کە دواجار دەستەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، کە سیاسییەکان و ئەوانیش بۆرژواکان، تاکو لەژێر سێبەری سیاسەتی دەوڵەت بیروڕا جیاوازەکان دەرنەچنەدەرەوە، ئەم حاڵەتە لە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی هەیە و لەتورکیا و ئێران بەرۆشنتر بووە بە ستایلی سیاسی دەوڵەت.

## دەوڵەتی دوو حزبی

لەگەڵ دانپیانان بە سیاسەت بۆ گشت و دانپیانان بەفەزای گشتی، کە بەواتای ئەوەی خەڵك بەشداریبکات لە هەڵبژاردنی حزب، ئیدی حزبەکان بەناچار کەوتنە کێبەرکێی یەکتر بۆ هەرچی زیاتر دەنگهێنان و بردنەوەی ململانێکە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بەڵام دیسان ئەمە لەشوێنێکدا زیانێکی دیکەی لە فەزای گشتی دا، ئەویش قۆرخکردنی سیاسەت بوو بۆ دوو حزبی سەرەکی لە وڵاتەکەدا، نمونەی بەڕێوەبردنی سیاسەت لە قەوارەی دوو حزبدا، تەنها بۆ سیاسەت مایەیەکی هەبوو، ئەگەرنا بۆ گشتی وەك فەزایەکی سیاسی نوێ هەمان واتای پێشوو بوو، کە قۆرخکردنە.

هەڵبەت کە ئێمە لێرەدا باس لەوەدەکەین مەبەستمان لە دەوڵەت سیستم و سیاسەتەکەیەتی، چونکە سەرەنجام دەوڵەت جگە لەقەوارەی جوگرافی و کولتور و زمانەکەی، بەسیستمەکەیەوە ناسراوە کە بووە بە شوناسی، دوابەدوای شکستی ئەزموونی سۆڤیێت ئیدی ستایلی دوو حزبی، کە هیچی کەمتر نییە لە حکومڕانی تاکحزبی بۆ دەوڵـەت، لەهەریەك لە ئەمریکا کە کۆماری و دیموکراتەکان بەردەوام لە کێبەرکێدان و لەبەریتانیاش پارێزگارەکان و کرێکاران لەناو سیستمی پاشایەتی وەکو دوو نمونەی جیهانی سیاسەت وەرگیرا، کە حوکمی دەوڵەت دەکەن، ئەمە وەکو بڵێی کاری بۆکرابێت تاڕادەیەك بوون بەستایلی حکومڕانی دەوڵەت لەزۆربەی وڵاتانی دنیا، ئەم ئیمتیازە تەنها بۆ دەسەڵات نەبوو لەهەریەك لە ئەمریکا و بەریتانیا، بەڵکو بریتی بوو لەدەستاودەستکردنی دەسەڵاتێکی هەواڵگری سیاسی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەردوو وڵاتی زلهێز، کە لەدنیادا دەوڵەتی پاشکۆیان زۆرە و سیاسەت و وەبەرهێنانی سیاسی و ئابوری لەدەرەوەی خۆیان وەبەردەهێنن، «بەهای ئەم جۆرە سیستمە سیاسییە دەوڵەتییە لەوێدا دەردەکەوێت، کە لەڕێگەی سیاسەتی گشتگیرکردنی خەڵك

بەچارەنوسیانەوە لەهەڵبژاردن، هەمو خەڵك ناچاردەکەن کە بىن بەگشتێکی یەك کۆمەڵ، چونکە هەریەکەیان نوێنەری بۆچوون و بیروڕای گشتن، لەم حاڵەتەشدا پێویستی سیستمی کۆمەڵایەتی، کە لە هەوڵی بە ئامانج گەیاندنی دڵنیاییە، کە دڵنیایی بەردەوامی نیشتیمانە، ئەمەش واتای بیرکردنەوەیەکی راستە نەك خەڵك بیر لەهەڵبژاردن نەکەنەوە، چونکە دوو حزبی رکابەر هەیە، بۆیە کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری تەنها دوو حزب و پێکهێنانی یەك سیاسەت و یەك بەرژەوەندی گشتی دیـارە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە». **جورج بوردو. الدوله. ترجمه. دکتور سليم حداد. مؤسسه جامعه للدراسات و النشر و التوزيع. ل102**

چاودێریکردنی ئەم ستایلە سیاسییە هەرزو گواسترایەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لەدوای سۆڤێتەوە ئاڵوگۆڕ بەسەر سیستمەکانیاندا هات، هەر بەوەشەوە نەوەستان شەرعیەتیان پێدا، بۆ نمونە یەکەم ئەزمون هاتە کوردستان، کە هێشتا دەوڵەت نییە و تەنیا هەرێمێکی دانپیانەنراوە لەناوخۆ و دەرەوەی خۆی، بەڵام ئەمان بۆ ئەوەی شەرعیەتی زیاتر وەرگرن لەروی دەسەڵاتدارییەوە، دەقاودەق سیاسەتەکەیان وەکو ئەوان نەبوون، بۆ نمونە دوو حزبی بە بێ دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، و ئەفغانستان کە دوو دیمەنی سیاسی جیاوازن، حزبی دیکەش پەیدابوون و تاڕادەیەك ئەگەر بەسیناریۆش بێت بەشداری سیاسیان پێکرا، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەبوو کە هەر حزبێك لەژێر دەسەڵاتی هەر زۆنێك بێت، دەبێت ئەو حزبی سەرکردەی ئەو زۆنە بەشەرعی و بەمەرجەعی خۆی بزانی و سیاسەتەکەی لەواندا رەنگبداتەوە، تەنانەت کاریگەری ئەو شێوازە سیاسیە حوکمڕانییە بووە جێگرەوەی حکومەتیش، تائەو رادەیەی کە خەڵك بەناوی حزبەکانەوە ناوی حکومەتەکەیان دەبرد و تائێستاش بەو شێوەیە بەردەوامە.

# دەوڵەتی نەوت

یەکێك لەمەترسییەکانی دەوڵەتی نەوتی، یان خاوەن سامانی سروشتی، ئەوەیە پێشتر 4 دەوڵەتی خاوەن نەوت هەبوو، کە لە ڕێکخراوی ئوپێك ناویان هەبوو، ئەوانیش عێراق، فەنزوێلا، کوێت و سعودیە بوون، ئێستا 12 دەوڵەت ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن، کە خاوەنی نەوتن، ئەوکات ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لەژێر زەوی وشکانی. %40 بەرهەمی جیهانی بوو %70 یەدەکی جیهانی بوو، کە لەبازاڕەکانی جیهان دەفرۆشران.

دوا بەدوای ئەو چەند دەوڵەتە، نێجیریا، جەزائیر، قەتەر، ئیمارات، ئەنگولا، ئێران و لیبیا هاتنە ناو بازنەی دەوڵەتە خاوەن سامانە سروشتییەکان، کە گرنگترینیان نەوتە و بە یەکێك لە داهاتە مەترسیدارەکان دادەنرێت، بۆیە ناوی ئەو دەوڵەتانەنرا دەوڵەتی نەوتی ترسناك. ئەم پێناسەیە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە بڵاوکرایەوە چونکە مەترسیبوون لەسەر سەرمایەی ئەوان.

«کێشەی مەترسی ئەخلاقی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری هەژمێرەیی داخستنێتی بەتەواوەتی، کە دەوڵەتی نەوتی لەگەڵ دەوڵەتانی تر جوداد‌ەکاتەوە، ئەو ئالودەبوونەیە لەسەر گەڕانەوەی نەوت، وەختێکیش ئەم ئالودەبوونە بەردەوامدەبێت، کۆمەڵێك سیاسەت و ئابوریی تێوەگلاو لەهەمو بارێکەوە دەبینین، بەو پێیەی کە هەمو شتێك نمایشکراوە بۆ فرۆشتن، بۆیە بەرپرسانی دەوڵەتی نەوتی وەکو بەرپرسی دەوڵەتانی دیکە هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت بۆ نمونە، ئەو سەرکێشییە سیاسیە ناکەن کە کۆمپانیای دیکە دەیکەن، بۆیە کۆمپانیاکانی نەوت تاکو سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی لەکارەکانیان بەردەوامدەبن» **تیری لین کارل. مخاطر الدوله النفطیه. تاملات فی مفارقه الوفر. معهد دراسات الاستراتیجیه. ل14.**

ئەگەرچی دەوڵەتی نەوتی حاڵی وەك حاڵی ئەو دەوڵەتانەیە، کە لەروی

کشتوکاڵی و بەروبومی کشتوکاڵی وەرزێرییەوەن، بۆ نمونە وەکو میسر، هۆڵەندا، دانمارك، ئێران و بەشێك لە وڵاتانی ئەفریقیا، بەڵام کێشەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات کە بەروبومی کشتوکاڵی بنەچە و بەردەوامی لە داهێنان و سەرمایەی گەرەکە بۆ برەوپێدان بە کشتوکاڵ و گواستنەوەی پرۆسەکە بۆ کشتوکاڵی پیشەسازی، بەو مانایەی کشتوکاڵی هەم لەچنگی وەرزێك دەربکرێت و لەرێگەی داهێنانی پیشەسازییەوە ببێت بە کارگەیەکی بەرهەمهێنان بۆ زیادکردنی بەرهەم تاکو پێداویستی وڵاتان دابینبکات، هەم مەترسی راوەستانی بەرهەم کێشەی نەخۆشی و هتدە چارسەربکات، بەڵام چونکە لەچنگی مرۆڤە و سروشتی نییە بە بێ ماندوبوون وەکو وڵاتانی کەنداو خاوەن موڵکی ژێر زەوی بن، بۆیە مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت یاخی بن لە هێزە پیشەسازی و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و وڵاتانی پیشەسازی، لەبەرامبەریشدا زیانگەیاندن بە قازانجی ئەو وڵاتانەی چاویان لە سامانێکە بەبێ زێدەبایی و وەرگرتنی لەرێگەی گرێبەست یاخود هێز و داگیرکردنەوە.

بوونی سعودیە لەسەردەمی شا وەهـاب کە دواتـر وەهابیەکانی لێبەرهەمهات، دواتریش هاتنی ئال سعود کە لەرێگەی بەریتانیەکانەوە بوون بە دەوڵەتی بەرکار و بخۆر بە بێ ماندوبوون، هەروەها جیاکردنەوەی کوێت لەڕێگەی خێزانی ئال سەباح و دەرهێنانی نەوت و رزگارکردنیان لەچنگی عوسمانیەکان لەسەرەتای سەدەی رابردو سەدەی 20، بە هۆی دەرکردنی نەوت بوو لەژێر زەوی، کە بوون بە دەوڵەتی مەترسیدار بۆ ئەوانی تر، بەڵام عێراق لەبەر ئەوەی خۆی دەوڵەت بوو، بەڵام بەو فۆرمە نا، بەریتانیا بەزۆر پێکیەوەلکاند و نەوتی بەرهەمهێنا، هەروەها بە خۆماڵیکردنی نەوت لەدوای گۆڕینی سیستم لە پاشاییەوە بۆ کۆماری و خۆماڵیکردنی نەوت و دەرکردنی کۆمپانیا داگیرکارییەکانی بەریتانیا و هتد، مەترسیی تەواوی بۆ ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و هتد دروستکرد، بۆیە بەناچار پشتی لێکردن و دەستی لەگەڵ سۆڤیەتی کۆن تێکەڵکرد، کە بەیەکجاری بوو بەمەترسی بۆ ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و تەواوی دەوڵەتانی پیشەسازی. هەڵبەت ئەمە بۆ ئێرانیش تەواوە کە بەناچاری بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا پشتگیرییەکان، لەگەڵ روسیای دوای سۆڤێت دەست تێکەڵاو دەکات و دەبێت بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەروی ئابوری و سیاسیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەژمونی خۆی پەخشدەکات، دەبێت بە مەترسی بۆ گشت.

| دەوڵەت | ناوچە | مێژوی پەیوەندی بە ئۆپیکەوە | ژمارەی دانیشتوان | رووبەر بە کم |
|---|---|---|---|---|
| نێجیریا | ئەفریقیا | 1971 | 158.259.000 | 923.768 |
| ئەنگولا | ئەفریقیا | 2007 | 12.531.357 | 1.246.700 |
| ئێران | رۆژهەڵاتی ناوەراست | 1960 | 75.875.224 | 1.648.000 |
| ئیکوادۆر | ئەمریکای باشور | 2007 | 13.927.650 | 283.560 |
| ئیمارات | رۆژهەڵاتی ناوەراست | 1967 | 4.621.399 | 83.600 |
| جەزائیر | ئەفریقیا | 1969 | 33.779.668 | 2.381.740 |
| سعودیە | رۆژهەڵاتی ناوەراست | 1960 | 28.146.656 | 2.149.690 |
| عێراق | رۆژهەڵاتی ناوەراست | 1960 | 28.221.180 | 437.072 |
| کوەیت | رۆژهەڵاتی ناوەرسات | 1960 | 2.596.799 | 17.820 |
| لیبیا | ئەفریقیا | 1962 | 6.173.579 | 1.759.540 |
| فەنزوێلا | ئەمریکای باشور | 1960 | 26.414.816 | 912.050 |
| قەتەر | رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | 1961 | 824.789 | 11.437 |

# دەوڵەتی سەربازی

بەر لەمێژووی نوسراو کە دواتر لەرێگەی ئینترۆپۆلۆژیست و سۆسیۆلۆژیستەکانەوە نوسرایەوە و بووە بەمیتۆد، دەوڵەت تەنها لەرێگەی هێز و سوپا و زۆرداریییەوە بونیاددەنرا، دواجار بەر لەمەسیح جارێکی تر دوبارەدەبێتەوە، پاشان لەجەنگی دوەمی جیهانیدا وەك داگیرکار دەوڵەت لەرێگەی هێزەوە خۆی جارێکی تر بەرهەمدەهێنێتەوە.

جەنگ یەکێك لەو هۆکارانەیە کە دەوڵەت بونیاددەنێت، هۆزە کۆنەکان بۆ ویستی خۆیان یەکتر بوغزاندن لەگەڵ هۆزی دیکە و داگیرکردنی قەوارەی هۆزێکی تر، جەنگیان هەڵگیرساندوە، یان بەهۆی بابەتی بەروبومەوە بووە وەکو سامانی قەوارە، یان بە هۆی بابەتی ژنەوە بووە. «بەڵام بابزانین چۆن جەنگ بەسەرهەڵدانی دەوڵەت کۆتاییهات؟. ئەمە لەبەرئەوە نییە، کە مرۆڤ بە خۆڕسك ئارەزوی جەنگ بکات، ئەوەتا زۆر گەلی دواکەوتو بەڕادەیەکی زۆر ئاشتی پەروەرن، ئەسکیمۆکان هەرگیز لەوە حاڵی نەبوون بۆچی ئەوروپاییەکان وێڕای ئەوەی هەمویان هەڵگری یەك ئاینی ئاشتیخوازن، کەچی وەك نەهەنگی دەریا دوای یەکتری کەوتوون بۆ لوشدانی یەك، یان بۆ هەندێکیان زەوی ئەوان زەوتدەکەن، بۆیە وەك جۆرێك لەپیرۆزکردنی خاکەکەی خۆیان پەندێکیان هەبوو دەیانگوت (ئای چەند جوانە جاجمەکەی ئێمە بەفرو بەستەڵەك بێت، چەند جوان و ئاڵتون و زیوی شاردراوەی ژێر تاوێرەکانی ئێمە، ئەو ئاڵتون و زیوەی مەسیحییەکان زۆر چاوبرسییانە لەسەری بەربوونەتە سەروگوێلاکی یەکتر، کەوتبێتە ژێر بەفرێکی چڕوپڕی وەها کە دەستیان نەیگاتێ، بێبەروبومی خاکەکەی ئێمە بەختەوەرییمانە و هەر ئەوەش لەتەمای دەستدرێژکاران رزگاریکردوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی خەڵکە سەرەتاییەکان پڕبوون لەجەنگی نەبڕاوە، راوچییەکان لەسەر شوێنەکانی راوکردن بەشەڕدەهاتن، گەشتیارەکان لەسەر

زەوی تازە و نەکێڵراو بەشەڕدەهاتن، هەمو ئەوانەش ناوەناوە بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە بەشەڕهاتوونەتەوە، یان بۆ ئەوەی نەوەی نوێی خۆیان لەسەر رقی ئەستور و لەسەر دیسپلین رابهێنن، کە هەمیشە لە جەنگدا بن». **ویڵ دیورانت. مێژوی شارستانێتی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئازاد بەرزنجی. نەبەز کەمال نوری. دانا ئەحمەد مستەفا. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم. ل65.**

داگیرکردن و دروستکردنی دەوڵەت و دەوڵەتۆچکە پێشتر لە چین و تبت و کۆریا، کە هەمیشە لەبیری کودەتای سەربازی بوونە بەسەریەکەوە و باوك و کوڕ کودەتایان بەسەریەکەوە کردوە، تائەو رادەیەی لە سەردەمی سوڵتانەکاندا باوك چەند کوڕێکی خۆی کوشتووە بۆ ئەوەی لەسەر تەختی دەسەڵاتی حکومڕانی بمێنێتەوە، دەستبردن بۆ کاری هەواڵگری ئەگەرچی کۆنە و بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە لەدژی دوژمن، یان ئەوانی تر کە نەیاری دەوڵەت بوون، بەشێکی پەیوەندی بە مەترسی کودەتا هەبووە، بەڵام دواجار هەواڵگری بووە بە یەکێك لە جومگە بنچینەییەکانی سیستمی دەوڵەت و ئەرکی پاراستنی کەوتۆتە ئەستۆ، ئەم نمونەیە باشترین سەلمێنەری ئەوەیە، کە دەوڵەت بەشێکی زۆری بە هۆی کودەتای سەربازییەوە بووە، یان روخاوە و جێگرەوەی بۆ دروستبووە، هەروەها لەدوای شەڕەکانی رۆما و یۆنان و ئێران لەکاتی ئەسکەندەری مەکەدۆنی و داریۆشی گەورەی ئێرانی، سنوری یەکێتی سۆڤێتی کۆن و لە رۆژهەڵات و پارچەکردنی هندستان بۆ پاکستان و کشمیر و پارچە پارچەکردنی ئاسیا وەکو کۆریای باشور و باکور بۆ چەندین دەوڵەت، سەلمێنەری ئەو راستییەن، کە دەوڵەتی سەربازی بیرۆکەیەکە لە مێشکی داگیرکەراندا، هەمیشە لە فۆڕمی جیاواز و لەسەردەمی جیاوازدا خۆی دوبارەدەکاتەوە.

دەوڵەتی سەربازی مەرجی سەرەکی پاراستنی دەوڵەت بووە لەمێژودا، دواتر پەلیهاویشتووە بۆ داگیرکردن و فراوانکردنی قەوارەی خۆی وەکو روبەر، بنکەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و هتد، بۆ نمونە هیچ دەوڵەتێك لەدوای سەرهەڵدانی ئاین و

دواتریش، کە ئیمپراتۆریای ئاین کۆتایی پێدێت، بە بێ سوپا و شەڕوشۆڕ نەبوون بۆ داگیرکردنی رووبەڕی دیکە، بۆ فراوانکردنی دەوڵەت و دەوڵەمەندکردنی دەوڵەت لەو سامانانەی، کە لە دەوڵەتێکی دیکە هەبووە، بەشی زۆری ئەو نەتەوانەی نەماون و لەمێژودا ناویان دێت، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە لەڕێگەی سەربازی کۆتایی بەتەمەنیان هاتووە، نەمانی دەوڵەتی ئاشوری، ئەکەدی، تەتەر و مەگۆلەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مانەوەی پاشماوەی حوکمڕانیان، کە ئێستا لەمۆزەخانەکاندا هەیە، باشترین سەلمێنەرە کە دەوڵەت لەڕێگەی هێز، سوپا، شەڕەوە پەیدابووە، فراوانبۆتەوە و گوتارەکەی ماوەتەوە.

یەکەم دەوڵەتی سەربازی لەدنیادا دەوڵەتی رۆما بووە، دوای ئەوەش دەوڵەتی یۆنان بووە و دواتر دەوڵەتی فارس، کە شەڕیان لەدژی یەکتر کردوە، پاشان هێزە ئاینییەکان کە بەدەوڵەت هەژمارناکرێن، وەك یەهودی، سابیئە، مەسیحی، میسری فیرعەونیەکان، ئاینەکانی هندستان و پاشاکانی رۆژهەڵات وەك رۆژهەڵاتناسەکان باسی لێوەدەکەن، دەوڵەتۆچکە، ئیماراتەکان، میرنیشینەکان و هتد، کە لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا بوونیان هەبووە، بەپێی گێڕانەوەی مێژو بێت ئەمانە هەمیشە لەدۆخی شەڕدابوون.

بە پێی تیۆرەکەی ماکیاڤیلیش بێت، کە لە کتێبی میردا باسیکردوە و دەڵێت: «پێویستە میر هیچ ئامانجێکی لەپێش هەر فکرێکی لە مێشکدا نەبێت، جگە لە جەنگ، سامان، رێکخستن و داوای هیچ شتێکی دیکە نەکات». **میر، نیکۆلا ماکیاڤیللی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. حوسێن عارف. بڵاوکاروەکانی ئەمیندارێتی رۆشنبیری و لاوان. ساڵی 1982. ل25**

ئەم تیۆرە بەشێکە لە هاندانی میرەکان بۆ بەهێزکردنی سوپا و پشتبەستن بەو لایەنە و داگیرکردنی وڵاتانی ئەوانی تر.

چونکە بە بڕوای ماکیاڤیللی سوپا و سەرباز بە بێ جەنگ بوونیان هیچ مانایەکی نامێنێت، سەقامگیری هەمیشەیش مەرجی سەرکەوتنی دەوڵەت نییە،

بۆیە ناکرێت دەوڵەت و میر بەتایبەتی بەعەقڵ و لۆژیك مامەڵە بکات، هەروەها ستراتیژی سیاسەتی دەوڵەتیش بە بێ کۆکردنەوەی سامان و پارە بۆ میر، کە دەبێت دەزگا ئابورییەکانی دەوڵەت گرنگی پێبدات، هیچ هەیبەتێکی نامێنێت. کەوابوو لەخۆڕا نییە کە ماکیاڤێللیەت تیۆرێکی ناحەزە و لەدوای مۆدێرنەوە رەخنەی لێگیراوە، چونکە لـەدەرەوەی بەهای ئەخلاقی سیاسییە، ئەگەرچی بەهای ئەخلاقی لەسیاسەتدا هەموکات مانایەکی نییە بۆ مانەوەی دەوڵەت و سیستمەکەی.

دواترین دەوڵەتی سەربازی ئەڵمانیا، ئینگلستان، فەرەنسا، روسیای ئێستا و سۆڤێتی کۆن بوو، دوای هەموشیان سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەمریکا لەهەمو دنیا وەك دەوڵەتێکی میلیتاری لەئاسمان، زەوی، دەریا سوپای هەیە و هەیمەنەی خۆی هەیە بەسەر یاسا و نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری سیاسی، بازرگانی، دەسەڵاتی گشتی و هتد. ئەم دەوڵەتە بەبیانووی چەمکە سیاسیەکانەوە دەوڵەتان داگیردەکات و رێگەیەکی نوێی دۆزیوەتەوە بۆ داگیرکردن، ئەویش بەیاسای نێودەوڵەتی کە نەتەوە یەکگرتووەکان شەرعیەتی پێدەدات وەك ئەفغانستان، عێراق، ئێستاش دەوڵەتانی عەرەبی، جوگرافیا نوێیەکەی لەروی سیاسی و ئابوریەوە لە داهاتودا دەردەکەوێت.

یەکێك لە پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەربازی، بوونی دەزگای هەواڵگری و سیخوڕییە، کە نازناوەکەی لە دنیایدا (هونەری رەش)ە، بەشێکی زۆری جەنگەکان لە مێژووەوە تائێستا لەرێگەی هەواڵگرییەوە کراوە، یان لانیکەم بە پێی داتاکانی هەواڵگری شەڕ بەرپابووە، ناپلیۆن گوتوویەتی 1 سیخوڕ بە بارتەقای 20000 سەربازە، چونکە شەڕ و بەرگریکردن و داگیرکاری پێویستی بە زۆرترین زانیاری هەبووە، تاکو ئامانجەکان بەلایەنی کەمەوە سەرکەوتوو بپێکرێت، «تەحتەمسی سێهەم لەسەروەختی خۆیدا توانی باشترین بناغە بۆ دەزگـای هەواڵگری دابمەزرێنێت و سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا. ساڵی 1480 پێش زاین موسای

پێغەمبەر 12 سیخوڕی نارد بۆناو کەنعانیەکان، فەرمانیپێدان چاودێریان بکەن و بۆ ماوەی 40 رۆژ لەچیاکان مانەوە، پیاوەکانی موسا بەرهەمی هەمەجۆری وڵاتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، وتیان پیاوانی ئەوێ هەمو کەڵەگەتن و بەرهەمی شیر و هەنگوین دەخۆن، ئەوەبوو دوو کەسی هەناردەی ئەریحا کرد و پەنایان بردە بەر ئافرەتێك بەناوی (رحاب) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دەرچونیان لەناو شار، بە بێئەوەی پیاوانی شا پێبزانن ئەمە یەکەم بەشداریکردنی ژتە لەکاری سیخوڕی و هەواڵگری» **نوسینی جمال الکشف. سیخوڕە مەترسیدارەکان لەمێژودا. وەرگێڕانی. رەوەند حەسەن. دەزگای ئاویەر. ساڵی 2009. ل11.**

لەشەڕی رۆمەکان لەگەڵ تەواوی ناوچەکە ئەوەندەی پشتیان بەهەواڵگری بەستووە، ئەوەندە پشتیان بەهێز نەبوستووە، هەروەها لەسەردەمی جەنگی ئیسلام لەگەڵ ئەوانی تردا، لەشەڕی ئوحد، کە بەناوبانگترین شەڕەکانی ئیسلامە، کەسێك دەنێردرێت بۆ بەرەکەی تر تەنها بزانن چۆن نان دەخۆن و چەند دەخۆن، لەئەنجامدا نێردراوەکە دێتەوە دەڵێت رۆژانە 2 حوشتر سەردەبڕدرێت، ئەمەش بە خوێندنەوەی خۆیان مانایوایە بریتین لە 2000 شەڕکەر، لەسەردەمی شەڕی سارد لەنێوان هاوپەیمانان و روسیا، بەشی زۆری شەڕەکان بەپشتبەستن بە زانیاری هەواڵگری بووە، هەندێکجار هەواڵگریەکان لەرێگەی رۆژنامەنووس، سەرباز، دیبلۆماتکار، یان هونەرمەند بووە، یەکێك لەو سەربازە سیخوڕانەی، کە لەمێژودا ناویدێت، سیبتای بووە کە فەرماندەیەکی سەربازی جەنگیزخان بووە و واینیشانداوە، کە دەیەوێت بچێتە پاڵ تەتەرەکان، بەڵام کاری هەواڵگری بۆ جەنگیزخان کـردوە، لەم رووەوە سۆڤێت قودرەتێکی گـەورەی هەبووە لەهەواڵگری، کە دەزگاکەی یەکەمجار بەناوی (ئۆبریچینینا) بوو، کە سەرەتا (ئیڤان) دروستیکرد، ئەم دەزگایە نزیکەی 10 ساڵ ترسێکی گەورەی لەناو وڵاتاندا بڵاوکردبۆوە کە بووە هۆی ئەوەی دەیان بینە قوربانی کاری سیخوڕی ئەو دەزگایە و لەدوای شۆڕشی ئۆکتوبەر و هاتنە سەرتەختی ستالین، دەزگایەکی

نوێ بەناوی KGP دروستکرد، کە مەترسیدارتین دەزگـای هەواڵگری بوو هەریەك لە ئەمریکا و هاوپەیمانان لێیدەترسان، بەریتانیا ساڵی 1644 بەرلەوەی هێرشبکاتە سەر ئێرلەنداو داگیریبکات، دەزگایەکی سیخوڕی دامەزراند و زانیاری لەسەر ئێرلەندا کۆکردەوە، بۆیە رۆڵی ئەو دەزگایە زیاتر لە سوپاکەی بەریتانیا دەنرخێنرێت، بە پێی تێڕوانینی نوام چۆمسکی ئەو هێڵکاریانەی کاتی جەنگ بۆ بەریتانیەکان باشترین بەرچاورونی بوو، بەتایبەتی بۆ هاوپەیمانان و سۆڤێت لەکاتی شەڕدا، تارماییەك بوو لەسەرەتاوە، ئەمە لەسەرەتای 1944 هەواڵگری سەربازی نازناوی سۆڤێتیان بەدوژمنی هەتاهەتایی نا، چونکە سۆڤێت هەمیشە لەکۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر هێزەکانی ئەڵمانیا، بۆیە هەریەك لە بەریتانیا و ئەمریکا رێککەوتن لەسەر ئەوەی، کە زۆرترین زانیاری لەڕێگەی هەواڵگرییەوە بەدەستبهێنن، تاکو هێرش بکەنە سەر روسیا، ئەوەبوو بەریتانیاکان توانیان نوێترین فرۆکەی جەنگی دروستبکەن، بەڵام دواجار تێگەیشتن ناتوانن بەهاوکاریکردنی ئەڵمانیا بەفرۆکەش شکست بە سۆڤێت بهێنن، بە بێئەوەی زانیاری هەواڵگریان هەبێت». **نعوم تشومسکی. الدول الفاشله. ترجمه. سامی الکعکی. دار الکتاب العربیه. بیروت لبنان. ل154.**

بڵاوبوونەوەی چەك

چەك هۆکارێکی فرە لایەنە کە مرۆڤ لەسەرەتاوە دەستی بۆبردوە، ئەویش بە هۆی نەبوونی متمانە بە یەکتر لەنێوان هۆزەکان و کۆمەڵگەکانی بەر لەمێژو، دواتر ئەمە گەشەیکردوە و بووەتە هۆی داهێنان لەدروستکردنی چەکی سپی بۆ چەکی رەش و یەکەمجاریش شمشێر و تیر و کەوان بووە، پاشان بووە بە یەکەم چەکی ئاگری، بەهەرحاڵ مێژوی چەك شتێکی ترە کە زۆر لایەنی جیاواز دەگرێتەوە، هۆکاری شەرعیەتپێدان بەهەڵگرتن و قبوڵکردنی لەرێگەی یاساییەوە بۆ دەوڵەت، ئەوەیە کە یان دەوڵەت بۆ بەرگریکردنی بووە لەدوژمنەکانی یان بۆ شەڕکردن و هێرشبردن بووە، یان بۆ ترساندنی نەیارەکانی ناوخۆیی بووە، بەڵام

لەمدواییەدا چەك لەوە دەرچوو دەوڵەتێك بۆ بەرگریکردن لەخۆی دروستیبکات و کارگەی بەهێزی تەکنۆلۆژیای نیشتیمانی دابنێت، کە پێشتر لەئەڵمانیا، روسیا، بەریتانیا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، چین و هتد لە دەوڵەتانی پیشەسازی هەبوون، بەڵکو ئەم پیشەسازییە بوو بەیەکێك لە شێوازەکانی بازرگانیکردن بەچەك لەلایەن دەوڵەتە پیشەسازیەکانی وەکو ئەمریکا، روسیا، بەریتانیا، فەرەنسا، چین، ژاپۆن، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، لەمدواییەشدا چیك، کۆریا، ئۆکرانیا، چیك و هتد. بۆیە بە هەمولایەك خەریکن جەنگ وەکو شێوازێك بۆ وەبەرهێنان و بازرگانیکردن بە چەکەوە بەردەوامبێت، هەمولایەك بە ئاگاداری یەکتر ململانێی بکەن بۆ فرۆشتنی چەك بەو وڵاتانەی، کە کێشەیان تێدایە لەروی نەتەوەیی و بەناو سیستمی دیموکراسی. ئەمەش شەرعیەتی پێدراوە و وڵاتانی بێهێزیش بەئاگا و بێئاگا قبووڵیانکردوە، کە بازاڕی چەك گەرم بکەن.

هەڵبەت دوای ئەوەی کە وڵاتان جێگیربوون بەخۆیانەوە دەبینن، ئیدی بیر لە حەرامکردنی بڵاوەپێکردنی چەك دەکەنەوە، ئەوەبوو ساڵی 1868 ریککەوتننامەیەك لەسانت بترسبرۆگ لەنێوان دەوڵەتانی زلهێزدا ئیمزاکرا، کە چیتر بەمادەی 23 لەبڕگەی 5، چەکفرۆشتن بەو گەلانەی، کە دوژمن دروستدەکەن نەفرۆشرێت و حەرامبکرێت، ئەمەش لەبەر هۆکاری کوشتنی زۆری مرۆڤ بوو لەو کاتەدا، دواتر بە مادەی 35 جنێف لەساڵی 1977 رەتکرایەوە وەکو جۆرێکی تر لەحەرامکردنی چەك بۆ گەلان، گوایە ئەمە دەبێتە هۆی لەناوچوونی نەتەوە بچوك و ژێردەستەکان لەلایەك، هەروەها لەناوچونی ژینگە و زیادبوونی مرۆڤ، کە کاریگەری پاشماوەی ئەو شەڕ و چەکانە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و بە تایبەتیش نەخۆشی بۆ ژنان لەکاتی دووگیانی بونیاندا، بەڵام ئەم بڕیارە یاساییە نێودەوڵەتیانە تائەو شوێنە بڕی کرد، کە بیر لە بازرگانیکردن بەچەکەوە کرا و بوو بەجێگەی ململانێی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و کۆمپانیا زەبەلاحەکان، کە بە هۆی شەڕەوە بازاڕیان گەرمدەبێت و بەرهەمیان زیاد دەکات، وەبەرهێنان

دەکەن، چونکە ئەگەر شەڕ نەبێت گەلان و دەوڵەتانی دواکەوتو چەکیان بۆچییە؟. ئیدی ئەوەبوو بەو بیانووە بڕیارێکی تر دەرکرا، کە بەشێوەیەکی یاسایی بفرۆشرێت بە گەلانی ژێردەستە و ئەوانەی شۆڕش دەکەن و کێشەی سیاسیان ماوە.

لێرەوە دەرکەوت کە بڕیاری سیاسی لەژێر کۆنترۆڵی بڕیاری یاساییە، کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی چەك و کاڵا هەمەجۆرەکان و بەتایبەتیش کەرەستەی بیناسازی و تەلارسازییە، کە لەمدواییەدا بیری لێکرایەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتانی شەڕکەر لـەدوای ئەوە ئاوەدانبکرێنەوە بەپارە و سامانی خۆیان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەنیوەی دوەمی سەدەی رابردو پنتاگۆن بیریان لەوە کردوە، کە چیتر سوپا زیان بە دەوڵەت نەگەێنێت و بەپێچەوانەوە قازانجبکات، ئەم بیرۆکەیە یەکەمجار لەئەمریکا سەریهەڵدا، ئەویش بیرۆکەکە ئەوەبوو کە بەرلەوەی ئەمریکا بەهەر بیانویەکەوە دەوڵەتێك داگیربکات و سیستمەکەی بگۆڕێت، پنتاگۆن لەگەڵ چەندین کۆمپانیا گرێبەست بکات، کە لەدوای گرتنی وڵاتەکە وێران دەبێت و پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە دەبێت، ئەو کۆمپانیایانە لەسەریانە ئاوەدانیبکەنەوە، بۆ ئەمەش سودەکەی کە لە داهاتی وڵاتەکەیە، 40% قازانجەکەی بۆ سوپا و دەزگای پنتاگۆن بێت، ئەمە بۆ روسیاش هەر بەوشێوەیەیە، روسیا لەو وڵاتانەی کە پێشتر کەڵکی سیاسی وەردەگرت وەك یەمەن، میسر، لوبنان، سوریا، عێراق و هتد، جگە لەداهاتەکەیان چەکی پێدەفرۆشتن و ئێستاش لەڕێگەی ئێرانەوە ئەم بازرگانییە بۆ کۆمپانیاکانی دەکات، لەرێگەی عێراق بە نافەرمی و لەڕێگەی تەنگی هورمزەوە بە فەرمی بۆ ئەو هێزانەی، کە ئێران هاوکاریان دەکات، لەوانەش حزبوڵڵای لوبنانی و ئوپۆزسیۆنی سوریا و حوسییەکانی یەمەن و بەشێك لە هۆز و چەکدارەکانی لیبیا و حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و هتد.

ساڵانە 800 هـەزار کەس بە هۆی شەڕ و ململانێ و فرۆشتنی چەك

بەنایاسایی و دزەپێکردن و شاردنەوەی چەکەوە لەهەمو دنیادا دەکوژرێن، هەروەها زیاتر 1650 ملیار دۆلار خەرجی پێداویستی و بازرگانیپێکردنی چەکە، کە لەسەروی هەمو ئەو کۆمپانیایانەوە، سێ کۆمپانیای سەرەکی جیهانی رۆڵی کاریگەری تێدا دەبینن و زۆرترین قازانجدەکەن، ئەوانەش (لوکهید مارت و بۆینگ و نۆرسرۆب گرامان گروپ)، کە سێ گەورەترین کۆمپانیای جیهانییە، هەروەها ئەم کۆمپانیایانە کۆنترۆڵی بەسەر 80% کۆمپانیاکانی دنیادا، کە چەك دەفرۆشن، کردوە، روسیا بە پلەی دوەم دێت، کە 26% لە کۆی لیستەکەی کە 100 کۆمپانیایە توانیویەتی کۆنترۆڵی بازاڕ بکات، کە چین و جەزائیر و هیند هەناردەی چەکەکانی بۆ دەکەن بۆ ئەو وڵاتانەی چەك دەکڕن.

چەکی کۆکوژ و کیمیاوی مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆساڵی 423 بەر لەدایکبوون ئەوکات ئێران، کە دەوڵەتی ساسانی بوو هاوکاری یۆنانی دەکرد دژی دەوڵەتی سپارتا دەجەنگان، ئەمان بۆیەکەمجار بەکاریانهێنا، چەکەکە بریتیبوو لە (ئەسفەڵت، کبریت، نەوت، مس، خوێ و نەتراتی سۆدیۆم) ئەم مادانە تێکەڵدەکران و مادەیەکی کیمیاوی لێبەرهەمدەهات، هەروەها لە سەدەی پێنجەم و شەشەم، کە بۆ یەکەمجار ئیتالییەکان بەکاریانهێنا و دواتر بەریتانیەکان ساڵی 1821 لەناو دەریادا بەرەو فەرەنسا بەکاریانهێنا، پاش ئەوە قەدەغەکرا، دواتر لەسەدەی 19 ئەڵمانیەکان لەدژی سۆڤێتیەکان بەکاریانهێناو مमाددەکە زیاتر لە 150 تۆن بوو و بووە هۆی کوشتنی 800 هەزار کەس، دواتریش ئەمریکا دژی ژاپۆن بەچەکی کۆکوژ لەهیرۆشیمای دا، پاشانیش لە شەڕی عێراق ئێران بەکارهات و بەتایبەتیش لێدانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی، کە بووە هۆی کوژرانی هەزارەها کەس، کە بریتیبوون لە (پێشمەرگە، خەڵکی سڤیل، سوپای ئێران و سەربازی عێراقی)، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو چەکانە لەلایەن کۆمپانیاکانی رۆژئاواوە هاوکاری عێراق کران و پاشان چەند کەسایەتیەکان لێدەستگیرکران و دادگاییکران لە دادگـای لاهای لە هۆڵەندا. سەرباری ئەمەش ئەو چەکە

کۆکوژیانەی قەدەغەکراون، هەر لەلایەن ئەو دەوڵەتە زلهێزانەوە هاوکاری و مۆڵەتیان پێدەدرێت، کە یاسایان بۆ دەردەکەن.

بەشێکی زۆر لەلێکۆڵەرانی جەنگ و کۆمەڵناسانی جەنگ، باس لەوەدەکەن کە هێزە گەورەکانی دنیا بۆیە ئاژاوەدەنێنەوە بەبیانوی جیاواز لەنێوان دوو دەوڵەت، یان دوو نەتەوە، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بازاڕی چەك گەرمتر بێت و دەوڵەتان بۆ بەرگریکردن لەخۆیان چەك بکڕن، شەڕی (ئێران _ عێراق) زۆرترین کارگە بەهێزەکانی دنیا وەبەرهێنانیان دەکرد و داهێنانیشیانکرد لەدروستکردنی چەکی کیمیاوی، کە قەدەغەیە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، شەڕی ئەمدوایەی ئەمریکا لەگەڵ عێراق و هاتنەئارای بەهاری عەرەبی بۆ دەوڵەتانی وەك لیبیا و سوریا و لوبنان، کە هەمیشە لەدوو جەنگدا دەژین، جەنگی دژ بەئیسرائیل و جەنگی ناوخۆیی، ئەم دەوڵەتانە زۆرترین چەکیان بۆ نێردرا، جەنگی (ساحل العاج، بۆرما، جامایکا، سودان، نێجیریا و سۆماڵ) هتد، تەواوی کارگەکانی فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا کەڵکیان لێوەرگرت بە قەرزی داهاتو فرۆشتیان بە میلیشیاکان، کە نازانرێت بەچ یاسایەك پێیان فرۆشرا و ئامانجەکە چی بوو، ئەمانە هەمویان لەپەراوێزی چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بوون، لەپێناو بەرزڕاگرتنی چەمکی بازاڕی ئازاد، ئەویش تەنها بۆ ئازادکردنی بازاڕە هەمەجۆرەکانی دنیابوو لەکەرتی تایبەت.

یەکێك لەهۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیرۆکەی دەوڵەتی سەربازی (میلیتاری)، بابەتی بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی چەك و تەقەمەنی و تەکنیکی سەربازییە، ساڵی 1945 بەڵێننامەیەك لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نوسرا، بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە چەك بڵاوەپێدەکەن، بەتایبەتیش بۆ چەکی ئەتۆمی و ناوکی بوو، کە مەترسی گەورەی دروستکردبوو، ئەوکات و دواجاریش لەلایەن ئەمریکاوە بۆ سەر ژاپۆن و چین و ڤێتنامیش بەکارهات و کارەساتی مرۆیی لێکەوتەوە، بۆ ئەمەش نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی بۆ چەك داماڵین پێکهێنا

لەپێناو ئاسایشی دەوڵەتان، ئەوەبوو تاڕادەیەك كاری پێكرا زیاتر لە 66 دەوڵەت ئیمزایانكرد، لەوانەش 5 گەورە دەوڵەتی دنیا (چین، بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، ئەمریكا) بوون، بەڵام دواجار پیشەسازی و تەكنۆلۆژیای سەربازی گەشەیكرد و ئەتۆم بۆ كاری دیكە كەڵكی لێوەرگیرا، ئێستاش ئەو لیژنەیە هەمو ساڵێك لە كۆنگرەیەكی تایبەتدا داوا لەدەوڵەتان دەكات راپۆرتی خۆیان پێشكەشبكەن بە كۆنگرە و ئاسایشی دەوڵەتان دڵنیابكەنەوە لە دووبارەنەبوونەوەی مەترسی خراپ بەكارهێنانی بۆ جەنگ.

بە پێی ئەو راپۆرتەی كە (پەیمانگای ستۆكهۆڵمی نێودەوڵەتی بۆ لێكۆڵینەوە لەپاریس) نوسراوەتەوە و بڵاوكراوەتەوە، فرۆشتنی چەك لەماوەی ساڵی رابردودا 14% بەرزبۆتەوە، كە زۆرترین چەكیش لەبازاڕی ئاسیا، ئەفریقیا، پاكستان، هند، كۆریای باشوری، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش وڵاتی عەرەبی ساغبۆتەوە و فرۆشراوە، بە پێی راپۆرتەكەش بێت زۆربەی ئەو چەكانە لەدروستكراوی كارگەكانی ئەمریكا و روسیان، لەكاتێكدا ئەمریكا خۆی ئەوەی راگەیاندوە لەدوای ساڵی 2003 بۆ 2007 زیاتر لە 200 هەزار پارچە چەك لەرێگەی پیاوانی ئاسایشەوە دزەیكردوە و شاردراوەتەوە لەعێراق، جگە لەو چەكانەی لەدەستی عێراقیەكان، ئەو چەكانەش لەرێگەی ئێرانەوە هاتوون و فرۆشراون بە حكومەتی عێراق، كە چەكی كڵاشینكۆفن و موڵكی كۆمپانیای كڵاشینكۆفی روسین، كە ململانێی كۆمپانیاكانی ئەمریكا دەكەن، هەروەها بۆ روخانی لیبیا و موعەمەر قەزافی، زیاتر لە 45 هەزار پارچە چەك نەماون و دیارنین، كە بۆ ئۆپۆزسیۆنەكان نێردرابوون، ئەمە جگە لەو چەكانەی كە فەرەنساییەكان بەنیازبوون بۆ وەرگرتنی قەیرانی ئەو وڵاتانەی وەك تونس و سوریا و لیبیا وەریبگرێت، هاوكاری ئۆپۆزسیۆنەكانی كردو چەكی پێفرۆشتن، بەڵام دواتر قەیرانەكە وەستاو چەكەكانیش كەوتنەدەستی هێز و رێكخراوی تیرۆریستی و یاسای نێودەوڵەتیش لێكۆڵینەوەی لەم بابەتە نەكردۆتەوە، كە بەیاسا یاساغكراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی کە بڵاوبونەوەی چەك بەیاسا دەبێت و بۆ دەوڵەتێکیش لەکاتی شەڕدا نەبێت، دەبێت بەیاسا قەدەغەبکرێت، جگە لە رۆژهەڵات کە بەردەوام قەیرانی سیستم و کێشەی نەتەوە و بەرهەمهێنانی هێز و رێکخراوی تیرۆریستی لەلایەن ئاینی زاڵەوە دروستدەبن، کەچی لەماوەی یەك ساڵدا لە وڵاتی بەرازیل، کە سەر بەئەمریکای لاتینە، زیاتر لە 11000 پارچە چەك بەوڵاتەکەدا لەلایەن پیاوانی پاسەوان و ئاسایشی وڵات دزەیکردوە و دەستبەدەست فرۆشراوە و بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرترین رووداو بخوڵقێنێت و زیاتر لە 300000 هەزار کەس کوژراون، بە پێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە وڵاتی جامایکا بە هۆی چەك پەیداکردنی ئانارشیستەکانەوە، کە هیچ شوناسێکی سیاسی و نەتەوەییان دیار و ئامانجەکەشیان رون نییە، زیاتر لە140 کەس لەساڵی 2002 بەدەستی پۆلیس کوژراون و لەبەرامبەریشدا 18 پۆلیس بەدەستی نادیار کوژراون.

فڕۆکەی جەنگی یەکێك لەو چەکانەیە، کە کۆمپانیای روسی شانازی پێوەدەکات و لەرێگەی ئیماراتەوە دەیفرۆشێت و یەکێك لەو دەوڵەتانەش کە کڕیویەتی عێراقە، لەدوای نەمانی رژێمی بەعسەوە، لەوانەش فرۆکەیەکە بەناوی (راوچی شەوانە)، کێشەکەی 20 تەنە، ئەمجۆرە فڕۆکەشی هەیە، بەڵام تائێستا نەفرۆشراوە و تەنها بۆ نمایشە لەدژی کۆمپانیا ئەمریکییەکان. هەروەها سیخۆی کە فڕۆکەیەکی نوێی بەرهەمی ساڵی 2015 و بەنیازە رادەستی هێزی سەربازی روسی بکات لەلایەن کۆمپانیای سوخۆی روسیەوە بەرهەمهاتووە، یەکێك لەمەترسییەکانە بۆ سەر ئەمریکا و فەرەنسا کە ململانێی وەبەرهێنان دەکات لەبواری چەك، هەر بەو بۆنەیەشەوە پۆتین بڕیاریداوە یەکێك لەو بوارانەی بایەخی پێبدەن، بواری چەك و سەربازییە بە دیزاینی نوێ، لەو سەردانەیدا بۆ میسر، بۆ ریکلامکردن، چەکێکی کلاشینکۆفی مۆدێل نوێی پێشکەش بە سیسی سەرۆك کۆماری میسر کرد، کە تائێستا بۆ شەڕی پیادە رکابەری نییە.

هۆكارێكی دیكەی بەردەوامبوونی جەنگ، ئەوەیە كە لەدوای سەرهەڵدانی جەنگی ساردی نێوان سۆڤێتی كۆن و ئەمریكا، بیرۆكەیەك لەلایەن پنتاگۆنەوە هاتەپێشێ، ئەویش سودوەرگرتن لەجەنگ و لەسوپا، ئەم بیرۆكەیە بۆ ئەنجومەنی پیران و ئاسایش مایەی سەرسوڕمان بوو، كە بە پێی راپۆرتەكەی پنتاگۆن بێت، سوپا لەبری زیان، قازانج بكات، چونكە سوپا هەمیشە جومگەیەك بووە جوڵەی نەكردوە تاكو زیان بكات یان قازانج، تەنها ئەوكاتە نەبێت كە مەترسی كەوتۆتە سەر قەوارەی سیاسی و دەوڵەت، ئیدی بەو راپۆرتە بیری سیاسی ئەمریكا گۆڕا، چونكە ئەوان باسیان لەوە كردبوو بۆ هەر جەنگێك كە دێتەپێشێ بۆ ئەمریكا، دەبێت پنتاگۆن لەگەڵ كۆمپانیا زەبەلاحەكان و كۆمپانیاكانی بیناسازی و بازرگانیەكانی دیكەی كەرەستەی پێویستی رۆژانە گرێبەست بكات، تاكو دوای گرتن و داگیركردنی ئەو دەوڵەتە، كۆمپانیاكان وەبەرهێنان بكەن لەودەوڵەتە، لە40% وەبەرهێنانەكەش بۆ پنتاگۆن بێت، كە سوپا زیانی تیاكردوە، ئەم بیرۆكەیە ئەگەرچی پێشتر سۆڤێتیەكان هەیانبوو، كاریانپێدەكرد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەو ستایلە پێشكەوتووە نەبوو، هەڵبەت بۆ هەریەك لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیاش، كە بڕیاریداوە بەشداری جەنگ نەكات هەروایە، هەڵبەت بۆ چین و ژاپۆن تەنها مەرج ئەوەیە، كە زەمینە بۆ بازرگانیكردنی كۆمپانیاكانیان خۆشبكرێت تاكو وەبەرهێنان بكەن، هەروەك بەشی زۆری كەرەستەی سەربازی و پێداویستییەكانی دنیا لەزۆربەی بوارەكان بەرهەمی كۆمپانیاكانی چینن، هەر ئەم بیرۆكە رەشەیە بۆتە ستایل بۆ دەوڵەتە زلهێزەكان، وەك داگیركاری كلاسیك لەمێژودا، جارێكی تر دەست بۆ شێوازی كۆنی داگیركاری نەبات، جگەلەوەی وەبەرهێنان بكات لەوڵاتەكەدا و تەنها چاوی لەقازانج بێت، نەك داگیركاری جوگرافی، چونكە دەركەوتووە داگیركاری جوگرافی رق و كینەی خەڵك بەرزدەكاتەوە و سیاسەتەكە شكستدەهێنێت، بۆیە جەنگی مۆدێل نوێ تەنها لەپێناو وەبەرهێنانە و بەتایبەتیش چەك و كەرەستەی سەربازی.

# ناسراوترین بازرگانەکانی چەکفرۆشی

هەڵبەت بازرگانیکردن بەچەك لەرێگەی یاسایی لەهەمودنیا هەیە، وەك هەر کاڵایەك بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، بازرگان دەتوانێت چەك بکڕێت و بفرۆشێت، بەڵام بەشێکی زۆر لەو کەسێتیانەی کە بازرگانی بە چەکەوە دەکەن، یان هاوکاری چەکی ئەتۆمی و تەکنۆلۆژیای سەربازی دەوڵەتانی دیکتاتۆر و مەترسیدار دەکەن، وەك ئەو کۆمپانیایانەی کە هاوکاری رژێمی بەعسی عێراقیان کرد، تاکو چەکی کیمیاوی بەرهەمبهێنێت و لەکورددا تاقیبکاتەوە و کارەساتی لێبەرهەمبێت، زۆرن ئەو کەسانە و ناوبەناو دەستیان ئاشکرا دەبێت و دەدرێنە دادگا، وەك هۆڵاندی هۆڵەندی، بەڵام بەشێکی تریان تەنها بریکاری چەکفرۆشی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنانی چەکن، نیوەی کارەکەیان ناشەرعییە، بەڵام لەپەنای شەرعی و یاساییەوە ئەو گروپانە پڕچەك دەکەن، کە مەترسین بۆ سەر مرۆڤایەتی و سیاسەت و سیستمی دیموکراسی، کە تەواوی دنیا بانگەشەی بۆ دەکەن، کەچی ئەو بازرگانانە تائێستا لەو کارە بەردەوامن و شەرعیەتی یاساییان هەیە.

1: عەدنان خاشقچی. ئەم پیاوە کەسایەتیەکی سعودیە و یەکەمین نێوەندکاری نێوان حکومەتی سعودیە و ئەمریکا بووە، بۆ ئەوەی سعودیە مەترسی لەسەر نەمێنێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن نەیارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، ئەو پیاوە لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە یەکەمین کەس بووە پلەی بازرگانی چەکی بەدەستهێناوە، چونکە لەشەستەکانی سەدەی رابـردووەوە ئەم کارەی لەگەڵ کۆمپانیای (مارتن لۆکهارد)ی ئەمریکایی کردوە، کە ئەم کۆمپانیایە لە 28% فرۆشتنی چەکی بەردەکەوێت بەو دەوڵەتانەی چەك دەکڕن لەئەمریکا، لەوانەش سعودیە پێنجەمین دەوڵەتی جیهانە، لەدوای دروستبوونیەوە وەك دەوڵەت، سعودیە تائێستاش شەڕێکی نەکردوە.

2: سامۆئێل کینج: ئەم کەسێتیە ناسراوە، دامەزرێنەری کۆمپانیای (ئەتراماکوا)

یە و یەکێك بووە لە کەسایەتییە هەواڵگریەکانی کۆنی ئەمریکا (CIA)، پاشان بە جەڵتەی مێشك مردووە.

3: د. موسا بن بەشیر. ئەم پیاوە بەڕەگەز بەنگلادیشیە، بازرگانێکی شارەزای چەکفرۆشتن، بەتایبەتی تانك و دەبابە بووە بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا، دواتر بە هۆی شارەزابوونیەوە، ناوبانگی ئەمیر موسای وەرگرتوە، پاشان کە دەوڵەمەندبووە، بووە بەخاوەنی بەشێك لە بانکی سویسرا و لە هەشتاکانی سەدەی رابردو خاوەنی 7 ملیارد دۆلار بووە لەو بانکە نێودەوڵەتیە.

3: فارس مناح. ئەم پیاوە بەڕەگەز یەمەنییە، یەکێکە لە بازرگانەکانی چەکفرۆشی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە ساڵی 2011وە دەستی بەم کارە کردوە، ئەوکات بە هۆی ئەوەی دزەی بەچکفرۆشتن کردوە بۆ هاوکاریکردنی بزوتنەوەی لاوانــی یەمەنی، کە دژی دەسەلاتی یەمەنی بــووە، هەروەها لە خزمەتی حکومەتی قەزافی کاریکردوە، ناوی خراوەتە ناو لیستی رەشەوە، بەپێی دەستور دەبوایە دادگاییبکرێت، بەڵام بە هۆکارێکی نادیار ناوی نەماوە لەناو بازرگانانی چەکفرۆشتن بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا.

4: سەرکیس سوجانلیان. بەڕەگەز هندی بوو، ساڵی 1929 لەدایکبووە. ماوەی 20 ساڵ خەریکی بازرگانیکردنی چەکفرۆشتن بووە بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا، دوای ئەوەی مردووە ئەوکات تێگەیشتوون، کە یەکێك بووە لەدروستکەرەکانی مردن، لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە کاری بۆ کۆمپانیاکانی چەکفرۆشی ئەمریکا کردوە، دواتر لەلایەن دادگای ئەمریکاوە حوکمدراوە، چونکە لەکاتی شەڕی ئێران عێراق و لەخزمەتی پڕ چەککردنی عێراق دزەی بە چەك کردوە، بۆیە سزادراوە، پاشان سزاکەی کەمدەکرێتەوە و دواتر بەهۆی تەمەنەوە لەنەوەدەکانی رابردو دەمرێت.

بەم ناوانە کە زۆربەیان عەرەبن، تێدەگەین کە زۆربەی کۆمپانیاکانی چەك لەرێگەی کەسانی بیانی و بەتایبەتیش عەرەبەوە چەکیان ساغکردۆتەوە بەسەر ناوچەکە و شەڕیان دروستکردوە، تاکو زۆرترین چەك بفرۆشرێت و چەك بڵاوبکرێتەوە کە بەیاسای نێودەوڵەتی یاساغکراوە لە جنێف.

## سیاسەتی ترس و تۆقاندن

ئەگەرچی پێشتر بەر لەوەی سیمای دەوڵەت دەربکەوێت و ببێت بەقەوارە، سنور، سوپا و دەزگاکانی دیکە بەرهەمبهێنێت، جۆرێك لەپاراستنی خێزان بوو، هیچی تر، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی دانیشتوان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەقۆناغەکانی ژیان، بە نمونەش لەهەزارەی سێهەمی پێش زاینی یۆنان و رۆم، وەکو مێژوی یەکەم دەوڵەت ناسراوە، بەڵام سیماکەی هێشتا هەر ترس بوو لەهێرشی ئەوانی تر.

لەراستیدا سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت هەمو کەسێك و هاوڵاتیەك، کە رەگەزنامەی ئەو قەوارەیەی لە باخەڵدایە بەشداریدەکات و چاوەڕێی ئیمتیازیشە، بەڵام دوای ئەوەی سیستم جێگیردەبێت و دەسەڵاتەکان لەجێگەی خۆیان توانای خۆیان لەڕێگەی یاساوە بەکاردەهێنن، ئیدی ئەو مافە نامێنێت کە پێشتر هاوڵاتی خەونی پێوەبینیوە، مەبەست لەو هۆشیارییە سیاسی و فکریەیە کە پێشتر بۆ بەرگری و پاراستی قەوارەکە بەکارهاتوە، لێرەوە دەستەبژێر مرۆڤەکان فێری ژیانی پارادۆکسی دەکات و بەو دۆخەش خەریکی راهێنانی هاوڵاتیەکانی دەبێت.

بۆیە دەوڵەت لەرابردودا جۆرە سیاسەتێکی پیادەدەکرد، کە خەڵك لەخودی چەمکی دەوڵەت وەکو قەوارە و دەسەڵات بترسێت و ئەو ترسەش لەدەرونی هەر تاکێك چەکەرە بکات تاکو جێگیردەبێت، یان هیچ نەبێت بە هۆی سنورەکەیەوە، یان بە هۆی ئەو یاسا و رێسایانەی، کە دادەنرا چاوترسێنی خەڵك بکات، تاکو هیچ نەبێت وەکو سەرەتا سنور نەبەزێنرێت، دواتر کە دەوڵەت بوو بەدەزگایەکی گەورەتر و قەوارەیەکی گەورەتر لەو شێوە ئەو دەوڵەتەی، کە لەسەردەمی یۆنان و رۆمەکان هەبوون، ئیدی ترسەکە لە دامودەزگا حکومی و یاسا و دادوەریەکان کۆکرایەوە، کە پێشتر لەخواکان و ئەفسانەی دەسەڵاتدا کۆکرابۆوە، ئیدی دەوڵەت لێرەدا لەبری ئەوەی ژیانی خەڵك بپارێزن و خەڵکیش بەشداربیکات لە کۆنترۆڵکردنی تاوان و نەهێشتنی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دزەپێکردنی ئابوری وڵات و هتد. بەپێچەوانەوە وەکو دەزگایەکی سەرکوتکەر خۆی نمایشدەکرد تاکو هاتنی چەمکەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و بەشداری گشتی لەپاسەوانی و جەنگاوەری

و پشتگیری قەوارەیی دەوڵەت لەلایەن گشتەوە کە خەڵك بندەست بوون، بۆیە دەوڵەت خەڵکی لەرێگەی ئەو دەزگایانەوە دەترساند بۆئەوەی دەستەبژێری سیاسی پشتئەستوربن لەمانەوەیان لەدەسەڵات، ئەمە پێشینەی هەبووە، کە ترسی دەسەڵات هێندەی لەناوخۆ زۆرتربوو، هێندە لەدەرەوەی خۆی نەبوو.

لەدوای سەرهەڵدانی نمونەیەکی نوێ بۆ دامەزراوەی دەوڵەت، دەوڵەتی ئاینی یەکەمین سیستمی ترس و تۆقاندنی مرۆڤ بووە، ئەوەی کە لەدوای قەدەغەکردنی مەسیح دەبینرێت و لەخاچدەدرێت، دروستکردنی ئەو فەزا ترسەیە بۆ مرۆڤ، کە دەستنەبات بۆ ئەو رەمزانەی دەوڵەت بە یاساغی داناوە، ئەم ترسە پێ بەپێ لەگەڵ سەدەکاندا گەشەیکرد و شێوازی جیاوازی بەخۆیەوە بینی، ترسی دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی خەلافەت، کوشتن، مل قرتاندن، سەربڕین و نەهێشتنی هەمو جۆرە ئازادییەك نەك لەناو خەڵکی ئاسایی، بەڵکو لەنێوان هۆز و گروپە جیاوازەکانی ناو دەسەڵاتیش هەر بەو شیوەیە بوو، لەناوبردنی یەکتر و شەڕو کوشتار لەگەڵ فارسەکان و سەرهەڵدانی بیری فتوحات بۆ وڵاتانی رۆژئـاوا، سەرەتای ترس و تۆقاندنی خەڵکی مەسیحی و ئاینەکانی دیکە بوو، دواتر لەنێوان مەزهەبەکان رویدا، وەك ئەوەی لەنێوان حەسەن و حوسین و ئەمەوییەکان رویدا، بەشێکی بچوکی ئەو چیرۆکەیە کە نیشانیدەدات ترس و تۆقاندن وەکو سیستم کارپێکراوە.

ئەم مۆدێلە ئەگەرچی لە رۆژئاواش هەبوە پێش ئیسلام، بەتایبەتی شەڕی ناپلیۆن چ لەناوخۆ بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی، چ لەئاستی دەوڵەتانی دیکە کەداگیریکردن و بەتایبەتیش وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها ترس و تۆقاندنی نازیەکانی ئەڵمانیا دەرهەق بە یەهودیەکانی ئەو سەردەمە و فاشستەکانی ئیتاڵیا بەرامبەر بە ئازادیخوازەکان، گەیشتبووە لوتکەی ترس کەگێڕانەوەی چیرۆکەکان زۆر مەترسیدارترن لەوانی پێشو، بەڵام لە رۆژهەڵات ئەم دیمەنانە جارێکی تر بووە هۆی چەقبەستویی لە سیستمی حوکمڕانی، بۆ نمونە شەڕو شۆڕی نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکان لەسەر هەژمار و کەللەسەری عێراق و وڵاتانی عەرەبی لەناوچەکە، هەروەها ترساندنی خەڵك لەرێگەی ئەشکەنجەدان لە زیندانە نمونەییەکانی ئەو سەردەمەو تاکو کۆتاییهاتنی رژێمی بەعس لەعێراق.

# دەوڵەتی ئاینی، یان دەوڵەتی ئاین

دەوڵەت لەروی تیۆری و لە پراکتیکشدا پێویستی بە ئاین هەیە وەك پایەیەکی بنچینەیی و وەك بەشێك لە گوتارە فەلسەفی و سیاسیەکەی، کە بڕوای بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگەیە، بۆیە سیاسەت ناتوانێت بە بێ ئاین پشگیری لەدەوڵەت بکات، هەڵبەت پێشتر لەروی مێژوی کۆمەڵگەی مرۆییەوە ئاین بەشێکبووە لەدامەزراندنی دەوڵەت، بە بێ ئاینیش دەوڵەت لەروی شەرعی و یاساییەوە مەحاڵ بووە، زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەند و مێژونوسەکان باس لە کاریگەری ئاین دەکەن لەبونیادنانی دەوڵەت، بەڵام هەریەك لەو بیرمەندانە بەتێڕوانینی خۆیان تەماشای بونیادنانی دەوڵەتیان کردوە، «هیگڵ لەمبارەیەوە پێیوایە، کە ئاین لەناو سنوری سیستمی فەلسەفییە، ئەم پەیوەندیەی کە لەنێوان دەوڵەت و ئاین هەیە، دروستکردنی بنچینەی دەوڵەتە، چونکە بەپێی تێڕوانینی هیگڵ، ئاین پێش بوونی دەوڵەت وەك سیستم هەبووە و چارەسەری کۆمەڵێك خاڵی لاوازی کۆمەڵگەی کردوە، بۆیە دەوڵەت ناتوانێت دەستبەرداری ئاین بێت، هەر جۆرە لە ئاینێك بێت، چونکە پایەیەکی بنچینەیی سیستمەکەیە هەم لەروی مێژویی کۆمەڵگەوە و هەم لەروی دەستوریەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت « **تالیف لیون هاردواس. الدین و الدوله فی فلسفه هیغل. ترجمه. قاسم جبر عبره. دار الحکمه. بغداد 2012. ل24.**

دەوڵەتی کۆن دەوڵەتی ئاینی بوو، بەڵام دەوڵەتی ئاینی لەم چەرخەدا، کە ئاین بەشێکە لەسیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی، ئەو دەوڵەتەیە کە دەقاودەق بڕوای بەدەستورێك هەیە، کە مەرجەعەکەی تاکە گوتاری زاڵبێت لەروی ئاینیەوە، «یەکەمین نمونە لەمیسری فیرعەونیەکانەوە دەستپێبکەین،

که خوداکانیان واته میر و دەسەڵاتدارەکان وەك خودا خۆیان نمایشکردبوو دەپەرستران، یەکێك لەو خودایانە (ئەبولهۆل) بوو، ئەم خودایە جەستەی شێر و سەری مرۆڤ بوو، تائێستاش ئەم خودایە پەیکەری لەنزیك هەرەمەکانی میسر هەر ماوە وەکو پاشماوەی کۆنی میسری، کە مێژوەکەی زیاتر لە 5 هەزار ساڵ دەبێت، ئەمە بەشێکە لەو خودایانەی کە لەمیسر بوون، ئەوانی تر پشیلە و لەشێوەکانی تری ئاژەڵ بوون، ئەم حاڵەتە لای بابلیەکانیش هەیە کە پەیکەرەکەی تائێستاش ماوە، بەڵام ناپەرسترێت، هەروەها لەهندستان تاکو ئێستاش بەزیندوویی پەرستنی ئاژەڵ هەیە وەك خودا» **م ای اتش غومبریتش. مختصر تاریخ العالم. ترجمه. ابتهال الخطیب. دار المعرفه الکویتیه. ل36**

تێگەیشتین کە ئاین سەرەتا و بنچینەی دروستبوونی دەوڵەتە، ئەمە کێشەکە نییە، بەڵکو کێشە بنچینەییەکە ئەوەیە کە گوتاری ئاینی زاڵ سەرچاوەی دەستور و یاسا و شەرعیەتی بڕیارەکانی دەوڵەت بێت، هەروەك ئەوەی کە لەعێراق، سعودیە، ئێران، مالیزیا، تورکیا، قەتەر، کوێت، بەحرێن و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی، ئەندەنوسیا، بەنگلادیش و هتد، بە بێئەوەی هیچ بوارێك هەبێت بۆ ئاینێکی تر و رۆشنبیرییەکی دیکەی سیاسی و فکری و هێزی پێشکەوتوخواز، هەروەها ئەو دەوڵەتەیە، کە بڕوای بە ئازادی تاك و کۆ نییە، جگە لەپێویستکردنی یەك گوتار نەبێت بەسەر ئەوانی دیکەی لاواز لەروی چەندایەتیەوە، کە پێیاندەگوترێت کەمینە، بۆ نمونە لە ئێران ئەگەرچی ئاینی دیکە و ئیتنیکی دیکە هەن و وەکو بلوجی و ئازەری، کە هەندێکیان مەزهەبەکەیان جیاوازە، بەڵام سەرەنجام خۆیان بە شیعە و ئێرانی دەزانن، هەروەکو هەندێك لە کوردەکانیش بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئێرانیبوون دەکەن، لەکاتێکدا وەکو مەزهەب سوننەن و لەلایەکی ترەوە زەردەشتین،

کەوابوو ئەو هێڵەی ئاینەکان دابەشدەکات، مەسەلەی ئینتیمایە و ئەمە لە تورکیاش هەیە وەکو عەلەوییەکان کە شیعەن یان ئەرمەنەکان، بەڵام وەکو ئینتیما بۆ شوناسی دەوڵەت خۆیان بە تورکی دەزانن، ئەمە لە مەغریبیش هەروایە نمونەی ئەمازیغی و لە میسریش نمونەی قیبتی و مەسیحیەکان و بەشێکی تر لە سعێدیەکان لەروی نەتەوەییەوە خۆیان بەخاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیان دەزانن، بەڵام وەکو دەوڵەت خۆیان بەمیسری دەزانن، لێرە مەسەلەی ئاین لەگەڵ دەوڵەت و شوناسەکەی دوو شتی جودان، کە مەزهەب و نەتەوەکانی توشی کێشەکردوە و لەیەك کاتدا خاوەنی دوو شوناسن. ئەمانە ئەگەرچی دەوڵەتی نویٚ نین وەکو مێژوی کۆن، بەڵام شێوەی داڕشتنی هێڵی سیاسی و دەستور بەدەوڵەتی نویٚ هەژماردەکرێن، چونکە رێگە بە ئاینەکانی دیکە نادەن خاوەن شوناسی خۆیان بن وەکو سەربەخۆ.

بەپێی تێڕوانینی ئەدۆنیس گەورە بیرمەندی عەرەب لەبارەی ئاین و دەوڵەتەوە لەچاوپێکەوتنێکدا پێیوایە ئاین، بەتایبەتی ئاینی ئیسلام لە رۆژهەلاَت و ولاَتانی عەرەبی، واتای دەوڵەت نییە، واتە ئیسلام دەوڵەت نییە، بەڵکو دەوڵـەت هەیە ئینتیمای بۆ ئاینی ئیسلام هەیە، ئەمە دوو شتی جیاوازە، لەبارەی ئەوەش، کە عەرەب بۆ ماوەتەوە لەچوارچێوەی کلاسیکدا و ناتوانێت لەگەڵ رەوتی مۆدێرنە و هاوچەرخ بێت، ئەو رەخنە لە نوێخوازیەکەی عەرەب دەگرێت، پێیوایە عەرەب نەیتوانی ببێتە بەشێك لە دنیای نوێخوازی و سیستمی دیموکراسی هەرسبکات و تێبگات، بۆیە هەمیشە دەوڵەتانی عەرەبی لەپاشکۆی سیاسەتی جیهاندایە و کارەکتەری سەر شانۆی هاوکێشە سیاسیەکانن، ئەو بانگەوازی کارپێکردنی عەقڵ دەکات لەناو سیاسەت و دەوڵەتداریدا.

لەکاتێکدا ئەمجۆرە دەوڵەتە واتە دەوڵەتی ئاینی، جگە لەسعودیە خۆیان

وەکو دەوڵەتێکی ئاینی پێناسە نەکردوە، هیچ دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبی لەژێرناوی ئاین دەوڵـەت نین، کەچی گوتاری ئاینی ئیسلام زاڵە بەسەر سیاسەت و سیمای دەوڵەتەکە، بەڵام سعودیەش جیاوازی هەیە لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی، بەو پێیەی کە لەوکاتەی دامەزراوە تاکە ئاین ئیسلام بووە و هەرگیز یەهودی و مەسیحی بەخۆیەوە نەبینیووە، لە روی کۆمەڵایەتییەوە، سەنتەری گوتاری عەرەبی و ئاینی ئیسلامە، کەچی ئەو فۆڕمەی لەخۆی نیشاننەداوە، کە دەوڵەتی هەمو هاونیشتیمانیەکە، ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتی زۆری ئەوروپی هەن، کە ئیلهامیان لە کریستیانی و مەسیحیەت وەرگرتوە، بەڵام خۆیان رانەگەیاندوە کە دەوڵەتی کریستیانین، نمونەش سوید، نەرویژ، ئیتالیا، فاتیکان و هتد، بەڵام وەك دەوڵەتی فاتیکان نین، ناونیشانەکەی، دەستور، ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، سیستمی سەرۆکایەتی و هەڵبژاردنەکەی کریستیانی کلاسیك بێت، بۆیە جیاوازن و بەوشێوەیەن کە شوناسەکەیان وەکو ڤاتیکان ئاشکرانەکردوە، وەك دەوڵەتێکی ئاینی تاك گوتار کاردەکات و کاریگەریشی لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتی هەیە.

لەبارەی فکرییەوە دەوڵەتی ئاینی و گوتارەکەی بیروڕای جیاواز زۆرە، بەڵام گرنگترینیان جگە لەسپێنۆزا کە بڕوای بەگوتاری ئاینی کریستیانی هەیە وەکو سیستمێکی ئاکاری بۆ دەسەڵات، لەمبارەیەوە هیگڵ پێیوایە پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت، پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە، چونکە خۆی لەخۆیدا وەکو بنەچە بە بێ خاك، زەوی، کولتور، زمان و هتد، دەوڵەتێکە بۆ خۆی، چونکە ئاین بە توندڕەوییەکەی قەوارەیەکی دەوڵەتی بەرهەمدەهێنێت ئەگەر جوگرافیاشی دیارنەبێت، بەڵام ئاین کەڵك لەو شێوازی دەوڵەتە نابینێت، کە ئەخلاقیەتەکەی رەنگناداتەوە جگە لە توندڕەوییە زۆرداریەکەی

بەسەر ئەوانی دیکەدا، تەنها ئەوە نەبێت کە لەروی سیاسییەوە دەتوانێت بونیادێك دروستبکات بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت، لە دواجاردا پشت بەخۆی ببەستێت، بەڵام ئەو دەوڵەتەی هیگڵ باسیدەکات بەرهەمی شۆڕشە و لەوێشەوە شۆڕشی فەرەنسا، بەتایبەتی کە دەسەڵاتییان بەسەر دەرەبەگاکاندا شکایەوە و بیری ئازادی و سەرهەڵدانی ئەریستۆکراتی بۆ تێگەیشتن لە هاوڵاتیبون سەریهەڵدا، کە یەکەمجار لەئەڵمانیا بوو، ئەمە بۆیە گرنگی هەیە لەلای هیگڵ، چونکە بۆ ئەو ئازادی و ئازادبوون لەو سەردەمەی، کە پێی دەگوترێت قۆناغی دەرەبەگایەتی، ئازادی نەبوو وەکو چەمکێك بۆ ژیان، بەڵام کە سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی کۆمەڵایەتی وەکو جۆرە مۆدێلێکی ژیانێکی کۆمەڵایەتی لەناو سیستمەی سەرمایەداری تازە پێگەیشتو خۆیان نمایشکرد، ئیدی شێوەیەکی دیکەی ژیـان هاتەئاراوە ئەویش ستایلی جلوبەرگ و خان، بەرەو تەلارسازی، بازاڕ، بەرهەمهێنانی کاڵای سەرەتایی، کاری دەستەجەمعی و پێکەوە ژیانی خەڵك لەیەك قەوارەدا، کە فرەییبوو لەزمان و هتد. هەروەها سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سیاسی لەڕێگەی حزبەوە، کە تاك بتوانێت بانگەشە بۆ ئازادی خۆی بکات، بۆیە مایەی سەرسوڕمان بوو، بۆیە ئاین لەسەرەتاوە ئەمشێوازەی قبوڵکردبوو، بەڵام دواتر توندڕەوی ئاینی کاریگەری نیگەتیڤی هەبوو، کە بووە هۆی توندوتیژی نێوان کولتور و ئاینەکانی دیکە و قبوڵنەکردنی یەکتری، بەڵام بنچینەیەکی دانا لە رۆژئاوا، ئەمە لەکاتێکدا لە رۆژهەڵات شێوەیەکی دیکە بوو هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەوڵەتەوە، ئەوانی دیکە دەرکرانە دەرەوەی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یەك فۆڕمی وەرگرت، کە تائێستاش هەر رەنگدانەوەی بنچینە سەرەتاییەکەیەتی، کە دوای روخانی سۆمەری و ئەکەدی، دەوڵەتی ئیسلامە کە تائێستا بەردەوامە، ئیدی لێرەوە لۆژیکی هیگڵ رێیتێدەچێت، کە ئاین

بنچینەی بونادنانی دەوڵەت بێت نەك هۆز و تیرەکان، چونکە دەوڵەت پرەنسیپەکانی دیار و نوسراون، بەڵام هۆزە کۆنەکان و تیرەکان و کۆمەڵگە کۆنەکان، پرەنسیپی نوسراوی وەکو تێکستی کۆنیان نییە.

ڕۆڵی ئاین لەدروستکردنی دەوڵەت مێژویەکی درێژی هەیە، یان هیچ نەبێت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، کە مرۆڤ کەڵکی لێوەرگرتوە وەکو کولتور، کەوابوو ئاین بەشێکی گرنگە لە دامەزراندن و هەروەها دواتریش دامەزراوەکانی دەوڵەت وەکو پایەیەکی بنەڕەتی لەپەنا ئابوری، سوپا، زمان و کولتور وەك سەرخانێك بۆ ناسینەوەی سیمای دەوڵەت، چونکە مەرجەکانی پاراستنی دەوڵەت، خاك، نەتەوە و کۆمەڵگە بەگشتی لەچوارچێوەی یەك قـەوارەدا، تەنها سوپا و ئابوری نییە، بەڵکو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەیە، کە دەبێتە قەڵغانێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەیارانی دەوڵەت لەکاتی پێویستدا، ئێستا هەندێك فاکتەری دیکە پەیدابووە لەروی هونەری، وەرزشی، ئابوری ناڕاستەوخۆ، کۆمپانیا، کاری دەستی و هتد، بەڵام لەسەروی هەمویانەوە ئاین پێناسەی یەکەمە، کە شوناسی دەوڵەت دیاریدەکات، چونکە ئاین بەر لەهەر شتێکی دیکە لەناو دەستوردا ڕەنگدەداتەوە.

«مرۆڤ بۆخۆی بونەوەرێکی دنیاییە و بەو مەرجەش بەشداری لەپاراستنی دەوڵـەت و قـەوارەی خۆی دەکـات، خۆی بۆ دەکـات بەقوربانی، دەوڵەت تا ئەو جێگەیە ئەم بیروباوەڕەی قبوڵە، کە کاریگەری نەکاتە سەر جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت، وەکو شوێنە پیرۆزەکان و سەنتەرە ئاینیەکان و ئەو تێکستەی، کە دەبێتە مایەی ئیلهام بە شەریعەت و دەستور، بەڵام دواتر ئەمە دەبێتە وەهم و دەوڵەت مرۆڤەکان دەکاتە بونەوەرێکی نامۆ لەو بیرۆکەیەی هەڵیگرتووە، دەیکات بە ئەندامێکی خەیاڵی، لێرەوە دەوڵەت ژیانی ڕاستەقینە لەتاکەکانی دەدزێت و خۆی پڕدەکات بەکۆمەڵێکی ناواقیعی» **کارل**

**ماركس. حوله المساله اليهوديه. 1843. ت. د. نائله الصالحی. منشورات دار الجمل. ل16.**

گوتمان تێکست یاخود دەقێك کە دەوڵـەت ئیلهامی لێوەرگرتووە و بەراستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێتە سەرچاوەی دەستور و یاسای وڵات، پێشتر کەڵکی لە چەمکی خودا وەرگرتووە، ئیدی لێرەوە دەق و خودا دەبنە دوو چەمکی گرنگ لەپشت پێویستبوونی دەوڵەتەوە وەکو پایەی بنچینەیی، ئەمە بۆ هەمو دەوڵەتێك چونیەکە، چونکە لەسەرەتادا ئەگەر ئاینیش بەو شێوەیەی ئێستا نەبووبێت، شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەکو ئاینێکی نەنوسراو بووە، هەروەك ئەوەی لەیۆنانی کۆن، رۆم، میسر و هتد هەبووە، دواتر رۆژگار دۆخی بیرکردنەوەی مرۆڤی گۆڕی، کەنیسە، مزگەوت و بنکە ئاینییەکان بە راستەوخۆ بوون بە یەکێك لەبناغەکانی دروستبوونی دەوڵەت و بەو پشتیوانییە بونیادیاننا، چونکە ئیلهام لە هەردو چەمکی ئاین وەکو دەق و خودا، بە سـەرداری دەسەڵات وەرگیراوە بۆ حوکمڕانیکردن، ئەم نەریت و دنیابینییە بۆ دەوڵەت لەسەردەمی گریکەکانی یۆنان و دواتریش رۆمەکان هەبووە، ئەوان پێشتر بۆ پاراستنی خێزان خودایەکیان داناوە، کە پێشتر لەئەفسانەکاندا هەبوون، بەڵام پاشان بۆ پتەوکردنی پایەکانی دەوڵەت ئەم خودایانەی پیرۆزکردون و بۆ دەسەڵات کەڵکیان لێوەرگرتووە.

پارادۆکس دیاردەیەکی خۆڕسك نییە بۆ تاك، بەڵکو دەوڵەت و سیستمی دەوڵەتی خەڵك فێردەکەن بەو شێوەیە رەفتاربکەن، کە یەکەم لەڕێگەی ئاینەوە و دوەم لەڕێگەی یاساکانی دەوڵەتەوە، تاك دوچاری تێنەگەیشتن یان خراپ حاڵی بوون بڕوات، « ئەو شتەی وا دەکات ئەندامە سیاسیەکانی دەوڵەت بڕوایان بە ئاین بێت، بریتییە لەو پارادۆکسەی نێوان ژیانی تاکە کەسی و ژیانی گشتی، مارکسیزم سروشتی مەزنێتی دەوڵەت شیدەکاتەوە

و پەردە لەسەر ئەو پارادۆکسە ئاینپەروەرانە لادەبات، کە تاکو بینەقاقایان نوقمبوونە تێیدا، مارکس پێی وایە کە هەردوو دەسەڵات و ئاین لەبنچینەوە سروشتێکی هاوشێوەی یەکتریان هەیە و لەوێوە سەرچاوەیان گرتوە، تەنانەت ئەو کاتەش کە دەوڵەت لە کەنیسەکان جیابوونەوە، ئەو لێکچوونە جەوهەرییە هەر مابوو، کە پێبچێت و لە ئاستێکی باڵاتر لە ژیانی واقیعی و بازنەیەك لە دوریەکەی وەك دوری خوا، یان خوداوەند وابێت، ئەویش بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا زاڵدەبێت وەکو سەرکەوتنی ئاین بەسەر جیهانی دنیایی» **جورج بالاندیه. انتروبولوجیا السیاسه. ترجمه. علی المصری. المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر. ل130.**

ئەم بۆچونە لەوێوە سەرچاوەی گرتوە، کە دەوڵەت لە کاتی خۆشی و دوای سەرهەڵدانی مۆدێرنەو ئێستاشی لەگەڵدابێت، لەنێوان گوتاری زاڵی ئاینی بەسەر کۆمەڵگەدا و گوتاری عەلمانی یاسایی و دەستوری لەناو کایەی سیاسیدا، کە بەسەر دەزگا شەرعییەکانی خۆیدا پەخشیکردوە، یەکلاییبۆتەوە، یان پارادۆکسیانە مامەڵە لەتەك ژیانی ئاسایی و سیاسی دەکات، بۆیە لەیەك کاتدا نایەوێت هەم ئاینپەروەران و هەم دژە ئاین و بێبڕواکان لەخۆیان بڕەنجێنن، کە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەت و مانەوەی ئەو قەوارەیەن. بۆیە دەوڵەت ئاین و خودا وەکو دوو چەمکی نزیك و یەکترتەواوکەر تەماشادەکات و کەڵکیان لێوەردەگرێت.

**1: خودا:** ئەو چەمکەیە، کە لەڕێگەیەوە دەسەڵاتی پێناسەکردوە لەئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، هەروەك چۆن دەڵێن و ئیدیۆمی ژیانە، کە دەوڵەت خودای سەر زەمینە، ئەم تیۆرەیە، کە دواتر تیۆریزەکرا لەسەر دەستی دەسەڵاتداران، کە مێژو باسیدەکات، خۆیان بەکوڕی خودا دەزانی و نمونەیان بنەماڵەکانی فیرعەونەکانی میسر بوون، هەروەها ئیمپراتۆریای رۆمانی لەساڵەکانی (500 ز)

شێوەیەکی جودای لە حکومڕانی بوون، کە مافی خوداوەندیان هەبوو نمونەی خوداکانی ئاشوری و بابلی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خودا لەشوێنێکدا ئەو دەسەڵاتەیە، توانای بەسەر هەمو زیندەوەر و بوونەوەرەکاندا هەیە بەمرۆڤیشەوە، لەشوینێکی دیکەدا خودا نمونەیەکی دیکەی دەسەڵاتی سەر زەویە، بۆیە خوداوەندەکان بڕوایەکیان لەسەر مرۆڤ دروستکردبوو، کە ئەو هۆشیاریەی لەلای ئەوان هەیە، لەلای مرۆڤە سادەکان نییە، بۆیە خواوەندی سەر زەوین و دەبێت دەسەڵات و حوکمڕانی لەلای ئەوان بێت، مارکس لەکتێبی: سەبارەت بە کێشەی یەهودیەت، دەڵێت: «جیاوازی لەنێوان هاوڵاتی بـاوەڕدار و بێبڕوا لەلایەن دەوڵەتەوە، وەکو جیاوازی نێوان بازرگان و هاوڵاتیەکی ئاساییە، یان لەنێوان خاوەن خانو و کرێچییە، ئەمەش وەکو تاکی زیندو و هاوڵاتییەکە، پاڕادۆکسێك کە سیستمی سیاسی سەرمایەداری پیادەیدەکات، کە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان دەکات، ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە مرۆڤێکی ئاسایی پێستی شێری لەبەرکردبێت»، ئیدی لێرەوە بۆمان دەرکەوێت، بۆچی دەوڵەت نابێت هەم ئیلهام لەئاین وەربگرێت بۆ دەستور و یاسا، هەم وەك بناغەی دەوڵەت و تاکە سەرچاوە تەماشاینەکات، ئەمە واناگەیەنێت کە هەندێك پێیانوایە عەلمانیەت تەنها واتای جیاکردنەوەی ئاینە لەدەوڵەت و بۆ سڕینەوەی جێکەوتەکانی ئاینە، نەخێر بەڵکو ئاین لەشوێنی خۆی بۆ تاك و دەوڵـەت و بۆ گشت، کە بەرژەوەندی گشتی، سەروەری دەوڵەت، فرەیی مەزهەب، بیروباوەڕی ئاینی و کولتوری دەپارێزێت.

بابەتی ئاین لەسەرەتای ململانێی دەسەڵاتەکان و هۆزە سەرەتاییەکان و سەرەتای دروستبوونی قەوارەی دەوڵەتی کلاسیکی کێشەیەکی نەبڕاوە بووە تائێستا، مەسەلەی خوداش بەدەر لەوەی مەسەلەیەکی یەکتاپەرستییە

و پەیوەندی بەباوەڕی مرۆڤەوە هەیە لەدەرەوەی سروشت و نهێنیەکانی، کە گفتوگۆیەکی فکری جودایە لەگەڵ ئەم باسەی ئێمە، بەڵام هەمیشە خودا و ئاین وەکو پایەی بنچینەیی بوون، ئەم باسە تەنانەت تێکەڵ بەزانست و ئەفسانە و فەلسەفە بووە، بۆ نمونە «یۆنانیەکان کاریگەرییان خستەسەر ئاینی رۆمیەکانیش، یۆنانیەکان خودایان زۆر هەبووە، کە رۆمییەکان ئەوانیان بەهاوتای خوداکانی خۆیان دەزانی، بۆ نمونە رۆمییەکان خودای دەسەڵاتی یۆنانی واتە زیتۆسیان، کە خودای ئاسمانەکان بوو لەگەڵ یوپیتەر یاخود ژوپیتەر خودای ئاسمانی رۆمیەکان بەیەك دەزانی، هێرا هاوسەری زیۆس، کە شاژنی خودایانی یۆنان بوو، گۆڕابوو بەخودای رۆمی یۆنۆ، رۆمیەکان لەژێر کاریگەری یۆنانیەکاندا گەورەیی زیاتریان دەبەخشی بەهەندێك لەخوداکانیان، بەمشێوەیە مارس کە لەگەڵ خودای یۆنانی شەڕ، بوو بەیەك و جەنگاوەرانی رۆمی و پاسەوانی کێڵگەکانی پاراست» کارل مارکس. 1843. حوله المساله الیهودیه. ت. د. نائله الصالحی. منشورات دار الجمل. ل16.

ئەم ئەفسانەیە پێماندەڵێت: کێشەی ئاین و خودا چۆن لەسەر زەوی خراپ کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ دەسەڵات گرتنەدەست و بەکارهێنانی ئاسمان بۆ سەر زەوی، کە مرۆڤ کێشەی لەگەڵ ئاسمان نەبووە و خوداش تەنها لەئاسمان نەبووە، تاکو وەڵامەکەی لەلای خودی مرۆڤ خۆی بێت، ئەو تێکستانەی بەناوی خوداوە مانایان بۆ خودا پێناسەکردوە و لەوێوە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و پاراستنی دەسەڵات بەکاریانهێناوە.

**2: ئاین:** ئاین هەم وەکو تێکست، هەم وەکو باوەڕی مرۆڤ بونیادی دەوڵەتی لەسەر دانـرا، کاریگەری ئەم بۆچوونە سیستمێکی دامەزراند لەسەر بنچینەی تێکستێك، کە هەم شەریعەت و هەم وتەی خودا بوو، ئیدی لەژێر رۆشنایی دەقە پیرۆزەکان، فەرمانڕەوایی دەوڵەت ژێرخانێکی

بۆ پاش خۆی جێهێشت، کە تا ئێستاش دەوڵەتی ئاینی وەکو فاتیکان لەسەر بنچینەی مەسیحیەت و کریستیانیەت و ئینجیل، هەروەها سعودیە لەسەر بنچینەی مێژوی ئیسلام و تێکستی قورئان و شەرعیەتی مێژویی بەردەوامن لەحکومڕانیکردن.

«هەڵبەت دەبێت لەبیرمان بێت کە بۆچوونی میکاڤیلی نە کۆمۆنەکان و نە کۆمار و نەشوراکانی شار (سینۆریاکان) هیچکامیان بەواتایەکی ورد دەوڵەت نەبوون، چونکە هیچکامیان ئەو سەرزەمین و دانیشتوانەیان نەبووە، کە بۆ دابینکردن و پشتیوانی لەهێزێکی سەربازی وەك توخمیکی پێویست بۆ سیاسەتێکی نێونەتەوەیی بەپێویست دادەنرێت، بەبڕوای ماکیاڤیللی، ئەو شتانەی لەوکاتەدا لەبەر بوونی حکومەتی پاپا لەئیتاڵیادا هەبوو، جۆرێك بوو (لەنادەوڵەت)، ئەم بارودۆخە تا ئەوکاتە بەردەوامبوو، کە ئاین لەئامێزی سیاسەتی پاپا و لەخزمەتی پێشگرتن لەپێکهاتنی دەوڵەتێکی بەهێز لەئیتالیادا، کرا بە بەشێك لەسیاسەتەکانی دەوڵەت. سیاسەتی پاپا لەوکاتەدا، لەلایەکەوە دەستتێوەردان و کاروباری ناوخۆیی ئەو کەسانەی لەخۆگرتبوو کە لەژێر دەسەڵاتی مەعنەوی کڵێسادا نەبوون، لەلایەکی تریشەوە لەپێناو هەندێك بەرژەوەندیدا کاریدەکرد لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەوکاتدا نەبوو، ناچار ئاژاوە و گرفتاری لێدەکەوتەوە». **ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. وەرگێرانی. مامەند رۆژە. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران. ل95.**

دەوڵـەت تەنها ئەو قەوارەیە نییە، کە لەمێژودا لـەروی سیاسیەوە لەسەر بنچینەی ئاین بونیادنرابێت و هیچی دیکە، بەڵکو خەلافەتەکان بەتایبەتی خەلافەتەکانی دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی بەنمونە، زیاتر گەشەیسەند و کێشەی زیاتری بەخۆیەوەبینی، «لەو دەمەوە ئاین

لەکاروباری حکومەتدا نەخشێکی بەرچاوی هەبووە و لانیکەم بەشە دادوەرییەکەی دەسەڵات، هەمیشە لەدەستی کارگێڕانی ئایندا بووە و دین و حکومەتیش وەك دوو پایەی بنەڕەتی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەمێژوی ئیسلامدا شانبەشانی یەکتری چوونەتەپێش، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرەتاوە رەوتگەلێکی فکری و ئاینی دژی دەسەڵاتدارانی سەردەم و ئاینی فەرمی هەڵوێستیان وەرگرتوە و کەتوونەتە ململانێ، مێژوی ململانێی ئەو رەوتە فکری و مەزهەبیانە کە جیا لەئاینی فەرمی بوون، بەدژی ئاینی فەرمی و دەسەڵاتدارانی پشتئەستور و پشتیوانی ئاینی فەرمی، دیاردەیەکی لەمێژینەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی ساڵی 41 تا 132ی کۆچی و 662 تاکو 750ی زاینی، هەروەها خەلافەتی عەباسی ساڵی 132 تاکو 640کۆچی و 750 تاکو 1258زاینی. ئەو رەوت و رێچکە فکری و مەزهەبیانە جگە لەمەزهەبی شیعە بەگشت بەشەکانییەوە قەت نەیانتوانیوە، یان هەندێکیان نەیانویست جێ بە ئاینی فەرمی لێژبکەن و خۆیان جێیبگرنەوە، هەرچەند شوێنەواری هەندێکیان وەکو عیرفان تاکو ئەمڕۆش هەرماوە، ئێمە بۆ رونبوونەوەی باسەکەمان پێشئەوەی بچینە سەر باسی سەرەکیمان لەململانێی کارگێڕانی مەزهەبی شیعە لەگەڵ ئاینی فەرمی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بەپێویستی دەزانین باسێکی کورتی ئەو رێڕەوە فکری و مەزهەبیانە بکەین، کە بۆ ماوەیەك سەریانهەڵداوە و دوایی بەهۆی هەلومەرجی سەردەم و بەهێزبوونی رەقیبەکەیان، واتە مەزهەبی فەرمی کۆتاییان پێهاتوە، یان سەرکوتکراون، لەگەڵ ئەوەش کاریگەری خۆیان لەسەر روداوەکانی دوای خۆیان داناوە» **هاشم کەریمی. ئاین و دەسەڵات. لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری. ل29.**

بە پێی سپینۆزا بێت، کە ئەو باس لە کاریگەری ئاینی کریستیانی دەکات،

نەك هەمو ئاینەکان، چونکە قەشە و کڵێسا حاکم و دەسەڵاتی ڕەهابوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش لەڕێگەی پرەنسیپە ئاینیەکان و سیستمی کڵێساوە ڕێکخراوە، ئەو پێیوایە ئاین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەدەوڵەتێکدا، کە ئاین سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی بێت، بۆیە بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگە پێویستە لەسەر دەوڵەت و یاسا و پرەنسیپەکانی، سەرجەم بوارەکان کۆنترۆڵبکات و لایەنە ئاینی و دنیاییەکانیش بەهەمانشێوە، لەوبارەیەوە پێیوایە، کە نابێت ئاین لەو جۆرە دەوڵەتانەدا لەدەسەڵات جیابکرێتەوە، چونکە دەوڵەت خۆی لەسەر بنیچینەی دەسەڵاتەکانی ئاین دامەزراوە، تەنها شتێك نەبێت کە مافی تایبەتی تاکە و بۆ دەوڵەت نییە دەستکاریانبکات، چونکە هەر هەوڵێکی لەو شێوەیە کارەساتی لێدەکەوێتەوە و شتێك نامێنێتەوە بەناوی ئازادی بۆ ژیان، بەو پێیەی کە تاك ئازادە لەوەی چ جۆرە قەناعەتێکی دەبێت بۆ کام ئاین، ئەمە لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتداران بۆ بەرژەوەندی سیاسەت و ئابوری دەقاو دەق ئاینیان پێناکرێت بە یاسا، تەنها شتێك نەبێت ئەویش پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە بە پێی عورفی گوتاری ئاینی زاڵ.

دەوڵەت بە پێی قەناعەتی سپێنۆزا، «دەتوانێت مافە دەستکردەکان کۆنترۆڵ و خەڵك ئاڕاستەبکات، بەڵام ناتوانێت مافی سروشتی کۆنترۆڵبکات، ئەگەر ئەوان بیانەوێت پەرستگا بکەن بە شانۆی نواندنێك و کەسانی تر لەوێدا گوێیان لەگوتەی ئاینپەروەرەکان نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیبیستن تەنها گوتەی پیاوانی پەرستگایە، کە هیچ یەکێك لەئەوان نەیانویستووە خەڵك فێری شتێك بکەن، بەڵکو ویستویانە هەستی ستایشکردنیان ببزوێنن و لەوێشەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ لادەران و دەستبازان دا ئاشکرا بکەن، ئەمە جگە لەچەند شتێکی نوێ و نائاسایی، کە هۆکارەکانی سەرسوڕمانی خەڵکی

ڕەشوڕوتە، چونکە مافی سروشتی، وەکو مافی سەرچاوەکانی ئیمانداری و بیدعەکانی بەساویلکەیی و خورافە دەژمێردرێت، ناکۆکییە مەزهەبیەکان لەناو دەوڵەت و پەرستگادا دنەی توندترین هەستی دوبەرەکی و تەنانەت شۆڕشیش دەدەن». **ئارام جەمال سابیر. لێبوردەیی و ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆز. لە فارسیەوە. گۆڤاری ئایدیا. ژمارە 8 و 9. ساڵی 2006.**

ئـەوەی ئاین گەرەکیەتی لەدەوڵەت، ئەوەنیە کە دەوڵـەت لە ئاین گەرەکیەتی و پێویستی پێیەتی وەك دامودەزگایەکی پشت دەستور، یاسا، شەریعەت و بنکەی جەماوەری، کە پێیان دەگوترێت عەلمانی، ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازن لەیەکتری، چونکە ئەوەی ئاین پێویستی بەدەوڵەت هەیە، ئەوەیە سیستمەکە بەپێی شەرعی کۆن دابمەزرێنێت و وەك نوسراوەکانی ناو تێکست مامەڵە لەتەك دەوڵەت بکات، هەرچی دەوڵەتە هەر ئەوەندە پێویستی بە ئاینە، کە پاڵپشتی سیستمی سیاسی بێت و شەرعیەت بەو دەسەڵاتە بدات کە یاساییە، ڕەنگە زۆرجار دەوڵەت عەلمانیشە وەك تورکیا، یان ئۆزبەگستان و مەغریب، میسر، لوبنان، سوید، نەرویج و هتد، کەچی ڕێگە بە ئاین نادەن بچنە ناو یاسا و کولتور و ژیانی تاکەکانەوە، ئەمە جیاوازیەکەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئاینی.

# دەوڵەت لەناو دەوڵەت

کێشەی گەورە لەسەر بوونی دەوڵـەت، لـەدوای دروستبوونی یەکێتی سۆڤێتی پێشووە، هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دواترین حاڵەتیش یەکێتی ئەوروپا، مانەوەی دەوڵەت بەو ستایلەی جاران نەما. بەڵام مانەوەی بوونی دەوڵەت لەناو دەوڵەت بەشێوەیەکی یاسایی و شەرعیەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە ئیتاڵیا و بەتایبەتیتریش دەوڵەتی ئاینی وەکو ڤاتیکان، دیاردەیەکی نامۆ و سیحراویە.

ئەمجۆرە دەوڵەتە، کە سنورەکەی دەکەوێتە ناو جوگرافیای دەوڵەتە دیارەکەوە، کەواتە بەدەوڵەتی زیندانیکراو، یان داخـراو پێناسەدەکرێت، هەروەك ئەوەی لە فەرهەنگی دەوڵەتان بەو شێوەیە ناوی دێت، چونکە لەناو دەوڵەتێکی دیکەیە و تاکە شتێك کە جودای بکاتەوە، تەنها شێوەی ژیانە کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیەکانێتی، هەروەها ئەمجۆرە دەوڵەتانە نە سنورەکەیان بەر ئاو کەوتوە تاکو وەکو نەمسا و سویسرا، کە لەتریسنا گومرگی دەریا بدەن، یان وەکو پۆلیڤیا، لەرێگەی روباری ئەمازۆنەوە، هەروەها بەر بیابان و ناوچەی شاخاویش نەکەوتون، تاکو لانیکەم پەنجەرەیەك بەرویاندا بکرێتەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی تر، تەنها شتێك جودای کردونەتەوە، ئەویش قبوڵکردنیانە لەلایەن دەوڵەتە بنەڕەتەکەوە بەپێی دەستور، نمونەی دیکەی دەوڵەتی زیندانی کراو، یان داخراوی تر وەك ئۆزبەکستان، کە کەوتۆتە نێوان دەوڵەتانی ئەفغانستان و ئازەربایجان و قیرغستان و هتد. بەبێ ئەوەی پەنجەرەیەکی بەرودا کرابێتەوە، بەڵکو لەرێگەی گومرگەوە پەیوەندییەکان شێوەیەکی تر بن لەگەڵ ئەوەی ئێستا.

ڤاتیکان بچوکترین دەوڵەتە لەجیهاندا، کە رووبەرەکەی (0.44) کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە و دەکەوێتە ناوجەرگەی رۆمای پایتەختی ئیتالیا و بارەگای سەرەکی کەنیسەی کاسۆلیکییە، کە مەرجەعی کریستیانە، ئەم دەوڵەتە ئاینیە

ڕۆڵی هەیە لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی. لەساڵی 1929 بە پێی ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئیتالیا، کە وەکو کیانێکی سەربەخۆبێت بەبێ بەشداریکردن لە سیاسەت، ڕۆما دامەزرا و سنورەکەشی بۆ دیاریکرا، کە سنورەکەی 3.2 کم چوارگۆشەیە و بەشی زۆری دانیشتوانەکەی بریتین لە کرێکاران، پاسەوانان، خزمەتکارانی دەوڵەت، کەنیسە، زمانی فەرمی لاتینیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانەی، کە لەسەردەمی ڕۆمەکان بەکارهاتوە، تاکە دەوڵەتێکە، کە منداڵ و هاوسەرگیری تیانییە، دەوڵەتەکە پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی پۆستە، ئاگر کوژێنەوە، پۆلیس، بازاڕێکی ئاسایی، بانکێك و سوپایەکی نیزامی هەیە، کە پێشتر لە ساڵی 1505 لەسەر دەستی پاپا پۆڵس دامەزراوە، لەروی ڕۆشنبیرییەوە تەنها ڕۆژنامەیەکی لێدەردەچێت، کە سیاسەتی ڤاتیکان نمایشدەکاتەوە بەناوی ئۆسیرڤاتۆن، گەورەترین ڕۆشنبیری ئاینی کریستیانی لێبەرهەمدێت. هەروەها بڵاوکرایەوەکی دیکەی هەیە تەنها بۆ لێکۆڵەرەکانی سیستمی پاپاو کەنیسەی ڤاتیکان و تایبەت بە زانستی لاهوتە، دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە لەروی هونەرییەوە کەسانی وەکو مایکل ئەنجیلۆ بەرهەمی ئەو وڵاتەن و لەوێ ژیاون، ستایلی تەلارسازی ئەو وڵاتە بچوك و یەك شێوەیە کە لەسەردەمی کۆنەوە چۆن بووە، ئێستاش هەروەکو خۆی بە دیزاینە کۆنەکەی ماوەتەوە.

دەتوانین ئێرلەندا وەك نمونەیەکی تر وەربگرین، کە ئیدارەی سەربەخۆ، پارەی خۆی، ئاڵای خۆی، زمانی تایبەتی هەیە، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە ببن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، چونکە لەروی یاساییەوە بەردەوام لە راپرسیەکاندا نیوە بەنیوە واتە دانیشتوانەکەی 50 بە 50 دەنگ بە سەربەخۆیی و مانەوەی ئێرلەندا دەدەن داخۆ سەر بەبەریتانیابێت یان نا، ئەویش نیوە زۆرەکەی و زۆرینە زاڵدەبێت بۆ مانەوەیان، چونکە دەترسن کارەساتی ئابورییان بەسەربێت، بەڵام هیچ جیاوازیەکییان نییە لەگەڵ دەوڵەت لەناو دەوڵەت بێت، دوایەمین راپرسیش کۆتایی ساڵی 2014 بوو، کە زۆرینە دەنگیان بۆ مانەوە دا، چونکە ئەگەر سەربەخۆییان بویستابایە کێشەی ئابوریان بۆ دروستدەبوو.

ئەگەرچی فەرەنسا یەکێکە لەو دەوڵەتە گەورانەی خاوەنی ئەزموونی کۆنە و بەدەیان وڵاتی دیکەی داگیرکردوە و بەڕێوەیبردون، بەڵام تائێستا وڵاتەکە بریتییە لەکانتۆن، جەزیرە، زۆنی جیاواز و هیچ کاریگەرییەکی نیگەتیڤی لەسەر فەرەنسا وەکو کیانی جوگرافی سیاسی دانەناوە، بەڵام دەبینین زۆنێکی جیاواز لەوانی دیکە هەیە بەناوی مۆناکو، کە شێوەیەکی دیکەیە لەنیمچە دەوڵەت لەناو دەوڵەتی فەرەنسا، ئەوانیش دابڕاون، بەڵام وەکو ڤاتیکان نین خاوەن ئاڵاو پارە و پۆلیس و هتد خۆیان بن، بەڵام لەروی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ فەرەنساییەکان هەیە، ئەمە جگەلەوەی فەرەنسا بەشی دیکەی هەیە لە کەنەدا و شوێنی دیکە.

کوردستان ئەگەرچی لەکۆنەوە دەوڵەتی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە و بۆخۆی لەماوەیەکدا ئیمارەتی هەبووە و نیمچە دەوڵەت بووە، لەروی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە فرەیی مەزهەب، ئاین، نەتەوە و پێکهاتەی جیاواز، بەڵام قەوارە جوگرافیاکە بەناوی کوردستانەوە ناسراوە و شوناسی وەرگرتووە، ئەم قەوارەیە دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتێکی دیکەیە، کە عێراقە. کورد وەکو پێکهاتە خاوەنی گوتارە سیاسیەکەیە، بەڵام نیشتیمانەکەی بریتییە لەکۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی جیاواز، لەوانەش تورکمان، عەرەب، ئاشوری، کلدانی، ئەرمەنی و هتد، ئەم قەوارەیە یەکێك لەو دەوڵەتە رانەگەێنراوانەیە کە لەگەڵ عێراق پێشتریش شەڕو شۆڕش و داکۆکی لەسەر بووە و هەمیشە هاوەڵی وڵاتانی پێشکەوتوو، پیشەسازی بووە وەکو هاوەڵی سیاسی، خاوەنی نەریت، کولتور، زمان، ئاڵا، کێشە، جوگرافیا و سنوری خۆیەتی، تاکە شتێك کە رانەگەێنراوە، رێگەی پێنادرێت لەئاستی نێودەوڵەتی وەکو دەوڵەت مامەڵە بکات و لە نەتەوە یەکگرتووەکان نوینەری هەبێت.

بەهەمو پێوەرەکان کوردستان یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لەناو دەوڵەتێکی دیکەیە بەناوی عێراق، فیدراڵیە و دیاریکردنی چارەنوسەکەشی بە پێی دەستور

ڕێکخراوە، ئەم کوردستانە خاوەنی سوپایەکە بەناوی پێشمەرگە و سیمبولێکە بۆ بەرخودانی ڕابردوو، کە نزیکەی 100 ساڵێك زیاترە لەجیاتی سەرباز بۆ بەرەنگاری دوژمنەکەی ئەم نازناوەی وەرگرتوە، تائێستاش دەستبەرداری ئەو سیمبولە نابێت و بڕوای بەو دیموکراسیەتە هەیە لەدنیادا هەیە، هەمو 4 ساڵ جارێك هەڵبژاردن ئەنجامدەدات و سیستمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەیە، لەبارەی ئازادی و مومارەسەکردنی سیاسەتەوە بەهەمو کێشەکانیەوە خاوەنی فەزایەکی تایبەتە لەسیاسەت و ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، بۆ نمونە هەمو جۆرە بیروڕایەکی سیاسی تێدایە وەکو حزب لەوپەڕی چەپ تادەگاتە ئەوپەڕی ڕاست، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەمو جۆرە ڕۆژنامە و گوڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێك و دەیان سەندیکا و هتد، کە مامەڵەی شارستانی و سیاسی دەکەن.

خاوەنی سنورێکی درێژی بە دەیان هەزار کم چوارگۆشە، بریتییە لە 5 پارچە کە بەشەکانی لەناو ئێران، تورکیا، سوریا و بەشەکەی تری لە ڕوسیای کۆنە و پێیدەگوترێت کوردستانی سور، کە لە ئەرمینیاوە نزیکە. خاوەنی چەندین شێوەزار و دیالێکتە کە بریتین لەکرمانجی، هەورامی، سۆرانی، لوڕی، بادینی و زازاکی، خاوەنی ڕێنوسی خۆیەتی بۆ نوسین، حکومەتێکی هەیە بەناوی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەك فۆڕم و جەوهەر، کە دانراوە لە داهاتودا ببێت بە دەوڵەتێك لە جوگرافیای نوێی سیاسی و ئابوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئێستا لەهەمو ئاستە ئابوری، دیبلوماسی، سیاسی و یاساییەکانیش، وەك دەوڵەت مامەڵە دەکات و لەناو هاوکێشەی سیاسی جیهانیدایە.

فەلەستین و ئیسرائیل. هێشتا یەکلاییبنەبۆتەوە خاکی کامیان موڵکی ڕەسەنی دەوڵەتەکەیە، بەڵام هەم فەلەستین حکومەتە و هەم ئیسرائیل دەوڵەتە، خاوەنی سیاسەت، ئابوری، سوپا، حزبی نیشتیمانی، بەرهەڵستکاری، سامان، کولتور، زمان، ئاین و پەرستگای تایبەت بەخۆیانن، دوو شێوەی جودان، تائێستا

یەکلایی نەبۆتەوە، کە دەوڵەتە رەسەنەکە کامەیانن، بەڵام ستایلێکە وەکو دەوڵەت لەناو دەوڵەت، عەرەبە توندڕەوەکان بە ئیسرائیل دەڵێن داگیرکەر و بەفەلەستین دەڵێن دەوڵەت، کەچی لە ئاستی جیهانیدا ئیسرائیل زیاتر ناسراوە و هەیمەنەی هەیە لەهەمو رویەکەوە بەتایبەتی ئابوری و تارمایی سیاسی و هتد، هەروەها تائێستا کە دەگوترێت کێشەی ئیسرائیل و عەرەب، کێشەیەك نییە بە ناوی ئیسرائیل، بەڵکو کە باس لە دانستان و رێککەوتن دەکەن، باس لە ئاگربەست و ئاشتەوایی دەکرێت، باس لەوە دەکرێت کە ئیسرائیل مافی فەلەستینیەکان بدات، بۆیە وەك دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتێکی لێهاتووە و تەنها وەك هەرێمێك حکومەتی هەیە.

مەسەلەی حوسیەکان کە پێشتر لە یەمەن کێشەی کولتور و ئاین و نەتەوەیان هەبوو لەگەڵ دەسەڵات، کە ئێستا جەنگیان بەرپاکرد و لەماوەی داهاتودا دەبن بەهەرێمێك وەك کوردستان، تا ئەو دواییەش چارەنوسییان دیار نەبوو، کەچی بەو فەزا سیاسیە و بەو هاوکارییە هەرێمایەتیە شۆڕشی دژە دەسەڵاتیان کرد و بوونە دیفاکتۆ و خەریکن دەبنە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات و دەوڵەت، کە پێشتر دەوڵەت لەناو دوڵەت بوون، ئەمانەش هەم خاوەنی کولتوری خۆیان و هەمان خاوەنی پێگەی زەوی، نیشتیمان، خاکی خۆیانن و هەم خاوەنی شێوەزاری خۆیانن، لەروی مێژوییشەوە کێشەکەیان ناسراوە.

حزبوڵڵای لوبنانی شیعە مەزهەبن و خاوەن هێزی جەماوەری، سیاسی، سوپا و جۆرێك لە دیبلوماسیەت و شەرعیەتن لە لوبنان، شێوەیەکن لە دەوڵەت لەناو دەوڵەت، چونکە بەو یاسایانە کار ناکەن، کە دەوڵەت لەئەنجامی قەیرانی سیاسیدا دوچاری بۆشاییەك بۆتەوە و ناتوانێت پرەنسیپ، دیسپلینی سیاسی، دەستوری و سیاسی دابنێت، لەئەنجامی نائارامی و ناجێگری سیاسی و ئاسایش، تیرۆری تێدەکەوێت و رەفیق حەریری، کە سەرۆك وەزیران بوو تیرۆرکرا و تائێستاش نەزانراوە تیرۆریستەکان کێ بوون، ئەم ژیانە سیاسییە کە ئاڵۆزی

دروستکردوە لەهەمو بارێکەوە و جاربەجار دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆیی و کوشتاری تێدەکەوێت، کارێکی کردوە کە شیعە مەزهەبەکان لەناو پەرلەمان، لە فەزای کۆمەڵایەتی، بازاڕ، لە سیاسەت، ئابوری و لەئاستی میلیتاری، کە میلیشیایان هەیە، بۆیان هەبێت، یان بەزۆر نیمچە هەرێمێکیان داگیرکردوە لەروی کۆمەڵایەتی و جیاوازی ئاینی لە لوبنان، وەها خۆیان نیشاندەدەن، کە دەوڵەتن لە داهاتودا و جودادەبنەوە لەگەڵ مەسیحی، پێشکەوتوەکان، مارۆنیەکان و دروزیەکان، کە کێشەی سیاسیان هەیە لەگەڵ یەکتری، کێشەکەش دەیان ساڵە، ئەمە جگەلەوەی بەشێکی پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە، کە لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل هەیەتی و سنورەکەیان ناو بەناو شەڕی تێدەکەوێت و لەولاشەوە لەگەڵ سوریا و بەرزاییەکانی جۆلان سنوریان تێکەڵ بەیەکتر دەبێت و بابەتی گوتاری نەتەوەیی، کە عەرەبن و زمانەکە عەرەبییە و دژی یەهودین، بەشێکی نادیاری کێشە سیاسیەکەیە، کە بۆیان چارەسەرناکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی رانەگەێنراو دەوڵەتن لەناو دەوڵەت، چونکە بەوشێوەیە مومارەسەی کایەکانی ژیان دەکەن.

کەتەلۆنیا واتە بەرشەلۆنە، یەکێك لەو هەرێمانەیە وەکو سەربەخۆ کاردەکەن لەناو قەوارەی دەوڵەتی ئیسپانیا، بەڵام پۆلیس و دەزگای تایبەتیان نییە وەکو کوردستان، تەنها ئەوەنەبێت، کە هەوڵێکیان هەیە بۆ ئەوەی جودابنەوە لەئیسپانیا، ئەویش لەرێگەی راپرسییەوە کە لەدەستوردا هاتووە، بەڵام تائێستا ئەو هەلە سیاسییە شانسی کەتەلۆنیا نەبووە. تەنها ئەوەنەبێت لەناو وەزرش، کۆڕی سیاسی، باسی یاسایی، لێکۆڵینەوەی سیاسی و فەرهەنگدا وەکو مافێك بۆ کۆمەڵگەی کەتەلۆنی قسەی لەسەر دەکرێت.

ئەمازیغیی دەوڵەتێکی ترە لەناو دەوڵەتی مەغریب، ئەمازیغیەکان لە تەواوی باکوری ئەفریقیا بونیان هەیە، زیاتر لە 50 ملیۆن مرۆڤن لەنەتەوەی

ئەمازیغی، کە باوەڕیان بەسەربەخۆیی خۆیان هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی داگیریانکردون، وەکو مەغریب و جەزائیر و تونس و لیبیا و نزیکەی 4 ملیۆن کەسیشیان لە میسر هەیە وەك ئینتمای نەتەوەیی ئەمازیغی.

ئەمازیغیەکان بەزمانێکی جیاواز لەعەرەبی و بەتایبەتی عەرەبی شکستی مەغریب و جەزائیر و تونسی دەدوێن و خۆیان بەعەرەب نازانن، کولتور، جلوبەرگ، ئەدەبیات و ژیانی کۆمەڵایەتیان جیاوازە و سنورەکەشیان وەك سنوری کوردستانە تێکەڵ بە 4 دەوڵەت بووە و تاکو ئێستا سەرکوتی سیاسی و فەرهەنگیان لەسەرە، رۆژنامەیەکیان هەیە بەناوی ئەمازیغی. بەشیوە زمانی خۆیان دەنوسن وەکو چۆن ئۆردۆکانی هند بەشێوەی خۆیان جیاواز لە ئینگلیزەکان و شکستی فارسی دەنوسن.

لەخەبات بەردەوامن لەرێگەی ئاشتیانەوە و تائێستا چەند جارێك داوایان لەدەوڵەتی مەغریب و لیبیا کردوە، کە سنورەکەیان لەو دوو دەوڵەتە زیاتر یەکدەگرێتەوە، سەربەخۆیی خۆیان وەربگرن و بژین لە دەرەوەی سەرکوتکردن، بەڵام داواکەیان لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە رەتکراوەتەوە، بەدەیان نوسەر و بیرمەندیان هەیە بە بێ ترس دەنووسن و تائێستا زۆربەیان لە جەزائیر و مەغریب و لیبیا توشی زیندانی و تەنانەت توشی نیمچە جنیۆسایدیش بونەتەوە.

بابەتی شوناس لای ئەوان مەسەلەیەکی زۆر قورسە، کە هەوڵێك هەبووە بۆ لێسەندنەوەیان، بەڵام لەرێگەی جیاوازەوە بەدەستیانهێناوەتەوە، یەکێك لەوانە جگە لەزمانەکەیان، بابەتی ئاڵایە، خاوەن ئاڵای خۆیانن، کە بریتییە لە شین، سەوز، زەرد و لەناویدا هێڵی راست و چەپ و شێوە فیگەرێکی تێدایە، کە بریتیە لە تیرەکانی خۆیان لەناو نەتەوەی ئەمازیغی.

ئەم بابەتی دەوڵەت لەناو دەوڵەتە بریتییە لەدانپیانەنان لەهەندێك شوێن و لەهەندێك شوێنیش بریتییە لە بەرزراگرتنی رەسانەیەتی، وەك ئیتاڵیا کە

باسمانکرد وەکو ستایلی رۆمەکانی پێشتر مامەڵەدەکەن و کەمێك جیاوازن لەو کۆمەڵگە و نەتەوە بێ دەوڵەتانەی کە ماون، بەڵام دۆزی دەوڵەت لەناو دەوڵەت، گفتوگۆیەکی گەورەی فکری سیاسیە، کە لەدنیادا قسەی لەسەر دەکرێت، چونکە هەم دەوڵەتی نەتەوە و نەبوونی ئـازادی سیاسی باوی نەماوە، هەم دەوڵەت پێوەرێکی تر و ستایلێکی ترە و هەم ملهوڕی دەوڵەتانی دیکە لەبەرامبەر سەرکوتکردن بۆتە لەکەیەکی سیاسی. بۆیە دروستبون و سەرهەڵدانی نیمچە مومارەسەی دەوڵەت لەناو دەوڵەت جگە لە ڤاتیکان، خەریکە سەرهەڵدەداتەوە دەبێتە دیفاکتۆی سیاسی.

# کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت

نەتەوە هەبووە لەدنیادا دەوڵەتی نەبێت، بەڵام لۆژیکی نییە بڵێین کۆمەڵگەیەك بەتایبەتی کۆمەڵگەیەکی فرەیی لەنەتەوە هیچکامیان دەوڵەتیان نەبێت، هندیەسورەکانی ئەمریکا یەکەمین کۆمەڵگەن کە بە هۆی ئەوەی لوتبەرزن بەرامبەر بە ژیان و داگیرکەرانیان، سەرباری ئـەوەی خاوەنی راستەقینەی ئەمریکان، کەچی تائێستا دەوڵەتیان نییە.

هەڵبەت جگە لەهندیە سورەکان، کورد نەتەوەیەکی دیکەیە وەکو ئەوان کە لەهەناوی خۆیدا فرەییە لە پێکهاتەی مەزهەبی، تیرە، هۆزی جیاواز، ئیتنیکی هەمەچەشن و مەزهەبی جیاواز، کە خۆیان بە جۆرێکی تری پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی دەزانن، کەچی خاوەنی دەوڵەت نین.

«تائێستا ئەو نەتەوە و کۆمەڵگانەی کە بێ دەوڵەتن و ئامارکراون، مەبەست لەو نەتەوانەی کە داوای دەوڵەت دەکەن، نەك ئەوانەی داواکارییان نییە، چەند نەتەوەیەکن، لەوانەش گەلی تامیل 74 ملیۆن کەس دەبن و لەهندستان و سریلانکا هەن، سنجی لەهەریەك لە هیندستان و پاکستان هەن و 60 ملیۆن کەس دەبن، ئەمە جگە لە ئەمازیغی لەمەغریب و فەلەستین و حوسی لە یەمەن و گەلانی دیکە کەلەداهاتودا داوای دەوڵەت دەکەن. کورد کەلەروی مێژووییەوە بەو شێوەیە هاتووە و گوایە ئاری زمانە، سەرچاوەکان وادەڵێن، لەوڵاتی نێوان دەریاکانەوە واتە میسیوپۆتامیا لەنێوان هەردو روباری دیجلە و فوراتەوە سەریانهەڵداوە و تاکو دەگاتە شوێنێکی وەکو بەغداد بۆیە لەنێوان هەردو روبارەکەش کورد هەیە، لەکتێبە رۆژئاواییەکاندا ئەوە بەکارهاتووە کە ئەوان بەشێکن لەعێراقی کۆن». **جين بوترو والآخران: الشرق الأدنى الحضارات المبكره، ص 20. سامي سعيد الأحمد: السومريون وتراثهم الحضاري، ص 5. عبد الحكيم الزنون: الزاكره الاولى، ص 212**

کوردستان یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کەنییە، لەروی سیاسیی، کولتوری، نەتەوەیییەوە هەیە و بۆتە سیحرێك لەهەمو دنیا، لە هاوکێشەی سیاسیدا بوونی هەیە و خاوەنی سامانی سروشتی و دەزگای شەرعیشە، )یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە نزیکەی 40_70 ملیۆن کەس دەبن و دابەشی سەر چەندین وڵات کـراون، لەوانەش تورکیا نزیکەی 30 ملیۆن کەس دەبن و تەنها لە ئەستەنبوڵ 10 ملیۆن کورد هەیە، لە حەلەب و شام لەسوریا نزیکەی 1 ملیۆن کەس، لە خوراسان 300 هەزار کەس هەن، لە ئیسرائیل نزیکەی 200 هەزار کەس زیاتر دەبن، لەقەفقاز 300 هەزار کەسن، لە ئێران زیاتر لە 20 ملیۆن کەسی کورد هەن، لەعێراق 8 ملیۆن دەبن و لە لوبنان زیاتر لە 100 هەزار کورد هەیە بێجگە لەدروزیەکان کە خۆیان بە کورد دەزانن، لەدەرەوەی وڵات واتە ئەوروپا زیاتر لە 3 ملیۆن کورد هەیە و بەوە خەملێنراوە، کە 6%ی کورد لە ئەوروپا دەژین بە هۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و ئاسایش و نەبوونیەوە، تەنها لە ئەڵمانیا 1 ملیۆن کورد هەیە، کورد لە هەریەك لە پۆڵەندا، ئەرجەنتین، کەنەدا و چەند وڵاتێکی نوێ، کە بەمدوایە سەربەخۆییان وەرگرت زیاترە نەك کەمتر. وا زانراوە، کە لە 32% جیهان کوردی تێدایە.

بە پێی قسەی محەمەد ئەمین زەکـی بـەگ بێت (1880_1948) لەکتێبەکەیدا بەناوی (کورتەیەك لەبارەی مێژوی کورد و کوردستان) دەڵێت: «ئەگەر میدیەکان کوردیش نەبن لەرەسەنایەتیدا، ئەوا ئەوە سەلمێنراوە کە پەیوەندیان بەکوردەوە کردوە و نەتەوەیەکیان دروستکردوە بەناوی کورد و بوون بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی میدیی لەو چەرخ و سەردەمە». لەشوێنێکی دیکەدا هیرۆدۆت باس لەوەدەکات، کە میدیەکان ئاری نەژادبوون، لەسەرەتای سەدەی حەوتی بەر لەزاینی، چەند هۆزێك بوون لەشاخەکانی زاگرۆس ژیاون، دواتر لەناوچەکە بەسەرۆکایەتی (دیاکۆ) ئیپمراتۆریەتیان دروستکردوە، یەکەم ئیمپراتۆریش فرۆرتیش بووە لەساڵی (636 _665) پێش زاین و دواتر

هوخشتەری کوڕی جێگەی دەگرێتەوە و ئیمپراتۆریەتەکە بۆ ماوەیەکی درێژ لەحوکم بەردەوامدەبێت «. ساڵی 612 بەر لەزاین میدیەکان لەگەڵ فارسەکان، لوڕ، ئەسفەهانیەکان و ئازەریەکان کە هەڵگری ئاینی زەردەشتی بوونە و ئێستاش بەشێکی زۆری کورد لەئێران و شوێنەکانی دیکەی کوردەواری هەڵگری ئەو بڕوایەن، نەینەوای پایتەختی ئاشوریەکان تێکدەدەن، دواتر ئەم کردەیە دەبێتەهۆی ترس لەدڵی بابلیەکان و دەستپێشخەری دەکەن لەوەی ڕێکبکەون لەگەڵ میدیەکان، ئەوەبوو نەبوخوز نەسر هاوسەرگیری لەگەڵ کچی سیاخارسی ئیمپراتۆری میدیی دەکات، تائەوکاتە بەردەوامدەبێت، ئەم ئیمپراتۆریەتە کە کۆڕش پاشای فارسەکان یاخی دەبێت و ساڵی 553 پێش زایین بەسەریاندا سەردەکەوێت».

لەگەڵ ئەوەدا ناوی چەند نەتەوە و کۆمەڵگەیەك دێت بێ دەوڵەتن، بەڵام ئەم کێشەیە لەهەندێك شوێن و جوگرافیا بە هۆی ئەوەی خۆشگوزەرانی و جۆرێك لە یەکسانی و بێجیاوازی هاوڵاتی و هاونیشتیمانی هەیە، داواکاری دەوڵەتبوون لەلایەن ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانەوە نییە، لەحاڵێکدا تەنها لەوڵاتانی ئەسکەندەناڤیا دەیان نەتەوە و کۆمەڵگەی جودا هەن، بەڵام سیستمی سیاسی و ژیان ئەو بیرۆکەیەی مراندوە، ئەمە جگەلەوەی لەسۆڤێتی کۆنیش ژیانی نەتەوەکان بەوشێوەیە بوو، بەڵام دوای روخانی سۆڤێت ئیدی بەبیانوی ئازادی بۆ دەوڵەت، نەتەوەکان، مەزهەب و ئاینییەکان، جارێکی تر دوای نزیك بە 75 ساڵ سەریهەڵدایەوە و دەوڵەتی دیکەی وەك چیك، سلۆڤاکیا، بۆسنە، هێرسك، چیچان و هتد دروستبوو.

شێوەیەکی دیکەی کۆمەڵگە هەیە، کە لەتاراوگە بە بێ کیانی دەوڵەت دەژیـن، ئەمجۆرە کۆمەڵگەیە لە ئەنجامی بێدەرەتانی، شەڕوشۆڕ و نەبوونی سەرمایە، کار و بەهۆی راوەدونانیان سەبارەت بەئازادی ژیان،

ئازادی پەرستن، ئاین، کولتور و هتد، تائێستا بەبێ دەوڵەت دەژین و بەناڕاستەوخۆش داوای کیانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، لانیکەم بەبێ مەترسی بژین. ئەم کۆمەڵگەیانە زیاتر دابەشی سەر وڵاتانی ئەوروپای رۆژئـاوا بـوون، چونکە لەوێ دەتوانن لانیکەم ژیانی شایستە بژین و مەترسیان لەسەر نەبێت، کۆکردنەوەی ئەم کۆمەڵگەیانە بە پێی بۆچوونی جۆرج تەرابیشی بێت، لەچاوپێکەوتنێکدا باس لە کۆچی کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکان دەکات و دەڵێت: «هۆکاری ئەو کۆچە بەناچارییە دابەشی سەر چەند لایەنێك دەکرێن، لایەنی یەکەم شەڕ، ئاژاوە، نەهامەتی و ململانێی نێوان سیاسەت و بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بەتایبەتیش ئاین، هۆکاری دوەم بێکاری، نەبوونی، کاری گونجاو، برسێتی، قاتوقڕی و نەبوونی سامانی بەرووبووم و بەرپرسیارێتی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ هاوڵاتییەکانی، هۆکاری سێهەم نەبوونی خۆشگوزەرانی و دواکەوتویی مرۆڤەکان لەهەر کەرەستەیەکی تەکنۆلۆژیایی و پێداویستیەکانی دیکەی رۆژانە، هەڵبەت بۆ ئەمەش ئەروپا بیری لێکردۆتەوە، کە بەو هۆکارانە دەتوانێت لەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەو خەڵکە رابکێشێت و بە هاوڵاتی وەریانبگرێت و وەك دەستی کار، کەڵکییان لێوەربگرێت، ئەوەبوو لەدوای روخانی سۆڤێتی کۆنەوە، کە هەم سیستمی سیاسی و هەم سیستمی ئابوری هەمو دنیا دابڕانێك و ئاڵوگۆڕێکی چەندایەتی و چۆنایەتی بەخۆیەوە بینی، ئیدی هەمو وڵاتان لەسەر ئەوە رێککەوتن کەڵك لەو سەرمایە مرۆییە وەربگرن، کە لە وڵاتانی بێهێز، دواکەوتو، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین و ئەو زەمینەی هەیە، کە نائارامە و خۆیان ناچارن وەك کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیکەی خاوەن کیان بەڕێبکەون و وڵاتی خۆیان جێبهێڵن.

# دەوڵەت و ئاڵا

وەکو مێژو دەیگێڕێتەوە یەکەمین هۆز، کە بیری لە ئاڵا کردۆتەوە و بەکاریانهێناوە، لە چین و هند بووە و دواتر پەڕیوەتەوە بۆ ئەفریقیا، پاشان لەرێگەی دەریاوانەکانەوە کە یەکەمجار چارۆکەی کەشتییەکانیان هەڵداوە، ئیدی بیریان لەوە کردۆتەوە، کە چارۆکەکە جیاوازبێت لەدەریاوانەکانی دیکە، ئەمە بیرۆکەی سەرەتایی بووە، دوای ئەم بیرۆکەیە لە رۆما بۆ یەکەمجار لەبری ناسینەوەی سوپاکەی، بیریان لەوە کردۆتەوە کە پارچە پەڕۆیەك بەسیمبولێکی جیاواز هەر یەك لەو سوپا و هێزانە سیمبولی خۆیان هەبێت، لە سەدەکانی ناوەڕاستیش ئاڵا لەپێناو دیاریکردنی شوناسی تاك لەناو چین، شار، بنەماڵە و پەرستگاکان بووە، نمونەش حەوت ئەستێرەکەی ئاینی یەهودی و دەرفشی سابیئەی مەندائی و خاچەکەی مەسیح و شمشێری ئیسلام و سیمبولی شازادەی بوزیەکان و بوکە هەزار پێیەکەی هیندۆسی و هتد، بەڵام هەمو ئەمانە دوای دروستبوونی قەوارەی دەوڵەت، سنور، ئاین، خاك و هتد بووە، هەروەها بۆ دەریاوانەکانیش هەمانشێوە دەبوو شوینێك و ئاماژەیەکیان هەبێت لەناو دەریا، ئەو دەوڵەت و کیانە بەتایبەت دوای رۆمەکان هێزێکی وەها نەبوو بتوانێت ئەو ستایلی بەیداخ هەڵدانە بکاتە مۆدێلی کاری خۆی.

کەوابوو هیچ قەوارەیەك لەدنیادا نییە ئاڵای هەبێت و دەوڵەت نەبێت جگە لەکوردستان، ئەم حاڵەتە شازە لە سەدەی 21 و هەزارەی سێهەم کە دنیای سیاسەت بەخۆیەوە دەیبینێ، ئاڵا یان پەرچەم یان بەیداخ، هەرسێك یەك واتای هەیە و جۆرێکە لەپێناسە و سیمبولی دەوڵەت و نەتەوە و قەوارەی سیاسی. مەرجی سەرەکی بوونی ئاڵا لەچوارچێوەی دەوڵەتدا، دەبێت دیزان و پێکهاتەی رەنگ و سیمبول و ئەندازەی ئاڵاکە، ئاماژەبێت بۆ بوونی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ئەو وڵاتە لەلایەك، هەروەها لە سیمبولی بەرخودان و

واتای سەربەخۆیی دەوڵەتەکە، بەپێچەوانەوە بە ئاڵای تەواوی وڵات دانانرێت، هەروەك لە ئێران و عێراق و زۆربەی وڵاتان، کە هەمو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانی، لەگەڵ پێکهاتەی رەنگ و ئەستێرە و شێوەی دانانی ئاڵاکە کۆك نین.

ئەگەرچی پێشتر ئاڵاکە رەنگاو رەنگ دەکرا، یان سیمبولێکی پێوە بوو وەکو باز و هەڵۆ و نمونەی دیکەی باڵدار و ئاژەڵ و هتد، سەرەتا بۆ چارۆکەی بەلەم و کەشتی بوون، کە لەبەلەمەکانی دیکەی ناو دەریا جیابکرێنەوە و یەکتربناسنەوە و لەترسی دزەکانی دەریا، یان ناسینەوەی ئەوانی دیکە، کە بازرگانیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، بەڵام دواتر گەشەیسەند و بۆ هۆز و بنەماڵە و خێڵی گەورەی دەسەڵاتدار بەکاردەهات، پاشان لەسەردەمی رۆمەکانیش ئەو مۆدێلە هەرمابوو، کە جگە لەدەوڵەت بنەماڵە و هۆزەکان ئاڵای خۆیان هەبوو، ئەمە بۆئەوە بوو لەکاتی جەنگ لەدارێك پارچە پەڕۆیەك بەسیبمولێکەوە ئاڵابوو بۆ ناسینەوەی هێزی ئەو هۆزە، هۆز، خێڵە و هتد، بەڵام بۆ یەکەمجار ئاڵا لەسەردەمی کۆندا لەهەریەك لەوڵاتی چین و هند بەکارهاتوە بۆ ناسینەوەی دەوڵەت و قەوارەکەی لەروی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەیەوە، دواتر ساڵی 330 تا 550 پێش زایین، لەسەردەمی ئەخمینیەکان سەریهەڵداوە، پاشان لەسەردەمی ساسانیەکان، کە بە واتای پاشایەتی ئێران لە ساڵی 224_ 651 سەریهەڵداوە، وەکو سیمبول نوینەرایەتی ئەو دەوڵەتەی کردوە. لەقۆناغی ناوەند، واتە چەرخی ناوەڕاست سەریکێشایە سەندیکا و رێکخراوە نادەوڵەتییەکان، بۆ ناسینەوەی شوناسی چینەکان و ئەوانی دیکە، کە جیاوازیان لەنێوان مرۆڤ دەکرد بەو ناونیشانانە.

هەر دەوڵەتێك خاوەنی ئاڵایەکە ئەگەر ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت یان نا، لەسەریەتی ئاڵایەکی هەبێت، بەمەرجێك راپرسی لەسەر کرابێت

لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و خەڵکەوە بەگشتی و ناکۆکی لەسەر نەبێت، چونکە بوونی ئاڵا یەکێکە لەو سیبمولانەی کە شوناسی هەمو ئەندامان و هاونیشتیمانیانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە و بەو شوناسەوە دەناسرێتەوە، هەر دەوڵەتێك ئەو شوناسە گشتییەی نەبێت، بەواتای دەوڵەتێکی سەربەخۆ نایات، بەڵام بە پێی داتاکان، ئاڵای بەریتانیا و فەرەنسا وەکو هیچ ئاڵایەکی تر نیین و لەزۆر شوێن بەکاردێت، بۆ نمونە ئاڵای بەریتانیا لە ئوستراليا، نیوزلاندا، کۆڵۆمبیا، ئۆنتاریۆ و هەندێك لەکانتۆنەکانی کەنەدا و هتد. ئەمەش وانیە ئەو وڵاتانە خاوەن ئاڵای خۆیان نین، بەڵکو بەو واتایە دێت، کە بەریتانیا تائێستا زاڵە بەسەر سیاسەتی سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە، یان ئەوەتا تائێستا سەربە بەریتانیان. هەرچی ئاڵای فەرەنسایە لە کۆماری دۆمینیکا، ئێرەلندا، هایتی، رۆمانیا، مەکسیك، ئیتاڵیا و کۆستەریکا هەڵدەکرێت. ئەمانیش بەهەمانشێوە سەر بە فەرەنسان.

ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئایا ئاڵا سیمبولی هەمو گەلان و هاونیشتیمانیانی ئەو دەوڵەت و قەوارەیەیە، کە ئاڵاکەی وەك سیمبول قبوڵە، وەڵامەکە نەخێرە، بەشی زۆری ئەو وڵاتانەی ناودارن، کێشەی سیاسی و ئاینی و نەتەوەیشیان نییە، ئەم حاڵەتەیان هەیە، بۆ نمونە هەریەك لە نەرویج و سوید ئاڵاکەیان سیمبولی خاچی کریستیانە، کەچی هاونیشتیمانی دیکەی تێدایە، کە مەسیحی نییە، یان سەر بەنەتەوەی رەسەنی سویدی نین و تائێستا لەدەستوریش جێگیرکراوە و راپرسی لەسەر نەکراوە لە هیچکام لەو دەوڵەتانە، لەعێراق چەندین نەتەوە و مەزهەب و ئاین هەیە، کەچی جگە لەوەی، کە رەنگەکانی ئاماژەنییە بەنەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق، بەڵکو ئاماژەنییە بە پێکهاتە ئاینیەکانیش، چونکە (الله اكبر)ی لەسەر نوسراوە و راپرسیشی لەسەر نەکراوە تا ئێستا و پێویستکراوە بەسەر هەمو هاونیشتیمانیەکانی.

# دەوڵەت و زمان

لەوەتەی دەوڵەت هەیە وەك قەوارە، لەسەرەتاوە كێشەی بەكارهێنانی زمانی فەرمی هەبووە و دواجار چارەسەریكردوە، چونكە دەوڵەتە بریتیبووە لەچەند پێكهاتیەكی نەتەوەیی و شێوەزار، بۆیە ڕێككەوتن لەسەر بەكارهێنانی زمانێك بەفەرمی ئەستەم بووە، لەسەردەمی یۆنان، كە بریتیبوو لەسپارتا و ئەسینا ئەو كێشەیە هەبوو، تاكو لەلایەن زمانی فەلسەفییەوە یەكلاییكرایەوە، لەسەردەمی دەوڵەتی ئەكەدی هەمانشێوە هەردوو زمانی ئەكەدی و بابلی هەبووە، كە دێرینترین زمانی سامییە لەناوچەكە و زۆرترین تایبەتمەندی عەرەبی تێدایە، بۆیە بەناچار هەردوو زمانەكە تێكەڵكراوە و سەرەنجام زمانی ئەكەدی لێبەرهەمهاتووە و بەكارهێنراوە.

هەر دەوڵەتێك لەرێگەی دەزگـای یاسادانانەوە، كە پەرلەمانە یان ئەنجومەنی نوێنەران و هتد، یان لەرێگەی مێژویەكەوە، كە هەیەتی زمانێكی دیاریكردوە، یان بەپێی دەستوری نوێ زمانێك دەكات بەزمانی فەرمی خوێندن و نوسین و زمانی سیاسەتی فەرمی وڵاتەكەی، ئەمەش هەندێك دەوڵەت خۆی خاوەنی زمانە رەسەنەكەیە، هەندێك نەخێر لەوەختی داگیركردنیەوە ئیتر زمانی گۆڕیوە و كردویەتی بە دیفاكتۆ و ئیدی خەڵك راهاتون و كاریپێكراوە، بەڵام هەندێك دەوڵەت بەحوكمی واقیعێكی سەپاوی مێژویی زمانی كارپێكراویان هەڵبژاردوە، یان شـۆڕش و سەربەخۆیی زمانی دەوڵەتی گۆڕیوە، یان گەڕاوەتەوە سەر رەسەنایەتی خۆی، هەندێكیش بە هۆی دەمارگیرییەوە قبوڵی دیفاكتۆیان نەكردوە و راپرسیانكردوە و لەنێوان رەسەنایەتی و دیفاكتۆ زمانیان هەڵبژاردوە، واتە بۆ نمونە زمانی هیندی واتە ئۆردۆ و ئینگلیزی، كە دواتر ئۆردۆ گەڕایەوە دوای ئەوەی هندستان سەربەخۆیی خۆی لەبەریتانایا وەرگرتەوە،

یان کانتۆنەکەی خواروی کەنەدا، کە سەر بەفەرەنسا بوون، یان ئەو وڵاتانەی پێشتر لەژێر سایەی ئیپمراتۆریەتی ئیسپانی، یان عوسمانی بوون. گەڕانەوە سەر رەسەنایەتی خۆیان و هتد. کە نمونەی لەمبارەیەوە زۆرە.

رۆژی 2/21ی هەر ساڵێك رۆژی زمانی دایکە، لەراستیدا ئەم رۆژە بۆ یادکرنەوەی ئەو زمانەیە، کە هەرکەسێکە پێی دەدوێ و قسەیپێدەکات، بەڵام لەراستیدا زمان بەرلەوەی هەر دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی بێت، بایۆلۆژیە، چونکە پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بەجەستەی مرۆڤەوە، ئەویش بریتییە لە حاڵەتی بیرکردنەوە، کە مێشکە و یادەوەری دەپارێزێت و دواجار بە هاردی مێشکدا بەرهەمی دەهێنیتەوە و کاریپێدەکات، دوەم بریتییە لە بەکارهێنراوی زمانی دایك، کە پەروەردەیە و دایك روڵی گرنگی تێدادەگێڕێت، بنچینەکانی فێربوونی زمانی دایك لەروی ناسیونالیزمەوە، هەم مەسەلەیەکی سیاسییە و هەم کۆمەڵایەتی و هەم پەروەردەیی، بۆیە دەبێت نەتەوە بۆ گەیشتن بە دەوڵەت، دەبێت پشت بەدایك ببەستێت بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی نەتەوە، هەروەك ئەوەی عەرەب و فارس و تورك کردیان لەگەڵ کورد، ئەڵمانیا، فارس و تورك جارێکی تر خۆیان تێدا بەرهەمهێنایەوە، بۆیە رۆژی 21ی شوباتی هەر ساڵێك، رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتەیە کە ناسیونالیستەکان بەبێ ئاگا، کار بەو مەراسیمە دەکەن و دڵخۆشن بە بێ ئەوەی بزانن ئەم رۆژە تەنها مەراسیمە و پەراوێزەکانی لەگەڵ سیاسەتدا رۆیشت.

ئەگەرچی لەهەندێك دەوڵەت زیاتر لەزمانێکی فەرمی کاریپێدەکرێت، بۆ نمونە ئیسپانیا، بەلجیکا، هندستان، تورکیا، ئێران، جۆرجیا، مەغریب، جەزائیر و عێراقیش کە دەبێت وابێت، بەڵام باشتروایە زمانی فەرمی دیاریبکرێت. ئەو وڵاتانەی کە زمانی دایکیان گەڕاندەوە جێگەی خۆی، جەزائیر یەکێك لەو دەوڵەتانە، کە وەکو پێویستی و پاراستنی لەمەترسییەکانی تری زمان، زمانی

دایکی کرد بە زمانی فەرمی و حکومەت و لەدامودەزگاکان کارپێدەکرێت، ئێستاش کاریگەری هەیە بە بێ نارەزایەتی پیشکەوتوخوازەکانی دژ بەدەسەڵات. لەکاتێکدا جەزائیر، کە خاوەنی ناسنامەی 1 ملیۆن شەهیدە و لە دوای جەنگی جیهانی دوەمـەوە، داگیرکراوی فەرەنسا بووە، دوای شۆڕشی عەبدولقادر جەزائیری و رزگاربوونی لەداگیرکاری، ئیدی زمانەکەشی رزگارکرد و کردی بەزمانی کار، دەستور، یاسا، حکومەت، وەزارەتی پەروەردە و هتد. ئەم ناچارکردنە لەشوێنێکدا نادیموکراسی و ناسەربەخۆییە سەبارەت بە خەڵك، بەڵام لەشوێنێکی تردا قازانجی دەوڵـەت و نەتەوەی تینوە بەزمانەکەی خۆی، هەروەك ئەوەی کە لەکوردستان پێشتر بەزمانی عەرەبی و لەئێران بەفارسی و لەتورکیا بەزمانی تورکی دەخوێنرا و قسەدەکرا، تابلۆی سەر بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بەزمانی دایك نەبوون، بەڵام دواتر بوون بەدیفاکتۆ و زمانی دایك بە گەشەسەندنەوە گەڕایەوە و کارپێکرا. بۆیە دەوڵەت دەبێت خاوەنی زمانی فەرمی خۆی بێت تاکو لە دنیادا وەکو پێناسە پێی بناسرێتەوە و خەڵك، کە سەردانیدەکەن وەکو فەرمی و دیبلۆماتکاری سیاسی، بزانن چ جۆرە زمانێك بەکاردەهێنن و وەرگێڕێك پەیدابکەن تاکو بۆ کونسوڵخانە کەڵکی لێوەربگرن، ئەگەر بۆ بابەتی گەشتیاری و بازرگانیش بێت، دیسان خەڵکی دەرەوەی دەوڵەتەکە پێویستە بزانن زمانی کارپێکراو چییە تاکو بە هۆی کتێبەوە یان ناونیشانە گەشتیاریەکانەوە شارەزایی وەربگرن و سەرەتاکانی فێربن.

دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان، بەشێوەیەکی گشتی بەو دەوڵەتە دەژمێردرێت، کە دەسەڵاتەکەی بەگوێرەی پێوەرە گشتییەکانی یاسای بنەڕەتی دارێژراوە، بەو مانایەی دەسەڵاتی دەوڵەت، دەبێت تەنها چوارچێوەی ئەو یاسایانە پەیڕەوبکرێت، هاوڵاتیانیش لەو مافە بێ چەند و چونە بەهرەمەندبن،

کە بتوانن بۆ سەلماندن و پێشگرتن لەهەر خراپ بەکارهێنانی زیاد لەئەندازەی دەسەڵات، سکاڵاو دەنگی خۆیان بگەیێنن بەدەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری، بەو شێوەیە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان رەنگدانەوەی تیۆرێکی کۆنی سەردەمی کلاسیکە، کە لەڕێی تیۆرە سیاسیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بە پێی ئەو تیۆرە حکومەتی یاسا لەحکومەتی مرۆڤ باشترە. هەروەك ئەو وتەیەش، کە دەڵێت: «یاسا پاشا دادەنێت، ئەو خاڵە بەروونی نیشاندەدات». **نۆربێرتۆ بۆبیۆ. لیبرالیزم و دیموکراسی. وەرگێڕانی لەفارسیەوە. رێباز مستەفا. سلێمانی 2000. چاپخانەو ئۆفسێتی زەحمەتکێشان. ل20.**

ئەم قسەیەی نۆربێرتۆ بۆیە وەکو سەنەد بەکاردەهێنین، چونکە دەوڵەت کەرەستەیەکە ئەگەر سیستمەکەی دیارینەکرێت و خەڵك نەیزانن پێناسە و شوناسی نەتەوە چییە و چۆنە، دورنییە بە ئاقارێکی دیکە نەڕوات، دەسەڵات و سیاسەتەکەی خراپ کەڵکی لێوەرنەگیرێت، بەوپێیەی کە دامەزراو واتە گشت دایمەزراندوە نەك گروپێك لەدەرەوەی ئیرادەی گشت و بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەڵبەت کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکانیش کە لەسەرەتادا زۆر سەرقاڵی ئەو دامەزراوەیەن و هەمو کارو چالاکیەکانیان لەو پێناوەیەدا وەگەڕدەخەن، چونکە ستراتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەکە نیشاندەدات، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجەی، کە بەشداری کۆی خەڵك لەبەرچاو نەگیرێت، کەواتە هەڵبژاردنێکە لە دەرەوەی ئیرادەی گشت، کە خۆی ململانێی گشتێکی دیکەیە لەخزمەت گشت، کە تاك خۆی کردۆتە قوربانی ئەو بەرژەوەندییە گشتییەی، کە یاسا دەستەبەری کردوە، یان دیاریکردوە تاکو نەکەس و نە هیچ گروپێك ئەو سنورە ببەزێنن.

هەڵبەت ئێمە تاکو ئێستا تەنها لەبوارە ئەکادیمیەکەیەوە قسە لەسەر دەوڵەت دەکەین، لەروی یاساییەوە دەوڵەت وەکو سیستم مامەڵەیەکی دیکەی

هەیە، بۆ نمونە هندستان و سودان لە بەریتانیەکانیان وەرگرتوە، هەروەها بەرازیل و مەکسیك لە ئیسپانیا و تورکیا لە ئیتالیا وەریگرتووە، دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات لە روسیا و هتد، کەوابوو وەکو بنەمای یەکەم دەتوانین بۆ عێراق، کە نمونەیەکی زیندوە لە دەستوری فەرەنساوە قسە لەمبارەیەوە بکەین، چونکە بۆ نمونە دەستوری عێراقی لە میسرەوە وەرگیراوە و میسریش لە فەرەنساوە وەریگرتوە، کەواتە ئاساییە پشت بەو یاسانە ببەستین، کە پشتگیری لەوەها دەوڵەتێك دەکەن کە لەداهاتودا پێیدەگوترێت کوردستان، ئەگەر دەستکاری نەکرێت و نەخرێتە سەر یاسایەکی تر، بەهەرحاڵ «یاساکانی 1791 و 1793 و 1795ی فەرەنسا، دوای ئەویش راگەیەنراوی 1814، مادەی یەکەم یاسای بنەڕەتی 1813 بەلجیکا، مادەی هەشتەم و راگەیەنراوی 1848 ئالبیرت تاین مادەی بیست و چوارەم ببینین. هەروەها پاشکۆی چوارەمی یاسای بنەڕەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە پاراستنی یاسایی یەکسان بۆ هەمو هاوڵاتیانی لەخۆگرتوە، گرنگی بەو بابەت داوە و لەسەری وەستاوە، بنەمای دوەمیش لەمادەی یەکەم، جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیانی ساڵی 1789 بەشێوەیەکی فەرمی راگەیەنراوە، کە مرۆڤەکان ئازادانە دێنە دنیاو لەمافەکانی خۆشیاندا ئازاد و یەکسان دەمێننەوە)، بەمشێوەیە هەردوو بنەما لە یاسای دەوڵەت و حکومەت خۆی نیشاندەدات». نۆربێرتۆ بۆبیۆ. لیبرالیزم و دیموکراسی. وەرگێرانی بۆ کوردی. رێباز مستەفا. ل43.

بۆیە ئەو دوو بنەمایە، کە بریتییە لە مافی یەکسان بۆ هاوڵاتیان و سیاسییەکان و بابەتی جاڕنامەی مافی مرۆڤ لەهەمو دنیادا وەکو پێوەر بۆ بنەمای دروستکردنی دەوڵـەت تەماشادەکرێت، کە لەسەر بنچینەی ئیرادەگەرێتی تـەواوی خەڵك و بونیادنانی دەوڵەتێك بێت، کە مۆدێرن و لیبرالیزم بێت بۆ هەمو چین، توێژ، مەزهەب، ئاین، نەتەوە، کەمینە و زۆرینەکان چونییەك تەماشابکات، یاسا بکاتە پێوەر بۆ گشت باسێك، کە

لەخزمەت دەوڵـەت دەبێت، هەروەها دەبێت وەکـو دەوڵەتانی وەك کەنەدا، سەنگال بەزمانی لوفیە و مالی بە زمانی بمبارا قسەدەکەن، کە زمانێکە زۆرترین و بەربڵاوترین زمانە لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا وەك کینیا، ویکریفیا کۆناکریا، فاسۆ، ساحل العاج و هتد، بە زمانی (بمبارا) قسەدەکەن، کە بە زمانی چونیەکە مومارەسەی قسەکردن و مامەڵەی یاسایی پێدەکەن لەدەستوردا نوسراوەتەوە، هەروەها، چونکە دەبێت ئەو زمانەی کارپێدەکرێت لە دەزگا شەرعیەکانی وەك یاسادانان و دادگا و نوێنەرانی حکومەت و هتد بێت، بەوپێیەی کە زمانی کارپێکراوی گشتە.

بۆیە زمان گرنگی هەیە لەدەوڵەتدا، چونکە دەوڵەت و نیشتیمان بریتی نییە لە نەتەوەیەك، ئەمە حاڵەتێکی شازە لەهەمو دنیا ئەگەر نەتەوەیەك لەیەك دەوڵەت و خاکدا هەبێت، بۆیە زیاتر لە نەتەوە و زمان و کولتورێکی تێدا دەژی، کەوابوو دەوڵەت و سیاسەتەکەی لەئاستی یاساداناندا دەبێت زمانی کارپێکراو و زمانی کارکردن لەدەزگای دەوڵـەت بە پێی راپرسی بیخاتە بەرنامەی ژیانی کارگێڕییەوە بۆ ئەوەی نەبێتە کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و کولتوری لەناو پێکهاتەکانی نیشتیماندا، هەر وڵاتێك ئەم جیاوازیەی تێداکرا و زمانی فەرمی بەزۆر زاڵکرد بەسەر پێکهاتەکانی دیکەدا، ئەوا ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، چونکە ئەگەر لەئاستی سیاسی و کارگێڕی بەناچار کەمینەکان قبوڵیبکەن یان زمانی پێکهاتەی دوەم قبوڵیبکەن، ئەوا لەئاستی کۆمەڵایەتی و بازاڕدا، مەسەلەی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی ئەویدیکە دەکەوێتە بارێکی تر، کە کینەو رق پەیدادەکات و دواجار بابەتی ئاسایشی نیشتیمانی دەخولقێنێت، ئەو کات دەزگاکانی دەوڵەتیش بۆیان چارەسەرناکرێت، وەك ئەوەی لەتورکیا، ئێران، عێراق، مەغریب هەیە و بۆتە گرێیەکی دەرونی سیاسی.

# دەوڵەتی کودەتایی

کودەتا بریتییە لە هەوڵی کۆمەڵێك کەسی سیاسی، یان سەربازی، یان پێکەوە رێککەوتن دژی دەسەڵاتی سیستمی حوکمڕانی، کە نادیموکراسی و نا دادپـەروەرە، یان بڕوای بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە، یان ئەوەتا دەسەڵاتەکە بڕوای بە بەشداریکردنی خەڵك لەسیاسەت نییە، ئەو وڵاتانەی کە هەمیشە کودەتایان تێدا رودەدات، یان مەترسی ئەو حاڵەتە سیاسیەیان هەیە، دەوڵەتی میلیتاریستی و دیکتاتۆرن دەوڵەتی مەدەنی نین.

مێژوی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە ئەگەرچی لەروی ئەنترۆپۆلۆژیەوە سەرچاوەکەی دیارنییە، بەڵام بەپێی فەرهەنگی سیاسی لە سەدەی 17ەوە لەفەرەنسا سەریهەڵداوە، ئەویش بۆیە ناوی لێنراوە کودەتا، چونکە بە بێ یاسا و گەڕانەوە بۆ شەرعیەت و ئەخلاقی خەڵك، کەسێك بەسەر پاشای وڵات کودەتای سەربازی کردوە و خۆی جێیگرتۆتەوە، کۆرزیۆ مالابارتی لە ساڵی 1930 وەکو رەخنەگرێکی ئیتالی و دوای خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی بۆ کودەتا، جیاوازی دۆزییەوە لەنێوان شۆڕش و شەڕی ناوخۆ و کودەتا، بۆیە زاراوەکە لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسی و سەربازی دەوڵەتەکە لەکاتی خۆیدا بەکاردەهێنرێت. کودەتا جۆرێکە لە رێککەوتنی پیاوانی سەربازی پایەبەرزی دەوڵەت بە هاوکاری سوپا و رێککەوتنی کۆمەڵێك فەرماندەی سەربازی دەکرێتە سەر سەرۆك، یان سیستمی دەوڵەت، ئیتر ئەو دەوڵەتە سیستم بێت، یان بەدەر لە سیستم، ئەم زاراوەیە لەسەرەتاوە لە سەدەی 17 لە فەرەنسا سەریهەڵدا و دواتر لە سەدەی 19 جارێکی تر لە ستایلێکی تر هاتە ناو دنیای سیاسەتەوە، پاشان لە ساڵی 1930 لە ئیتالیا کتێبی هونەری کودەتا لەلایەن (کوریزیۆ مالابارتی) دەرچوو، کە نوسەرێکی ئیتالیە، دواتر ئەم تیۆرە بووە هۆی سەرهەڵدانی نازی و فاشی، ئەم جۆرە کودەتایە لەخۆڕا ناکرێت ئەگەر پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی نەبێت

بۆ پاراستنی لەهەر ئەگەرێکی تر و هەڵوەشاندنەوەی ئەجێنداکە، بۆیە ئەو ئەفسەر و فەرماندانەی کە رێککەوتون دەوڵەت بڕوخێنن و سیستمێکی دیکە بونیادبنێنەوە، بە بێ هاوکاری و پشتگیری دەرەکی دەست بۆ کودەتا نابەن.

هەڵبەت چیرۆکی کودەتاکان لەمێژوی دەسەڵاتەکان و دروستبوونی قەوارەی دەوڵەت زۆرن، بەڵام بە پێی ئەو مێژوەی لەبەردەستە و باوەڕپێکراوە، بەرەبەیانی کودەتا لەرۆما بووە، ساڵی 509 پێش زایین رۆمیەکان پاشاکەیان شاربەدەر دەکەن و کۆمارێك دادەمەزرێنن. ئیدی لێرەوە کودەتا دەبێتە نەریتێك بۆ ئاڵوگۆڕی ناشەرعی دەسەڵات لەگروپێکەوە بۆ گروپێك یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە گروپی سیاسی، یان گروپی بەرهەڵستکار دەستی بۆ دەبەن، کودەتایە بە هەمو شێوازەکانیەوە، بەزۆریش کودەتای سەربازییە، بە پێی ئەزمونە نوێیەکان ئەو وڵاتانەی کە کودەتای زۆریان تێداکراوە، بەرئەنجامی ستەمکاری بووە لە لایەن حزبێك، یان گروپێکی دڵڕەق دژ بەکۆی کۆمەڵگەکەی، یان گروپی خانەوادەیەك بوون و تەواوی جومگەکانی دەوڵەتیان کۆنترۆڵکردوە و لەخزمەت و بەرژەوەندی خۆیان بەکاریانهێناوە، هەروەها دیوارێکی پۆڵاینیان لەنێوان دەسەڵات بەگشتی و دەسەڵاتی خانەوادەکە و خەڵکدا دروستکردوە، هەندێکجار دیوارەکە تەسکبۆتەوە بۆ نێوان گروپی خانەوادە لەنزیکەوە لەگەڵ کاربەدەستانی دەرەوەی گروپەکە، ئەم حاڵەتە لە هەریەك لەدەسەڵاتی سەدام حسێن پێش روخانی هەبوو، ئێستاش لە کۆریای باکور بەئاشکرا دیارە.

بۆ نمونە ستەمکاری و نمونەی دەوڵەتی سەربازی، کە ترسناکترین دەوڵەت و سیستمە، بەشێکی زۆریـان لەڕێگەی ئەم مانیفێستەی ماکیاڤیللیەوە بوون بەخاوەنی کورسی هەتاهەتایی، دەستیان چووە خوێنی خەڵك و کەسوکارەکەشیان. نمونەش ئەوەتا «لە ئەڵمانیای سەردەمی ماکیاڤیللیدا دەرەبەگەکان، کە ناوی سەردەمەکەیان نرابوو، سەردەمی تەڵەکەباز و فرت

و فێڵ، کاتێك ساڵی 1524 _ 1525 لەژێر پەردەی ئایندا بزوتنەوە مەزنەکەی جوتیارانیان نوقمی دەریای خوێنکرد و نزیکەی سەد هەزاریان لێکوشتن، هەروەها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عوسمانیەکان بێئەوەی ناوی ماکیاڤیللی یان ناوبانگی کتیبەکەی بەناوی میریان بیستبێت، ئامۆژگارییەکانی ئەویان بەجۆرێکی شێواو پەیڕەودەکرد، بۆ نمونە سەلیمی یەکەم بە یاریدەی ئینکیشاریەکان ساڵی 1512 بایەزیدی دوەمی باوکی لەسەرتەخت لادا، وەکو کوڕێکی وەجاغ رونکەرەوە، ئەو داخوازیەی باوکی جێبەجێکرد ماوەی بدات بچێت لەو شارەدا دانیشێت، کە تیایدا لەدایکببوو، بگرە تا ئاستی شورەی پایتەختی مەملەکەتەکەشی بەڕێبکات و ئیتر دوای رۆژێك یان دوو رۆژ بمرێت، سەلیم بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو بە بەهانەی زامنکردنی ئاسایشی مەملەکەتەکەی، بەڕەچەڵەکی هەمو براگەورەکانی و مناڵەکانیدا چووە خوارەوە، هەروەکو بەیەك جەزرەبە 40 هەزار کەسی لە شیعەکانی ئەنادۆڵ لەناوبرد، دوای ئـەوەی فتوای بە شێخی ئیسلام بۆ سەلماندنی ئەم کارە نەگریسەی دەرکرد، بۆیە سەلیم ناوبانگی (یاوز)، واتە سامناك یان تۆقێنەری وەرگرت». **میر. نیکۆڵا ماکیاڤیللی. وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە. حوسێن عارف. لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان. ساڵی 1982. ل141**

بەشی زۆری ئەو وڵاتانەی کودەتایان تێدادەکرێت، نەك هەر دیموکراسی نین، یان حکومەتی شارستانی و لەروی سیاسییەوە لیبراڵ و پێشکەوتو نین، بڕوایان بەهەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە، بگرە لەڕابردودا بڕوایان بەگەشەی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیش نەبووە، باشترین نمونە لەسۆڤێتی کۆن بوو، کە بەکودەتا ساڵی 1991 هێرشکرایە سەر پەرلەمان، یەکێتی سۆڤێت بەدەستی دەرەکی سەرمایەداری روخێنرا و پارچە پارچەکرا، ئیدی حکومەتی بەناو سەربازی کۆتاییهات، لەکاتێکدا دەبوو ئەو یەکێتییە کە بلۆکێك و سیمایەکی دیکەی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، بەشەرعی و بەدەنگی

خەڵك هەڵبوەشایەتەوە، کەچی کودەتای سەربازی کرا، هیچ بەرهەمێکی ئەرێنی نەبوو بۆ خودی هاوڵاتیان و سەروەری دەوڵەت وەکو قەواره، جگە لەوەی بەقازانج بۆ وڵاتانی وەکو بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و هتد کەوتەوە و دنیابوو بە تاك جەمسەری.

«رووداوەکانی ساڵی 1991 بوه هۆی گەیشتنی (بۆریس یەلتسن)، بە ترۆپکی سەرۆکایەتی دەوڵەت، ئەو بارودۆخە ناسروشتییەی کە لەروسیادا بەرجەستەببوو، دەسەڵاتی یەڵتسنی زیاتر چەسپاند، کە لەبناغەدا وەستابوو لەسەر بارودۆخی کتوپڕ لەو وڵاتەدا، کە کودەتا و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و رووداوەکانی چیچان بوو». **لێکۆڵینەوە لەبنەڕەت و مێژو. د. عەلی عۆدە ئەلعیقابی. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عومەر عەبدوڵڵا حەسەن. بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم. ساڵی 2008. ل 107.**

جۆرێکی دیکەی ئەو وڵاتانەی کودەتای سەربازیان تێداکراوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان سیناریۆی دەرەکی لەپشتەوە بووە، هەندێکجار کودەتا لەلایەن ئەفسەرە پلە نزمەکانەوە بووە، ئەمە ساڵی 1958 لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمی دوای روخانی مەلیك لەعێراق بوو، بۆیە هەر خۆشی بوو بەقوربانی کودەتای سەربازی.

کودەتاکەی ساڵی 1948ی یەمەن، کە شۆڕش بوو لەپێناو دەستورێك بۆ یەمەن.

کودەتاکەی ساڵی 1949 حوسنی زەعیم لە سوریا بەسەر شوکری قوتلی.

کودەتای ئەدیب شیشکلی بەسەر فەرماندەی سەربازی سامی حەناوی.

کودەتای ساڵی 1952 ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسر بەسەر سیستمی پاشایەتیدا.

کودەتای ساڵی 1962 عەبدوڵڵا بن سلال بەسەر سیستمی پاشایەتی یەمەن.

کودەتای ساڵی 1963 بەسەر نازم قدسی سوریا.

کودەتای ساڵی 1965 هواری بومدیان لەجەزائیر بەسەر ئەحمەد بن بلە.
کودەتای ساڵی 1958 لەلایەن ئیبراهیم بحور بەسەر حکومەتەکەی عبدالله خلیل لە سودان.
کودەتای 1969 لەلایەن قەزافییەوە بەسەر سیستمی پاشایەتی لیبیا.
کودەتای ساڵی 1995 لەلایەن حەمەد بن خەلیفە لە قەتەر.
1985 کودەتای سەربازی مۆریتانیا بەسەر سەرۆك موختار وەلەد دادا.
2005 و 2008 دوو کودەتا لە مۆریتانیا لەلایەن هەریەك لە محەمەد وەلد بن عەبدلعەزیز بەسەر معاویە وەلید سیدی ئەحمەدی.
1986 کودەتا یوری موسفنی بەسەر حکومەتی ئۆگەندا بوونی بەسەرۆك.
1979 کودەتا سیۆدۆر ئۆیبانغ بەسەر کینیا و بەزۆر خۆسەپاندنی و بوونی بەسەرۆك.
هەروەها لەتورکیاش بەردەوام بەهۆی باڵادەستی سوپا و ئەفسەرە توندڕەوە تورکە فاشستەکانەوە، هەمیشە تورکیا کودەتای جۆراو جۆری بەخۆیەوە بینیووە.
ساڵی 1913 و 1960 و 1971 و 1980و  دواترینیان ساڵی 1993 بووە.
لە تایلاند دوجار کودەتا روویداوە. یەکەمیان بە هۆی خراپی نوسینەوە و پیادەکردنی دەستوری هەمیشەیی تایلاند بووە ساڵی 2006 و دواتریش ساڵی 2014 کە دیسان کێشەی دەستوریان هەبووە بە هۆی پیادەکردنی ئاینی ئیسلام وەکو سەرچاوەی یەکەمی وڵات.
هەڵبەت جۆرێکی دیکەی کودەتا هەیە، کە ئابوریە و لەلایەن سەرمایەدار و خاوەندارە لۆکاڵیەکانەوە بە پاڵپشتی سەرمایەدار و دەوڵەتانەوە دەکرێت، ئەویش بەشێوەی پاراستنی بەرژەوەندی چینە پایەدارەکانی دەرەوەی دەسەڵات و حکومەت و ئەندامانی ئەو حزبەی، کە دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، یان لەڕێگەی هێنان و بردنی کاڵا و ئاڵوێری بازرگانی، یان لەرێگەی دروستکردنی فەزایەکی

تەندروستییەوە، کە وەکو کودەتا کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر بارودوخی تەندروستی گشتی دادەنێت، دواجار بە هێمنی دەبێتە هۆکارێك بۆ خولْقاندنی قەیرانێکی مەترسیدار بۆ حکومەت و دەسەڵاتداران، کە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن و دەبێتە هۆکاری روخانی دەسەڵات و خەڵك دەبنە قوربانی ئاڵوگۆڕی ناشەرعی دەسەڵات.

هەڵبەت بەشێکی زۆری ئەو نەتەوانەی، کە لە رابردودا واتە سەدەی 18 و 19 بوون بە خاوەنی قەوارەی دەوڵەت، ئەو نەتەوانە بوون کە لەڕێگەی کودەتا، یان شۆڕشەوە دەسەڵاتیان وەرگـرت و دەوڵەتیان بونیادنا، نەك ریفراندۆم و سیاسەتێکی ئارەزومەندانە، کە خەڵك لە دەرەوەی دەستەبژێری سیاسی ویستیان بێت، بۆیە بەشێك لەو نەتەوانە نەیانتوانی هەم شۆڕشەکەیان سەرکەوتوبێت، یان دیبلۆماسیانە شۆڕش بکەن، هەم خۆیان یەکدەست نەبوون بتوانن کودەتا بکەن بەسەر رژێمەکەی سەرداری خۆیان و هیچ دەسەڵات و هێز و دەوڵەتێکی گەورەش جگە لەبەرژەوەندی خۆیان، هاوکاریان نەکردن تاکو نەگەنە سەدەی 21، کە دەوڵەتی نەتەوەیی لەم سەردەمەدا کەمترین بایەخی نێودەوڵەتی هەیە، نمونەش مانەوەی کوردستان، فەلەستین، ئەمازیغ، ساحل ئەلعاج و هتد.

جۆرێکی دیکەی کودەتا هەیە، بەکودەتای سپی ناسراوە، ئەویش لابردنی حزبێکی دیاریکراوە لەلایەن چەند حزبێکەوە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە، مەبەست لەرێککەوتنی ئەو دوو هێزە سیاسیەیە، کە لـەدژی دەسەڵات رێکدەکەون بۆ بەرژەوەندی سیاسەتەکەی خۆیان، ئەوەی کە لەتورکیا کرا دژ بە دەسەڵاتدارێتی سوپا و نەهێشتنی دەسەڵاتیان لە دەستوردا لە ساڵی 2003، باشترین سەلمێنەرە کە کێشەکە لەنێوان ئیسلامی میانڕەو و رەوتی عەلمانیەت، کە بەپاڵپشتی شۆڤێنیەکانی سوپا ململانێیان دەکرد و دواجاریش ئیسلامی میانڕەو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمە جۆرێك لە رێککەوتن و کودەتای سپی

بوو، له ئێران ساڵی 2000 بینیمان لەدژی محەممەدی خاتەمەی، کە پیاوێکی ریفۆرمخواز بوو لەسەردەمی ئەودا کەمترین کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری هەبوو، بگرە بەشێوەیەك لە شێوەکان گەشە و هەڵدانی ئابوریشی بەخۆیەوە بینیی، کە بەنیازبوو وڵات بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە بەرێت و پێچەوانەی ئەو سیاسەتە بێت، کە سیستمی فیقهی و ئاخوندی بەڕێوەیدەبەن، بەڵام تەمەنی کورتبوو، هەر زوو دەسەڵاتی نەماو لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دورخرایەوە و سیستمەکەش گەڕایەوە شوێنی خۆی، ئەمەش جۆرێك بوو لە کودەتای سپی لەلایەن ئەحمەدی نەژاد و پیاوانی سوپاوە، بۆیە ئەحمەدی نەژاد بۆ دوو خولی هەڵبژاردن لەسەر تەختی دەسەڵات مایەوە.

لێرەوە لەچیرۆکی ئەم گەل و وڵاتانەوە، کە زۆربەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن جگە لە تایلاند، بەشی زۆری شەرعیەتی دەسەڵات و حوکمڕانیەکان لەرێگەی کودەتای سەربازی و سپییەوە بووە، کە شێوەیەکە لە ناشەرعیەت، بـەڵام شەرعیەتی نێودەوڵەتی وەرگـرتـوە، چونکە هەندێکیان لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بووە، بەڵام بە تاکتیکی سیاسی.

# کەسایەتی دەوڵەت

بالەوێوە دەستپێبکەین، کە کەسایەتی چەمکێکی فەرهەنگی سیاسییە و بەواتای سـەروەری و شکۆی دەوڵـەت دێت، ئەمە مەرجێکی سەرەکی مانەوەی دەوڵەتە وەکو قەوارە لەناو ناوەندی نێودەوڵەتی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیوەندییە دیبلۆماسیی، لەرێگەی باڵوێزەکان و تەنانەت لە کەسایەتی پاسپۆرتێك، کە بەدەست هاونیشتیمانیەکەوەیە و گەشتیپێدەکات بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی، لەهاوکێشەی سیاسیدا، کە توانای ئابوری و دیبلوماسیەتی دیاریدەکرێت و لەوێوە دەردەکەوێت کەسایەتی چییە و بۆچی دەوڵەت پێویستی بەکەسایەتی هەیە.

دەوڵەت وەك جەستەیەك وایە بریتیە لەپێکهاتە سەرەکییەکانی وەکو خاك و دەزگا شەرعیەکان، ئاسمان، ئاڵا، ئاسایش، ئابوری، پارە، پاسپۆرت، شوناسی نێودەوڵەتی و هتد، ئەگەر ئەمانە هەرکامێکیان لە دەستدرا لەلایەن سیاسەتی دەوڵەتەوە، ئەوا کەسایەتی لەکەدار، سوك، یان نامێنێت، بەمانایەکی تریش ئەگەر دەوڵەت داگیرکرا و جارێکی تر نەگەڕایەوە دۆخی سیاسی و ئاسایشی سنور و ناوخۆی خۆی، لەروی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە جێگیرنەبوو، هیچ هەوڵێکی شۆڕشگێڕی نەبوو، ئیرادەیەك نەبوو بگەڕێتەوە لانیکەم بۆ کەسێتی لەناوخۆیدا و خۆی نمایشنەکاتەوە، ئەوا کەسایەتی نامێنێت. «کەسایەتی یاسایی بە واتای ئەو پەیوەندییە دێت، کە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی یەکێتیەکی دیاریکراو و سیستمێکی یاسایی دیاریکراو، هەر لەوێشەوە کەسایەتی یاسایی بۆ دیاریدەکرێت و وێنەی کەسایەتییە یاساییەکە دەکات، دیاریکردنی ئەو کەسایەتییەش لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵدا» **د. رزوق بن مقبول الحمدانی. استاذ کلیه حقوق و السیاسه. دار المعرفه الکویتیه. ل67.**

نەمانی کەسایەتی لەوێوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئاسایشی لەچنگی خۆی نەمێنێت، ئابوری دیارنەبێت چۆن و کێ مامەڵەی پێوەدەکات، هەروەها گرنگترین شتێك ئەوەیە کێ و چۆن سوپا ئاڕاستەدەکات، خاکەکەی دەکەوێتە چنگی کێ، سنورەکەی لەکوێوە دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتایی دێت، ئاوەکەی و ئاسمانەکەی لەچنگی دەسەڵاتی کێدایە و هتد. هەمو ئەمانە مەرجن بۆ مانەوەی کەسایەتی دەوڵـەت، کە سیاسەتەکەی و هاوڵاتییەکەی شانازی پێوەبکات.

ئەگەرچی داگیرکردنی دەوڵەت لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەی زلهێزەوە، واتای لەناوچوونی کەسایەتی نییە، بەڵام بۆ داهاتوی دەوڵەتەکە، کە ماوەیەکی زۆر لەو دۆخە سیاسیەدا مایەوە، مەترسی بۆ ئینتیمای هاونیشتیمانیەکانی دروستدەکات، بەڵام دیسان ئەمە واتای ئەوەنییە کە لەئێستادا دەوڵەتێك داگیربکرێت، ئیتر کەسایەتی نەماوە، بۆ نمونە دەوڵەتێکی وەکو بۆسنا و هەرزگۆڤینیا، کە بوونە دوو دەوڵەت، چیك و سلۆڤاکیا و هتد، ئەمانە مانەوە لەناوخۆدا، بەڵام لەناوەندی نێودەوڵەتیدا کەسایەتیان وەکو جاران نەما، کەچی عێراق و ئەفغانستان هێشتا نەبوونە چەند بەشێك و فیدراڵیەتیان بەدەستنەهێناوە و تەنها وەکو ناو چەمکەکە لەروی سیاسیەوە کارییپێدەکرێت، کەسایەتیان نەماوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کەوتنە ژێر هەژمونی دراوسێکانیان، لەدەستور چوونەدەرەوە، ژێردەستی مەرجەعی ئاینی، کولتوری، نەتەوەیی و هتد. ئەمە مەترسییەکەیە کە کەسایەتی دەبێت لەئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بپارێزرێت، ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەی بۆ دەوڵەتی مۆدێرن هەیە بۆ هاونیشتیمانیەکانی، هیچ مانایەکی لە فۆڕمی سیاسی، سەربازی، ئابوری، فەرهەنگی و ئاسایشەوە نەماوە، بۆیە ئاساییە بڵێین کەسایەتی ئەو جۆرە دەوڵەتە نەماوە و لەچنگی زلهێزی دیکەی نێودەوڵەتیدایە.

## دەوڵەت و سزاکانی

هیچ قەوارەیەکی دەوڵەتی نییە لەسەرانسەری دنیا، کە کاری یەکەمی پاراستنی ئاسایشی خەڵك و قەوارە و کەسایەتی هاونیشتیمانیەکەی و ناسنامە و پیرۆزیەکانی نەپارێزێت، لەبەرامبەریشدا دەوڵەت نییە سزای دەستوری نەبێت، کە بە یاسا رێکخراوە، بەمەرجێك دەستورەکەی ئاشکرا و رونبێت لەروی ئەرك و مافەوە و لەگیرفان و ماڵی هەرکەسێکدا هەبێت، تاکو بزانێت چۆن گرێبەستی کۆمەڵایەتی کردوە لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت و ئەرك و مافی چییە، ئەمە تیۆری (تۆما سابیس)ە، کە شارەزایەکی نێودەوڵەتیە لەبواری دەستور، پێیوایە هەر هاوڵاتیەك لەهەر وڵاتێك و هەر دەوڵەتێك وەکو کتێبی پیرۆز دەستوری لەیاد یان لەنەست یان لەرەفەی ماڵەکەی نەبوو، واتای وایە، لەو وڵاتە دەستوری نییە و کارپێناکرێت.

بەڵام لێرەدا تەنها لێبوردنێك لەلایەن دەوڵەتەوە هەبێت بۆ هاونیشتیمانیانی، ئەوەیە کە تاوانێکی قورس نەبێت و یان نەزانین بێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر سەروەری دەوڵەت یان تاوانی گەورەی ئەنجامدا، یان دیاردەیەکی خولْقاندن کە کاریگەری هەبوو لەکەسێکەوە بۆ ئەوانی تر، یان زیانێکی گەورەی بە دەوڵەت گەیاند کە کۆمەڵگە بەگشتی زیانیان لێکرد، بەتایبەت ئەو جۆرە زیانەی کەدەوڵەت لەکاتی جەنگ، یان بارودۆخی ئاسایشی ناوخۆیی ناجێگیر بوو، هەوڵی خراپ درابوو دژی بەرژەوەندی گشتی، ئیدی ئەمە دەبێت بچێتە بەردەم یاسا و ئەو کەس و گروپە سزای خۆیان وەربگرن، بەپێچەوانەوە دەوڵەت سوك دەبێت و ناتوانێت دەستور وەکو ئینجیلی دەوڵەت بپارێزێت.

لە ئاستێکی دیکەدا، دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتێکی تر سزای هەیە، بۆ نمونە ئەو دەوڵەتەی کە دراوسێکەی بەرژەوەندی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، یان زیانی پێگەیاندوە، یان بەنمونە دەوڵەتێك مەترسی دروستکرد بۆ جیهان، وەکو کۆریای

باکور و ئێران و هتد. ئەمانە دەوڵەتانێکن کۆدەبنەوە هەریەکەیان جۆرێك سزای داناوە بە پێی دەستوری خۆی، کە نابێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمجۆرە سزایە جودایە لەگەڵ سزایەك کە دەوڵەتی بچوك دەریدەکات، ماناکەی فراوانترە و بریتییە لەسزای ئابوری، دیبلۆماسی، سەربازی، بازرگانی و هەندێکجار هاونیشتیمانیەکانیشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکەونە بەر ئەو سزایە، کاتێك لە فرۆکەخانەکان لەرێگەی پاسپۆرتەوە شوناسیان دەردەکەوێت، یان لەکاتی پێویستدا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

سزای دەوڵەتی بۆ دەرەوەی دەوڵەت سزایەکی ترە، ئەویش بڕین و گرتنی رێگەی بازرگانی و هاوکاریکردن و هەناردە و هاوردەکردنی کاڵاو شمەکە، بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسییە لەئاستی نێودەوڵەتی، کە هەندێکجار خراپ دەکەوێتەوە، بۆ نمونە هاوکارینەکردنی بەرەیەکی وەکو ئەوەی ئەمریکا لەدژی ئەلقاعیدەی تیرۆریست، لەدوای 11 سێپتەمبەر و سەرهەڵدانی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دروستیکردبوو. ئەمجۆرە سزایە لەدوای بەئاگاهاتنەوەی دەوڵەت لەئاستی دبلۆماسییەوە تێدەگات چۆن مامەڵەیەکی ناشایستەی کردوە.

جۆرێکی دیکەی سزای کۆمەڵایەتی هەیە لەسەر دەوڵەت، ئەویش لەئەنجامی سەرکێشی سەرۆکی دەوڵەتە لەگەڵ زلهێزەکان و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان، ئیدی زلهێزەکان خەڵك و کۆمەڵگە هاندەدەن دژی دەوڵەت راوەستن و سزای بدەن، هەروەك ئەوەی بەسەر سەدام، قەزافی، موبارەك و هتد هات. ئەمجۆرە سزایە تەنها هاندانی سیاسەتی نێودەوڵەتی نییە، بەقەد ئەوەی بەشێکی هاندەری ناوخۆیی هەیە، کە دەوڵەت لەکاتی خۆیدا کێشەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی چارەسەرنەکردوە و کەڵەکەبوون، هەروەك چۆن لەئاستی ناوخۆش دەوڵەت ئەم سزایە بەسەر بەرپرس یان پەرلەمانتار دەسەپێنێت، بۆ نمونە هێشتنەوەی زۆرە ملێ بەسەر بەرپرسێکدا، کە گەندەڵی کردبێت یان لە ئەنجامی پەیوەندی ناشەرعی یان هەواڵگرییەوە دەوڵەتی خستبێتە بەردەم مەترسی.

# دەوڵەت و ئازادی

پێشتر باسی ئەوەمانکردبوو، کە بیرکردنەوە لەدامەزراندنی دەوڵەت پێشتر مانایەکی هەبوو، رەنگە یەکێك لەو مانایانە ئەوەبێت، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی، بنەماڵە، هۆز و دەسەڵاتێکی دیاریکراو بووبێت، بەڵام دواتر ئەم تێگەیشتنە فراوانتربووە بۆ گشت یان بۆ ئاستی تاك، کە لەناو کۆدا دەژی، خاوەنی داوای خۆیەتی لەقەوارەیەکدا کۆیکردۆتەوە و دەبێت سیستمی دەوڵەت، کە بریتییە لەدەستور دیاریبکات و سنوری بۆ دابنێت، تاکو تاك چێژ لەو ئارەزوە ببینێت، کە پێویستی بەدابینکردنی قەوارەیەك، سنوری خاکێك، ئاڵایەك، سیمبولێك و سیستمێك بووە بۆ ژیانێك، کە تاك گەرەکیەتی و خەوی پێوە بینیوە.

ئەگەرچی سپینۆزا دژی دەوڵـەتـی سروشتییە و بـڕوای بەدەوڵەتی دروستکراو هەیە، چونکە ئەو پێیوایە دەوڵەتی سروشتی پێکهاتەیەکی خۆڕسکە و بەرەوپێشەوەناچێت و مرۆڤیش بەخەسڵەت و بەئارەزو حەزی لەبەرەوپێشبردنی ژیانە، «دەوڵەتی سروشتی دەوڵەتێکی تەمەن کورت، تاکڕەو، هەژار و دڕندەیە، وەك بونەوەرێکی عاقڵ (ئێمەی مرۆڤ) زوو هەستدەکەین پێویستە واز لەمجۆرە ژیانە بهێنین و بگەینە رێککەوتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوانماندا بۆ رێگرتن لەخەون و ئارەزوە خۆپەرستییەکانی تاك بۆ ژیان، لەژێر سایەی یاسادا نەك لەژێر سایەی سروشتدا، بەم هەنگاوەش دەتوانین ژیانی سەلامەتی و بەرژەوەندیەکانمان بەیەکەوە بپارێزین، دەوڵەت ئەگەر پاشایی بێت یان حوکمی کەمینە بێت یان دەوڵەتی دیموکراسی بێت، دەتوانێت پارێزگاری لە هێزو دەسەڵاتی خۆی بکات، هەرکاتێك سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە رێککەوتنی هاوبەشی نێوانیان پاراست، ئەویش لەرێگەی نەشکاندنی پەیمانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان ملکەچبوون و گوێڕایەڵبوونی

دەوڵەت پێچەوانەی ئازادییەکانی ژیانمان نییە، لەکاتێکدا ئەوانەی هەڵمانبژاردن و فەرمانڕەوایمان دەکـەن، ئازادانە هەڵمانبژاردن و هاوکات فەرمان و داواکاریشیان پێچەوانەی بەرژەوەندییە باڵاکانمان نەبن، بۆیە لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەو ئازادییە بپارێزێت». **سروشتی دەوڵەت لەلای سپینۆزا. وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە. شاسوار کەمال مەحمود. گۆڤاری ئایدیا. ژمارە 8 و 9. تەموزی 2006.**

ئازادی مانایەکی زۆر فراوانە، رەنگە بۆ نوسین، شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و هتد هەر یەکێك لەو تێگەیشتنانە، مانایەکی جیاوازیان هەیە، بۆیە ئازادی دەوڵەت لەشوێنێکدا بابەتێکی سەربەخۆیە، سپینۆزا لەشوێنێکدا قسە لەسەر ئەم بابەتە بەدرێژی دەکات و بابەتەکە ئاڕاستەی تاك دەکات، کە چۆن داوابکات ئازادبێت و لەشوێنێکی دیکەشدا ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دەکات، کە لەکوێ و بەچ شێوەیەك ئەو ئازادییە دابینبکەن، دەڵێت» ئەو گەلەی سەربەخۆیی دەوڵەتی هەبوو، گرنگترین کار کە دەیکات، ئەوەیە ئازادی بۆ تاکەکانی دابینبکات، بۆیە ئێمە لێرەدا قسە لەسەر شێوەی سیستمی حوکمداری دەکەین، کەواتە ئەو حوکمە چییە دەوڵەت فۆکسی لەسەر دەکات، مەبەست ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە لەچنگی تاکە کەسێکدایە یان گروپێك، یان بەهاوبەشییە لەنێوان کۆمەڵێك، لێرەدا تێگەیشتن لە دابینکردنی ئازادی دێت» لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت «دەوڵەت بەشێوەی یاسای مەدەنی، کە سەروەری دەوڵەتە و لەکاتی دامەزراندنیەوە دانراوە، لەسەر بنچینەی یاساشکێنی و دادپەروەری و سەرکوتکردنە لەحاڵەتی رێکخستنی کۆمەڵگەدا، لەدواجاردا تاوانی تانەلێدان لەگەورەیی دەوڵەت، یاسای مەدەنی دیاریدەکات، چونکە ئازادی تاك بۆ پاراستنی ئەو حاڵەتەیە، هەروەك لەمەراسیمێکی دیاریکراوی دەسەڵاتی باڵادا سنوری بۆ دانراوە، لێرەوەیە هەمو تاکێك بەرامبەر کەسێکی تر، مافێکی جیاوازی هەیە کە بە پێی ویستەکانی خۆی بژی، یان وەکو ئازادیەکەی

بۆ پاراستنی بوون و تواناکانی». سبینوزا. رساله فی اللاهوت و السیاسه. ترجمه و تقدیم. د. حسن حنفی. مراجعه. د. فواد زکریا. دار الگلیعه. بیروت. ل386.

سزایەکی دیکەی نەبینراوی دەوڵەت لەئاستی ناوخۆ هەیە، کە حزبێك لەدژی دەوڵەت بەرهەڵستی و خۆی بۆ داهاتوو ئامادەدەکات، کە هەڵبژاردنە بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات لەحوکمڕانیدا، بەلام لەوە تێناگات لە سیستمی دیموکراسیدا بەرهەڵستکاری تەنها نمایشکردنی بەرنامەیە و هیچی تر، نەك ناشیرینکردنی سیستمی حوکمداری دەسەلات و ململانێی ناشەریفانە، کە خەڵك لەو نمایشە سیاسییە تێناگەن، چونکە پەروەردەی سیاسی تا ئەو جێگەیە خزمەتیکردوە، کە خەڵك لەئاستی کۆمەلایەتیدا کاربکات نەك سیاسەت، کە بەشێکی زۆری ئەو دیبلۆماسیەتەیە و لەسەر بەرژەوەندی خەڵك بەگشتی بە بێئەوەی خۆیان بزانن، بۆیە دەبینین نەك هەر دەسەلات، بەڵکو جەماوەریش بە پێی تێگەیشتنەکەی خۆیان سزای ئەو حزبە دەدەن و بۆ پەرلەمان دەرناچن و نابن بەنوێنەری خەڵك لەپەرلەمان.

هیگڵ لە کتێبی (بنچینەکانی فەلسەفەی حەق)دا دەڵێت: «دەوڵەت دامودەزگایەکی زۆرداری نییە و سنور بۆ ئازادی تاك دانانێت، هەروەها شتێکیش نییە بەناوی ئازادیەکی نەگەتیڤ لەسایەی دەوڵەتدا بۆ تاك، لەبەرامبەریشدا واتای وانییە هەمو کاری دەوڵەت پاراستنی ئازادی تاکەکەس بێت، بەڵکو کەرەستەی تایبەتی دەوڵەت هەیە بۆ پاراستنی تاکەکان». **هیغل. اسس فلسفه الحق. بیروت. ترجمه: جورج طرابیشی ل53.**

لەدژی ئەو سزایانەی کە دەوڵەت و سیستمەکەی دایهێناوە بۆ تاك و کۆمەڵگە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، ئەنارشیستەکان ئەو بیانوەیان بەدەستەوەیە، سەرباری بۆچوونەکەی مارکس سەبارەت بەدەوڵەت، کە بریتییە لە کۆمەڵێك دامودەزگای ستەمکاری بەسەر خەڵکەوە، هەروەها پێیوایە کەرەستەیەکی

سەرکوتکردنی مرۆڤە لەئازادیەکی فراوانەوە بۆ قەتیس و زیندانیکردنی و ملکەچپێکردنی دەبــەن، بۆ پەیوەستبوون بە یاسا و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێرێك، کە سیاسەت دەکەن، بەڵام ئانارشیستەکان دەوڵەت بەپێویستیەك نازانن، چونکە ئەنارشیستەکان بڕوایانوایە دەوڵەت پێویست نییە و لەبری ئەو دەزگایانەی دانراون بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە و مافەکانی، کە تەنها پاراستنی گروپی مافیا و دەسەڵاتداری بەزۆر خۆسەپێن و سیاسەتباز و تەڵەکەبازن، لەبری ئەوانە رێکخراو و کۆمەڵە و سەندیکاکان دەتوانن کۆمەڵگە بەڕێوەببەن و هیچ سنورێك بۆ زیندانیکردنی مرۆڤ و کولتورەکان نەمێنێت، سەرباری ئەوەی دەڵێن دەبێت لەدەستی دەوڵەت رزگارمان بێت، بەڵام بۆ پاراستنی مافەکان داوا لەو هێزە دەکەن، کە دەوڵەت و دامودەزگاکانی هەیەتی.

« ئەنارشیزمەکان دەوڵەتیان لـەروی کردارییەوە لەروخساری زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارێتی تاوانباردەکرد، بەڵام دامـەزراوەی حکومەتیان لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەکەڵك دەزانی، وەك حکومەت خوازراوی ئەمان، ئەو حکومەتە بوو، کە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بێت و بەهیچ شێوەیەك هێزو دەسەڵاتی دژ بە هاوڵاتییەکانی خۆی بەکارنەبات، ئەو هێزەشی نەبێت کە ئەو کارە بکات، پێیانوایە ئەو کەسانەش کە سەرپێچیدەکەن، دەکرێت بخرێنە ژێرفشاری رای گشتی خەڵکەوە، یاخود لەو کۆمەڵگەیە دەربکرێن و لەو سزادانەش زیاتر نابێت رێگەیان پێبدرێت، هەڵبەتە ئەنارشیستەکان باوەڕیانوایە، کە ناواخنی مرۆڤ پاکە و کۆمەڵگە وەرگرە، بەڵام دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی دەوڵەت مرۆڤی خراپ و لەکۆمەڵگە هەڵاتوو دەسازێنێت، هەروەها پێشیانوایە روخاندنی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنچینەی زوڵم و زۆر دامەزرابێت، تاوان کەمدەکاتەوە، بەڵام کاتێك دەوڵەت خۆی شەڕەکان

کەمبکات و خەڵکی بچەوسێنێتەوە، ئەوا خراپترین تاوان ئەنجامدەدات، کە ئەنارشیزمەکان دەکرێن بەدوو بەشەوە، یەکێکیان ئەنارشیزمە تاکگەراکانن، کە ناودارترینیان (ویلیاو گادوین) ساڵی 1756_ 1836. برۆدۆن 1809 _1865 وەمارکس شتێرنەر 1806 _ 1856، کە خوازیاری لەناوبردنی موڵکایەتییە مەزنەکان و زۆرکردنی موڵکایەتییە بچوکەکان و ئاڵوگۆڕی ئازاد و هزریانەیە، دژ بەهەرجۆرە بەرنامە دارشتنێك بۆ چاکسازی ئابوری بوون، دوەم جۆریان ئەنارشیزمە گشتگەراکان بوون، هەمویان شۆڕشگێڕ بوون. دامەزرێنەری ئەم رێچکەیە میخایل باکۆنین بوو لە ساڵی 1814 _1876 کە لەروسیا بووە و رۆژانی زۆری لە گرتوخانەکاندا بە هۆی چالاکییەوە بردۆتەسەر، لەکۆمۆنەی سۆسیالیستی لەگەڵ مارکسدا هاوکاری هەبووە، بەڵام مارکس لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا نەبوو، کە پێیوابوو دەکرێت دەوڵەت بەشێوەیەك لەناوببرێت» **حوسێن بەشیری. بنەماکانی زانست سیاسەت. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئەبوبەکر کاروانی. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی. 2009. ل174 ل174**

ئەگەرچی ئەو چەند جۆرە ئەنارشیزمە لە رۆژئاوا سەریهەڵدا، زەمەنێکی جیاوازبوو لە سیاسەت و دەوڵەتداری بۆ دەسەڵاتەکان و نەبوونی دیموکراسی و سەردەمی جەنگە جیهانییەکان بوو، هەروەها هیچکام لەو چەمکانەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەناو سیستمی سیاسیدا نەبوون، بەڵام ئەنارشیزم بزوتنەوەیەکی خۆڕسکە و لەزەینی ئەو مرۆڤانەوە سەریهەڵداوە، کە ناهەقی، نا لۆژیکی سیاسی، زوڵم و ستەم قبوڵناکەن، بۆیە تاکو ئێستاش کە زەمەنی سیاسەت و دەوڵەت و سیستمی دەوڵەتداری گۆڕاوە، بەڵام وەکو پێشتر گوتمان کۆمپانیاکان لەبری دەوڵەت ستەمدەکات، ئەم بزوتنەوەیە جارێکی تر بە شێوازێکی دیکەی سیاسی و جەماوەری لەهەمو دنیادا چالاکیدەکەن،

(نوام چۆمسکی)، کە نوسەر و بیرمەندێکی ناسراوی ئەمەریکیە و رەخنەگری سیاسییە لەم سیستمی سەرمایەدارییەی ئێستا، لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی سەبارەت بەدەوڵەت دەڵێت «دەوڵەت تەنها سیستمێکی دەسەڵاتدارێتییە، بەڵام تەنها دەسەڵاتی خراپترینیشی نییە، سەرکوتکردنی دامەزراوەکان، یەکێتی ناردنکارەکان، کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان، فرە ناسنامەکان و جۆرێك لە گروپی زەبەلاحی جیهانین، کە ئاستێکی جیهانیان هەیە، بۆ نمونە وەکو (جەنڕال مۆتۆز)، کە زۆر لەدەوڵەت خراپترە، دەوڵەت تاڕادەیەکی باش لەژێر چاودێری خەڵکدایە، لەکاتێکدا کە کۆمپانیاکان وەڵامی خەڵك نادەنەوە، بەڵام کەمتەرخەمیەکانیش خراپترین جۆرێتی، کە ناتوانرێت بخرێتە ژێر کاریگەری و چاودێرییەوە، نوام چۆمسکی لەو چاوپێکەوتنەدا بە راشکاوانە دەڵێت من پاڵپشتی بزوتنەوە ئانارشیستەکانم، بەڵام ئانارشیستی لۆژیکی، لەم لایەنەوە من زۆربەی کات گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەم پێیاندەڵێم، دەبێت ئانارشیستێکی لۆژیکی و پشتیوانی لە دەوڵەت بکەن، تاخەڵك لەبەرامبەر سیستمە دەسەڵاتدارێتییە خراپترەکان بپارێزێت، دیارە دەبێت ئەمە کاتی بێت و تێپەربێت، دەبێت ئێمە هەوڵبدەین کاتێك بێتە پێشەوە لەشەڕی دەوڵـەت رزگارمان بێت، بەڵام بە کـردەوە ئێستا لەم جیهانەدا دەژین، نەك لەجیهانێکدا کە ئێمە لەمێشکماندا بۆ ئایندە دەینەخشێنین، کەواتە ئەگەر کەسێك بیەوێت هاوکاری مرۆڤەکان بکات، لەم حاڵەتەدا دەبێت رێنماکەربێت و رێگایان نیشانبدات، زۆرێك لە ئانارشیستەکان ئارەزوناکەن گوێ لەم بابەتە بگرن، لەبەرامبەر پرسیارێکی دیکە نوام چۆمسکی دەڵێت: ئانارشیستەکان ئاینێکی کۆنی سوننەتی هەیە کەسانی وەك (ئایو مۆستە) لە ئەمریکا ئانارشیستی ئاینین و کەسانێکن بەڕێز و بەشکۆن، لە راستیدا سونەتێکی پرۆتستانتی هەیە، بڕوانە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کە ساڵی

1980 سەریهەڵدا، ئەمە بۆخۆی مەسەلەیەکی تازەیە لەمێژووی ئیمپریالیزم، هیچ کەسێك پێشتر نەچوبووە گوندێك بۆ هاوکاری مرۆڤەکان، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆری هێرشی کرابووەسەر. هەزاران ئەمریکایی ساڵی 80 ئەم کارەیانکرد، بەڵام ئێستا لایەنگری ئەو بزوتنەوە ئەنارشیستییەم، کە رێگە لەدەوڵەتی دۆگما دەگرێت و ناچێتە پێشەوە و رێ لە مرۆڤ ناگرێت، چونکە دەرکەوتووە دەوڵەت جگە لەپاراستنی بەرژەوەندی قازانجی کۆمپانیاکان، مانایەکی سیاسییان نەماوە، کەواتە مافی ئانارشیستەکانە دژی ئەم شێوازە لە سیستمی دەوڵەتداری بن». چاوپێکەوتنی نوام چۆمسکی. لەبارەی دەوڵەت و سیکۆلاریزم، سایتی هەفتە. وەرگێڕانی بۆ فارسی. ناهید جعفری. وەرگێڕانی بۆ کوردی. سەلام مارف.

بۆیە ئانارشیستەکان دژی دەوڵەتن، چونکە ژیانی سادەیان گۆڕیوە بۆ ئەو هەڵبژاردەیەی، کە مرۆڤ بەگشتی چیتر بەرگەی ناگرێت، کە مرۆڤ بەگشتی توشی جۆرەها قەیرانی دارایی، نەخۆشی، کێشەی زیندانیکردنی ئازادییە سروشتییەکانە، رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت لەیەك کاتدا چۆمسکی پاڵپشتی لە ئانارشیستەکان دەکات، بڕوای بەوەیە پاڵپشتی دەوڵەت بکرێت بۆ ئەوەی مافی خەڵك لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە پارێزراوبێت، چونکە بە بێ دەوڵەت کێشەی دەستێوەردان و پێشێلکاری مافەکان دەبینەوە، ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەتیش بەشێوەیەك لەشێوەکان کە ئێستا دەسەڵاتەکانی خۆی لەجەوهەردا رادەستی کۆمپانیا زەبەلاحەکان کردوە، بەڵام لەشوێنی خۆشی هەمو ئازادییە سروشتییەکانی گۆڕیوە بۆ ئازادیەك، کە دەسەڵات، سیاسەت، سیستمێکی دیاریکراو دایهێناوە و دەبێت مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی قبوڵی بکات، بۆیە ئانارشیستەکان دژی ئەمجۆرە دەوڵەتەن و بەپێویستی نازانن، چونکە دژی ئازادی تاکە.

# پێناسەی دەوڵەت
# لەپێکهاتەکانی سیستمی حکومڕانی

حکومەت کە لەبنەچەدا ناسنامەی دەوڵەتی هەڵگرتوە، واتە حوکمکردن یان کۆنترۆڵکردنی قەوارەو سنور و شوناسی دەوڵەت، کەواتە چالاکی حکومەت ئەو توانایە لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی خەڵك دڵنیابێت لەجێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی، کە کۆمەڵگە و کایەکانی تری پەیوەند بە کۆمەڵگە پێی بەڕێوەدەچێت، لەهەمو حاڵەتێکدا خەڵك حکومەت بەدامەزراوەیەکی گرنگ دەزانێت و پێیانوایە بە بێ حکومەت وجودی شارستانیەت، پێکەوەژیان، دڵنیایی گشتی و بەرژەوەندی گشتی مەحاڵە، حکومەت لەدنیادا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان دێت، هەر لەژێر چاودێری پەرلەمانیش براوەی پرۆسەکە، زۆرینەی دەنگەکانی دانیشتوان بەدەستدەهێنێت.

حکومەت سیستم دەپارێزێت و سیاسەتی دەوڵەت پیادەدەکات، ئەم دەزگایە تەنها پلانی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و دابینکردنی ژیانی خەڵك نییە، یان تەنها دەستەبژێرێك نین بۆ خۆسەپاندن بەسەر هاوڵاتی و هاونیشتیمانیان و جیاکردنەوەی دوو چینی لێکجیاواز، کە هەمیشە تاکو دنیا و سیستمی حوکمڕانی مابێت بەو ستایلەی ئێستا ئەو ململانێیە بەردەوامدەبێت، بەڵام شێوازی ململانێکان دەگۆڕێت بە پێی کات و شوێن، ڕەنگە لەو شوێنانەی کە ریفۆڕمی ئاینی و ریفۆڕم لەسیستمی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی هەمەلایەنە کـراوە، شێوەی ململانێکە ساردتربێت لەو شوێنانەی کە سیستم نەگۆڕ و نادیموکراتی و ناشارستانی و هتد. واتە ستەمکارە بەمانا فەرهەنگیەکەی، بەڵکو لێرە بـەدواوە حکومەت وەکو دامەزراوەیەکی هەمەلایەن بە پێی توانای خۆی و ئەو یاسایەی لەئاستی نێودەوڵەتی بۆی

دانراوە، دەتوانێت رەسمی سیاسەتی دەوڵەت بکات لەدەرەوە لەرێگەی نوێنەر و باڵیۆز و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو بازرگانی پیشەسازی و دیبلۆماتکارەکانی لەپەیوەند بەرێکەوتنی سیاسی و هتد، بەوپێیەی کە دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت و ستافەکەی سەرۆک وەزیران دەبێت، ئەگەری دوەمیش کە حکومەت سیستمەکەی پەرلەمانی نەبێت، سەرۆکی هەمیشەیی کە بێ هەڵبژاردن یان ستەمکارییە بەمانا سیاسییەکەی، هەرچەند ساڵی جارێك کەسێك و ستافێك رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ.

ئەگەرچی زۆربەی بیرمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و تائێستاش بیروڕایانوایە، کە حکومەت سیاسەتە و سیاسەتیش بەواتای دەوڵەتشار و خودی چەمکی دەوڵەت دێت وەکو قەوارە، بەڵام بیروڕای جێکەوتە ئەوەیە کە هەندێکجار دەڵێن زانستە، لەبارێکی تردا بسمارك کە یەکێك لەسەرکردە و حوکمڕانەکانی سەدەی 18ی ئەڵمانیا بوو پێیوایە «حکومەت سیاسەت نییە، بەڵکو هونەرێکە بۆ پیادە و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەڕێگەی دروستکردنی بڕیاری بەکۆمەڵەوە» **تیۆری سیاسی. ئاندرۆ هێیود. وەرگێڕانی بۆ کوردی. گۆران ساڵح. ل95.**

ئەدریانۆ لێفتۆیچ کە هەم بیرمەندبوو هەم سیاسەتوان، ساڵی 1984 کتێبێکی هەیە بەناوی (سیاسەت چییە) دەڵێت «سیاسەت لەناو جەرگەی چالاکی کۆمەڵایەتی بەکۆمەڵدایە، پێگەی حکومەت هەندێکجار فەرمی، هەندێکجار نافەرمییە، گشتی و تایبەتیشە، لەهەمو گروپەکان، تاکەکان و دامەزراوەی کۆمەڵگە دایە». **حوسێن بەشیریە. بنەماکانی زانستی سیاسەت: و. ئەبوبەکر کاروانی. ل39**

ئەم قسەیەی ئەدریانۆ بۆ ئەوە گوتراوە، کە نەك چەمکی سیاسەت پێناسە

بکاتەوە جارێکی تر، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە رەسمی دەسەڵاتی حکومی لە مێشکی خەڵکدا وێنابکات، بە دەستەبژێریش بڵێت بە بێ خەڵك حکومڕانی مەحاڵە سەربگرێت، نمونەش ئەو شۆڕشانە بوون، کە دەستەبژێری سیاسی و رۆشنبیر دەستپێشخەریانکردوە، خەڵك ئامادەنەبوون هاوکاریانبکەن، بە پێچەوانەشەوە خەڵك ئامادە و سازکراون بۆ شۆڕش و گۆڕینی حکومەت، یان ئەگەر هاوکاری پێشوازینەکردنی خەڵکیان لەبەرچاونەگرتوە دەستەبژێرە خۆسەپێنەکە، دواتر لەژیانی رۆژانەدا رەنگیداوەتەوە و باجەکەی قورستربووە لەو کاتەی، کە شۆڕش لەدژیان بەرپاربووە..

لەهەمو حاڵەتێکدا دەوڵەتی نەتەوەیی، بەو مانایەی کە نەتەوەیەك گەرەکیەتی مومارەسەری دەوڵەت بکات وەکو ئەوەی لە جیهاندا هەیە، دوو بۆچوون لەبارەیەوە هەیە، یەکەم بۆچوونی حوکمی میللەتە واتە دەوڵەتی نەتەوەیی، کە مانا گشتییەکەی ژیانی سیاسی نەتەوەیەکە و هیچی تر، واتە ژیانێکی سیاسی کە هەرچی توخمە ئاڵۆزەکانی سیاسەت هەیە لە یەك زمان، یەك کولتور و یەك پێشینەی مێژویی کۆبکاتەوە، ئەم تایبەتمەندییە هەر ئەوەندە کەڵکی هەیە، کە بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو ئەو حکومەت و دەوڵەتە کاربکات، چونکە هەرچی سیاسەت هەیە لەژێر ئەو ناونیشانە خۆی پێناسەدەکات و خۆی بەرهەمدێنێتەوە، واتە هەمو ئەو چالاکیانەی رۆژانە لەهەمو بوارەکان دەکرێت، دەکەوێتە خزمەت نەتەوەیەکی دیاریکراو.

بۆچونی دوەم بابەتی دابەشبوونە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، چونکە ئەو کات چالاکی جۆراوجۆر لەروی ناسنامەوە تەماشادەکرێت، بەو واتایەی ناکرێت لەیەك قەوارەدا چەند نەتەوەیەك هەبێت تەنها یەك نەتەوە چالاك بێت، بۆ پێناسەکردنی دەوڵەتێك لەژێر ناونیشانی ناسنامەی نەتەوەیەك، ئەگەر بەو پێوەرە بێت لەقەوارەیەکدا یەك نەتەوە ستەمی لێکراوە و دەبێت ناسنامەکە

و ئاڵاو رەنگدانەوەی ئاینی زۆرینە لە دەستوردا بەناوی یەك نەتەوە بێت، کە نەتەوەی زاڵە، کێشەیەك دروستدەکات بۆ تێگەیشتنی دەوڵەتی مۆدێرن، دەوڵەتی فرە نەتەوە، فرە ئاین و فرە کولتور.

بۆچونی سێیەم، کە گشتگیرە و تیۆری حکومڕانی دەوڵەت دەپارێزێت، مەبەست لەو فەرهەنگ و رۆشنبیریەیە، کە بە بێ ئینتیما تەماشای تەواوی پێکهاتەکانی قەوارەی دەوڵەت وەك هاوڵاتی نیشتیمان مامەڵە لەگەڵ دۆخی رۆشنبیری دەکات، ئەمە بە واتای وشە بەرهەمی خۆی دەبێت، چونکە لەدەوڵەتدا نابێت کەس بەهەر بیانویەکی کولتور، ناسنامە، فەرهەنگ و باری ئابوری رێگری لەئەویتر بکات، ئەمە لەکاتێکدا وەك کوردستان هەمو پێکهاتەکان خاوەنی یەك مێژون و یەك چارەنوس و یەك سەرچاوەن بۆ دەوڵەت و حکومڕانی قەوارە دەوڵەتیەکە، مەرجی سەرەکی دروستکردنی ناسنامەی دەوڵەت بۆ هەمو پێکهاتەکانیش لێرەوە دەستپێدەکات، ئەوکاتەی کە هاتنە کایەی خوازیاری بۆ پێکەوەژیان لەسەر بنچینەی راستەقینە و بنچینەی لێبوردەیی بێت لەباری ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی بێت، چونکە ئێمە باسمان لە حکومەت و دەوڵەتی فرەییە لە قەوارەیەکی دیاریکراوە.

## سیستمەکانی حوکمڕانی

بۆ قۆناغێك لەقۆناغەکان سیستمی حکومڕانی دیاریکراو وەکو مۆدێلێکی سیاسی هەبووە و پیادەکراوە، لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا هیچ دەوڵەتێك ئەگەر بەومانایەش نەبوبێت وەکو سیستمی سەرمایەداری، نەئازادی و نەدیموکراتیەتی بەخۆیەوە نەبینیوە، دوابەدوای هاتنی سەرمایەداری مۆدێرن هیچ دەوڵەتێك سۆسیالیزمی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەمیشە دەوڵەت لەشەڕو کوشتاردا ژیاوە، حکومەتەکان بەرادەیەك چاوچنۆکبوون، شەڕ واقیعێك بووە

هەمیشە خەڵك لەچاوەڕوانیدا بووە و ترساوە لەسەرهەڵدانی وەکو شەڕە جیهانیەکانی یەکەم و دوەم. دواتریش سەرمایەداری هاوچەرخ، کە شێوەی شەڕە ئابوری و سەربازییەکانی جیاوازە و شەڕی تەکنۆلۆژی دەکات، لەرێگەی دەوڵەتۆچکە و دەوڵەتانی سەربەخۆ، کە هاوکاریاندەکەن، بەڵام سیستمەکان لەهەمو سەردەمەکاندا هەبوون، نمونەشیان ئەمانەی لای خوارەوەن.

**1: سیستمی پاشایەتی.**
**2: سیستمی کۆماری پەرلەمانی.**
**3: سیستمی سۆسیال لیبرالی.**
**5: سیستمی سۆسیالیستی.**

**1: سیستمی پاشایەتی:** بریتییە لەموڵکداریکردنی دەوڵـەت لەلایەن پاشاوە، کە وەکو پاشماوە و بۆماوە و وەکو موڵکی تایبەتی بۆیان ماوەتەوە، لەدوای باوك کوڕ یان برا دەوڵەتداری و حوکمڕانی دەکات، هەر بنەماڵەش ئاگاداری هەمو سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە دەبێت و ئاگاداری فرۆشتن و کڕین و هتد دەبێت، بەڵام حکومەت بە پێی دامەزراندنی کەسایەتی تەکنۆکرات یان پەسەندی حزب و لایەنەکان دەبێت ئەگەر هەبن، چونکە لە وڵاتانی کەنداو ئەم نمونەیە بوونی نییە و تەنها بنەماڵەیە و حزبیش نییە، مەگەر لە کوێت خەریکە نمونەیەکی وەها پەیدابێت، یان لەمەغریب هەیە، ئەوەش لە ئەسکەندەنافیا و ئەوروپایە پاشایەتین، پەرلەمان، حزب، هەڵبژاردنە و براوەی یەکەمی هەڵبژاردن ئەو حزبە حکومەت پێکدەهێنێت و دێتەسەر دەسەڵات و ماڵی پاشا هیچ پەیوەندیەکیان بە سیستمی حوکمڕانییەوە نییە، تەنها ئەگەر راپرسی لەسەر سیستم گۆڕین بکرێت لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری

و سۆسیالیستی، یان هەر سیستمێکی تر، کە چارەنوسسازە بۆ بنەماڵە و خەڵك. یان ئەو ئەجێندا نێودەوڵەتیانەی، کە لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا داوا لەو سیستمە یان دەوڵەتە دەکات بەشدارییبکەن لەئاڵوگۆڕێکی ناوەختە، یان سیاسەتێکی ئابوری و گۆڕینی جوگرافیا، کە لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قبوڵە و بە پێی یاسا چارەسەر دەکرێت. نمونەش هەلومەرجی عێراق، سوریا، ئەفغانستان و وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

سیستمی پاشایەتی مەرج نییە تەنها پاشا وەك خوداوەند هەمو ژیان و ژیانی سیاسی لەژێر چنگیدابێت، بەڵکو بەشی زۆری سیاسەتی دەوڵەت و سیاسەتی ئابوری، کە بۆ دوارۆژی دەوڵەت و قەوارەکەی خۆیەتی لەروی بنەماڵەییەوە، بیر لەمانەوەی ئەو دەسەڵاتە دەکاتەوە، کە بەر لەهەر شتێك بتوانێت ئابوری دەوڵەتی لەژێردەست بێت، ئەویش لەرێگەی زانا، مامۆستای زانکۆ، رۆشنبیر، شارەزا، هێزێکی بازرگانی و ئابوریناسەوە دەبن.

خاڵی دوەم ئەو چینەی کە مەترسی خۆی هەیە لەوەی لەناوبچن لەناو سیاسەتێك، کە لە داهاتودا دیارنییە، چونکە مەترسی چینی ناوەڕاست ئەوەیە، کە هەمیشە گەرەکیەتی خۆی لەگەڵ دەسەڵات و حکومەت و داهاتوی دەسەڵاتەکەش بسازێنێت، بۆیە ئەم چینە هەرگیز نە دوچاری مەترسی دەبنەوە، نە زیان دەکەن لە مانەوە و لە روخانی دەوڵەت، چونکە هەر سیستمێك بێتە سەر حوکم بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی حکومەت پێویستی بەو چینە ناوەندە هەیە.

خاڵی سێیەم ئەو دەرەبەگانەن، کە خاوەنی رەسەنایەتی دەوڵەت و خاك و پێناسەی رەواپێبەخشراوی نەتەوە یان گەلن، ئەمانە لە سیستمەکانی پێشوتر کە کۆیلە و دەرەبەگیش بوون زیانیان نەکردوە، چونکە هەمیشە بەشێکبوون لە پاراستنی رەسانەیەتی دەوڵەت و قەوارەی دەوڵەتی، بەوپێیەی هەمیشە

بەرژەوەندی خۆیان لەسەروی بەرژەوەندی چینەکانی دیکەوە تەماشاکردوە، بەو مانایەی کە خاوەنی شوناسی دەوڵەتن، مەبەستی قبوڵکردنی ئەم رەفتارە سیاسییە رانەگەیێنراوە، لەوێوە سەرچاوەیگرتوە، وەختێك دەبینین چینەکانی وەك کرێکار هەمیشە لەبەرەی دژ بەدەوڵەت و سیستمەکەیەتی، چینەکەی تر هەمیشە لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیانن، هەرچی ئەم چینەیە، رەسەنایەتی دەوڵەت دەپارێزن، ئەوان پەیوەستبوون بەو دەوڵەتە خاوەندارێتی دەکەن لەپێناو راگرتنی سەرخانی رابردوی قەوارەکە، کەواتە ئەم چینە لەگەڵ سیستمی پاشایی خاوەن یەك گوتار و یەك واتای سیاسین بۆ دەوڵەت.

2: **سیستمی کۆماری:** ئەو سیستمە هیچ موڵکداریەکی نییە و هەر دەسەڵاتێك، کە دێتە سەر حوکم مەبەست لەحزبی بـراوەی هەڵبژاردنە، دەتوانێت حکومەت بەتەنیا بباتبەرێوە و سیاسەتی خۆی لەشێوەی حوکمڕانی و پەیوەندیی دەرەوە رەنگبداتەوە. کەوایە هەڵبژاردن دەتوانێت سەرۆك هەڵبژێرێت، یان سەرۆکەکان، کە بریتین لە سەرۆکی پەرلەمان، حکومەت و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری. زۆرجار سەربەخۆیە و زۆرجاریش سەر بەدەسەڵاتی سیاسییە، ئەگەرچی ئەم سیستمە بەرهەمی سەرمایەداری دەوڵەتییە، بەڵام بانگخوازی خۆشگوزەرانییە بۆ خەڵك، چونکە بانگەوازیکردوە، کە سەربەخۆیی بۆ دەوڵەت و دانیشتوانەکەی لە دەسەڵاتی خۆیاندایە.

3: **سیستمی سۆسیال لیبرالی:** ئەم سیستمە بەشێکی زۆر لەوڵاتانی ئێستای ئەوروپای رۆژهەڵاتی و واتە وڵاتە کۆنەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤێت خاوەنی نازناوەکەن، ئەگەرچی زۆربەیان کۆمارین، بەڵام سۆسیال لیبرالیەت پیادەدەکەن، پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستن، نەك سۆسیال بۆ خەڵك وەکو ئەوروپا هەیەتی، چونکە ئەوە دوو ستایلی جیاوازە، کە لەئەروپا سۆسیال هەیە و لەو وڵاتانە نییە، نەرمی نواندن بەرامبەر ئەوانی تر، سەرەتا لە بیروڕای ئاینەوە دەستیپێکرد، پاشان بوو بە سیاسەت و جیاوازییە سیاسییەکان، کە دواجار لە

پەرلەمان و حکومڕانیدا ڕەنگیدایەوە، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات لەرێگەی فکرەوە بە بێ زەبروزەنگ و کێشەی سیاسی بەرامبەر بە کڵێسا و سیستمی ئاینی دەوڵەت بە پێی سەرچاوەی ئاینەکەی.

**4: سیستمی سۆسیالیستی:** سیستمی سۆسیالیستی ژیانی سیاسی هاوبەشی خەڵك و حکومەتە، خەڵك لەرێگەی پیتاکەوە ژیان بەسەر دەبات، کەس خاوەنی موڵکیەتی تایبەتی نییە. پارە و بانك و داهات لەچنگی تاکە حزبێك دایە، هەر ئەو حزبە دەتوانێت چەند ساڵ جارێك ستافی حکومەت بگۆڕێت و هەمان سیاسەتی داڕێژراو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەش پیادەکات. مارکس کە خاوەنی ئەم فکرەیە بەر لەوەی ببێتە حەتمیەتی مێژویی، باش لە چەقبەستوی سیاسەتی ئابوری دەکات، بەهای توانا و بەرهەمهێنانی توانای کاری کرێکار دەکات وەك هێزێکی بەرهەمهێن، لەگەڵ زۆربوونی بەرهەم بە هاوکاری کرێکاران نرخی شتەکان زۆردەبێت، دەبێت ئەم فەزا سیاسییە ئابوریە لەخزمەت تەواوی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش چینی کرێکار بێت ئەگەر سیستمەکە سۆشیالیستیە، چونکە زاڵنەبوونی بەرهەمهێنەران بەسەر بەرهەمدا، کاریگەری بەسەر کرێکارانەوە دەبێت، کە هەرچۆن بەهای زێدەتر بەرهەمبهێنێت، خۆی کەم بەهاتر دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا لەخۆبێگانەبوونی هێزی کار لە بەرهەمهێناندا دەردەکەوێت، بەمەش سیستمی سۆسیالیزم لەژیانی خەڵك و بەتایبەتیش کرێکاران هەستیپێدەکرێت، ئەم سیستمە ئەگەرچی لەکاتی خۆیدا کێشە و کەموکوڕی زۆر تێدابوو لەروی فکری و پرەنسیپە سیاسییە ئابوریەکانی، هەروەها لەدوای روخانی سۆڤێتەوە نەماوە، کە ساڵی 1991، کودەتای لەسەرکرا، بەڵام کاریگەری هێشتا ماوە لەبەشێك لەو وڵاتانەی کە لەژێر کاریگەری فکری کۆمۆنیستی تەقلیدین وەکو چین، کۆریا، تایوان، سەنگافورا و هتد، بەڵام وەك سیستم بەواتای چەمکەکە پێناسەیەکی وەها تەنها لەفەرهەنگی سیاسیدا هەیە، ئەگەرنا لەواقیعدا بوونی نییە و بووە بە خەیاڵی سیاسی.

# جۆر و شێوازی پێکهێنانی حکومەت

**1: لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی گەل دەبێت.**

ئەگەر سەرەتای دروستبوونی حکومەت بەنمونە وەربگرین، دەبێت رێز لەئیرادەی خەڵکی بگیردرێت لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە، بۆیە دەبێت حکومەت بە بڕیاری زۆرینەی خەڵك بونیادبنرێت، کە لەڕێگەی پەرلەمان و دەستورەوە دەستنیشانی مافی هاوڵاتی کراوە، چۆن و بەچ شێوەیەك دەتوانێت هەم خۆی بپاڵێوێت، هەم پاڵێوراو دەستنیشانبکات بۆ نوێنەرایەتی خۆی لەو ئەنجومەن و پەرلەمانەی، کە تاکە دەزگای شەرعییە.

**2: حکومەتی هاوپەیمانی.**

ئەم ستایلەش لەسەر بنچینەی پێگەی بڕیاردان و راپرسی سیاسییە، یان ئەوەتا دەبێت خەڵك بڕیاری چارەنوسی خۆی رادەستی گروپی سیاسی و دەستەبژێربکات، یان ئەوەتا حکومەتێکی کلاسیکی بە پێی سازانی سیاسی لەنێوان حزبە رکابەرەکان دروستدەبێت، وەکو ئەوەی دوای نەمانی یەکێتی سۆڤێت هاوپەیمانی وەکو سیستمێك لەتەواوی دنیا کارپێکرا، باشترین نمونەش دوای روخانی رژێمی بەعس لە عێراق تائێستا پیادەدەکرێت، لەوڵاتانی عەرەبی دیکەش هەمان نمونە هەیە.

**3: حکومەتی سەرکوتکەر:**

ئەم حکومەتە یان دیکتاتۆرە وەکو سیاسەتکردن، یان بەزۆرینە و نادیموکراسی هاتۆتە سەر دەسەڵات، یان بەرێگەی شۆڕش و دیکتاتۆریەت و رێز نەگرتنی لەکەمینە. ئەم حکومەتە بە کودەتا دێتە سەر دەسەڵاتی حکومڕانی و جومگەکانی دەسەڵات دەگرێتەدەست و شوناسی دەوڵەت دەگۆڕێت، بۆیە دیکتاتۆریانە

مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەكات و بەشداریكردنی سیاسیانەی خەڵك لەبەرچاوناگرێت، چونكە خەڵك هیچ دەستپێشخەرییەكیان نییە لەبەدەستهێنانی ئەو حكومڕانیە، تائەو جێگەیەی كە دیموكراسی دەبێتە هۆشیاریەكی سیاسی و هەم گروپ و دەستەبژێری سیاسی قەناعەتدەكەن، هەم خەڵك بڕوایان بەوە دەبێت بەو ژیانە سەركوتكارانە رازینابن، بەڵام وەكو سوكرات دەڵێت: «ئەگەرچی لە دەوڵەتە ستەمكارەكاندا پیاوی ئازا و پیاوی رێزداریش هەڵدەكەون، بەڵام بەدبەختترین حكومەت ئەو حكومەتەیە كە ستەمكارە. چونكە هەروەك چۆن خەڵكی كردوە بە كۆیلەی خۆی وەكو ئارەزویەك بۆ چێژ وەرگرتن لە دەسەڵاتەكانی بەسەر خەڵكدا، ئاواش زەلیلی غەریزەكانیەتی». **ئەفلاتون. كۆمار. وەرگێڕانی بۆ كوردی. سۆران عومەر حەمە. رێبوار قارەمانی. مەهدی حەسەن چۆمانی. بڵاوكراوەكانی دەزگای وەرگێڕان. 2006. ل442.**

**4: حكومەتی ئەلیكترۆنی.**

ئەم حكومەتە ستایلێكی نوێیە لەدوای چەمكی جیهانگەرایی هاتەئاراوە، كە شۆڕشی تەكنۆلۆژیا كاریگەری خستەسەر سیاسەت و دەوڵەتداری و زەمینەخۆشكردن بۆ بازرگانی و ئاڵوگۆڕی كاڵا لەرێگەی تەكنۆلۆژیاوە بۆ دەرەوەی خۆی، هەروەها لەرێگەی ئەلكترۆنیات و كۆمپیوتەر و كەرەستەی پێشكەوتوی كۆمپیوتەر، ئیدی لەرێگەی ماڵپەڕ و سایتەوە خەڵك لەگەڵ دەسەڵات، پەرلەمان، وەزارەتەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكان مامەڵەی رۆژانەی خۆیان رایدەكەن، هەروەها حكومەتی ئەلیكترۆنی ئەوەیە حكومەت و ستافی حكومەت كەڵك لەو هۆكارانە وەردەگـرن، كە ئینتەرنێت و ئایتی فەراهەمیكردوە وەكو خزمەتگوزاری، ئەمەش باجی هەیە هەم بۆ حكومەت و هەم بۆ خەڵك. رویەكی تری ئەوەیە كەستایلێكی هێمنە و ئاسایشی زیاتری هەیە بۆ جێگیربوونی باری سیاسی و ئابوری دەسەڵات و دەوڵەت.

# ئەو جومگانەی پێناسەی دەوڵەتی پێدەکرێت

**لەسەر ئاستی دەرەوە**

1: **نوێنەرەکان.** ئەو نوێنەرانەی کە نوێنەرایەتی حکومەت دەکەن لە وڵاتانی دەرەوەی حکومەت. ئەو کونسوڵانەی کە نوێنەری حکومەت دەکەن، ئەو رێکخراوانەی کە حکومەت بۆ پاڵپشتی سیاسەتی خۆی رەوانەی کۆنفرانس و کۆنگرە جیهانیەکانیان دەکەن، ئەو وەفدانەی کە لەکەرتی گشتی و تایبەت بەسودی حکومەت کاردەکەن، کاری دیبلۆماسی، سیاسەت، کڕین و فرۆشتنی سامانی حکومەت و گشتی دەکەن.

2: **مامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەری دەوڵەتان.** هەمو حکومەتێك مامەڵە لەگەڵ ئەو کونسوڵ و نوێنەرانە دەکات کە لەوڵاتەکەین، بۆیە لەرێگەی ئەو نوێنەرانەوە، کە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرین، دەبێت لەگەڵ فەرهەنگخانەی سەر بەکونسوڵ، کە ئەڵقەی کونسوڵی، کولتور دەگۆڕنەوە لە چالاکی. هەروەها کەرتی تایبەت و گشتی بۆ راگرتنی بەرژەوەندی هەردولا مامەڵە لەگەڵ بەشی دارایی کونسوڵ دەکەن. هەروەها بۆ باری سیاسەتیش نوێنەری حکومەت دەبێت بە وریاییەوە رەسمی سیاسەتی خۆی جێگیر بکات، پێشکەشی ئەو وڵاتەی بکات کە کونسوڵی ناردووە.

3: **پەیوەندی بازرگانی.** پەیوەندی بارزگانی بەشێکی زۆری پتەوکردنی پەیوەندی نێوان حکومەت و دەوڵەتانی ترە، دەبێت نوێنەری حکومەت بزانێت بۆچی بازرگانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دەکات و چ بازرگانییەك بۆ راگرتنی ناوبانگی حکومەتەکەی. چونکە ئەو ناوبانگە مەرجی باڵانسکردنی هێزی خۆیەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی. ئەو جۆرە پەیوەندیانە لەسەر ئاستی سیاسی رێکدەخرێت و هاوپەیمانی لەسەر دەکرێت. بۆ نمونەش پەیوەندی ئابوری و بازرگانی ئێران، چین و روسیا، هەروەها پەیوەندی ئابوری فەرەنسا، ئەمریکا،

میسر، تونس و هتد. هەروەها سوید، نەرویج و ئەمریکا. بەریتانیاو هندستان و هتد.

**4: پەیوەندی دیبلوماسی:** ئەم پەیوەندییە کە پەیوەندییە ئۆرگانیەکانی دەرەوەی وڵات وەکو پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکەر (علاقە تبادلیە) هەیە، ئەم پەیوەندییە زۆرجار لەئاستی بڕیاردانە لەسەر بابەتێکی سیاسی نێودەوڵەتی، یان کێشەیەکی گەورەی وەکو چوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا یان ئایشەی بوونی فەلەستین بەدەوڵەت و جیاکردنەوەی دوو پارچەی هەرێم یان دەوڵەتۆچکەی وەکو بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا، یان پەیوەندیگرتنی رۆژئاوا بۆ هاوکاریکردنی ئەمریکا لە داگیرکاری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هتد، بەپێچەوانەشەوە پەیوەندییەکی دیکە هەیە، کە لەپاشکۆی ئەو پەیوەندیانەیە ئەویش بوون بە بەرەیەك لەدژی وڵاتێکی سەرکێش یان هێزێکی گەورە، کە لەوڵاتانی پیشەسازی و خاوەن بڕیارن.

### لەسەر ئاستی ناوەوە

1: تەواوی وەزارەتەکان بەپێی دەستور و یاسای دەوڵەت ریکدەخرێت و کاردەکەن، رێنمایی لە ئەنجومەنی وەزیران وەردەگرێت، هەمو وەزارەتێك یاسای خۆی هەیە، دەبێت کاری گونجاو و دیـاردەی نوێش بە پێی یاسا رێکبخرێت و سیستماتیك بکرێت، هەروەها هەمو ئەو وەزارەتانەی، کە نزیکایەتی کاریان لەگەڵ یەکتر هەیە، زەمینە بۆ لێکتێگەیشتن و ئاسانکاری بۆ کاری دەزگاکانی دەوڵەت و کاری رۆژانەی خەڵك بکەن.

2: سیستمی کارگێڕی و بەدەستهێنانی دارایی لەرێگەی باج ستاندن و خاڵی گومرگی و فرۆشتنی سامانی نیشتیمانی دەبێت بە پێی دەستور، ئەم بابەتە بەشێکە لەداهاتی حکومەت، بە بێ ئەم دەزگایە حکومەت بەڕێوەناچێت و هاوڵاتیش ناتوانێت ئەو ئینتیمایەی هەبێت بۆ حکومەت و دەوڵەمەندکردنی

پایەکانی، لەبەرامبەریشدا دۆزینەوەی کار، بە سیستماتیککردنی ژیان، کار و خزمەت، لەڕێگەی لۆژیکی ئەرك و ماف کە لەدەستوری هەر وڵاتێکدا دیاریکراوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوە، مەزهەب، ئاین و هتد.

3: سیستمی پەروەردەی دەبێت، ئەگەر جیاوازیش بێت لەگەڵ وڵاتانی تر. لانیکەم خاڵی هاوبەشی هەبێت، کە مافی مرۆڤ و مافی فێربوونی هەمو تاکێکە. ئەم کایەیە لەوەتەی هەیە مرۆڤ خەریکی دامەزراندنی حکومەت و راگرتنی سیستمی حوکمڕانیە، گرنگترین شت ئەوەیە کە مرۆڤ ئامادەبکات، بۆ ئایندەی کۆمەڵگە، حکومەت، سیاسەت و نەوەی نوێ. هەروەها پـەروەردەش بەشێکە لەو کایەیەی کە حکومەت پشتی پێدەبەستێت بۆ دروستکردنی کادری پێشکەوتو بۆئەوەی ناچاری دەوڵەتان و حکومەتی تر نەبێت.

4: سیستمی تەندروستی، دڵنیایی ژیان، رێکخستنی شێوازی وەچەخستنەوە، سنوردارکردنی وەچەخستنەوە، رێگری لەهۆکاری مردن، ناجێگیری تەندروستی گشتی و هاتنی نەخۆشی وەکو بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی.

5: ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێبوون، رێگەوبان و هەمو خزمەتگوزاریەکانی تر. پلانی ئاسۆیی و ستونی یەکێکە لەو پلانانەی دەبێت حکومەت کەڵکی لێوەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێشتەجێبوون، چ ئەوەی کەڵك لەروبەر وەربگرێت و بەفیرۆی نەدات، چ ئەوەی شار بەشێوەیەکی مۆدێرن سیمایەکی مۆدێرنی هەبێت و پێشبڕکێی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی ئەوانی تر بکات. هەروەها بۆ جوانکردنی رێگەوبان و سەقامگیری هاتوچۆ و سیستمی دڵنیایی هاتۆچۆی هاوڵاتیان بەهەمو هۆکارەکانی هاتۆچۆ شەمەندەفەر، پاس، ترام، ئۆتۆمبێل، میترۆ و هتد. بەشێکە لەسیاسەتی حکومەت، کە دەبێت دایبڕژێت لەنەخشەی حکومڕانیدا.

# هۆکارەکانی پشتبەستنی دەوڵەت بەژێرخان

وەکـو پێشتر لە بەشەکانی پێشوو باسمانکردوە، بە پێی تیۆر و فەلسەفە، دەوڵەت بریتییە لەدوو جومگەی بنەڕەتی. ئەویش ژێرخانە، کە پێکهاتووە لەسەروەت، سامانی سروشتی، ناسروشتی، بەروبومی خاك، دەریا، زەوی، ماتریالەکانی دیکە، بازرگانی، ئاڵوێر و هتد. جومگەی دوەم بریتییە لە سەرخان، سەرخانیش بریتییە لەزمان، کولتور، مێژو، رۆشنبیری و فرەیی لەکولتوری جیاواز، مەزهەب، ئاین، ئەدەب، دابونەریت و هتد. بۆئەمەش دەوڵەت لەپێکهێنانی حکومەتدا یەکێك لەو ئەرکانەی بەستافی حکومەت و پۆستەکان دەسپێرێت و لەلایەن خەڵکەوە متمانە وەردەگرن، پاراستنی ئەو ژێرخان و سەرخانەیە کە سەقفی بینای دەوڵەتی لەسەر بونیادنراوە. بۆئەمەش حکومەت جگە لەتواناکانی خۆی پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستێت، لەلایەك بۆ هاوکاری دەوڵەت و لەلایەکەی ترەوە بۆ ئازادی وەگەرخستن و وەبەرهێنان، کە پێشتر دەوڵەت هەردوو جومگەکەی لەبەردەستدا بوو.

1: خزمەتگوزاری لەنێوان حکومەت، کەرتی تایبەت و دەزگا حکومیەکان.
خزمەتگوزاری ئەرکێکی سەرەتایی حکومەتە لەرێگەی وەزارەتە تایبەتمەندەکانە، دەوڵەت لەسەریەتی هەم لەرووی فۆرمەوە شێوازەکانی ژیانی شارستانیەت پێشکەش بەهاوڵاتیان بکات، هەم وەکو رێکخستنی ژیان لەسەریەتی بۆ بەردەوامبوون و گروپی خۆبەڕێوەبردن خزمەتگوزاری پێشکەشبکات، بەڵام ئەوەی لەسەر کەرتی تایبەتە دەوڵەت بەیاسا رێکیخستوە، دەبێت سنورێك بۆ ئەو وەبەرهێنانە دابنێت، کە داهاتی خەڵك ناخاتە مەترسییەوە، بۆ نمونە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، هێڵەکانی تەلەفۆن، هێڵی گواستنەوە و هتد.

2: دەزگـا ناحکومیەکان و رێکخراوە خێرخوازیەکان، ئەم دەزگایانە بەپێی پلان و یاسای کار و سنوری دەسەڵاتیان دیاریدەکرێت، بەو مانایەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوشان لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ، دەستپاکی، دادگـا، ریکخراوە مرۆییەکان، رێکخراوەکانی داکۆکی لەکاری میدیایی و مەسەلەی کێشەی ژن وەکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بە بێ ئینتیما و لایەنگیری دەبێت هاریکاری جومگەکانی دەوڵەت بکەن، لەرویەکی دیکەشەوە دەوڵەتیش پشتیوانی لەم دەزگا و رێکخراوە ناحکومیانە بکات، لەروی یاسایی و هاوکاریماڵی و ئامارەوە هەماهەنگی بکەن.

3: داواکاری خەڵك لەحکومەت دەبێت لەسەر بنچینەی ئەرك و ماف بێت، کە بە پێی دەستور و یاسا جیاوازەکان دیاریکراوە، ئەمەش دیسان دەکەوێتە سەر ئەوەی دەوڵەت چەند توانیویەتی وەکو دەوڵەتی مۆدێرن هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشداری سیاسیانەی خەڵك بکات، ئەرك تەنیا ئەوەنییە کە هاوڵاتی ملکەچی یاساکان و سیستمی کار و ئەرکی حکومەت بێت، مافی تەنها ئەوەنییە کە هاونیشتیمانی دڵنیایی تەندروستی، ئاسایش و کۆمەڵایەتی هەبێت، لەهەردوو بارەکەدا دەبێت سیستماتیك بکرێت و بە پێی دەستور ئەرك و ماف دیاریبکرێت.

4: رێکخستنی باری کەسی و هۆکارەکانی دیاریکردنی شوناسی هاوڵاتی، کە پاسپۆرت، ناسنامەی دەوڵەت، کارتی زانیاری، کارتی کارگێڕی خێزانی، کارتی سیستمی بانکی و هتد، رێکخستنی پێناسەی هاونیشتیمانیبوون لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ تاك، هەم رێکخستنی ژیانی تاك و کۆمەڵە، هەم خۆرزگارکردنە لە کێشەکانی لەدایکبوون، مردن، کێشەی کۆچ، هاتنوچونی بیانی و سیستمی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی ئەمە لەدەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیا بەشێوەیەکی سیستماتیك چارەسەرکراوە، لەئەروپاش بەهەمانشێوە، بەڵام لەدەوڵەتانی وەکو

ڕۆژهەڵات و بەشێکی پاشماوەی سۆڤێتی کۆن و هەندێك وڵاتی دیکە، کە پێشکەوتنی کەمتر بەخۆیەوە بینیوە، کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن دەوڵەتەوە هێشتا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، بۆیە تائێستاشی لەگەڵدابێت، کێشەی هاوڵاتیبوون پاشماوەکەی ماوە و سیستماتیك نەکراوە، لەوانەش دڵنیایی ئاسایش، تەندروستی، ژیانی رۆژانە و هتد.

5: دیاریکردنی یاسایەك بۆ سەربازگیری. یەکێك لەو جومگانەی دەوڵەت دەپارێزێت سوپایە، بۆ ئەمەش دەوڵەت پێویستی بە سەرمایەی مرۆیی هەیە بۆ دامەزراندن و راستەڕێکردنی سیستمی سوپا و پاراستنی سنوری جوگرافی لەدوژمنەکانی یان لەهەر جۆرە مەترسیەکی دەرەکی، جا با ئەو یاسایە سەربازی زۆرەملێ و خزمەتکردنی دەوڵەت و نیشتیمان بێت، یان خۆبەخشانە وەکو ئەمریکا و چین و هتد. بێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئێستا لەوڵاتانی رۆژئاوا بەهۆی نەمانی ئەو سنورە دەستکردە و دروستکردنی یەکێتییەك بۆ یۆرۆ لەسەر ئاستی ئابوری و بازرگانی و کێشەکانی دیکەی نێوان ئەوروپا، سوپا ئەو راسپاردە و ئەرکەی نەماوە سنور بپارێزێت، تەنها ئەوەنەبێت کە ئامادەیە هەمیشە بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو پاسەوانی لە دەوڵەت بکات.

6: دەوڵەت بەر لەهەرکارێك دەستی بۆبەرێت، لەسەریەتی سیستمی دادەوەری سەربەخۆ رابگرێت و بیپارێزێت بە پێی دەستور، بەو مانایەی هەر جۆرە دەستێوەردانێك لەکاری دادوەری بەبیانوی ئاین، مەزهەب، نەتەوە، خێڵ و هەر بەرژەوەندییەك قەدەغە و حەرام بکرێت، بۆیە لەسەریەتی بۆ دیاریکردنی یاسای داواکاری گشتی و ئازادی بڵاوکردنەوە و رۆژنامەگەری و هتد، کە هەم سنوری ئازادی دیاریناکات و هەم دیاریدەکات، کە دژی هەر بەرژەوەندیەکی تاك و کۆی کۆمەڵگە بێت.

# ڕۆڵی سەرکردە لەبونیادنانی دەوڵەتدا

**رابەر. سەرکردە. فەرماندە.**

**1: تۆماس جۆردون دەڵێت:** سەرکردە رۆڵ و تایبەتمەندییەکە، پەیوەندی بە شارەزایی و فێربوونەوە هەیە.

**2: فرانس و سندەر دەڵێت:** سەرکردە ئۆتۆریتەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکە لەجەستەی کۆمەڵ.

**3: هارتلی دەڵێت:** پلەیەکی باڵایە لەبونیادنانی پەیکەری هەر بوارێك.

4: هێمان دەڵێت: سەرکردە بریتییە لە دروستکردنی پرەنسیپ، ئاڕاستەکردن، رێنمایی، رەفتار و بیرۆکە بۆ کەسانی تر.1

سەکردە سەرۆکی دەستەجەمعێکە، ئەمە بەو کەسایەتییە دەگوترێت، کە دەتوانێت گروپی سیاسی و سەربازی یان کۆمەڵێك یان کۆمەڵگە، یان خەڵك بەڕێوەببات یان ئاڕاستەیان بکات، ماناکەشی زیاتر لەبنەچەدا غەریزەییە، لەپاڵەوان و سوپەرمانەوە سەرچاوەیگرتووە کە بەهۆی توانا جەستەییەکانیەوە خۆیان بەسەر خەڵکدا زاڵکردوە، یان نمونەی جوامێری بـووە لە ئەفسانە و مێژودا باسدەکرێت، بـەڵام لەبنەڕەتدا سەرکردە چەمکێکی نوێ نییە و لەباوەشی سیاسەتدا لەدایك یان گەورە بووبێت، بەوپێیەی سیاسەت راستە کایەیەکی کۆنە، بەڵام لایەنە زانستیەکەی بۆ ئێستا، کە چەمکێکی ترە نەبووە و پێشتر سەرکردە بەر لە سیاسەت هەبووە و سەرکردایەتی کۆمەڵێکی کردوە بە بێ ویست و ئیرادەی ئەوانی تر،

وەکو قۆناغی بەردین و قۆناغەکانی دارستان، کە تائێستاش بونیان هەیە و نەهاتونەتە ناو مرۆڤەوە.

لای فارابی سەرکردە هەم سەرچاوەی دەسەڵات و هەم نمونەی باڵایە، کە خەڵك ئەوانەی دیکە ناتوانن ئەو پێگەیە تێپەڕێنن، یان ئەوەی دەستبەرداری بن و بەبێ سەرکردە بژین، بۆیە سەرکردە لێرەدا بەبێ مەرجی تەندروستی نابێت و ناشێت سەرکردایەتی خەڵك بکات، نابێت هەم جەستە و هەم عەقڵ و هەم سایکۆلۆژیای ناتەواو بێت، هەم توانای گوزارشت و قەناعەتپێکردنی هەبێت، هەم زەمینە بۆ فێربوون و راوێژکردن بۆ راوێژکار و کەسە شارەزاکانی سازبکات. لەشوێنێکدا فارابی ئەگەرچی بە پێی تێگەیشتنی ئاینی ئیسلام تەماشای سەرکردە دەکات، کە خۆی لە راسپاردەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و دەڵێت: «مەحاڵە سەرکردە خاوەنی گشت تایبەمەندییەکی خۆکردە بێت و لەوانەیە خاوەنی پرەنسیپگەلێکی دادپەروەری بێت و خاوەنی تایبەتمەندی هەڵێنجان و بەئەنجامگەیشتن بێت، هەروەها خاوەنی ئازایەتی بێت، بۆیە کۆمەڵگە لەسەرێتی ئەمجۆرە سەرکردانە هەڵبژێرێت و مافی سەرکردایەتیان پێبدات و سەرکردایەتی شار یاخود کۆمەڵگەی نمونەییان پێبدرێت، چونکە دەبێت سەرکردەی شار شارەزا و تێگەیشتوو، دانا، فەیلەسوفێکی کامڵ بێت و گەیشتبێتە دوا پلەی مرۆڤایەتی و باڵاترین پلەکانی بەختەوەری مەعنەوی». **د. احسان محمد الحسن. رواد الفکر الاجتماعی. وزاره التعلیم العالی و البحث العلمی. 1991 ل 26 ل 45.**

# تیۆرە جیاوازەکانی کەسایەتی سەرکردە

**1: تیۆری بۆماوەیی:** ئەم تیۆرە بۆماوەییە لەبنەماڵە و خێڵ و بنەماڵە ئەرستۆکراتەکان قسەی لەسەر کراوە، تیۆرەکە پێیوایە ئەمجۆرە سەرکردەیە لەدایکدەبن نەك دروستدەکرێن. بۆئەم مەبەستەش مەرجی بۆدانراوە، کە دەبێت سەرەتا درێژترین باڵای هەبێت، جەستەیەکی تەندروست، زیرەك، دەسەڵاتی تەواو بەکاربهێنێت، تەواو پەروەردە کرابێت، ئامادەیی سەرکردایەتی و پراکتیککردنی رێنمایی بنەماڵەیی هەبێت و هتد.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەئاستی ناوخۆیی و دەرەوەش بۆ کەسایەتی، ئەوەیە کە بەرژەوەندی بنەماڵە و بۆماوەیی وەکو کولتور، مێژوی کۆمەڵایەتی، ئاین و پێناسەکەی بپارێزێت، ئەگەر لە رابردودا کەسی یەکەمی ئەو بنەماڵە بۆماوەیە دادپەروەر بوبێت، دەبێت سەرکردە هەمانشێوە مامەڵە بکات، ئەگەر لە رابردودا لەسەر بنچینەی سیاسی و بەرژەوەندیخوازی لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێز گرێبەست و بەڵێنی هەبووبێت، دەبێت لەو گرێبەستە ئابوری و بەڵێنە سیاسییە دەرنەچێت، بەپێچەوانەوە دوچاری کێشەی بنەماڵەیی، سیاسی و ئابوری دەبێتەوە، هەروەك چۆن ئەوە لەدەسەڵاتی بنەماڵەکانی مەغۆل رویدا.

جۆرێکی دیکەی بۆماوەیی، ئەوەیە کە موڵکیەتی مەعنەوی وەکو کولتوری دەوڵـەت و مێژوەکەی، واتە سەرمایەی رەمـزی لەناونەچێت و بپارێزرێت و جارێکی دیکە لە سیاسەتی دەوڵەت رەنگبداتەوە، یان لانیکەم بەو شێوەیە تاکەکانیان دەرنەکەون وەکو پاشاکانی رۆژئاوا و ئەسکەندەنافیا، کە خاوەندارێتی دەوڵەت بە پێی دەستوری دەوڵەت ببینن، بۆ نمونە نابێت دەسەڵاتدار واتە کوڕ یان کچی پاشا خۆیان لەخەڵکی جودا بکەنەوە لە ژیانی ئاسایی لەناو دەستور، کە نوسراوەتەوە، دەبێت بەر لە هەر کەسێك و هەر هاوڵاتییەك هەڵگری کولتوری لێبوردەیی و خاکێتی بێت لەپێناو بەرژەوەندی

خەڵکی وڵاتەکەی بۆ دنیایەك، کە لەپێناویدا دەژین، بە تایبەتی ئەو فکر و ئاینانەی کە کۆمەڵگە بە موڵکی گشتی دەزانێت و پێویستی بە پاراستن هەیە لەرووی ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام دیسان بۆ پاراستنی شوناس و کەسایەتی بنەماڵەکانیان، نەوەکانیان هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر دەکەن، بۆئەوەی قەوارەی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکە بپارێزن بۆ نەوەکانی دیکە.

**2: تیۆری فەرمانی:** تایبەتمەندی ئەمجۆرە سەرکردەیە ئەوەیە، کە ئامانج بەدەستبهێنێت بۆ دەوڵەت و کیانی دەوڵەت بپارێزێت، کە لەم پرەنسیپانە پێکهاتووە. دەستپێکردن و ئەندامبوون لە دەوڵەت و کارەکتەری و رێکخستنی کار و دەسەڵاتخوازی و پەیوەندیکردن و دانپیانان و بەرهەمهێنان بۆ دەوڵەت.

فەرمان لەهەردو باری ئاسایی و نائاسایی، لە باری ئاساییدا، دەبێت سەرکردە راوێژ بە شارەزایان بکات و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوبگرێت، هەرچی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی هەیە لەژێر تاقیکردنەوەدا و بەپێچەوانەوە لەروی کۆمەڵایەتییەوە ئاسایشیان بپارێزێت، چونکە زمان کێشەیە و ئابوری تاك و کۆمەڵگەش بۆخۆی کێشەیەکی دیکەی نەپساوە و ئابوریە، کە گرێدراوی کێشەیەکی مەترسیدارە بۆ تاك و کۆمەڵگە. ئەمە فرمانی گشتگیری دەوێت، کە هەر کەس بۆ پاراستنی قەوارەی دەوڵەت، کاری خۆی بکات، بەپێچەوانەوە دژی ئەو سیستمە بوەستێتەوە بۆ نەمان و روخانی ئەو دەستەبژێرە سیاسییەیە، بۆیە دەوڵەت جەخت لەسەر یاسای فەرمان و فەرمانبەر دەکاتەوە، چۆن دەتوانێت فەرمانی دەوڵەت جێبەجێبکات.

**3: تیۆری هەڵوێستگەرایی:** تایبەتمەندی ئەمجۆرە سەرکردەیە هەڵوێست وەرگرتنە لە دیاردەی بەجێ و نابەجێ، سەرکردە دەبێت لەکاتی شۆڕش و حکومەتداریش هەڵوێست بنوێنێت بەرامبەر ناهەقی، بۆ نمونە هەڵوێستی چێ گیڤارا، کە وەزیربوو لەحکومەت، کەچی بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی هەژار

و بێدیفاع هەڵوێستی وەرگرت و لەشۆڕش بەردەوامبوو، هەڵوێستی ترۆتسکی لە بەرامبەر بەلشەویکەکانی سۆڤێت تاکو بەناهەق دەکوژرێت، هەڵویستی قازی محەمەد لەکاتی کۆماری مهاباد و تاکو لەسێدارە دەدرێت، هەڵوێستی فەهدی سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی و هەڵوێستی سەرکردەی وەکو 4 ئەفسەرەکە، کە لەسێدارەدران، عەبدولکەریم قاسم لەسیاسەتدا، لەکایەی رۆشنبیریشدا نمونەی جیهانی کە بـەردەوام باسدەکرێت ئەمیل زۆلایە کە کەسێکی رۆشنبیرە و دەبێتە لایەنگری کەیسی (دریفۆس)، کە پیاوێکی سەر بەسوپایە و دادگاییدەکرێت لەسەر ئەوەی سیخوڕی بۆ وڵاتێکی دیکە کردوە، نمونەی لۆکاڵی کوردیش ئەو فرۆکەوانەی کە هەڵەبجەی بۆردومان نەکرد، یان کەسێکی وەکو شاکر فەتاح لەناو دەیان رۆشنبیر و نوسەری دیار لەبەرامبەر بەعس ساڵی 1988 دوای نەهامەتی کورد لەپرۆسەی ئەنفال گوتی نا بۆ ئەنفال و هتد.

سیفەتێکی دیکەی سەرکردەی هەڵوێستگەرا، بەیەك چاو تەماشاکردنی کۆمەڵ و ئەو دەستەجەمعەی سەرکردایەتیان دەکات بە یەکسانی، ئەمە نمونەی سوپەرمانییە کە لەسەردەمی رابردو هەبوو، ئێستا نەماوە، چونکە سیاسەت مۆدێکی تری وەرگرتوە، بۆیە نمونەی (مەسیح و عەلی کوڕی تالیب و عومەر موختاری لیبیا و ئەبراهام لینکۆڵنی) ئەمریکا، کە لەسەر یەکسانی رەگەزی کوژراون، دەهێنینەوە.

هەڵوێستگەرا دورکەوتنەوەیە لەغەدر و ستەمکاری بەرامبەر نەیار و دوژمن، مەبەست ئەوکاتەیە کە سەرکردە زانی سەرکەتوبووە لەجەنگ و جۆرەکانی تری کێبرکێ. دەبێت لێبوردەبێت لەنەیارەکانی و دوژمنەکانی، وەکو هەڵوێستێکی جوامێرانە و مرۆڤانە.

## سەرکردە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە

بەبڕوای تۆماس هۆبز کە کۆمەڵناس و خاوەنی فەلسەفەی حەقە، پێیوایە سەرکردە چەمکێکە لەفکری ئایدیالیستی و کۆمەڵایەتیدا مێژویەکی دورتری هەیە و لەئەنجامی ململانێی ژیان و مانەوەدا دروستبووە، هەروەها حاڵەتێکی غەریزی حەیوانیشە وەکو پێشتر گوتم، کە بە چەوساندنەوەی ئەوانی تر و مانەوەی خۆی و سڕینەوەی پاشماوەی نەتەوە یان هۆز یان ئاینێکی تر، درێژە بەتەمەنی خۆی و کۆمەڵگەکەی و بیرەکەی دەدات، بەڵام دواتر ئەم چەمکە گەشەیکردوە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیانی رۆژانەدا و بۆ سیاسەت سودی لێوەرگیراوە، ئەمەش زیاتر لەدوای هاتنی سیستمی سەرمایەداری، کە بەسەر دەرەبەگایەتیدا سەرکەوت، ئیدی چەمکەکە وەکو هەر دیاردەیەکی دیکە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و کارییێکرا و ستایلەکەی گۆڕا، چونکە لەسەردەمی دەرەبەگایەتی تاکە سەرکردە دەرەبـەگ بوو کە خاوەنی هەمو جۆرە موڵکیەتێك بوو، بەڵام کەسی یاخی لەدەرەبەگ سەرکردە نەبوو، بەڵکو جۆرێکی دیکەی سەرکردەی شۆڕشێکی نهێنی بوو دژی سیستمەکە، کە جوتیار یان مامۆستایەکی شۆڕشگێڕ بووە، هەروەها تاڕادەیەکیش چاکسازی بوو لەخزمەتی سیستمەکە و بەرژەوەندی خۆی کە جوتیار بوو، دەنا کەس ئامادەنەبوو شۆڕشبکات بە هۆی ئەوەی جوتیارە و زەوی هەیە و بەرژەوەندیەکەی لەدەستنادات، ئەمەیە جیاوازی نێوان کرێکار و جوتیار، کە کرێکاری شۆڕشگێڕ زەوی، موڵکی نییە و جوتیار هەیەتی، هەڵبەت بۆ ئەمەش سەرکردەی کاتی هەیە، بۆ نمونە کۆمەڵێك کرێکار لەسەر نەبوونی ماف و هاندان، پشوو، سەعاتی کار و هتدماندەگرن

یان خۆپیشاندان دەکەن، بۆ جوتیاریش لەدژی بێمافی و داگیرکردنی زەوی لەلایەن ستەمکارێکەوە، یەکسەر کەسێك دەبێتە پێشەواو سەرکردایەتی جوتیارە ناڕازیەکان و پلاتفۆڕمێك پێشکەشدەکات و ڕێنماییاندەکات و بڕیار لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی و شەڕ یان ئاشتی دەدات و دەبێت کۆمەڵەکە بەرێنمایی ئەو سەرکردەیە مامەڵەبکەن، هەڵبەت ئەمە خۆسەپاندن نییە، بەقەد ئەوەی لەخۆڕابینین و ئیرادەگەری و عەقڵمەندی و ئازایەتییە بۆیە کۆمەڵەکە بڕوای پێدەکەن.

بۆیە دەڵێم سەرکردە چەمکێکی ئایدیالیستییە بەرلەوەی ماتریالیستی بێت، چونکە پێشتر بە پێغەمبەرەکان و شێخەکان و پیاوە روحانیەکان دەگوترا سەرکردە، بەتێگەیشتنی خۆیان سەرکردایەتی کۆمەڵگەیان دەکرد و کۆمەڵگەیان ئاڕاستەدەکرد بەرەو چاکە و دورکەوتنەوە لەخراپەکاری، هەڵبەت چاکە و خراپەش بۆخۆی واتای جیاوازیان هەیە هەم لەروی فکریەوە هەم لەروی ئاینیەوە، کە پێشتر باسی ئەم ئەم چەمکەمان کرد.

ئایدیالیستی بوونی چەمکی سەرکردە، لەدوو ڕەهەندی جیاوازەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ڕەهەندی یەکەم، ئەو جۆرە سەرکردەیەیە، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، وەکو سەرۆك بنەماڵە و هۆزەکان کە بەر لە ئاین هەبوون و تائێستاش لە هندییە سورەکانی ئەمریکای لاتین هەن، ئەم هەڵبژاردنە کە لە مێژودا باسدەکرێت، بە هۆکاری ئەوە بووە، کە خەڵك مەعریفەیان کەمتر بووە لەو کەسانەی کە هەڵکەوتون لەروی عەقڵییەوە، هەڵبەت لەوەتەی ژیان هەیە لەکۆمەڵگەدا کەسێك یان چەند کەسێك هەڵکەوتون لەروی عەقڵییەوە کامڵبوون و خەڵك بڕوای پێیانهەبووە

و وەكو فێركار و مامۆستا تەماشاكراون، لێرەوە دەتوانین تەماشای چەمكی سەركردە بكەین. بۆیە خەڵك ناچاربوون پەنایان بۆ ئەو پیاوانە بردوە ئاڕاستەیان بكەن بەرەو چاكەكاری، ناسینی سروشت، خوداناسی، ڕێكخستنی كۆمەڵگە و دامەزراندنی سیستمێكی لەبار و هەمو ئەو پێداویستیانەی كە بۆ بەدەستهێنانی گشت بوون.

ڕەهەندی دوەم، ئەو بەناو سەركردانە بوون، كە بەزۆر خۆیان دەسەپاند بەسەر خەڵكدا، بەومانایەی سیستمی دیكتاتۆریەت و بڕوانەبوون بەتوانای ئەوانی تر لەهەمو كایەكانی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی و تەنانەت ڕۆحانیش، هەڵبەت ئەمە بەر لەدروستبوونی زانست هەبوون و ئێستاش بەشێوەیەكی دیكە لەرێگەی ناشەرعییەوە هەڵدەبژێردرێن یان خۆیان دەسەپێنن، یان ئەو گروپە چەكدارانەی، كە لەقەراخ روبار و ئۆقیانوسەكان بوون و پێیاندەگوترا دزەكانی دەریـا، یان ئـەوەی ئێستا پێیاندەگوترێت گروپی مافیا، ئەمجۆرە سەركردانە بەزۆری و خۆسەپێن بوون بەسەر ئەوانی تر، بەڵام لەئاستی سەركردایەتیدا بوون.

**سیفەتەكانی سەركردە**

**1: شارەزایی و لێهاتوویی.**

**2: بڕوابوون بەلاوازی خەڵك و كاركردن بۆ نەهێشتنی.**

**3: بڕوابوونی مرۆڤانە و جیاوازینەكردن**

**4: پێشڕەوایەتی و ڕێگەگرتن لەقەیران و گوێڕایەڵی.**

**5: بڕوابوون بە سەركردایەتی دەستەجەمعی.**

## سەرکردە لەمێژووی نوێ

سوکرات دەڵێت «کەسایەتی ستەمکار لە کۆمەڵگەی ستەمکاری دەگونجێت. کەسایەتی دیموکراسیش لە کۆمەڵگەی دیموکراسی». مێژووی نوێ، هەڵبەت کە دەڵێین مێژو مەبەستمان لەو مێژوەیە کە نوسراوەتەوە و چیرۆکی جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە، بۆیە چیرۆکەکان پێماندەڵێن مێژوی شەڕ و دەستشکاندنەوەی یەکتر بووە لەناو دەوڵەتانی دنیا، بەتایبەتیش دوای دروستبوونی ستایڵی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، ئیدی ئەمەبوو بەرێچکەیەك کە کۆمەڵگە بەناچاری لەرێگەی دەستەبژێرەوە قبوڵی ئەوەبکەن، کە سەرکردەیان هەبێت و چارەنوسیان لەرێگەی ئەو سەرکردانەوە دیاریبکرێت، تەنانەت بۆ لەشکر و سوپاکانیش سەرلەشکر دروستبوو، بەڵام لێرە سەرکردە ئەرکێکی گەورەتر لەسەرکردەی سیاسی دەکەوێتە سەرشانی، ئەویش راگرتنی ئاسایش و سنوری جوگرافی کۆمەڵگەکەی و وڵاتەکەی بوو، هەروەها راگرتنی سیاسەتی سەرکردەکانی سەرەوەی خۆی، بەڵام بەگیانی ئەو خەڵکەی کە هەندێکجار لە دەرەوەی ئارەزوی خۆیان دەبوونە قوربانی درێژەدان بە تەمەنی سەرکردەکان، سیاسەتەکەیان و بەرژەوەندیەکانیان.

ئەگەرچی ئێمە لێرەدا تەنها باسی سەرکردە لەمێژووی نوێ دەکەین، بەڵام پێشتر لەئیمپراتۆریەتی ئەسینا، کەسێکی وەکو ئەسکەندەری مەکدۆنی فەیلەسوفی وەکو (ئەرستۆ)ی بەمامۆستا و رێنیشاندەری خۆی دانابوو، واتا ستایلەکە نوێ نییە، بەڵام سەرکردە لەسەدەکانی ناوەڕاست بڕوایەکی تەواویان بەو رۆشنبیرانە هێنا کە لەپەنا سیاسەتی دەوڵەت، دەتوانن فەرهەنگێك بخولقێنن کە خەڵك ئینتیمای بۆ خاك و وڵاتەکەی هەبێت، یان بەشداربن لەبیناسازی، دۆرزینەوەی ئابوری، رێکخستنی کۆمەڵگە و پەیماندان بۆ کۆمەڵگە وەکو ئەوەی رۆسۆ کردی، یاخود بەشێوەیەکی نێگەتیڤ هەبوون، بۆ نمونە کەسانی

وەکو (فیختە و هێردەرمان) هەیە، کە هیتلەر لەسەر بنچینەی بۆچونەکانیان، نەتەوەی ئەڵمانی وەکو تاکە نەتەوەی دنیا ناساند و خراپترین سیستمی سیاسی و سەربازی لەدنیادا تۆمارکرد، بە دەیان هەزار جولەکەی بەناهەق سوتاند و جینۆسایدیکردن، جگە لەتێکدانی سنوری وڵاتانی دەوروپشتی خۆی، کە بیرکردنەوەیەکی ناشایستەیە و تائێستاش رەخنەی لێدەگیرێت، بەهەمانشێوە لەمێژوی نوێدا ئیتالیاش (مۆسۆلۆنی) شۆڤێنیەتی کردە فەرهەنگی خەڵك، کە تائێستا پەڵەیەکە بەنێوچاوانی مێژوی ئیتالیا و ئەڵمان، نمونەیەکی ترمان هەیە، کە (ئەتاتورکە) بە بێ گەڕانەوە بۆ خەڵك، هەمو نەتەوە جیاوازەکانیش بەناوی تورکەوە ناونا و گوتی مادام هەمومان لەئەنادۆڵەوە هاتوین، کەواتە تورکین و دەبێت لەخزمەتی تورك و تورکیا بین، ئەم لافیتەیە لە زۆربەی شارەکان هەیە و بەتایبەتی شارە کوردەکان، بەڵام بەپێچەوانەشەوە بەڕووە پۆزەتیڤەکەشی هەیە، کەسانی وەکو (لینین، هۆشی منە، ئەبراهام لینکۆڵن، ماوتسی تۆنگ، تیتۆی، چێ گیڤارا، عومەر موختار، نیلسۆن ماندێلا و هتد) لەناو کوردیشدا کەسانی وەکو (شێخ سەعیدی پیران، قازی محەمەد، مستەفا بارزانی) لەرابردودا و دواتریش (د.عەبدولڕەحمان قاسملو و مام جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و هتد)، رۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەشۆڕشی ناسیونالیستی کوردیدا.

سەرەتاییترین رەوشتی کەسایەتی سەرکردە، ئەوەیە کە بەسەر ئارەزوی خۆیدا زاڵبێت، چاوچنۆك و خۆپەرست و بنەماڵەپەرست نەبێت، هەروەها وریابێت لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی خەڵك پشتگوێنەخات لە ژیان دوابکەون و هەمیشە کۆیلەی بن، دادپەروەر بێت و بۆخۆشی و خانەوادەکەی هەمان سزای سەرپێچی هەبێت، کە خەڵك باجی نەزانی خۆیان دەدەنەوە، بەگوێرەی چارەنوسی فەرمانڕەوایەتی رەها مامەڵەنەکات، کە توانای زاڵبوونی هەبوو بەسەر خەڵکی تردا، لێگەڕێت مێشکیان کاربکات بۆ رزگاربوونیان لەو خەسڵەتە، خاوەن هێزێك درکپێکەربێت بۆخۆی و خەڵکیش، دەبێت کەسایەتی

سەرکردە یان سەرۆك، ئەو کورسییە دەسەڵاتەی لەخۆڕا بەدەستنەهێناوە، بەڵکو لەرێگەی فەلسەفە و عەقڵەوە هاتوە، کە فەیلەسوف وەکو سوکرات دەڵێت لە منداڵییەوە ستەم و ناخۆشیەکانی بەچاوی خۆی بینیوە و هەستیپێکردوە، بۆیە سەرکردە نابێت لوتبەرزبێت بەوەی لەدەسەڵاتە و دەسەڵاتی بەسەر هەمو کەسێکدا دەشکێت، هەروەها نابێت بەرژەوەندیخواز بێت، چونکە بەبێ بەرژەوەندی گشتی، شتێك نامێنێت بەناوی ویستی گشتی بۆ دەوڵەت، کەواتە لێرەدا داوا لە سەرۆك نەکراوە فەیلەسوف بێت، بەڵام داوای لێدەکرێت ئەزمون لە فەلسەفە، عەقڵ و مێژو وەربگرێت. کەواتە سەرۆك دەبێت سەرۆکایەتی خەڵك یان کۆمەڵگە یان دەوڵەتێك بکات، کە دوچاری نەخۆشی بێت ئەزمونی نەبن، کە دەرەنجامی ئەزمون وەرنەگرتن بووە لە لایەن سەرۆکەوە، ئەگەر وابێت سەرۆك دەبێتە سەرگەورەی نەخۆشترین کۆمەڵگە.

## سەرکردەی حزب

هەڵبەت دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت، کە حزب بەمانا زانستیەکەی دەرهاویشتەی سیستمی سەرمایەداری نوێیە، لـەدوای سـەدەی 18ەوە سەریهەڵداوە نەك ئەو حزبەی، کە پێشتر ناوی جۆرە ئاینێکی تر بووە لە کتێبە ئاسمانیەکانیش باسدەکرێت، ئەمەش بۆئەوەی تاك، کە بیرمەندەکانی وەکو کیرکەگۆرد و ڤۆڵتێر و دواتر کانت و تادەگاتە سارتەر باسیان لەتوانا و ئازادی تاك دەکرد لەرۆژئاوا، بەو واتایەی چەمکی حزب وەکو چەمکێکی نوێ بکرێت و سیاسیانە تەماشایدەکرا، ئیدی حزب دوای ململانێیەکی دورودرێژ توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بچنە رکابەریەوە بۆ پەرلەمان و هتد هەنگاو بەهەنگاو بوو بە ئەلتەرناتیڤی هۆز، بنەماڵە، ئاین و هتد، چونکە حزب تێکەڵەیەکبوو وەکو ئێستاش وایە لەهەمو ئاینەکان، بنەماڵەکان، هۆزەکان، بەشداردەبوون لەبڕیاری سیاسی، چارەنوسی خۆیان و هیچ گەڕانەوەیەك نەبوو بۆ سەرۆك هۆز، تەنها شتێك هەبوو، کە بەدەنگدان و ئارەزومەندانە سەرکردەی حزبی هەڵدەبژێردرا و سیاسەتی دەکرد، ئەمەش تائەو جێگەیەی کە ئایدیۆلۆژیا بوو بەئەلتەرناتیڤی ئاین و وەکو ئاین مامەڵەی لەتەك سیاسەت دەکرد، بەڵام سەردەمانێکی زۆر تاکی هۆشیارکردەوە لەهەڵبژاردنی فکر و سیاسەت بەشێوەیەکی ئیرادەگەریانە نەك فشاری هۆزگەرایی و بنەماڵەگەرایی و ئاینگەرایی و هتد.

سەرکردە لەناو حزبدا تەنها ئەو پیاوە نییە کە حزب دەباتەڕێوە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە دەتوانێت بیری سیاسی بۆ بردنە پێشەوەی حزبەکەی و جەماوەری بوونەوەی حزبەکەی بەرهەمبهێنێت، لەدەرەوەی ئەمە بەسەرکردە ناشێت، هەڵبەت من باسی یەك شێوە سەرکردە دەکەم، کە تاکڕەوی کاردەکات یان پێیدەڵێن سەرکردەی حزبی شمولی، بەڵام سەرکردایەتی بەکۆمەڵ ئەگەرچی

دیسان سەرکردەن بۆ کۆمەڵە خەڵکێك، بەڵام زیاتر لەعەقڵێکە، رێگەگرتنێکە لەدیکتاتۆریەت، ئەرکی بەکۆمەڵ ئاسانتر دەچێتە پێشێ، رەخنەش کەمتر دەبێت لەئەنجامی سیاسەتی خراپ، یان لانیکەم جارێکی تر گەڕانەوە نییە بۆ هۆز و بنەماڵە و ئاینگەرایی، بەڵام لەژێر ناوی حزب، چونکە ئێستا حزب لەرۆژهەڵات و بەتایبەتیش لەئاسیا و لەوانەش تایبەتتر عێراق، شێوەیەکی تری کۆمەڵگەی تایەفەگەری و بنەماڵەیی و هۆزگەرای و ئاینگەراییە، کە دەرەنجامەکەی ئێستا بەچاودەبینرێت و دەیان سیناریۆی ناشیرین و شەڕی نابەجێ بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگە بەڕێوەدەچێت.

# سەرکردە و بەڕێوەبردن

## پێناسەی بەڕێوەبردن

بەڕێوەبردن میتۆدێکی ئابورییە، کە لەرێگەیەوە رۆڵی دەزگاکانی حکومەت دیاریدەکات و بە پێی یاسا سنوردار دەکرێت، هەروەها بەلای شارەزایانەوە ئەو کارە زەحمەتەیە کە بە بێ نەخشە و بە بێ خوێندنەوەی ئەو دۆخە تێیدا دەژی، قەیراناوی یان ئاسایی بێت، یەك ستایل بەکارناهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کار، گروپ، حکومەت و دەوڵەت، هەڵبەت بە بێ خوێندنەوەی دۆخەکە سەرۆکی کارگێڕی کارەکەی سەرناگرێت، تاکو ئەو گروپەی کە پێکەوە رێکخراوێکن، کۆمەڵەیەکن، حزبێکن یان هەرجۆرە دەستەجەمعێکن لەشوێنێکی دیاریکراودا و یەك ستراتیژیان هەیە و بە پێی دۆخەکە مامەڵەنەکات، باشترین پێناسە بۆ کارگێڕی باش ئەوەیە، باڵانسێك دروستبکات لەنێوان چاکە، خراپە و گروپەکانی دیکەی کارگێڕی، جا ئەگەر دەوڵەت بێت دەبێت زیاتر لەفلتەر بدرێت و خودی سەرکردەش خۆی لەو فلتەرانە بدات، کەبەرژەوەندی گشت وەکو یەك تەماشاناکات.

«بەبڕوای بێرنارد سایمونی شارەزای ئەمەریکی، بەڕێوەبردن چوارچێوەیەکە بەر لەهەر شتێك میتۆدێکی ئابوریە و دواتر ئەم میتۆدە لەرێگەی دەسەڵات و سەرکردە بەتایبەتی دەبێتە ئەخلاق و رەفتاری رۆژانە، دابەشکردنی کار یەکێك لەو هۆکارانەیە، کە رێگە لەکێشەی کارگێڕی دەگرێت، چونکە بەڕێوەبردن لەژێر دەسەڵاتی تاکدا نییە، بەقەد ئەوەی کارێکی دەزگاییە، دەزگاش بریتییە لە کۆمەڵێك کەسی شارەزا لە هەمو بوارەکان، ئەمە لەروی کۆمەڵناسییەوە روبەرێکی گەورە و فراوانی داگیرکردوە، کە دەبێت ململانێ کۆمەڵایەتیەکانی

گروپەکانی کۆمەڵگە وەلابنرێت و لەناو دەزگاکان رەنگنەداتەوە». **فرانسیس فوکویاما. بناء الدوله. نقله الی العربیه. مجاب الامام. دار العکیبات للنشر. ل151.**

باشترین سەرکردە ئەو کەسەیە وەکو بەڕێوەبەر رێگە لەهەر تەنگ و چەڵەمەیەك دەگرێت، کە قەیرانی جۆراوجۆر دروستدەکات، هەروەها دەبێت وەکو دادوەرێك کێشە چاوەڕوان نەکراوەکان چارەسەربکات لە تای تەرازودا بیانکێشێت، ماف بەخاوەن ماف بدات، رۆڵی دەزگاکان کە لەرێگەی یاساوە سنوردارکراوە، ئەگەر کێشەی گەندەڵی ماڵی و کەسی تێکەوت، ئەرکی سەرکردەیە کە دەزگاسازی بکاتە پێوەر، نەك ببێتە بەشێك لەقەیرانەکە و لەپێناو لایەنگیری حزبایەتی و ئەوانی تر بە بێ چارەسەر بەسەر حکومەتدا بەجێبهێڵێت، وەکو ئەوەی لە وڵاتە لاواز و شکستخواردوەکانی دەوڵەت هەیە، نمونەشیان دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێك لە ئاسیا.

**جۆرەکانی سەرکردە**

**1: سەرکردەی ئۆتۆکراسی**

**2: سەرکردەی دیموکراتی**

**3: سەرکردەی سەربەخۆ**

**4: سەرکردەی هەڵوێستگەرایی**

هەڵبەت هەر یەك لەم سەرکردانە رۆڵی خۆیان لەسەرکردایەتیکردنی گروپێکدا هەیە، یان خەڵکێك لەکاتی ئاسایی یان کاتی قەیراناوی، بۆ نمونە:

**1: سەرکردەی ئۆتۆکراسی:** ئەمجۆرە سەرکردانە ئەوانەن کە لەقەوارەیەکی تەسکدا دەسەڵات کۆدەکەنەوە و دەکرێت وا پێناسەبکرێن، کە ئەو سەرکردانە بڕوایان بە کەسی تر نییە، لە قەوارەیەکی بچوکدا کۆمارێك دروستدەکەن، کە

ئەنجامی تێڕوانینی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەم سەرکردەیە دەکرێت دابەشی سەر 3 جۆر بکرێت، ئەوانەش توندوتیژ و یاساپەروەر و ئەوانەی کە بڕوایان بەجۆرێك لەخێرکردن هەیە لەروی میسالییەوە، هەرکام لەو سەرکردانە بەشێوەیەك لەشێوەکان مافخواردنی ئەوانی ترە، چونکە خێر، توندوتیژی واتای جیاواز و لەکاتی شەڕ و ئارامی واتای خۆی هەیە و بڕوابوون بەتوندی بە پێی ئایدیۆلۆژیا مانایەکی تری هەیە.

2: **سەرکردەی دیموکراسی،** ئەو سەرکردەیەیە لەروی تیۆرییەوە بڕوای بەبۆچوون و بیرکردنەوە و دەسەڵاتی فرەیی هەیە لەحزب، گروپ، رێکخراوێك یان لەحکومەتیشدا، ئەم سەرکردەیە بڕوای بەتێربوونی پێداویستیەکانی خەڵك هەیە، هەروەها بڕوابوون بەتوانای هەموان کە بەشدارن لەدەسەڵات و کارگێڕی، بەڵام لەسیاسەتدا هەمو ئەو دیموکراسیخوازانەی دنیا، بڕوایان بە بۆچوون، دەسەڵات و بەرژەوەندی جیاواز نییە، تەنها ئەوەنەبێت، کە لەسەر شانۆی سیاسی کارەکتەرێکی چالاکە و ئەرکی سیاسی پێدەسپێردرێت، ئەمە جگەلەوەی کە زۆرجار بەناوی دیموکراسییەوە کۆمەڵگەیەك دەچەوسێنرێتەوە یان شۆڕشێك سەرکوتدەکرێت، لەهەمو حاڵەتێکدا سەرکردەی دیموکراسی بڕوای بەدەستاودەستکردنی دەسەڵاتە و لەگەڵ تەواوبوونی ماوەکەی ماڵئاوایی لە کورسی دەسەڵات دەکات.

3: **سەرکردەی سەربەخۆ:** ئەمجۆرە سەرکردەیە بڕوای بەسەربەخۆیی بۆچوون هەیە، بڕوای هاوبەشیکردن لەهەمو شتێك نیە، هەروەها بڕوای بەرێکخستنی هەمو لایەنەکان هەیە، بڕوای بەپێکەوە ژیانی لایەنەکان هەیە، ئەم ژیانە سیاسییە لەناو هەردوو حزبی سیاسی ئەمریکا کۆماری و دیموکراتیەکان، لە ئینگلستانیش لەنێوان پارێزگاران و کرێکاران هەیە، بەڵام ئەو سەرکردانە کەمتر سەربەخۆن، بەقەد ئەوەی کاندیدی سیاسی حزبەکانیانن، بەڵام لە رۆژهەڵات ئەمە مۆدێل نیە، تەنها ئەوە نەبێت، کە دادەنرێت لەلایەن کیانێکی سیاسی یان

مەزهەبییەوە، بەنموونەش سیستمی تەوافوقە لەعێراق، کە لەدوای ساڵی 2003 و روخانی بەعسەوە هاتەئاراوە و تائێستا کاری پێدەکرێت، هیچ بەرهەمێکی باشی نەبووە، بۆیە عێراق نەیدەتوانی سەرکردەی سەربەخۆ قبوڵبکات.

**4: سەرکردەی هەڵوێستگەرا:** ئەمجۆرە سەرکردەیە لەهەر قەیرانێکی سیاسی، بڕوای بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی راستگۆیانە و شۆڕشگێڕانە هەیە، کە بڕوای خەڵك بەدەستبهێنێتەوە لە هەڵبژاردنەکان، لەناو کاریشدا بەهەمانشێوە بڕوای بەوە هەیە، کە بەڕێوەبەرێك، بەرپرسێك یان خودی سەرۆك ئەگەر سەرۆك خراپەکاریکرد جارێکی تر لەهەڵبژاردنەکان متمانەی خەڵك وەرنەگرێتەوە.

# ژن و سەرکردە

کە دەڵێین سـەرکـردە واتـای تـەواومـان پێداوە و هیچ رەگەزێکمان دیارینەکردوە، کە لەسەر بنەمای ئاین یان کولتور بێت بۆ بەرزراگرتنی گوتاری رەگەزێك، چونکە هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بۆ نێر یاخود مێ، واتە سەرکردە سیفەتێکی جێگیری نێر و مێی نییە، بۆیە دەبێت هیچ جیاوازی رەگەزی وەرنەگرێت، وەکو ئەوەی ئاین و فەلسەفەی ئایدیالی پێناسەیکردوە.

ئەگەرچی ژن لەدنیادا بەبارتەقای پیاوان لەمەیدانی سیاسەت نین و تاڕادەیەکیش لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بوونیان نییە، ئەمە دوو رەهەندی جیاوازی هەیە، رەهەندی یەکەم، چەپاندنی تواناکانی ژنە بە پێوەری ئەخلاقی فەلسەفی و بەتایبەتیش ئەو ئاکارەی پیاو کردویەتی بەپێوەر، هەروەها گوتاری زاڵی سیاسی پیاوانە لەسەر ژنان کە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوریيان لەناوەندی چێشتخانە و پـەروەردەی مناڵ و ئامادەکردنی خواردن و خزمەتگوزارییە، تەنانەت لەشوێنە گشتیەکانیش وەکو ئوتێل و بەڕێوەبەرایەتی و دایەنگا و کاری دەرەوەی ماڵ بەگشتی هەروا تەماشاکراون، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ژنان خۆیان توانایان نییە بێنە مەیدان و ببنە سەرکردە، بۆ نمونە بۆیەکەمجار هاتنە مەیدانی ژنانی کرێکاری چنین لەکارگەیەکی گەورەی کالیفۆڕنیا لەئەمریکا، بوو بە یەکەمین سیمبوڵی سەرهەڵدان و شۆڕشی ژنان، تائێستا بە رۆژی یەکسانی ناسراوە و لەکۆمۆنەی پاریسیش ژنان ناویان لەو شۆڕشە وەکو ئیمزا هاتووە، کە زۆرترین قوربانیانداوە و لەشۆڕشەکانی بەلشەویك، ئوکتوبەر و لەشەڕی جیهانی دوەم ژنانی سۆڤێت دژی نازیەکان و هتد، کلارا زتگین و رۆزا لۆکسمبۆرك و بێنەزیر بۆتۆ و هتد.

هەروەها ساڵی 2001 ژنانی نیپاڵ، کە ماوەی دەیان ساڵ بوو دوربوون لەسیاسەت و بڕیارە سیاسیەکانەوە، کە چارەنوسی ئەوانی دیاریدەکرد، بەسەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لەژێر دروشمی (ژن کەمتر نییە لەپیاو)، هاتنە مەیدان و حکومەتیان هەژان و ناچاربوو حکومەت دان بەداواکەیاندا بنێت و دانوستان بکات و ببنە بەشێك لەگوتاری سیاسی و تائێستا هەیە، لەهندستان بەهەمانشێوە جگە لەحزبە سیاسییە بورژوازیەکان، بزوتنەوەی فیمێنیستی ساڵی 1996 دروستبوو و تائێستا لە کێبڕکێدان و خەریکی بەدەستهێنانی بڕێکی زیاتر لە سیاسەتن، ئەمە جگەلەوەی مافی ژنان بەو هەمو کولتورە ئاینییەوە، لەزۆربەی ئەوروپا زیاترە و ژن خۆشیان وەکو پیاو کاردەکەن و منداڵیش بەخێودەکەن.

تائەو کاتەی، کە سۆڤێت بوونی هەبوو تاساڵی 1991 ئەوەی باسی لە مەسەلەی ژن بکردایە لەسیاسەتدا، وەکو نمونەیەکی ئایدیۆلۆژیا تەماشادەکرا و ناحەزبوو، بەڵام دواتر لەئەوروپاش بەهۆی چاکسازی لە سیستم و پێشکەوتنی خۆیان و دوبارەنەبوونەوەی ئەو سیستمە بەناو کۆمۆنیستییە، ژن هاتنە مەیدان، چونکە ئەوان پێشتریش دەیان ژنی وەکو (ئەلیکساندەر کۆلینتای و جیانگ کینگ لەچین و کلارا زیتگن و رۆزا لیکسۆمبۆرگ) لەئەوروپای رۆژئاوا و رۆژهەڵات و لەمەیدانی فکریش (هانا ئارێند)، کە خاوەنی کتێبی بەنرخی (بنەچەکانی تۆتالیتاریزم) و هتد بوو، قسەیان لەسەر سیاسەت دەکرد و ئێستاش بەشێکی زۆر لەپۆستە سیاسی و دیبلۆماسیەکان و دەوڵەت ژنان بەڕێوەیدەبەن، بەڵام ئەمە دیسان واتای ئەوە نییە، کە ژنان وەکو پیاون و گوتارەکەیان وەکو یەك یەکسانن.

چونکە هێشتا ئابوری و شوێنە هەستیارەکانی وەکـو هەواڵگری و

موخابەرات لەژێر چنگی گوتاری پیاوانەوەیە، ژن هێشتا وەکو کاڵایەك لەبازاڕ تەماشادەکرێت، لەریکلامەکاندا باشترین سەلمێنەرمان چنگدەکەوێت، بەڵام ژنانی سەرکردە ئەمجۆرە رەفتارە بازرگانییە و ریکلامە سیاسی و فەرهەنگییە مەحکومدەکەن.

تائێستاش لە رۆژهەڵات ژێردەستەیی و کوشتنی توانای ژنانمان بە نموونە هەیە، کوێت، سعودیە، قەتەر، بەشێك لەیەمەن و تەنانەت لەئێرانیش هەیە، بەڵام دەبینین کە شۆڕش دێتە پێشەوە، ژن لەیەمەن دەبێتە رابەری بزوتنەوەی جەماوەری و توڕەبوونی خەڵك ئیدارەدەدات لە دژی دەوڵەت و ترسی نییە لەهەر ئەگەرێك کە بۆ رەگەزی مێینە بەرهەمدێت، کە مەترسی ئەخلاقییە، کەچی بەپێچەوانەی ئەفغانستان کە پێشتر لە سەردەمی (نەجیبوڵڵا) کچ و ژن وەکو پیاو بوون، لەمەیدانی سیاسەت و سەربازی توانایان هەبوو، وەکو چۆن ئێستا لەکۆریای باکور هەیە، بەڵام لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتدا، کەچی لەئەفغانستان دەگـۆڕێ و پاشەکشەدەکات، ئەم پاشەکشەیە پێچەوانەی پێشکەوتنی هەندێك دەوڵەتن، کە پاشکۆی سیاسەتی ئەمریکان، یان بەو ئاڕاستەیە دەڕۆن، کە بـەرژەوەنـدی ئەمریکا بپارێزرێت، بـەڵام لەبارەی ئەدەبییەوە دەبنە سەردەستە.

بەهەرحاڵ سەرەنجام دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە بابەتی سەرکردە بابەتێکی قەیراناویەو سەرکردایەتی لەدۆخی جیاوازدا مانا و پێناسەی جیاواز وەردەگرێت، هەروەها لەهەمو بارودۆخێکی ئاسایی و نائاسایی و هەستیاردا، سەرکردە دەتوانێت دۆخەکە بپارێزێت و بەپێچەوانەشەوە ئاڵۆزتری بکات یان ئیدارەی قەیرانی پێنەدرێت و کۆمەڵگە بەرەو سەرگەردانی ببات، هەروەها بۆ ژنانیش دەکرێت لە هەمو نەتەوەیەك سەرهەڵبدەن وەکو لەنەتەوەی کورد زۆر ئافرەت سەریانهەڵداوە لەمەیدانی رۆشنبیریش ناویان هەیە.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون به ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون به ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون به ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون به فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون به ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون به ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون به جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون به جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون به جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون به جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون به لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون به میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون به پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لەکوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |